KURDISTAN




# ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا

## کۆمەڵێک وتار و لیدوانی نووسەران

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

گەلاوێژی ۲۷۲۶ی کوردی = ئاگۆستی ۲۰۲۶ی زایینی

پێشمەرگە

# پێڕست:

١- وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان لە (پێرلاشێز)ی پاریس................................ ٤
٢- وانەکانی قاسملوو لە سەردەمی شەڕ و ئاگربەسدا........................................ د. ئاسۆ حەسەن زادە ..... ٨
٣- قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری............................................................ هێمن مەردانی ..... ١٣
٤- سیاسەت وەک هونەری مومکین (خوێندنەوەیەکی شیکاری لە هزری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو)...................
............................................................................................ د. مەنسوور سۆهرابی ..... ١٨
٥- قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری؛ سەمفۆنیای ژمارە ٥: لە مارشی شینەوە بەرەو مارشی بەرگری...........................
........................................................................................................ هێمن مەردانی ..... ٢٣
٦- قاسملوو؛ لە کەسایەتییەوە بۆ قوتابخانە................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ٢٩
٧- هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا............................................. عەلی بداغی ..... ٣٦
٨- پرسی نەتەوەبوونی کورد................................................................ د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ..... ٤١
٩- پەیامی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن............................ ٤٦
١٠- پرۆژەی سیاسیی قاسملوو؛ تاکە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکانی ئێران.......................... ئیبراهیم لاجانی ..... ٥٠
١١- کراوات و جامانەکەی قاسملوو؛ دوو ئێتیکێتی شیاو............................................. عەلی لەیلاخ ..... ٥٤
١٢- عومەر باڵەکی: پەروەندەی د. قاسملوو بەڕوویەکدا دۆخی بەشمەینەتیی کوردە.......................................
................................................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٥٩
١٣- ٣٧ ساڵ دوای ڤییەن؛ ستراتیژیی خەبات و داهاتووی پرسی کورد؟..................... د. کوێستان گادانی ..... ٦٥
١٤- بایەخی منداڵان لای شەهید دوکتور قاسملوو.............................................. حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ٧٣
١٥- د. قاسملوو، کوردبوون و ئێرانیبوون..................................................... د. مەجید حەقی ..... ٧٦
١٦- مێژوویەکی زیندوو لە دیپلۆماسیی مۆدێرن؛ د. قاسملوو چۆن دۆزی کوردی لە شاخەوە گواستەوە بۆ ناوەندە
بڕیاردەرەکانی جیهان؟...................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٨٠
١٧- قاسملوو، وەک مەکتەب، وەک پێشەوا............................................................ ئەحمەد پاڵانی ..... ٨٧

۳۷ ساڵە

## ئەم وتارانە لە بلاگی ژیانەوە (تیشک) بڵاو کراوەتەوە:


۱۸- گێڕانەوەیەک لەسەر ناسیاویی دوکتور قاسملوو و ئەردال ئینۆنو.................................. پەروەر ئارمەد ..... ۹۳

۱۹- پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەمریکا؛ دوو ڕابەر لە ڕێگەی واشینگتنەوە.................. پەروەر ئارمەد ..... ۹۹

۲۰- وتووێژێکی مێژوویی دوکتور قاسملوو.................................................................... یاوز بایدار ..... ۱۰۴

۲۱- سەرکردە کوردەکان بەدوای «پەیوەندی»دا دەگەڕێن.................................. دیمانە: سابتای ڤارۆل ..... ۱۰۹

۲۲- دکتۆر قاسملوو: سیاسەت، ئابووری و خەباتی نەتەوەیی؛ دوای ۳۷ساڵ هێشتا بیرۆکەکانی دەژین......................

................................................................................................ حەسەن قارەمانی ..... ۱۱۲

۲۳- ڕێبەرێک کە نەیدەویست کاریزما بێت........................................................... دانا کۆنەپۆشی ..... ۱۲۸

۲۴- ماژێکی ڕەش و مێژووی کووژاوە............................................................... فاتح سەعیدی ..... ۱۳۳

۲۵- کۆدیکسی ئەخلاقیی چەک؛ دیلۆژنی ئایدۆلۆژیا و تراسێندێنسی ئاگایی لای دکتۆر قاسملوو...............................

................................................................................................ شاهۆ حوسێنی ..... ۱۳۷

۲۶- بیرەوەریی دوو دیدار لەگەڵ دوکتور قاسملوو............................................. کەماڵ حەسەنپوور ..... ۱۴۸

۲۷- دکتۆر قاسملوو لە ئاوێنەی پێنووس و پەژارەی حەمەدەمینی سیراجیدا......................... زاهیر محەمەدی ..... ۱۵۳

۲۸- مرۆڤێک بە پێوە.............................................................................. م. ئەحمەدی ..... ۱۵۷

۲۹- سۆسیالیستی فەرنجیپۆش..................................................................... عەلی لەیلاخ ..... ۱۵۹

۳۰- خودکارەکەی قاسملوو...................................................................... خەبات ڕەسووڵی ..... ۱۶۳

۳۱- ئەو شەوە ڕەشەی هاوڕێ کۆنەکان بۆ دوکتۆر قاسملوو گریان.......................................... حوسێن بەخشی ..... ۱۶۵

۳۲- د. عەبدولڕەحمان قاسملوو؛ لە نێوان بیر، گوتار و کرداردا.................................... ئارتین حەمدی ..... ۱۶۹

۳۳- شار ڕەشپۆش بوو.......................................................................... ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ۱۷۶

۳۴- قاسملووی کوردان و هەموو ئەوانی تریش!................................................. برایم لاجانی ..... ۱۸۳

۳۵- ئەو ڕۆژەی باوکم پارووە نانەکەی بۆ قووت نەدرا................................................ هاوڕێ ..... ۱۹۳

۳۶- پرۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا.......................................... عەلی مازووجی ..... ۱۹۸

۳۷- لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە تا یادی هەمیشەیی دوکتور قاسملوو................................ کامران ئەمین ئاوە ..... ۲۰۴

۳۸- سیاسەتی ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت: قاسملوو و ئاریستۆ.................................... ڕێباز ڕۆژهەڵات ..... ۲۰۸

## وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان لە (پێرلاشێز) ی پاریس



### وتاری بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەرۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی شەهیدان دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس

ڕۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی دوکتور و کاک عەبدوڵڵا لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، زیاتر لە سێ هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و خاریجی‌یەکان لەسەر گڵکۆی قاسملوو کۆ بوونەوە و ڕێزیان لە یادی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێران گرت. ئەو بەباڵاپرین و ستایشانە کە لە وتاری شەخسییەتەکان دا لەسەر قەبران یان لە دەفتەری بیرەوەری دا لە دوکتور قاسملوو کران، نیشانەیەک لە ئیحتیرامی بێئەملاو ئەولای هەمووان بۆ دوکتوری شەهید بوو. لێرە دا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گڵکۆی قاسملووی نەمر کە لایەن بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە خوێندرایەوە بڵاو دەکەینەوە.

**ئەوەش دەقی وتارە کە:**

**خوشک و برا بەڕێزەکان!**
**نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان!**
**شەخسیەتە ئازادیخواز و بەشەردۆستەکان!**

لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاری، دوکتور عبدالرحمان قاسملو سکرتێری گشتیی حیزبی

۳۷ ساڵە

دێموکراتی کوردستان و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە خاک بسپێرین. بەشداریی ئێوە لەو ڕێورەسمە دا ڕێزدانانە بۆ ئەو خەباتە سەخت و شێلگیرە کە دوکتور قاسملوو ماوەی زیاتر لە چل ساڵ تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە ڕێک خراوە تا شۆڕشگێڕێکی مەزن و ناوداری کورد بەو جۆرە کە شیاوی خۆیەتی لە نێو خۆمان بەڕێ بکەین.

دوکتور قاسملوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران ڕێبەرێکی لێوەشاوە و تێکۆشەرێکی ماندوویینەناس بوو کە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر وێنەی وی بە خۆیەوە دیوە. قاسملوو سیاسەتمەدارێکی بیرورد و کارامە، خەباتگێڕێکی بەورە و شەخسییەتێکی زانستی و شۆڕشگێڕێکی بە تەواو مانای وشە بوو.

قاسملوو لە ڕێگای دابینکردنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دا تێدەکۆشا. هەوڵی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لە نێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو بۆ جێگیر بوونی دێموکراسی لە نێو ڕیزەکانی حیزب و لە نێو کۆمەڵ دا بە هەموو تواناوە تێدەکۆشا و ئەگەر جاروباریش لە ئاکامی برەوپێدانی دێموکراسی دا زیانێک بە حیزب گەیشتبایە، دوکتور قاسملوو دەی گوت ئەمە باجی دێموکراسییە و کەسێک دێموکراسیی بوێ دەبێ باجەکەشی بدا.

دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەری تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد هەبوو و سەرکەوتن و تێشکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان دا بووایە بە سەرکەوتن یان تێشکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دادەنا و لەو ڕێگایەش دا زۆر جار بە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران فیدای قازانجی ستراتیژیکیی گەلی کورد بکا. ئەو کات کە تەنیا داواکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردرا و دوژمنانی کورد ناوی جیاوازیخوازی یان لەسەر دادەنا، قاسملوو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی "کوردستان و کورد" دا هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و ئەگەر ڕۆژێک وەک هەموو گەلانی ئازاد و بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەک جیابوونەوە.

دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتە دا نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئێرانی بوو، ئیجازەی بە کەس نەدەدا خۆی لەو بە ئێرانیتر

بزانێ. ئیمانی بە یەکیەتیی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و بەدروستی دەیزانی کەگەلی کورد لە ئێران دا بێ هاوکاری و هاوخەباتی لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە ئامانجە رەواکانی ناگا. هەر بۆیە بەدڵەوە هاوکاری و هەنگاورێکخستن لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکانی یەکانی ئێرانی بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن دەزانی.

دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کوردی بە بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان لەسەرانسەری جیهان دا دەزانی، هەر بۆیەش هەوڵی پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی دەدا و بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشا.

ئەم سروشتە تایبەتی یانە و زۆر سیفەتی بەرزی دیکەی ئینسانی و ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانە دوکتور قاسملوویان کردبووە شەخسیەتێکی گەورەی جیهانی کە تەنیا ملکی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران نەبێ. ئەم رێوشوێنە پڕشکۆیەش کە ئەمرۆ بە هاوکاری و بەشداریی ئێوە دۆستانی بەرێز بۆ بەخاکسپاردنی دوکتور قاسملوو پێک هاتوە رەنگدانەوەیەکی سروشتییە بۆ ئەو شەخسیەتە جیهانییەی دوکتور قاسملوو. سپاس بۆ ئێوە و سڵاو بۆ دوکتور قاسملوو.

ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زانا و رێبەری بەتوانا! بە خاترجەمی سەر بنێوە و بە ئاسوودەیی بنوو. چونکە بەهەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت ولاتێکت هەژاندوە و گەلێکت راپەڕاندوە، قوتابی و هاوسەنگەرەکانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون و رێگاکەت بەرنادەن. هاورێی شەهیدم! بۆ لەدەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگە و دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایەنگری رێبازەکەت و بە میلیۆن کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بەسەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند. بەڵام نەک لەبەر داماوی و ناهۆمێدی، چونکە گەلێک رۆڵەی وەک تۆی پێگەیاندبێ ناهۆمێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی رێگای تۆ قورێک بۆ سەری هەمووی ئەوانە بگرنەوە کە پێیان وایە بە مردنی قاسملوو میللەتی قاسملوو و رێبازی قاسملووش دەمرێ.

دەزانم هەم بۆ تۆ و هەم بۆ ئێمە خۆشتر بوو لە دڵی گەورەی خاکی کوردستان دا و لە پەنای پێشمەرگەو هاورێیانی شەهیدی حیزبیت بە خاک بسپێردرێی. بەڵام ئێستا کە کوردستان لەژێر چەکمەی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستیدایە، بە شیاوی مەقامی بەرزی تۆمان زانی لە گۆرستانی شەهیدان و شەخسییەتە ئەدەبی و زانستی و هونەری یەکانی فەرانسە بە خاکت بسپێرین، بتکەینە دراوسێی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کۆمۆنی پاریس و هونەرمەندی شۆڕشگێڕی مەزنی کورد یەڵماز گونەی و شەخسیەتە ئەدەبییە گەورەکانی ئێران وەک صادق هیدایت و غلامحسین ساعدی تا ئەو رۆژەی ئاواتەکانت وەدی دێن و دەبینە خاوەنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و کوردستانێکی خودموختار. ئەو دەم دڵنیا بە رۆڵەکانت دەتبەنەوە

۳۷ ساڵە

نیشتمانە خۆشەویستەکەت و گڵکۆی پیرۆزت دەکەنە زیارەتگەی دڵسۆزانی کورد و نیشتمانپەروەرانی ئێران.

رێبەری پایەبەرزی شۆڕشگێڕانی کوردستان! بێگومان هەموو هاورێ و هاوسەنگەرەکانت پێیان خۆش بوو ئەمرۆ لە پەنات بان، بەڵام بە باشیان زانی لە رۆژی بەخاکسپاردنی تۆ دا هەموویان لەو جێگایە بن کە بۆخۆت پێت خۆشە هەموو خەباتگێرانی حیزبەکەتی لێ بن:

سەنگەری خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و خودموختاری. هەر بۆیە ئێمەیان نارد کە بە نوێنەرایەتیی هەموویان دوامالْئاواییت لە گەڵ بکەین و دڵنیاییت بدەینێ کە ئامانجت بەرقەرارە و رێگاکەت پڕڕێبوارە.

دۆستانی خۆشەویست!

بەشداریی ئێوە لە رێورەسمی ناشتنی شەهید دوکتور قاسملوو دا رێزدانانە بۆ خەبات و فیداکاریی ئەوانەی لە پێناو گەل دا دەژین و لە رێی نیشتمان دا دەمرن. رێگام بدەن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی هەموو ئێوە و دەوڵەت و میللەتی فەرانسە بکەم کە بۆ پێک هێنانی ئەم رێورەسمە هاوکارییان کردین و یارمەتییان داین. فەرانسە هەمیشە پەناگەی ئازادیخوازان و ئەو کەسانە بووە کە لە پێناوی بیرو باوەڕی خۆیان دا لە نیشتمان دەربەدەر دەبن هەر ئەوەش رێز و خۆشەویستیی ئەو وڵاتەی لە دڵی تێکۆشەرانی کورد دا جێگیر کردوە و ئیحتیرامی کۆمەڵگای جیهانیی بۆ لای فەرانسە راکێشاوە. لەبەر ئەوەی دوکتور قاسملوو شەهیدی هەموو ئازادیخوازان و بەشەردۆستانی جیهانە، رێگام بدەن لە لایەن حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و لە هەموو ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەی جیهان دا بکەم.

**سڵاو لە گیانی پاکی هاورێیانی شەهید دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری و هەموو شەهیدانی رێگای رزگای.**

**سوپاستان دەکەمو هەر بژین**

سەرچاوە: نیو سەدە تێکۆشان لە نووسینی بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

تایپ کردنەوەی لەکتێبی نیو سەدە تێکۆشان: رەحمان نەقشی

# وانەکانی قاسملوو لە سەردەمی شەڕ و ئاگربەسدا





**ئاسۆ حەسەن زادە**

"زیاتر لە هەموو شتێک، ئەوەی میراتی سیاسیی قاسملوو بۆ ئەمڕۆ بە ئێمەی دەڵێ، دەوری سەرەکیی عاملییەتی نێوخۆییە پێش ئەوەی دینامیکە دەرەکییەکان جارێکی تر کوردانی ئێران بەرەو پەڕاوێز ببەنەوە"

لە بارودۆخێکدا کە شەڕی ئەمریکا و ئێران دەتوانێ دوورەدیمەنی جێگە و پێگەی ئێران و کوردستان سەرلەنوێ پێناسە

بکاتەوە، پێویستیی هزر و ڕوانگەکانی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لەبارەی دێموکراسی، بەکاراکتەربوونی کورد و سیاسەتی ڕوون لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناسەقامگیرییە ژێئۆپۆلیتیکی و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە خۆی دەردەخا. بەڵام میراتی قاسملوو بەدیاریکراوی چییە و بۆچی هێشتا و لە ئەمڕۆشدا گرنگە؟

بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، دڵنیاییەک بەدی ناکرێ کە ڕاوەستانی شەڕەکەی ئەم دواییە ئارامی بۆ ئێرانییەکان بەدیاری بێنێت. بۆ زۆر کەس، بەتایبەتی لە نێو کوردانی ئێراندا، نیگەرانییەک هەیە کە سازانێکی نوێی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران لە کۆتاییدا ببێتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بەبێ ئەوەی ئەو ڕێژیمە ناچار بێ ئیمتیازێکی مانادار بەتایبەتی لە کایە نێوخۆییەکانی وڵات لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بدات.

ئەم نیگەرانییە پاشخانی مێژوویی هەیە و پێشتر ئەزموون کراوە. قۆناغەکانی دوای شەڕەکان یان گرژییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئێران بە دەگمەن بوونەتە هۆی کرانەوەی سیاسی لە ئاستی نێوخۆییدا. بەپێچەوانەوە، زۆربەی کات بوونەتە هۆی توندوتیژی و سەرکوتی زیاتر. بۆ نموونە ڕێککەوتنی بەرجام (٢٠١٥) کە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بۆ میانەڕەوی و کرانەوەی سیاسی، پەرەئەستاندنی سەرکوت و چەقبەستوویی سیاسیی لە ئێراندا بەدوادا هات.

نموونەیەکی کۆنتر و دراماتیکیتر، کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراقە لە ساڵی ١٩٨٨دا. بەدوای ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لەسەر کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوانیان هەزاران زیندانیی سیاسی لە ئێران لەسێدارە دران و ڕێژیم هەڵمەتێکی بەردەوامی تێرۆرکردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات دەست پێ کرد. یەکێک لە یەکەمین و دیارترین قوربانییەکانی ئەم هەڵمەتە، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری ڤییەن و لە کاتی دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا تیرۆر کرا.

ئەمڕۆ، ترسێک هەیە کە ڕەوتێکی هاوشێوە جارێکی تر دووبارە بێتەوە. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەسێدارەدانەکان لە نێوخۆی وڵات، بەرپرسانی ئێران هەڕەشەکانی خۆیان دژی لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی جێگیر لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەست پێ کردووەتەوە و بەئاشکرا داوای دەرکردنیان دەکەن. ئەم حیزب و لایەنە سیاسییانە لە کاتی شەڕی چل ڕۆژەی دواییدا کرابوونە ئامانجی هێرشی موشەکی و درۆنیی کۆماری ئیسلامی و ئێستا بارودۆخیان ناسکتر و هەستیارتریشە.

لە بارودۆخێکی وادا، مەسەلەی کورد چیتر بابەتێکی پەراوێزی یان تاکتیکی نییە، بەڵکوو جارێکی تر دەبێتە شوێنی

## ٣٧ ساڵە

بەرجەستەبوونی درز و کەلێنێکی سیاسیی گەورە؛ درزێک کە جارێکی تر گرنگیی وریاکردنەوەکان و ڕێباز و ڕوانگەکانی د. قاسملوو دەخاتەوە بەرچاو. ڕێک لەو کاتانەدایە کە نەبوونی ئەو بەئاشکرا هەست پێ دەکرێ؛ نەک هەر لەبەر ڕەتکردنەوەی شێلگیرانە و لێبڕاوانەی پاشەکشە لە بەردەم بارودۆخە سەختەکان و ئامادەیی بۆ قبووڵکردنی ریسکی دەسپێشخەرییەکان لەلایەن قاسملووەوە، بەڵکوو هەروەها لەبەر هەبوونی دووربینی و ڕوانگەیەکی سیاسیی بەهێز لەلای ناوبراو.

هیچ کەسایەتییەکی سیاسیی کورد نەیتوانیوە بەو ڕوونییە پرۆژەیەکی سیاسی دابرێژێت کە داخوازییەکانی کورد بە بیرێکی فراوان و گشتیگیر بخاتە ڕوو. بیر و کردەوەی قاسملوو لە سەردەمی ئێستادا تەنیا بایەخێکی مێژوویی نیە، بەڵکوو گرینگییەکەی بۆئیعتباری ئەو چوارچێوەیە دەگەڕێتەوە کە ئەو بۆ ئاڕاستەکردنی پێکگەیشتنی نێوان مافەکانی کورد، خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و سیاسەتی نێودەوڵەتی دایڕشتبوو.

د. قاسملوو بە شێوەیەکی هاوکات لە دوو بەرەی پێکەوەبەستراودا - کوردی و ئێرانی - هەڵدەسووڕا. لە ئاستی ئێراندا، ئەو بۆ بنیاتنانی جێگرەوەیەکی جێ متمانە لەبری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا. بەڵام لە ڕوانگەی ئەووە، جێگرەوەیەکی ئاوا نەدەبوو لەسەر دروشمی ناڕوون یان هاوپەیمانیی هەلپەرستانە دابمەزرابێت، بەڵکوو پێویستی بە بناغەیەکی سیاسیی ڕوون و پتەو هەبوو. بۆ وی پێوەرێکی ئەم بناغەیە بەڕەسمی ناسینی فرەنەتەوایەتی لە ئێراند وەک مەرجێکی پێویست بۆ هەر هاوپەیمانییەکی پایەدار بوو. هەر ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی ئەو هاوپەیمانی نەک تەنیا لەگەڵ ڕەوتە پاشایەتیخوازەکان، بەڵکوو بەگشتی لەگەڵ هەر هێزێک کە دێموکراتی ڕاستەقینە نەبوو، ڕەت بکاتەوە.

لە ئاستی کوردیدا، ئەندێشەی ئەو تێکەڵەیەک بوو لە واقیعبینی و پلانی درێژخایەنی نەتەوەیی. ئەو دابەشبوونی کوردستانی لە نێوان چەند دەوڵەتدا وەک واقیعیەتێکی عەینی دەدیت و جەختی دەکردەوە کە پێویستە بزوتنەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان خەباتەکەی لە چوارچێوەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیدا بەرەو پێش ببات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەی بە واتای دابڕان و ترازانی نێوان کورد نەبوو. بەپێچەوانەوە، ئەو چالاکانە بۆ بەهێزکردنی هاوپشتیی نێوان پارچە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە هەوڵی دەدا و پێی وابوو ئەم خەباتانە، هەرچەندە لێک جیاوازن، بەڵام بە قووڵی پێکەوە بەستراونەتەوە. هەروەها جەختی دەکردەوە کە نابێ پەیوەندییە ناوچەییەکانی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی تێیدا چالاکن لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بێت. ئەم ڕوانگە گشتگیرە یەکگرتووییەکی بە پرۆژە سیاسییەکەی قاسملوو بەخشیبوو کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ و ونە.

زۆرێک لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێشتا باس لە گۆڕینی ڕێژیم دەکەن بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە فرەیی و هەمەجۆریی نێوخۆیی ئێران بدەنەوە. لە هەمان کاتدا، لەنێوان هەندێک گرووپی کوردیشدا، داخوازییە سیاسییەکان هەندێک جار بێ ئەوەی بخرێنە نێو چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری ئێرانییەوە، دەخرێنە ڕوو. قاسملوو بەتەواوی بەدوای دروستکردنی پرد بوو لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندەدا. چ ئەم واقیعە قبووڵ بکەین و چ نا، و هەرچەند ڕەنگە دڵخوازیش نەبێت، ئەو بە باشی تێگەیشتبوو کە داهاتووی ئێران و چارەسەری مەسەلەی کورد دوو بابەتی لێک دانەبڕاون.

بۆ ئەو، تەنیا دەربڕینی ئامانجە سیاسییەکان بەس نەبوو؛ بەڵکوو دەبوایە بە هەمان ڕادە بایەخ بە شێوازەکانی تێکۆشانیش بدرێت. ئەندێشە سیاسییەکەی ئەو جیا نەبوو لە پابەندییەکی ئەخلاقیی بەهێزیش. قاسملوو بەردەوام جەختی دەکردەوە شێوازەکانی خەبات دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو بایەخانە بن کە بەرگرییان لێ دەکرێت. ئەو ئارگیومێنتی ئەوەی دەهێناوە کە خەبات لەگەڵ ڕژێمێک کە سەرەتاییترین پێوەرە مرۆییەکان پشتگوێ دەخات، نابێت ببێتە هۆی وەلانانی بنەما ئەخلاقییەکان. ئەو پێشمەرگەکانی خۆی ڕاسپاردبوو لە شێوازە تیرۆریستییەکان دوور بکەونەوە، بە شێوەیەکی مرۆیی لەگەڵ دیلەکاندا بجوڵێنەوە و ئازادیان بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەم کارە ببێتە هۆی ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کەمتر ببینرێن و کەمتر فۆکووسیان بخرێتەسەر.

ئەم یەکانگیرییە ئەخلاقییە بۆ کایەی نێودەوڵەتیش درێژ دەبۆوە. سەرەڕای ئەوەی قاسملوو لە جیهانێکدا ژیابوو و خوێندبووی کە بەهۆی دابەشکارییەکانی شەڕی ساردەوە دروست ببوو، ئەو بە ڕاشکاوی دەستێوەردانی سۆڤیەتی لە پراگ لە ساڵی ١٩٦٨ و هەروەها بەبارمتەگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ساڵی ١٩٧٩ی مەحکووم کرد. لە کاتێکدا هەڵوێستی ئاوا ئەوەندەش ئاسان نەبوو. ئەو دواتر، لە دەیەی ١٩٨٠دا، "سۆسیالیزمی دیموکراتیک"ی هێنایە نێو بەرنامەی حیزبەکەیەوە و لە مۆدێلە سۆسیالیستییە دیکتاتۆرەکان دوور کەوتەوە، ئەمەش وەک ڕێگایەک بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ پێوەندی و کارلێکی لەگەڵ لایەنە ڕۆژئاواییەکانیشی بۆ برەخسێ.

قاسملوو بە تێگەیشتنێکی ورد لە بەرتەسکی و سنوورداربوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی، پەیوەندیی لەگەڵ سۆسیال دێموکراتەکانی ئەورووپا گرێ دا و هەوڵی ئەوە بوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پەرە پێ بدات. کەمێک پێش تیرۆرکردنی، چاوەڕوان دەکرا سەردانی واشینگتن بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە دژی پاشکۆیەتی و بەستراوەبوون بوو و جەختی لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکەی دەکردەوە.

ئەو جەختی دەکردەوە پشتگیریی دەرەکی هەرگیز نابێت لەسەر حیسابی وەلانانی سەربەخۆیی سیاسی یان ڕێگری لە ئازادیی

۳۷ ساڵە

کردەوەی سەربەستانە بێت. بە بڕوای ئەو، چارەنووسی کورد نە لە واشینگتن، نە لە لەندەن و نە لە پاریس، بەڵکوو لە خودی کوردستان دیاری دەکرێت. ئەم ڕوانگەیە، ڕەتکردنەوەی دیپلۆماسی نەبوو، بەڵکوو بانگهێشتێک بوو بۆ خۆبەڕێوەبەریی سیاسی و خۆڕاگریی نێوخۆیی. ئەم وریابوونەش ڕەگی لە ئەزموونی مێژوویدا هەبوو. ئەو لە ساڵی ۱۹۸۸ و لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا وانەی ساڵی ۱۹۷۵ی بە بیر سەرکردایەتی و هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبەکەی هێنایەوە؛ کاتێک کە دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە نێوان ئێران و عێراقدا، هێزە کوردییەکانی عێراق لەناکاو لەلایەن هاوپەیمانە دەرەکییەکانیانەوە تەنیا مانەوە. لە ڕوانگەی قاسملووەوە، ئەم ڕووداوە نیشاندەری ناسەقامگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەکان و پێویستیی پشتبەستن بە خۆ بوو.

شەڕی ئێستا و دەرهاویشتە نادیارەکانی، تەنیا گرنگیی ئەم بابەتە زیاتر دەکەن. لە کاتێکدا ئەکتەرە دەرەکییەکان خەریکی پێداچوونەوەن بە ستراتیژییەکانی خۆیان بەرامبەر بە ئێران، مەترسیی هەمیشەییی پشتگوێخرانی دینامیکە نێوخۆییەکان - لەوانە داخوازییەکانی کورد - بوونی هەیە. لە سەردەمی ئێستادا زۆر جار فاکتەری کورد دێتە ئاراوە، بەڵام زۆربەی کات بە شێوەیەکی ئامرازی و دابڕاو لە هەر ئەندێشەیەکی سیاسیی مانادار.

نزیکەی چوار دەیە دوای سەردەمی قاسملوو، ئۆپۆزسیۆنی ئێران هێشتا پەرشوبڵاوە و ڕوون نییە کە ئایا سەرنجدانەوەی نێودەوڵەتیی بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار دەهێنرێت یان نا. پرسیار دەربارەی چۆنیەتی تێکەڵکردنی داخوازییە نەتەوەییەکان لەنێو جێگرەوەیەکی سیاسیی یەکگرتوودا، و ئەوە کە ئایا کوردەکان دەتوانن دەسپێشخەرییەکە جارێکی تر بگرنەوە دەست یان نا، هێشتا بێ وەڵام ماوەتەوە. لەم بوارەدا، ڕوانگەی قاسملوو کەمتر وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی و زیاتر وەک دەرفەتێکی لەدەستچوو دێتە بەرچاو.

خوێندنەوەی دووبارەی میراتی قاسملوو بە واتای سەیرکردنی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو پرسیارانەی هێشتا بێ وەڵام ماونەتەوە. ساتەوەختی ئێستا ئەم مەسەلانەی جارێکی تر بە چەشنێک هێناوەتەوە گۆڕ کە بیرکردنەوە لە گرینگیی تێکەڵکردنی واقیعبینیی سیاسی لەگەڵ پابەندییەکی قایم بە ئامانجە ستراتیژییەکانی دۆزی کورد و بنیاتنانی خەبات لەسەر بنەمایەکی ڕوون و توانای چالاکی لە چەندین بەرە و لە ژینگەیەکدا کە تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت دەکاتە پێویستییەکی بێئەملاوئەولا. زیاتر لە هەموو شتێک ئەوەی میراتی قاسملوو بۆ ئەمڕۆ بە ئێمەی دەڵێ دەوری سەرەکیی عاملییەتی نێوخۆییە پێش ئەوەی دینامیکە دەرەکییەکان جارێکی تر کوردانی ئێران بەرەو پەراوێز ببەنەوە.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری






هێمن مەردانی

## سەمفۆنیای ژمارە ٥: لە مارشی شینەوە بۆ بەرگری:

**(خوێندنەوەیەک بۆ سەمفۆنیای پێنجەمی مالێر لە بەستێنی پۆست – کۆلۆنیالیزم و هزر و گوتاری سیاسیی د. قاسملوودا)**

٣٧ ساڵە

هەر لە منداڵی و تازەلاوەتیدا، کە گوێم لە دەنگی مۆسیقای تیتراژی سەرنجراکێش و چێژبەخشی ڕادیۆ "دەنگی کوردستان" دەبوو بەدوای سروودی "ئەی ڕەقیب"دا، بەردەوام و ڕۆژانە پارچە مۆسیقایەکی ئوورووپایی و مۆدێرن بۆ ماوەی نیزیکەی دەقە و نیوێک بڵاو دەبۆوە. هەموو کات یان جاروبار کە گوێم لێ دەگرتەوە یان گوێم لێ دەبۆوە، حاڵەتێکی نۆستالژیکی بۆم هەبوو. لەو قەدەرانە لە کاک مەنسوور خوسرەوی، کادری پێشووی ڕادیۆ دەنگی کوردستانم پرسی کە کێ و چۆن بووە ئەو پارچە مۆسیقایە لە ڕادیۆ دابنرێت؟ بەڕێزیان وتیان کە لە سەرەتاکانی دەستبەکاربوونی ڕادیۆ، واتە لە نێوان ماوەی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ تا کۆتاییەکانی هەر ئەو ساڵە، ئەم پارچە مۆسیقایە بە دەستپێشخەریی د. قاسملوو وەک تیتراژ لە سەرەتای دەستپێکی بەرنامەکانی ڕادیۆ دانراوە و کاسێتی سەمفۆنییەکەش هەر لەلایەن خودی د. قاسملووەوە پێشکەشی ڕادیۆ کراوە.

ئەم وتارە دەپرژێتە سەر شیکاری و پێداچوونەوە بەسەر گرتەیەکی دەنگیی مۆنتاژکراو لە شێوازی (ئۆستیناتووی جووڵەی یەکەم یان تراوەر- مارش) لە ئاهەنگساز و مۆسیقازانی بەناوبانگی نەمسایی گۆستاو مالێر و بەرهەمە بەناوبانگەکەی بە ناوی سەمفۆنیی ژمارە پێنج لە هەنگاوی دوو دێزی مەینۆر (کە جۆرە هەنگاوێکی مۆسیقاییە لە کەشوهەوایەکی خەمناک و خەماویدا) لە بەستێنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەم پارچە مۆسیقایە کە بەدوای قەیرانی نێو ژیانی مالێر لە ساڵی ١٩٠١ەوە و لە چوارچێوەی کەندوکۆژی ئەو بۆ زەمانێکی نوێوە شەقڵی گرت (ئادورنۆ، ١٩٩٢: ٦٣ - ٦٥، میشێل ٢٠٠٥: ١٢٩ - ١٣١)، لە ڕەوتی گواستنەوەی بۆ نێو بەستێنێکی سیاسی - ڕاگەیاندنیدا، کارکرد و دەورێکی نوێ بەخۆوە دەبینێت. بە پشتبەستن بە تیۆرییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان - بۆ وێنە چەمکی سوننەت یان "تڕادیشن" لەلای تی. ئێس. ئێلیەت، شیکاریی ڕەگەزی دووپاتەیی و شین و شەپۆڕی ئێدگار ئالەن پۆ و هەروەها چەمکی "داڕشتی هەست و سۆز"ی ڕەیمۆند ویلیامزەوە - هەوڵ دراوە لەڕێی ئەم وتارەوە ئەوە نیشان بدرێت کە چلۆن ئۆلگۆیەکی دەنگیی دووپاتەکراوە دەبێتە ئامێر و کەرستەیەک بۆ بەرهەمهێنانی یادەوەریی گشتی و هەست و سۆزی خۆڕاگری. هاوکات بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی پێش - ئاگایی (فۆر- شێودینگ)، باس لەوە دەکرێت کە ئەم پارچە مۆسیقایە دەبێتە دەربڕینی "داهاتووی هەڵپەسێردراو" لەنێو ئەزموونی سیاسیی کورددا. دواجار، پێوەندیی تراژیدی لە نێوان بنەچە نەمساییەکەی ئەو مۆسیقایە و تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤیێنا (١٩٨٩)، ئەم دەنگە بەرز دەکاتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی - چەمکی.

## پێشبار

گواستنەوەی فۆرمەکانی هونەر لە بەستێنێکی مێژووییەوە بۆ بەستێنێکی تر، بەتەنیا جێگۆڕکێ نییە، بەڵکوو

## ٣٧ ساڵە

بەرهەمهێنانەوەی ماناشە لەلایەکی ترەوە. هەروەک تی. ئێس. ئێلیەت دەریدەخات هەموو بەرهەمێکی هونەری لەنێو تۆڕێک لە پێوەندییە مێژووییەکان مانا پەیدا دەکات و لە هەر خوێندنەوەیەکی نوێدا، ئەو پێوەندییانە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت (ئێلیەت، ١٩٧٥: ٣٨).

لەو سۆنگەیەوە، دەکارکردنی بڕگەیەکی دەنگی لە سەمفۆنیی پێنجەمی مالێر لە ڕادیۆیەکی کوردیدا بە واتای ڕازاندنەوەی نەریتێک لە بەستێنی زۆر جیاوازدا دەکرێ شیتەڵکاری بکرێت؛ بەستێنێک کە تییدا، دەنگ لە ناوەندی هونەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندی سیاسەت و لەو گواستنەوەیەدا، دەور و نەخشێکی نوێتر دەگرێتە خۆی.

سەمفۆنیی پێنجەمی مالێر لە دۆخێکی قەیراناویی ژیانی ئەودا بیچم و شەقڵی وەرگرتووە؛ ئەزموونێک نزیک لە مەرگ لە ساڵی ١٩٠١ کە دواجار بوو بەهۆی ئافراندن و داهێنان لە ژیانیدا (میشێل، ٢٠٠٥: ١٢٩-١٣١). ئەم ئەزموونە لە زمانی مۆسیقاییشدا دەنگدانەوە و کاریگەریی هەبووە: داڕشتێکی چڕوپڕ، جیاکراوە و هەڵواسراو لە نێوان بەرداشی ڕێکخراوەیی و داڕماندا (ئادورنۆ، ١٩٩٢: ٦٣-٦٥). بەو حاڵەش، گرینگیی ئەو بەرهەمە بەتەنیا لە ئاڵۆزکاوی و داڕشتی ئەودا نییە، بگرە لە چلۆنایەتی و کوالیتیی سەرەتایی ئەودا خۆی حەشار داوە. موومان یان جووڵەی بەشی سەرەتایی، بە سۆلۆی هێمایینی ترامپێت و ڕیتم و ڕەوتی لەسەرەخۆ و قورسی مارشی تازیەباری و خەمباری، هەر لەجێوە ئاسۆی عاتیفی و هەست و سۆزی ئەو بەرهەمە دیاری دەکات.

دەکرێ ئەو سەرەتایە بە جۆرێک لە پێشەکی و دەستپێکی مۆسیقایی دابنێین؛ دەستپێکێک کە بێ دەربڕینی ڕاستەوخۆ، کەشوهەوای خەماوی و ماتەمینی بەرهەمەکە هەر لەڕێوە پێمان نیشان دەدات و بە جۆرێکیش پێمان دەڵێت کە لە درێژەدا چی چاوەڕوانمان دەکات. نموونەی هاوچەرخی ئەو دەستپێکە سەنگین و ڕەنگینە دەتوانین لە پێرفۆرمێنسی ئێدوارد گاردنێر بە هاوکاریی ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی لەندەن ببینین؛ شوێنێک کە سۆلۆی دەستپێکی ترامپێت بە باشی و بە تەواوی دەبیسترێت و بە واتای بانگەوازێک دێتە بەرچاو. وەک ئەوە وایە کە هەر لە سەرەتاوە بیسەر بانگ دەکرێت بۆ کەشوهەوای خەماوی و ماتەمینیی پارچە مۆسیقاکە و ڕەوت و ڕیتمی بە هەست و سۆزی دیاری دەکات. هەر بەو هۆیەش، پێرفۆرمێنس و ئیجرا بەتەنیا دابەشینی سادەوساکاری مۆسیقا نییە، بگرە جۆرە شیکاری و لێکدانەوەیەکی لەگەڵدایە. لە درێژەدا، دووپاتەکان ئیتر تەنیا دووپاتەی خەم و ماتەمین نین، بەڵکوو لەو حاڵەتە هێواش و خاوەوە بەرز دەبێتەوە بۆ هەوا و حاڵەتێکی گشتگیر و هەژێنەر کە ڕەنگە مچۆرک بێنێت بە مووی لەشی بیسەراندا و لە پاشاندا هەستێکی سووکنایی گرتن، ڕوونتربوونەوەی کەشوهەوا و تەنانەت هاتنی هیوا و ئومێدێک دەست پێ دەکات (جانسۆن، ٢٠٠٩: ١١٢ - ١١٥).

لە ڕادیۆدا ئەو پارچە مۆسیقایە بە تەواوی بڵاو ناکرێتەوە، بەڵکوو تەنیا دوو بڕگە و بەشی نەزم و بەرزی بە شێوەی دووپاتە مۆنتاژ کراوە و بڵاو کراوەتەوە. ئەم هەڵبژاردنە - کە بەستراوەتەوە بە کەشوهەوای سیاسیی پێوەندیدار بە د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو- دەرخەری جۆرە تێگەیشتنێکە لە دەنگ وەک ئامێری شکڵ و شەقڵدان بە ئەزموونی گشتی؛ واتە دەنگ تەنیا بۆ بڵاوکردنەوە نییە و مەبەست لێی زیاتر کاریگەری دانانە لەسەر هەست و نەست و ئەزموونی بەکۆمەڵی کۆمەڵانی خەڵک. لێرەدا مۆسیقا دەبێتە بەشێک لە داڕشتێکی بیستراو کە بەتەنیا مانا ناگوازێتەوە و هاوکات بەرهەمیشی دەهێنێت؛ پرۆسەیەک کە تێیدا مۆسیقا لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی خۆیدا دیسان پێناسە دەکرێتەوە و بیچم و شکڵی نوێتر دەدۆزێتەوە (چانان، ١٩٩٤: ١٥ - ١٨). بەتایبەتی ئەو بەشە خاو و هێواشانە کە هاوکات قورس و خەمبارن. لەم تازەگەرییە نوێیەدا، ئەم بەشەی مۆسیقاکە تەنیا دەربڕی خەم و ماتەمین نین، بەڵکوو هاوکات یادەوەرییەکی بیستراوەیین لە نەبوون، لەدەستدان و خۆڕاگری و بەرگری.

خاڵی گرینگ لێرەدا تەنیا کەڵکوەرگرتن لەو مۆسیقایە نییە، بەڵکوو هاوکات ئەوەیە کە ئەو بەش و بڕگانە چۆن ئاوا بە جوانی و بەئەنقەست لێرە پێکەوە دانراون و لکێندراون! هەروەک وتمان ئەو پارچە مۆسیقایە بەتەواوی دانەبەزێندراوە بۆ دەکارکردن لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بەڵام بە سەلیقە و زانایی کاک دوکتور قاسملوو هەڵبژێردراون کە زۆرترین و کاریگەرترین باری هەست و سۆز و توانایی پێکهێنانی جووڵەیان هەیە. بەم چەشنە، هەر وەک دەبینین دەنگ تەنیا دەنگدانەوەی ڕاستی و واقیع نییە، بەڵکوو بۆ خۆی دەور و نەخشی کاریگەری هەیە لە شەقڵدان بە ئەزموون (ئەتالی، ١٩٨٥: ٢٤ - ٢٦؛ لابێڵ، ٢٠١٠: ١٥ - ١٨).

هەربۆیە مۆسیقا لە بەرهەمێکی تەواو و کامڵ دەبێتەوە بە هەندێک بڕگە و بەش کە دەکرێ و دەتوانرێ دیسان لە بارودۆخی جیاوازدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت و مانای تازەیان پێ بدرێت (بنیامین، ١٩٦٩: ٢١٧– ٢١٨). هەر بەو هۆیە، دەنگ بەتەنیا زمانحاڵی خەم و پەژارە نییە و بە پێچەوانەوە، دەتوانێت کۆمەڵانی خەڵک وەجووڵە بخات و هیوا و ئومێد بڵاو بکاتەوە.

ئەم نووسینە دەیەوێ بڵێ چۆن دەنگێک و بڕگە مۆسیقایەکی دووپاتە، توانایی ئەوەی هەیە لە کەشوهەوایەکی سیاسیدا ببێتە ئامێر و کەرستەیەک بۆ پاراستنی بیرەوەری، تێگەیشتن لە زەمەن و خۆڕاگری. هاوکات ئەم پرسیارەش دەوروژێنێت کە ئاخۆ دەکرێ ئەو دەنگە بەجۆرێک وەک "چیرۆک یان گێڕانەوەیەکی بێ مۆنۆلۆگ و دیالۆگ" سەیر بکەین و تێی بفکرین؟ گێڕانەوە و بەسەرهاتێک کە تێیدا لەرێی دووپاتەکردنەوە و پێکهێنانی چاوەڕوانی، بیچم دەگرێت.

لەو نێوەدا، ناکرێ دەور و نەخشی د. قاسملوو تەنیا وەک سیاسەتمەدارێک لەبەرچاو بگرین، بەڵکوو دەبێ وەک ڕۆشنبیر و فەرهەنگدۆستێکیش سەیری بکەین. ئەو کە لە شاری پراگ خوێندنی تەواو کردبوو و لەگەڵ دابونەریتی فکری و هونەریی ئورووپاییەکان بە باشی ناسیاو بوو، لە دەیەی ١٩٧٠دا بەشێک لەو ئەزموونەی خۆی گواستەوە بۆ ناو کەشوهەوای ڕادیۆی کوردستان.

بەپێی سەرچاوەیەکی زارەکی لە مەنسوور خوسرەوییەوە، د. قاسملوو بەتایبەتی کاسێتەکانی مۆسیقای کلاسیک، بۆ وێنە سەمفۆنیای ژمارە پێنجی بەرهەمی گۆستاو مالێری بۆ ڕادیۆ "دەنگی کوردستانی ئێران" هێناوە (خوسرەوی، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا، ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٦).

ناکرێ هێنان و دانانی ئەو مۆسیقایە بە شتێکی سادەوساکار دابنێین؛ لە ڕاستیدا ئەمە هەڵبژاردنێکی شارەزایانە بوو کە هەوێنی سەرەکیی ئەم وتارە - واتە پێوەندی لە نێوان مۆسیقا، یادەوەری و خۆڕاگری - پێک دەهێنێت؛ هەڵبژاردنێک کە دەریدەخات چۆن دەکارکردنی دووبارە لە ڕەگەز و توخمە فەرهەنگییە "نا - خۆجێیییەکان" دەکرێ یارمەتیدەر بێت بۆ ناساندنەوەی دیسانەوەی پێناس و شوناس و بەهێزکردنی یادەوەریی گشتی لە کەشوهەوایەکی سیاسیی سەرکوتگەرانەدا. هاوکات هەڵبەت ناکرێش نکۆڵی لە لایەنی نوێگەری و نوێبوونەوەی ئەم دەکارکردنە بکرێت.

٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# سیاسەت وەک هونەری مومکین (خوێندنەوەیەکی شیکاری لە هزری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو)





د. مەنسوور سۆهرابی

لە مێژووی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کەمتر سەرکردەیەک دەدۆزرێتەوە کە هەمان خەونی ئازادی یلە سەردا بێت و لە هەمان کاتدا پێیەکانی بە توندی لەسەر عەرزی واقیع ڕاگرتبێت. شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک بوو لەو ئاوارتانە. ئەو ڕستەیەی لە زمانی ئەو دەیگرێنەوە کە

"سیاسەت هونەری مومکینە"، نەک دروشم و پڕوپاگەندەیەک، بەڵکوو پوختەی فەلسەفەیەکی سیاسیی قووڵە کە بە ئەزموون، خوێندنەوە و خەبات وەدەست هاتبوو.

ڕوانگەیەکی دیکەی ناسراوی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە دەڵێت «لە سیاسەتدا سفر و سەد و ڕەش و سپی نییە»، دەکرێت بە یەکێک لە چڕترین و لە هەمان کاتدا قووڵترین دارشتەکانی واقیعبینیی سیاسی لە چوارچێوەی بزووتنەوە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابندرێت. ئەم نیگایە تەنیا ڕاسپاردەیەکی تاکتیکی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی جیهانبینییەکی سیاسییە کە هاوسەنگییەکی ناسک لە نێوان ئارمانخوازی (ئایدیالیزم) و واقیعبینیدا دروست دەکات.

یەکەمین تەوەر لە هزری قاسملوودا، ڕەخنەگرتنە لە دوو جەمسەرییە دوگم و موتڵەقەکان لە سیاسەتدا. کاتێک ئەو باس لە نەبوونی ڕەش و سپی لە سیاسەتدا دەکات، لە ڕاستیدا تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە هەڵە باوەکانی هزری سیاسی کە بریتییە لە کورتکردنەوە و دابەزاندنی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵات بۆ دەستەواژە و چەمکە سادە و بڕاوە. ئەم جۆرە تێڕوانینە کە زۆربەی کات لە توێی دروشمی «هەموو شتێک یان هیچ»دا دەردەکەوێت، سیاسەت لە مەیدانێکی زیندوو و فرەڕەهەندەوە دەگۆڕێت بۆ گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەها لە نێوان خێر و شەڕدا. دەرەنجامی ئەم جۆرە ڕوانینە، داخرانی ئاسۆکانی کارکردنی سیاسییە. لە بارودۆخێکدا کە هێزە سیاسییەکان خۆیان لە چوارچێوەیەکی دوگم و داخراو و نەبڕدا گەمارۆ دەدەن، ئەگەری دانوستان، هاوپەیمانی و تەنانەت پێناسەکردنەوەی ئامانجەکانیش تێدا دەچن. لە ڕاستیدا، ڕەهاخوازی نەک هەر هێزی جووڵە و مانۆڕ ناباتە سەر، بەڵکوو سنووورداری دەکات و لە زۆر حاڵەتیشدا لەباری دەبات.

لە بەرانبەر ئەم ڕوانینەدا، قاسملوو سیاسەت وەک پرۆسەیەکی بەرەبەرە، هەنگاو بە هەنگاو و کەڵەکەبوو پێناسە دەکات. ئەو بە ئاماژەدان بەوەی کە «دوو هەنگاو دەچیتە پێش و دەستکەوتێکت دەبێت، پاشان دووبارە بۆ دەستکەوتی زیاتر خەبات دەکەیت»، جەخت لەسەر سروشتی هەنگاو بە هەنگاوی پێشکەوتنی سیاسی دەکاتەوە. ئەم تێڕوانینە لەگەڵ تیۆرییە کلاسیکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا یەک دەگرێتەوە کە گۆڕانکاری نەک وەک بازدانێکی کتوپڕ، بەڵکوو وەک زنجیرەیەک لە گۆڕانکاریی بەشێنەیی، وردەوردە و بەردەوام لەبەرچاو دەگرن. لەم چوارچێوەیەدا، هەر دەستکەوتێک، ئەگەر سنووردار و ڕێژەییش بێت، بەهادارە؛ چونکە دەتوانێت وەک سەکۆیەک بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەکانی داهاتوو دەور ببینێت. ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت، بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە لەگەڵ پێکهاتەی ڕەقی دەسەڵات، سەرکوتی سیاسی یان سنووورداریی دامەزراوەیی ڕووبەڕوون، گرنگییەکی چەند قات دەدات بەدەستەوە.

## هونەری مومکین: میراتی بیسمارک لە خزمەت ئازادیدا

دەستەواژەی «سیاسەت هونەری مومکینە» ڕەگێکی مێژوویی هەیە. ئەم ڕستەیە بۆ یەکەم جار لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە لایەن ئۆتۆ ڤۆن بیسمارک، سەرۆکوەزیرانی پرۆس، بەکار هات. بیسمارک بە هەمان ڕوانگەوە توانی ئەڵمانیا یەک بخات؛ نەک بە ئایدیالیزم، بەڵکوو بە هەژمارکردنی وردی هێز و دەرفەتناسیی سیاسی و قۆستنەوەی هەڵە ڕەخساوەکان. بەڵام د. قاسملوو ئەم چەمکە لە چوارچێوەیەکی تەواو جیاوازدا بەکار دەهێنێت. بیسمارک لە پێگەی دەسەڵاتێکی باڵادەستدا خاوەنی ئەم فەلسەفەیە بوو؛ بەڵام قاسملوو لە خزمەت نەتەوەیەکدا بەکاری دەهێنێت کە نە دەوڵەتی هەیە، نە سوپایەکی ڕێکخراو و نە ناسنامەیەکی نێودەوڵەتیی فەرمی. ئەمە جیاوازییەکی گرنگە. لێرەدا واقیعبینی نەک لە خزمەت پاراستنی دەسەڵات، بەڵکوو لە خزمەت بەدەستهێنانی ئازادیدایە.

قاسملوو بە دانانی ئەم چەمکە لە بەرانبەر خەیاڵپڵاویدا، سنوورێکی ڕوون لە نێوان سیاسەت و ئارمانخوازیی ناواقیعی دەکێشێت. خەیاڵپڵاوی ئەو کاتە ڕوو دەدات کە ئامانجە سیاسییەکان بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی عەینی، هاوسەنگیی هێزەکان و سنووردارییە تاقەت پڕووکێنەکان پێناسە بکرێن. لە بارودۆخێکی وەهادا، سیاسەت لە بواری کارکردن دەچێتە دەرەوە و بۆ ئاستی خەون و ئاواتە پچڕاوەکان دادەبەزێت.

قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی چەندین جار کەوتە نێو دۆخێکەوە کە دەبوو لە نێوان "ئایدیال" و "مومکین"دا یەکێکیان هەڵبژێرێت. دانوستانەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەرچەندە لە کۆتاییدا بووە هۆی شەهیدبوونی، نیشانەی ئەم جۆرە ڕوانگەیە بوو. ئەو دەیزانی کە دانوستان کزی و لاوازی نییە، بەڵکوو ئامرازێکە لە تەنیشت ئامرازەکانی تری خەباتدا. هەروەها قاسملوو زۆر باش دەیزانی کە بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ مانەوە و گەشەکردن، پێویستی بە پێگەی کۆمەڵایەتی، شەرعییەتی نێودەوڵەتی و نەرمینواندنی دیپلۆماسی هەیە. ئەو لە سەردەمێکدا کە زۆربەی بزووتنەوە چەپەکانی ناوچەکە خۆیان لە قاڵبە ئایدیۆلۆژییە چەقبەستووەکاندا بەند کردبوو، ڕێگەیەکی "پراگماتیک"تری هەڵبژارد. نەک لەبەر ئەوەی بەهاکان بۆی گرنگ نەبوون، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەیزانی سووربوون لەسەر ئایدیۆلۆژیا لە بەرانبەر واقیعە سیاسییەکاندا، لە کۆتاییدا بە زیانی خودی نەتەوەکەی دەشکێتەوە.

دەکرێت هزری سیاسیی دوکتور قاسملوو لە یەک ڕستەدا کورت بکرێتەوە: ئامانجە گەورەکانت هەبێت، بەڵام بە ئامرازی ڕاستەقینەی بەردەستەوە بجووڵێ. ئەم هزرە نە محافەزەکارییە و نە تەسلیم بوون؛ بەڵکوو پێگەیشتوویی سیاسییە.

**٣٧ ساڵە**

جیاوازیی نێوان خەباتکارێکی ڕۆمانتیک و سیاسەتمەدارێکی پێگەیشتوو، ڕێک لەم خاڵەدایە: هەردووکیان خاوەن ئامانج و ئارمانن، بەڵام دووهەمیان دەزانێت کە دەبێت بە تێگەیشتن لە واقیع، ئامرازی ستراتیژی و ژیریی تاکتیکییەوە شوێن ئامانجەکەی بکەوێت. ئەم پێگەیشتووییە سیاسییە شتێک نییە خۆبەخۆ بەدەست بێت، بەڵکوو پێویستی بە خوێندنەوەی مێژوو، وانەوەرگرتن لە شکستیی کەسانی تر و جۆرە ئازایەتییەک هەیە کە جیاوازە لە ئازایەتیی مەیدانی جەنگ: ئەویش ئازایەتیی قبووڵکردنی ئاڵۆزییەکانە. گوتنی ئەوەی کە بارودۆخەکە ئاڵۆزە و وەڵامێکی سادەی نییە، لە کەشێکدا کە هەمووان چاوەڕێی دروشمن، خۆی پێویستی بە ئازایەتییە. قاسملوو ئەم ئازایەتییەی هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی گرنگ لە بیری قاسملوودا ئەوەیە کە ئەو هەرگیز ئارمان و ئاواتە مەزنەکان بە تەواوەتی ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو جیاوازی لە نێوان «ئامانج» و «ڕێکار»دا دادەنێت. ئامانجە سیاسییەکان دەتوانن بەرزەفڕانە و تەنانەت ڕادیکاڵیش بن، بەڵام ڕێگەی گەیشتن پێیان دەبێت لەسەر بنەمای واقیعە عەینییەکان ڕۆ نرابێ. ئەم جیاکارییە یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی ڕێبازەکەی؛ چونکە لە لایەک ڕێگری دەکات لە کەوتنە نێو مەحافزەکارییەکی ڕووت، و لە لایەکی تریشەوە، ڕێگری دەکات لە تێوەگلان لە داوی ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە. بە واتایەکی تر، قاسملوو جۆرێک لە «ئارمانخوازیی واقیعبینانە» دەخاتە ڕۆژەڤەوە کە تێیدا ئارمانەکان ئاراستەکەرن، بەڵام ئامراز و ستراتیژەکان لەسەر بنەمای توانای جێبەجێکردن ڕێک دەخرێن.

ئەم ڕوانگەیە لێکەوتەی کردەیی گرنگی بۆ کارکردنی سیاسی هەیە. یەکەم ئەوەی دانوستان و سازان نەک وەک نیشانەی لاوازی، بەڵکوو بە ئامرازە پێویستەکانی سیاسەت دادەنرێن. لە زۆرێک لە کولتووری سیاسییەکاندا، بەتایبەت لە چوارچێوە شۆڕشگێڕییەکاندا، سازان زۆربەی کات بە یەکسانی "تەسلیم بوون" یان تەنانەت "خیانەت" سەیر دەکرێت. بەڵام لە چوارچێوەی «هونەری مومکین»دا، سازان دەکرێت وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی نوێ لەبەرچاو بگیرێت. دووەم ئەوەی کە ئەم ڕێبازە جەخت لەسەر گرنگیی دروستکردنی بەرە و «هاوپەیمانی» دەکاتەوە. لە جیهانێکدا کە دەسەلات بە شێوەیەکی پەرتوبڵاو و چەند جەمسەری دابەش بووە، هیچ هێزێک بە تەنیا ناتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت. کەواتە، توانای دروستکردنی هاوپەیمانیی بگۆڕ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش، دەبێتە کارامەیییەکی سەرەکی لە سیاسەتدا. سێیەم لێکەوتەش، پێناسکردنەوەی چەمکی سەرکەوتنە لە سیاسەتدا. لە ڕوانگەیەکی ڕەهاگەرایانەدا، سەرکەوتن تەنیا ئەوکاتە واتای هەیە ئامانجە کۆتاییەکان بە تەواوی بەدی بێن. بەڵام لە ڕێبازەکەی قاسملوودا، سەرکەوتن دەکرێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی و قۆناغ بە قۆناغ پێناسە بکرێت. هەر پێشکەوتنێک، ئەگەر سنوورداریش بێت، دەکرێت بە سەرکەوتنێک دابنرێت، چونکە لە ڕێڕەوی بەدیهاتنی ئامانجە گەورەکانـدایە. ئەم پێناسەکردنەوەیە نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی پاڵنەر و بەردەوامی لای ئەکتەرە سیاسییەکان، بەڵکوو دەرفەتی

**٣٧ ساڵە**

هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەتری بارودۆخەکەش دەرەخسێنێت.

لە ڕووی تیۆرییەوە، دەکرێت هزری قاسملوو لە چوارچێوەی نەریتی «پراگماتیزمی سیاسی»دا دابنرێت. ئەم نەریتە کە ڕەگی لە بیری بیرمەندانی وەک ویلیام جیمز و جۆن دیویدا هەیە، جەخت لەسەر گرنگیی ئەزموون، کار و ئەنجامە بەرجەستەکان دەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، بەهای بیرۆکەیەکی سیاسی نەک لەسەر بنەمای پاکیی تیۆرییەکەی، بەڵکوو لەسەر بنەمای کاراییە کردەییەکەی دەپێورێت. قاسملوو بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی لە کرداردا مومکینە، بە جۆرێک هەر ئەم پێوەرەی بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەت پێشنیار کردووە.

لە هەمان کاتدا، دەبێت سەرنج بدرێتە سەر بەرتەسکی و سنووردارییەکانی ئەم ڕێبازە. جەختکردنەوەی لە ڕادەبەدەر لەسەر مومکینەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی جۆرێک لە محافێزەکاری یان تەنانەت قبووڵکردنی دۆخی هەبوو. ئەگەر سنووری نێوان واقیعبینی و خۆبەدەستەوەدان بە دروستی دەستنیشان نەکرێت، مەترسی ئەوە هەیە ئامانجە درێژخایەنەکان وردە وردە فەرامۆش بکرێن. کەواتە ئالەنگاریی سەرەکی لەم ڕێبازەدا، پاراستنی هاوسەنگییە لە نێوان نەرمینواندن (انعطافپذیری) و پابەندبوون بە بنەماکان. بە واتایەکی تر، سیاسەتمەدار دەبێت بتوانێت بەبێ لەدەستدانی ئاراستە گشتییەکەی، لە ڕێڕەوی جووڵانەوەکەیدا تاکتیکەکان بگۆڕێت.

لە کۆتاییدا، پەیامی سەرەکیی دوکتور قاسملوو دەکرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: سیاسەت نەک گۆڕەپانی بەدیهاتنی کتوپڕی ئارمانەکان، بەڵکوو هونەری جووڵەی ژیرانەیە لەنێو کۆسپ و بەرگژەکان بۆ نزیکبوونەوەی قۆناغ بە قۆناغ لێیان. دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩ز) لە ڤییەن بە دەستی دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، ڕێک ئەو کاتەی خەریکی ڕاهێنانی هەمان هونەری مومکین بوو: دانوستان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی مومکین بۆ نەتەوەکەی. مەرگەکەی نیشانی دا واقیعبینی هەمیشە بەس نییە، بەڵام هزری ئەو نیشانی دەدات کە بەبێ واقیعبینی هەرگیز ناکرێت بەرەو پێش بچیت. ئەمڕۆ، ساڵانێک دوای شەهیدبوونی، وتەی ئەو هێشتا زیندووە و دەنگی دێتەوە: «سیاسەت هونەری مومکینە»؛ و ئەم هونەرە، وەک هەر هونەرێکی تر، فێربوونی دەوێت.

**٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**

# قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری سەمفۆنیای ژمارە ٥: لە مارشی شینەوە بەرەو مارشی بەرگری






هێمن مەردانی

(بەشی دووهەمی خوێندنەوەیەک بۆ سەمفۆنیای پێنجەمی مالێر لە بەستێنی پۆست - کۆلۆنیالیزم و هزر و گوتاری سیاسیی د. قاسملوودا)

**٣٧ ساڵە**

ئەم وتـارە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک چەمکی تیۆریک لە بەشەکانی ئەدەب، فەلسەفە و لێکۆڵینەوەکانی سەر دەنگ. سەرەتا، ئایدیای "تەریت و دووپاتە خوێندنەوە"ی تی.ئێس. ئێلیەت، بنـاغەیەک بۆ تێگەیشتن لە گواستنەوەی بەرهەمێک لە بەستێنێکی مێژوویی بۆ بەستێنێکی تر ساز دەکات، بە جۆرێک کە مانا لە هەر بەستێنێکدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

**دووهەم؛** ئەوە کە شیکارییەکانی ئادۆرنۆ لەمەڕ فۆرمی مۆسیقایی و گرژییەکـانی پەیوەست بەوەوە، دەرفەتـی تێگەیشتن لە دارشتی لێکبڕدراو و ناجێگیری بەرهەمەکانی مالێر بەدەستەوە دەدات.

**سێهەم؛** چەمکی "بە کۆد کردنی دەنگ" لەلای ئەتـالی نیشان دەدات کە چۆن مۆسیقا لە کـاتی گواستنەوەی بـۆ سیستەمە نوێیەکانی میدیا و ڕاگەیاندندا، دەور و نەخشێکی جیاوازتر بەخۆیەوە دەگرێت.

**خـاڵی چـوارەم؛** ڕوانـگەی بێنیـامینە لەمەڕ سـەرلەنوێ بەرهەمهێنـان و جێگـۆڕکێی بەرهەمـی هـونەری، چوارچێـوەیەک بـۆ تێگەیشتن لە گۆڕینی گشتیی ئۆرکێسترایەک بۆ یەکەکۆکراوەکـان دەرەخسێنێت. لە کۆتاییدا، ئاراستەکانی تـوێژینەوەگەلی دەنگ، بەتـایبەت لە کارەکانی لابێل، دەرفەتی ڕەخساندنی شیکاریی دەنگ وەک تـوخمێکی چالاک لە شەقڵپێدان بە ئەزموونی هەستی و گشتی پێکدەهێنن.

هاوکـات جیـا لەمە، ئەم نووسینە پشتیش دەبەستێت بە چەمکگەلـی سـەرەکیی توێژینەوەکـانی پۆست - کۆلۆنیـالیزم. لەو چوارچێوەیەدا، دەنگ نەک وەک توخمێکی جوانناسی، بەڵکوو وەک ئامێرێک بـۆ دووپـاتە بەرهەمهێنـانی شونـاس و خۆڕاگری لەبەرچـاو دەگیرێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە دەتـوانین لە لێکدانەوەکانی سەعید لەمەڕ "تواندنەوە و دەسەڵات" . و هەروەهـا چەمکەکانی "تێکەڵبوون" و "ڕووبەری سێهەم"ی کەڵک وەربگرین تاکوو نیشان بدەین چۆن فۆرمێکی مۆسیقایی ئورووپـایی لە بەستێنێکی کوردیدا تووشی گۆڕانکاریی مانایی دەبێتەوە.

هەروەها پرسیاری سپیوەک لەمەڕ ئەگەری "قسەکردنی ژێردەستەکان" دەکرێت لە ئاستی دەنگیدا سەرلەنوێ بخوێندرێتەوە؛ لەو کـاتەدا کە تەنـانەت لە نەبـوونی "گوتە"شدا دەبێـتە ئامێرێک بـۆ دەربڕینـی ئەزمـوونی پەراوێـزی. لە پـاڵ ئەمەشـدا، لێکدانەوەکانی فانوون لەبارەی خۆڕاگری و خۆبەدەستەوەنەدان و سـازکردنەوەی سـووژە و بەرکـار لە هەلـومەرجی داگیرکاریـدا دەرفەتی تێگەیشتن لە گۆڕانی خەم و ماتەم بۆ هێزێک بۆ کردە و ڕاوەستاوەیی چێ دەکاتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، ئەم وتارە گەرەکیەتی ئەوە نیشان بدات کە چۆن شێوازێکی دەنگیی دووپاتکراوە لە بەستێنێکی سیاسیدا

دەگۆڕدرێت بۆ ڕێکارێک بۆ جێخستنی یادەوەری، کاتبەندی و خۆڕاگری. هاوکات، بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکگەلی ئەدەبی و فەرهەنگی، ئەو پرسیارەش دێنێتە ئاراوە کە ئاخۆ دەکرێ ئەم دەنگە وەک "گێڕانەوەیەکی بێ گوتە" سەیر بکەین؛ گێڕانەوەیەک کە لە ڕێگەی دووپاتەیی، هەڵپەسێردراوی و پێشبینییەوە بیچم دەگرێت.

بەڵگەهێنانەوەی سەرەکیی وتارەکە ئەوەیە کە مارشی ماتەمینیی مالێر لەو گواستنەوە میدیایی و سیاسییەدا لە ئاستی نیشاندانی خەم و ماتەمەوە تێدەپەڕێت و دەگۆڕدرێت بۆ ڕیتمێک بۆ وشیاری و جووڵەکردن و هیوا و ئومێد پەیداکردن لە ڕەوتی ئەزموونی مێژوویی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا. موومێنت یان جووڵەی یەکەمی سەمفۆنی پێنجەم سەرەڕای دارشتی ئاماڵ - مارشییەوە، سوود وەردەگرێت لەو شێوازە دووپاتبووانەی کە ئەرکی سەقامگیرییان هەیە. ئەم دووپاتانە هاوکات بەردەوام تووشی تێکچوون دەبن و دەبنە هۆی جۆرە ناسەقامگیرییەک. هەر ئەو گرژییەی نێوان دووپاتەیی و دابڕانە کە هۆکار دەبێت بۆ سەرهەڵدانی ئەزموونێکی تایبەت لە خەم و ماتەم. ئەو خەم و ماتەمینەی کە نە بنەی دێت و نە جێگیریش دەبێت، بەڵکوو لە دۆخێکی هەڵپەسێردراویدا دەمێنێتەوە.

## ئۆستیناتۆ، دووپاتەیی و تێپەڕین لە خەم و ماتەمەوە بەرەو ڕیتمی خۆڕاگری

موومێنت یان جووڵەی یەکەمی سەمفۆنی پێنجەم سەرەڕای دارشتی ئاماڵ - مارشییەوە، سوود وەردەگرێت لەو شێوازە دووپاتبووانەی کە ئەرکی سەقامگیرییان هەیە. ئەم دووپاتانە هاوکات بەردەوام تووشی تێکچوون دەبن و دەبنە هۆی جۆرە ناسەقامگیرییەک. هەر ئەو گرژییەی نێوان دووپاتەیی و دابڕانە کە هۆکار دەبێت بۆ سەرهەڵدانی ئەزموونێکی تایبەت لە خەم و ماتەم. ئەو خەم و ماتەمینەی کە نە بنەی دێت و نە جێگیریش دەبێت، بەڵکوو لە دۆخێکی هەڵپەسێردراویدا دەمێنێتەوە. بەم حاڵەش، ئەم دارشتە دووپاتبووە ناکرێت بە جیا لە کوالێتی و چلۆنایەتیی سەرەتایی مۆسیقاکە لێی حاڵی بین. سۆلۆی ترامپێت لە سەرەتای موومێنت یان جووڵەکەوە، کە پێشتر وەک جۆرێک دەستپێکردنی مۆسیقا هاتبووە ئاراوە، ئاسۆی هەست و سۆزیاریی ئەم دووپاتبوونەوانە هەر لە سەرەتاوە دیاری دەکات. بەو جۆرە، ئۆستیناتۆ نەک لە بۆشایی، بەڵکوو بەدرێژایی "هێمایەکی سەرەتایی" دەوور دەگێڕێت؛ هێمایەک کە ماتەمین وەک دۆخی بنەڕەتی دەچەسپێنێت، بەڵام هاوکات ئەگەری گۆڕانی خۆیشی لەنێوخۆیدا هەڵدەگرێت.

لێرەدا دەکرێ لە شیکاریی ئالەن پۆ کەڵکوەرگرین کە دووپاتبوونەوە بە توخمی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی عاتیفی و سۆزیاریدا دەزانێت. ئۆستیناتۆ لەو مانایەدا بە واتای دووپاتبوونەوەی نەبوون و لەدەستدان دەوور دەگێڕێت؛ جۆرێ گەڕانەوەی بەردەوام کە لەجیاتی سووکنایی، چڕیی ئەزموون زێتر دەکات. لە ڕاستیدا، ئەم چڕیی ئەزموونییە بەرەبەرە

**٣٧ ساڵە**

دەورێکی دیکە وەئەستۆ دەگرێت: دووپاتبوونەوە لە نواندنی ڕووت و ڕەبەقەوە بانتر دەڕوات و دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە پێداگری لەسەر هەبوون و حزوور.

ئەو تێپەڕینە دەکرێ لە ئاستی ئەداکردن و پێرفۆرمێنسیش ببینرێت. لە ئەداکردنی گاردنێر لەتەک ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی لەندەن، سۆلۆی سەرەتایی ترامپێت وەکوو "بانگهێشتێک" دەبیسترێ کە هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی عاتیفی و سۆزیاریی مۆسیقاکە دیاری دەکات. هەر بەم هۆیەوە، دووپاتەکانی تری ئەم مۆسیقایە نەک گەڕانەوەی خەم و ماتەمین، بگرە لە درێژەی ئەم بانگهێشتەدا، بەرەبەرە لە وەستاویی بەرەو گڕژی و لە گرژییەوە بەرەو جووڵە دەگەن. بەڵام ئەم ڕەوتە هەر لە دارشتی سەمفۆنیایەکەوە نامێنێتەوە. کاتێ ئەو مۆسیقایە ڕێی دەکەوێتە ڕادیۆوە، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. لە نوسخەی ڕادیۆییدا، ئۆستیناتۆ ئیتر تەواوی مۆسیقای سەمفۆنی ژمارە پێنج ناگرێتە خۆی، بەڵکوو ئەوەی دەکار دەکرێت بەرهەمی هەڵبژاردنێک و مۆنتاژێکە کە بەشە هەستیار و بزوێنەرەکان زەق دەکاتەوە. دەکرێ ئەم دۆخە بە شێکاریی ئەتالی لەمەڕ کۆددانانی مۆسیقا باشتر شەن و کەو بکرێت. لێرەدا مۆسیقا دەگۆڕدرێت بۆ شێوازێکی دووپاتکراوە کە زۆرتر دەوری سەقامگرتنی هەیە تاوەکوو پەرەسەندن. بەم حاڵەش، هەر ئەم دووپاتەش بە نۆرەی خۆی جۆرێ کەڵکەڵەبوونی زەمەنی پێکدەهێنێت.

لەو چوارچێوەیەدا، دەتوانین قاسملوو وەک ئێدیتۆرێکی دەنگ سەیر بکەین؛ ئەو بە هەڵبژاردنی دانسقە و لە پاڵ یەکدانانی بەشەکان، ڕەوتی هەست و سۆزیاریی مۆسیقاکە دەگۆڕێت. ئەم کارەش ڕێک هاوڕێکە لەتەک چەمکی "چڕکردنەوەی عاتیفی" لەلای گوودمەن. لە ئاکامدا، مارشێکی ماتەمینی دەگۆڕدرێت بۆ ڕیتمێکی خێرا و پاڵنەرانە.

ئەم توخمی دووپاتبوونەوە لە ئاستی بەکۆمەڵێشدا مانا پەیدا دەکات. بە چەمکی "دارشتی هەست و سۆز" بەلای ویلیامز، ئەم دەنگە دەبێت بە بەشێک لە ئەزموونی هاوبەش. لە ڕادیۆ، دەنگ دەگۆڕدرێت بۆ جۆرێ یادەوەریی بیستنی (شنیداری) کە توخمی نەبوون و لەدەستدان لەنێوخۆیدا ڕادەگرێت و هاوکات دەیکاتە هێزێکی بەردەوام و جێگیر. هەر بەم پێیە دووپاتە ئیتر نیشانەی بنبەست یان گرێکوێرە نییە و بگرە نیشانەی درێژەدانە.

ئەم شێوازە دەکرێ بە چەمکی پێش وشیاریشەوە لێی تێبگەین. لە پێکهاتە و دارشتی سەمفۆنیکی "تراوێر- مارش" دەستپێکێکی چڕوپڕە کە هەر لە ڕێوە ڕێبازی عاتیفی و سۆزیاریی مۆسیقاکە دیاری دەکات. بەڵام لە ڕادیۆدا، ئەم دەستپێکە دەگۆڕدرێت بۆ یەک "پنتی گەڕانەوە"؛ شتێک کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و وەک دۆخێکی جێگیری لێ دێت. هاوکات دەکرێ ئەم دۆخە وەک "داهاتوویەکی هەڵواسراو"یش ناوی لێ بنێین؛ دۆخێک لەودا داهاتوو بوون و حزووری هەیە، بەڵام

۳۷ ساڵە

بەتەواوی وەدی نایەت. بەم حاڵەش ئەم هەڵپەسێردراوییە بە مانای وەستاوەیی و ماتبوون نییە، جۆرێ لەبەریەککشانەوەی زەمەنییە کە ئەگەری جووڵەکردن دەپارێزێت. ئەم دۆخە لە خودی مۆسیقاکەوە نایەت و بەرهەمی هەڵبژاردن و مۆنتاژیشە. لەو ڕەوتەدا، ئەو بەشانە زەق دەکرێنەوە کە تێیاندا خەم و ماتەمین لە توانا و وزە نزیک دەبنەوە. هەر بەم هۆیەوە، "داهاتووی هەڵواسراو" دەگۆڕدرێت بۆ ئەگەرێکی نزیک لە کردە و کردەوە نیشاندان. ڕێک لەم پنتەدایە کە سیاسەت و ئەندازیاریی دەنگ لە جۆری بڕین و دووپاتبوونەوەدا شەقڵ دەگرێت، نەک بەتەنیا لەنێوخۆی بەرهەمەکەدا - هەروەک چۆن بێنیامین ئاماژەی پێ دەکات.

دواجار، لە کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەتدا، ئەم دووپاتبوونەوە مانی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێت. ئۆستیناتۆ دەبێتە "ڕیتمێکی بەرگری" - ڕیتمێک کە بە دووپاتکردنەوەی بەردەوام، توخمی هەبوون و حزوور لەهەمبەر سڕینەوەدا دەپارێزێت. ئەم بابەتە لەتەک ڕوانگەکانی سەعید لەمەڕ بەرهەمهێنانەوەی شوناس لە هەلومەرجی پەراوێزخراوەییدا هاوڕێکە. لێرەدا، توخمی دووپاتبوونەوە دیسان هێمای بنبەست و گرێکوێرە نییە و هێمای درێژەپێدان و خۆڕاگرییە.

## پوختەی مەبەست

ئەم وتارە هەوڵی دا شەن و کەوی ئەمە بکات چۆن بڕگەیەکی دەنگی لە سەمفۆنیای ژمارە پێنجەمی مالێر لە بەستێنی ڕادیۆی کوردیدا، لە جێگە و پێگەی سەرەتایی خۆی بە واتای دارشتێکی مۆسیقایی بانتر و بەرەوژوورتر چووە و گۆڕدراوە بۆ ڕێکار و میکانیزمێک بۆ بەرهەمهێنانی یادەوەری، کاتبەندی و خۆڕاگری. بە تێهەڵکێشکردنی شیکاریی مۆسیقاناسی و تیۆریی ئەدەبی، دەرکەوت کە ئۆستیناتۆ - لە پێوەندی دەگەڵ کوالیتی و چلۆنایەتیی سەرەتایی بەرهەمەکە بە واتای دەستپێکی مانادار - دەتوانێت لە تەکنیکێکی دەنگییەوە ببێت بە دارشتێکی فەرهەنگی - سیاسی.

لەم خوێندنەوەدا، ئەوەی لە سەرەتادا وەک مارشی خەم و ماتەمین و ڕیتمێکی هێواش و خاو دێتە بەرچاو، بەرەبەرە دەور و نەخشێکی تر بەخۆیەوە دەگرێت: خەم و ماتەمین، لە دۆخێکی مەند و ڕاوەستاوەوە بەرەو پرۆسەیەکی چالاک دەگۆڕدرێت کە لە نێوان دووپاتبوونەوە بەرەو وشیاریی مێژوویی و لەپاشان ئەگەری کردە هەنگاو دەنێت. بەم جۆرە، دووپاتبوونەوە نە نیشانەی بنبەست و گرێکوێرەیە، بەڵکوو نیشانەی بەردەوامبوونە - بەردەوامبوونێک کە لەودا، بابەتی نەبوون و لەدەستدان، تۆزی فەرامۆشی لەسەر نانیشێت و بگرە دەبێتە هێز و وزەیەک بۆ ناساندنەوەی توخمی هەبوون و حزوور.

لەم نێوەدا، ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە دەلوێنێت نەک بەتەنیا خودی بەرهەمەکە، بەڵکوو جۆری هەڵبژاردن و دەکارکردنەوەیەتی.

۳۷ ساڵە

کەڵکوەرگرتن لە هەندێ بڕگەی تایبەت لە مارشی شین و ماتەمین - ئەو بڕگانەی کە زۆرترین توانستیان هەیە بۆ پێکهێنانی گرژی و پاڵنەری - ئەوە دەردەخات کە چۆن دارشتنێکی ماتەمین دەتوانێ لە ڕێی مۆنتاژی هەڵبژاردەیی ببێتە ئامێر و کەرستەیەک بۆ بەرهەمهێنانی پاڵنەرانەی بەکۆمەڵ و هەستی خەبات و شۆڕش. لەو مانایەدا، دەنگ نەتەنیا دەبیسترێت، بەڵکوو ڕێکیش دەخرێت تاوەکوو لە هەناوی خەم و پەژارەوە، ئیمکانی هەڵێنجانی جووڵە و وزە دەست بدات. دواجار، ئەمە کە توخمی دەنگ بەتەنیا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مێژوویی نییە، و هاوکات یەکێک لە ئامێرە چالاکەکانە لە بەرهەمهێنانیشیدا. لەم بارە تایبەتەوە، ئۆستیناتۆ دەبێتە توخمێک کە لە ڕێی گەڕانەوەی بەردەوام، خەم و ماتەمین جێگیر دەکات و زەمەن ڕێک دەخات و خۆڕاگری و بەرگریش بەرهەم دەهێنێتەوە - و لەو پێناوەدا ئاسۆیەکی بەرەوڕوومان دەکاتەوە کە لەودا هیوا و ئومێد نە وەک کۆتاییەکی ڕەها و موتڵەق، بگرە وەکوو هێز و وزەیەک بەرەو شەقڵ و بیچم گرتن لە ناخ و هەناوی ئەزموونێکی مێژوویی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت حزوور و هەبوون پەیدا دەکاتەوە.

ماوەتەوە بڵێین ئەم بڕگە مۆسیقاییە تایبەتە لەو بەستێنە سیاسی و ڕاگەیاندنەدا ناکرێ وەک دەرخەر و دەربڕی خەم و ماتەمینی لێی بڕوانین. بەپێچەوانەوە دەبێت بە هۆکارێک بۆ وشیاری و ئاگایی، و تەنانەت هیوا و ئومێد لە ئەزموونی مێژوویی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا. دانانی ئەو بڕگە مۆسیقاییە لە سەمفۆنیای ژمارە پێنجی گوستاو مالێر، ئەوپەڕی لێوەشاوەیی و لێزانینی د. قاسملوو دەگەیەنێت لە ناسینی مۆسیقا و سەمفۆنییە جیهانییەکان بەتایبەت ئورووپاییەکان، ئەویش لە ساڵانی حەفتاکان واتە دەیەی ۱۹۷۰ی زایینی.

٦ی جۆزەردانی ۲۷۲٦

٣٧ ساڵە

## قاسملوو؛ لە کەسایەتییەوە بۆ قوتابخانە





**شەماڵ تەرغیبی**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، سی و حەوت ساڵ بەسەر تیرۆری ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور عەبدولڕحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری ڤیەندا تێدەپەڕێ. د. قاسملوو لە پاش خۆی کۆمەڵێک میراتی بەنرخی سیاسیی بۆ حیزب و نەتەوەکەی بەجێ هیشت، کە ساڵیادی شەهیدبوونیدا ئاوڕێک لە بەشێکیان

دەدەینەوە.

گرێدانی دێموکراسی و پرسی نەتەوەیی یەکێک لە داهێنانە مەزنەکانی دوکتور قاسملووە. ئەو پێی وابوو نە دێموکراسی بەتەنیا و بەبێ چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی پرسی نەتەوەیی واتایەکی ڕاستەقینەی هەیە، و نە پرسی نەتەوەیی بەبێ دێموکراسی چارەسەر دەکرێت. "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران"، دوکتورین و بیروباوەڕی قاسملووی ڕێبەر بوو.

دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا، ڕوو لە هێز و ڕێکخراوە چەپە ڕادیکاڵەکان کە بانگەشەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایان دەکرد، ڕایگەیاند: "خراپترین دێموکراسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە". دوکتور قاسملوو دێموکراسیی بۆ خۆی کردبووە ڕێڕەوی خەبات و بەرخودان لە پێناو ئازادیدا.

مادام میتران، هاوسەری دانیال میتران، سەرکۆماری پێشووی وڵاتی فەڕانسە گوتبووی: "دوکتور قاسملوو بە بەڵگەوە پێی سەلماندم کە دێموکراسی دەتوانێ خاڵی هاوبەشی ئێمەی فەڕەنسی و کوردەکان بێت". هەر وەک ماندێلا و خەبات دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور تەواوکەری یەکترن، لە کوردستانیش دێموکراسی و دوکتور قاسملوو دووانەیەکی لێکدانەبڕاون کە جیاکردنەوەیان لە یەکتر ئیمکانی نییە.

دێموکراتیزەکردنی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات بە لێزانی و لێوەشاوەیی دوکتور قاسملوو گەیشتنە ئەنجام؛ ئەو تاکە ڕێبەری نەتەوەی کورد بوو کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لە کۆنگرە و پلینۆمە حیزبییەکاندا دەبووە کەسی یەکەمی حیزب. ئەمە لە هیچ ڕێکخراو و حیزبێکی دیکەی کوردستانی لە چوار پارچەدا نەبینراوە و هەر ئەم پرەنسیپەش بووەتە ئەسڵێکی نەگۆڕ لە نێو حیزبەکەی قاسملوودا.

دوکتور قاسملوو باوەڕی بە ڕێبەریی تاکەکەسی نەبوو؛ ئەو بەرزەمرۆڤە بانگەشەی بۆ ڕێبەریی بەکۆمەڵ دەکرد و لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا لە میتینگێکدا لە شاری مەهاباد، ڕەخنەی لە دروشمی "بژی قاسملوو" گرت کە لەلایەن خەڵکی بەشداری میتینگەکەوە دەگوترایەوە. ئەو بەئاشکرا ڕایگەیاند: "دروشمی بژی قاسملوو دروشمی ئێمە نییە، بەڵکوو بژی ئازادی، بژی کوردستان و بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروشمی ئێمەیە."

هەر کاتێک کە حیزبی دێموکرات لە ئەنجامی ناتێگەیشتوویی یان لێکدانەوەی نادروستی ئەندامێکی خۆی لە چەمکی

دێموکراسی تووشی زیان دەبوو، دوکتور قاسملوو دەیگوت: "هەتا ئەو کاتەی فێری دێموکراسی دەبین، دەبێ نرخەکەشی بدەین، چونکە ئێمە لە ئێستادا تەمرینی دێموکراسی دەکەین."

وەزیری کاری دەوڵەتی فەڕانسە لە پەڕاوی بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی: "تیرۆری دوکتور قاسملوو خەنجەرێک بوو کە لەسەر دڵی دێموکراسیی تازەپێگرتووی لە حاڵی گەشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا درا."

پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە؛ یەکەم ئەوەی کە: دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو کە بواری مێژوویی و سیاسیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ هەڵکەوتە و پێگەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان (عێراق، تورکیە و سووریە) جیاوازیی هەیە و لە پێگەی کەسایەتییەکی لێزانی سیاسیدا، واقیعبینیی سنوورە سیاسییەکانی کوردستانی قبووڵ کردبوو. دووەمیش ئەوە بوو کە، جۆری ستەمی نەتەوەیی کە لە وڵاتی ئێران بەرۆکی کوردی گرتبوو، لەگەڵ ئەو ستەمە نەتەوەییەی کە بەرەوڕووی گەلانی دیکەی ئێران دەبووەوە جیاوازیی هەیە، کەواتە بەپێی لۆژیک ناکرێ بە یەک شێوە چارەسەر بکرێن.

دوکتور قاسملوو نەیدەشاردەوە کە باوەڕی بە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین هەیە و لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا لە دیدارێکدا لەگەڵ هانی ئەلحەسەن، نوێنەری فەلەستینییەکان، ڕایگەیاندبوو: "ئێمە لە ئێستادا داوای خودموختاری دەکەین، بەڵام ئەگەر خەباتەکە قووڵتر و درێژتر بێتەوە، کوردەکان بیر لە ئاڵتێرناتیڤێکی دیکە دەکەنەوە."

لەگەڵ ئەوەی کە دوکتور قاسملوو بەردەوام ڕەخنەی لە سۆسیالیزمی مەوجود دەگرت، بەڵام هەمیشە سیستمێکی سۆسیالیستی، لە سیستمێکی کاپیتالیستی پێ باشتر بوو. دروشمی سۆسیالیزم ئەو دروشمە نەبوو کە دوکتور قاسملوو ڕازی بکات، ئەوەش لە ڕوانگە و بیری عەداڵەتخوازانەی دوکتور قاسملووەوە بە نیسبەت سۆسیالیزمەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو لە پێگەی کەسایەتییەکی بیردۆزی سۆسیالیستییەوە، هەم لەگەڵ سۆسیالیستە نەریتی و کلاسیکەکان کە بە بیانووی خەبات دژی ئیمپریالیزمەوە نکۆڵییان لە ستەمی نەتەوەیی لە ئێران دەکرد، و هەم کۆمۆنیستە توندڕەوەکان کە بەهۆی خەباتی چینایەتییەوە دژایەتییان لەگەڵ مافی نەتەوەکانی ئێران دەکرد، جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەبوو؛ دوکتور قاسملوو ڕەخنەی لەو جۆرە ئایدیا و بۆچوونانە گرت.

بەم شێوەیە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران، خۆی لە دەست دوو تێڕوانینی هەڵە و نادروست

ڕزگار کرد و ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، واتە سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە تێزی بەناوبانگی ئەو ڕێبەرە مەزنەی مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کوردە، دیاری کرد. دوکتور قاسملوو هەتا کاتی تیرۆرکرانی، وەکوو یەکێک لە ڕێبەرانی سۆسیالیستیی جیهان لە لیستی ڕەشی ڕێکخراوی (سیا)ی ئەمریکادا بوو، هەر بەم هۆیەوە ئیزنی چوون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نەبوو.

دوکتور قاسملوو وەکوو دیپلۆماتێکی لێزان و بەئەزموون و شارەزا لە هەوراز و نشێوە دیپلۆماتیکەکان، بایەخێکی یەکجار گەورەی بۆ ناساندنی پرسی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەدا؛ ئەو پێی وابوو کە یەکێتیی سیاسیی کوردەکان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی مەرجی سەرەکییە، بەڵام پشتیوانیی وڵاتانی زلهێز مەرجێکی پێویستە و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی وڵاتانیش تەنیا لە ڕێگەی چالاکیی دیپلۆماسییەوە بە ئەنجام دەگات و دەستەبەر دەبێت. ئەو بە هەوڵی ماندوونەناسانەی خۆی توانی هەتا ڕادەیەکی یەکجار زۆر پشتیوانیی دەوڵەتی فەڕانسە بەدەست بهێنێت؛ حیزبەکەی دوکتور قاسملوو یەکەمین حیزبی سیاسیی کورد بوو کە لەلایەن دەوڵەتێکی زلهێزەوە (فەڕانسە) بە فەرمی بناسرێت. دوکتور قاسملوو توانیبووی لە ئاستێکی بەرزدا جێگە و پێگەی تایبەتی لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی وڵاتی فەڕانسەدا بۆ نەتەوەی کورد بەدەست بێنێت. بە بەردەوامی لەلایەن حیزبە خاوەن پێگە و جەماوەرییەکانەوە (حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیالیست) بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسم و کۆنگرەکاندا بانگهێشت دەکرایەوە.

هزری دوکتور قاسملوو وای کرد کە ئەو حیزبەی خۆی ڕێبەرایەتیی دەکرد، هاوتای حیزبی کاری ئیسرائیل، دووەمین حیزبی سیاسی بێت کە لە ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا بە ئەندام وەربگیرێت. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە دوکتور قاسملوو بناغەداڕێژەری دیپلۆماسیی کوردە. لەخۆڕا نییە د. کۆشنێر (کە دواتر بووە وەزیری دەرەوەی فەڕانسە) گوتبووی: "دوکتور قاسملوو فێری کردم کە بۆ چارەسەریی پرسی کورد، نابێ تەنیا پشت بە مافەکانی مرۆڤ ببەستین، بەڵکوو دەبێ کەڵک لە دەفرایەتیی سیاسی و دیپلۆماسیش وەرگرین."

خەباتی چەکدارانە یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە کە گرێدراوی ناوی دوکتور قاسملووە؛ دوکتور قاسملوو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (١٣٥٨ هەتا ١٣٦٨) فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە ژمارەی ئەو هێزە زیاتر لە ١٢ هەزار پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ بوو. خەباتی چەکداری لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە باشترین وڵامدانەوە بوو بە هێرشی سەربازیی ڕێژیمی مەزهەبیی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستان و بەرگری لە ئازادیی نەتەوەی کورد. بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕێکخراوە چریکەکان کە خەباتی چەکدارییان هەم بە ستراتیژی دەزانی و هەم ئازادیشیان لە لوولەی چەکەکانیانەوە دەبینی، دوکتور قاسملوو وەکوو تاکتیکێکی کاتی کەڵکی لە خەباتی چەکدارانە بۆ هەموارکردنی ڕێگەی

سیاسی و ئاشتیخوازانە وەرگرت.

سەرەڕای هەموو ئەو دڕندەییيانەی پاسدارەکان و گوشارە سەربازییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتیی دوکتور قاسملوو، لە چوارچێوەی خەباتێکی ئازادیخوازانە نەترازا و هەموو کات خۆی لە کردەوەی تیرۆریستی بە دوور گرت. لە کاتێکدا کەسانێکی تریش هەبوو کە بانگەشەی ڕێبەریی هەر چوار بەشی کوردستانیان دەکرد و لە ئەنجامدا بە هەڵسوکەوتی ناتێگەیشتووانەیان، بەشێک لە نەتەوەی کوردیان خستە نێو لیستی ڕەشی تیرۆریستییەوە کە پاشهاتی زیانباری بۆ نەتەوەی کورد بە دوای خۆیدا هێنا.

یاسر عەرەفات، ڕێبەری فەلەستینییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کریس کۆچێرا، هەواڵنێری فەرەنسی، گوتبووی: "قاسملوو، ڕێبەری کوردەکان، هەم خەباتی چەکدارانەی کرد و لەگەڵ ئەوەشدا دێموکراتبوونی خۆی پاراست."

یەکێکی دیکە لەو چەمکە بەنرخانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ ڕێبوارانی دێموکراسی بەجێ هێشت، هەمان سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات لە بڕیاردانی سیاسیدا بوو. دوکتور قاسملوو ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ (١٣٤٩ هەتا ١٣٦٨) سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو؛ بەر لەوەی کە بەرپرسیاریەتی لە حیزبدا وەئەستۆ بگرێت، حیزبی دێموکرات پێکهاتەیەکی تێکڕووخاوی هەبوو و ڕێکخستنەکەی بەسەر حیزب و ڕەوتە سیاسییەکانی دیکەدا دابەش ببوو و کەوتبووە ژێر کاریگەریی لایەنە سیاسییەکانی تر؛ بەڵام دوکتور قاسملوو بە لێزانیی خۆی، سەربەخۆیی بۆ حیزب گەڕاندەوە و بووە گەورەترین و بەهێزترین حیزبی کورد و یەکێک لە کاریگەرترین و دیارترین حیزبەکان لە ئاستی ئێراندا. کەواتە هەستانەوە و گەشەکردنی حیزبی دێموکرات، ئەنجامی لێزانی و بناغەداڕێژیی نەمر دوکتور قاسملووە.

واقیعبینیی سیاسی، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو بوو؛ "لە سیاسەتکردندا نابێ بە تەواوەتی خۆشبین و ناشبێ بە تەواوەتی ڕەشبین بین، بەڵکوو دەبێ واقیعبین بین". ئەمە لە وتە بەنرخەکانی ئەو بەرزەمرۆڤەیە. ئەو سیاسەتمەدارێکی پراگماتیست بوو کە دیاردە و ڕووداوەکانی بە ڕەش یان سپی نەدەبینی. متمانەبەخۆبوونی دوکتور قاسملوو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بێهاوتا بوو؛ ماڵپەڕی ویکیلیکس (ماڵپەڕی تایبەت بە لەقاوودان) نووسیویەتی: "قاسملوو تاقانە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆن بوو کە هەر کاتێک پێی خۆش بووایە دەیتوانی چاوی بە سەدام حوسێن بکەوێت، بەڵام لە وێنەگرتن لەگەڵ سەدام حوسێن خۆی دەبوارد."

دوکتور قاسملوو سیاسەتباز نەبوو، بەڵکوو سیاسەتمەدارێک بوو کە لە چوارچێوەی پرەنسیپدا سیاسەتی دەکرد و بۆ خۆیشی

دەڵێ: "ئێمە یەکەم حیزب بووین کە ئەخلاقمان هێنایە ناو سیاسەتەوە"، کە ڕەنگە نهێنیی زیندوومانەوەی ڕوانگەکانی هەر لەم خاڵەدا خۆی شاردبێتەوە؛ بە کورتی ئەو سیاسەتی بە هونەری مومکین دەزانی.

## قوتابخانەی قاسملوو؛ وەرچەرخانی مێژوویی لە سێبەری ناسیۆنالیزمی مۆدێرندا

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لە مێژووی هاوچەرخی کورددا هەیە کە دەڵێت: دوکتور قاسملوو تەنیا نوێنەری هزریی هاونەسڵ و هاوسەردەمەکانی خۆی نەبوو، بەڵکوو ئەو دەیان ساڵ لە زەمەنی فیزیکیی خۆی لە پێشتر بوو. ئەم پێشەنگایەتییە فیکرییە بە جۆرێک بوو کە تەنانەت زۆربەی هاونەسڵەکانی خۆیشی لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، نەیانتوانی لە قووڵایی ئەندێشە پێشکەوتنخواز و فرەڕەهەندەکانی تێبگەن. بیری مۆدێرن و فرەچەشنی قاسملوو، لێهاتوویی ئەو لە تێکەڵکردنی خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ بنەما گەردوونییەکانی مافی مرۆڤ، ئەوی لە تەواوی ڕێبەرە کوردەکانی دیکەی سەردەمی خۆی جیا کردبووەوە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چ لە ڕابردووی مێژووییدا و چ لە هاوکێشەکانی ئێستادا، ناکرێ و ناتوانرێ مۆدێلی ڕێبەرایەتیی ئەو لەگەڵ هیچ سەرکردەیەکی دیکە بەراورد بکرێت.

ئەم جیاوازییە تەنیا لە چوارچێوەی نێوخۆیی و ناوچەییدا قەتیس نەبوو، بەڵکوو دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، لە ڕوانگەی دیپلۆماسی، فەلسەفەی سیاسی و تێڕوانینی مرۆییەوە، لە ڕیزی ڕێبەرە گەورەکانی جیهاندا پۆلێن دەکرا؛ هاوشانی سەرکردە مێژووییەکانی وەک ویلی برانت لە ئەڵمانیا و نێڵسۆن ماندێلا لە ئەفریقای باشوور. ئەو پرسی کوردی لە قاڵبی کێشەیەکی لۆکاڵی و ناوچەیی هێنایە دەرەوە و کردیە بابەتێکی زیندوو لەسەر مێزی ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئەورووپادا.

ئێستا کە زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تیرۆری جەستەیی دوکتور قاسملوودا تێدەپەڕێت، واقیعێکی نوێ لە گۆڕەپانی فیکریی کوردستاندا سەری هەڵداوە. نەسڵێکی نوێ و پێگەیشتوو هاتووەتە مەیدان کە بەهۆی کرانەوەی فیکری و گەشەی سیاسییەوە، زۆر باشتر، قووڵتر و ئاسانتر لە هزر و ئەندێشەی مۆدێرنی قاسملوو تێدەگات و دەتوانێ دیدگای خۆی لەگەڵ بنەماکانی ئەو ئەندێشەیە هاوتەریب بکات. ئەم نەسڵە نوێیە، دوکتور قاسملوو وەک پرۆژەیەکی مێژوویی تەواونەکراو دەبینن؛ ئەوان ئەو وەک هێمایەکی هەرە درەوشاوە بۆ گوتاری نوێی پرسی نەتەوەیی دێننە بەر باس و بە شانازییەوە بە "باوکی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد" لە قەڵەمی دەدەن. لە ڕوانگەی ئەم نەوەیەوە، قاسملوو تەنیا سەرکردەیەکی سەربازی یان ڕێبەری حیزبێکی سیاسیی کوردستانی نەبوو، بەڵکوو سیمای دێموکراتێکی ڕاستەقینە، ڕۆشنبیرێکی دەوڵەتمەدار و خەباتکارێکی نەتەوەخوازی سەردەمیانە بوو.

## ٣٧ ساڵە

لەسەر ئەم بنەمایە، نەسڵی نوێ تێڕوانین و داڕشتنی خۆی بۆ داهاتووی ناسیۆنالیزمی کوردی، لەسەر پێکهاتەی هزری و جیهانبینیی دوکتور قاسملوو فۆرمولیزە و مۆدێرنیزە دەکات. بە بۆچوونی کچ و کوڕانی ئەم نەوەیە، کوردایەتی بەبێ پایەکانی دێموکراسی، ئازادیی تاک و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، چەمکێکی پۆپۆلیستییە و هیچ ئیعتبار و بەهایەکی نییە. ئەوان گەڕانەوە بۆ دواوە و زیندووکردنەوەی مۆدێلە نەریتی و عەشیرەیییەکانی سیاسەت قبووڵ ناکەن. هاوشێوەی دوکتور قاسملوو، بانگەشەی شێلگیری، پشوودرێژی، فێربوونی بەردەوام و خۆڕاگریی عەقڵانی لە کایەی سیاسەت و خەباتدا دەکەن. ئەم گرانەوە و هاوتەریبییەی نەسڵی نوێ لەگەڵ دوکتور قاسملوودا، تەنیا لە چوارچێوەی باسێکی تیۆری و ئەکادیمیدا نەماوەتەوە، بەڵکوو بە شێوازێکی کرداری ڕژاوەتە ناو کایەی گشتی و سەر شەقامەکانی کوردستان. لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە مەدەنییەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، یەکێک لە هەرە دیارترین هێما و فاکتە سەرنجڕاکێشەکان، زیندووبوونەوەی خێرا و بەربڵاوی دروشمی هاوبەشی لاوان بوو کە بە یەکدەنگ دەیانوتەوە: "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"...

ئەم هاوارە چەندپاتەیەی گەنجان لە سێبەری توندترین کەشی ئەمنیدا، پەیامێکی سیاسیی قووڵی تێدایە؛ ئەوە دەسەلمێنێت کە نەک هەر کۆتایی بەو گوتارە نەهاتووە، بەڵکوو کچ و کوڕانی نەوەی نوێ بەم دروشمە ناسنامەی سیاسیی خۆیان پێناسە دەکەنەوە. ئەوان بە بۆڵدکردنی ئەم ڕستەیە لەسەر شەقام، بە دەسەڵات و بە جیهانیش دەڵێن کە مانیفێستی دێموکراسی و ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی قاسملوو، لای ئەوان پرۆژەیەکی زیندووی ئایندەیە، نەک یادەوەرییەکی خەمناکی ڕابردوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین قوتابخانەی قاسملوو نوێنەرایەتیی جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی مۆدێرن دەکات کە دەکرێ ناوی بنێین "ناسیۆنالیزمی دووربین و ستراتیژی". تایبەتمەندییە سێ قۆڵییە کێشەساز و بەرجەستەکانی ئەم قوتابخانەیەش بریتین لە: سێکۆلاریزم (جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات)، مۆدێرنیزم (هاوسەنگبوون لەگەڵ جیهانی نوێ) و دێموکراسی (باوەڕمەندبوون بە سندووقی دەنگدان و مافی هاووڵاتیبوون).

ئەمڕۆکە ئەم سێ پایەیە، بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی کلاسیکی خێڵەکی و دروشمبازی، بڕبڕەی پشتی گفتوگۆکانی لە سیمینارەکان، کۆبوونەوە سیاسییە قووڵەکان، کۆڕە ڕۆشنبیرییەکان و بە تایبەت لە ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆکاندا. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ وەرچەرخان، هۆشیاریی فیکری و گۆڕانکارییەکی مەزن و بەنرخ لە هۆشیاریی نەتەوەیی گەلی کورددا کە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر ئەو تۆوەی قاسملوو ساڵانێک لەمەوبەر چاندبووی.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا





**عەلی بداغی**

٣٧ ساڵ لە تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەپەڕێ و ئەگەرچی هێشتا خەباتی سیاسی و نەتەوەیی قوتابییان و هاوسەنگەرانی د. قاسملوو بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام بە دڵقایمییەوە دەتوانین بڵێین کەم ڕێبەری نەتەوەیی هێندەی قاسملوو لە یاد و بیرەوەریی گەلەکەیاندا بە زیندوویی ماوە. ناوی د. قاسملوو نەک هەر ئەوەی لای نەتەوەکەی بە نەمری ماوەتەوە، بەڵکوو ئەو ناوە و کارنامەی کار و

### ٣٧ ساڵە

تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە ناسێنەری سەرەکیی مێژووی خەبات و خوێنی کورد لەلای بیانییەکانیشە.

د. قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و میللی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو، لەهەمان کاتدا تیۆریسیەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە تا ئێستا وەک "مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد" و وەک "پێغەمبەری ئاشتی" پێناسە کراوە.

خولیای سیاسی و خەباتی د. قاسملوو تەنیا ڕزگاریی نیشتمان نەبوو، بەڵکوو لە مەودایەکی هەراوتردا خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانی کوردستان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکانە داڕشت. هەروەک باسیش کرا بەشێکی زۆری نزیکایەتی و دۆستایەتیی ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگری لە مافی کوردان دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د. قاسملوو و ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە سیاسییەی کە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بەگشتی بەجێی هێشت.

گرینگیی ڕێباز و ئەندێشەکانی د. قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا بەرتەسک نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ.

کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر بردنە پێشێی دۆزی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش _بەتایبەت باشوور_ ڕوخسارێکی تایبەتیی بە ناوی قاسملوو و مانایەکی تایبەتتری بە کاراکتەری سیاسیی ئەو داوە. قاسملوو کوردستانی لەتوپەتکراو و سنوورە کێشراوەکانی نێو نیشتمانەکەی خۆی دەدی، دوژمنانی نەتەوەکەشی باش ناسیبوو؛ دەیدی کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی چاری کوردەکانی خۆیان ناوێ و چاویان لە کوردی بەشەکانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان؛ بۆیەش فێری کردین کە دەکرێ ناکۆکیی دوژمنانی نەتەوەکەت لە بەرژەوەندیی دۆز و سەرەوەریی پرسی سیاسیتدا بقۆزیتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ لەسەر حسێبی پرس و بەرژەوەندیی کورد لە بەشێکی کوردستان چاوت لە دەسکەوتێک بێ بۆ خۆت!

**٣٧ ساڵە**

هەروەک لە بەیاننامەی حیزب بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆری د. قاسملوودا هاتووە؛ یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی د. قاسملوو، بایەخدانی بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بوو. ئەو لەگەڵ ئەوەی ئاشتیخواز بوو و لە هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەری پرسی کوردستان بە ڕێگای هێمنانە خۆی نەبوارد، بەڵام بەرگریی چەکدارانە لە نەتەوەکەی لە بەرامبەر شەڕفرۆشی و هێرشی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بۆ هێزی پێشمەرگەی بە ڕەوا دەزانی. لەکاتێکدا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی خاوەن هەزاران پێشمەرگەی ڕێبەرایەتیی دەکرد، لە گرنگیی شێوەکانی دیکەی خەبات لەنێوخۆی ئێران غافڵ نەبوو. هەر بەو ڕادەیەی بایەخی بە خەباتی شێلگیرانەی دژ بە ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی کوردستان دەدا، تێکۆشانی دیپلۆماسی بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ ئەو خەباتەی لە دەرەوەی وڵات بەرەوپێش دەبرد. قاسملوو خەباتی تەنیا لە پێشمەرگایەتی و چەکهەڵگرتن بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نەدەدیت. گرنگیی مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینی کرێکاران لە ڕێوشوێنی چەوسێنەرانەی دامودەزگا حکوومەتییەکان و خاوەنکارەکان، دژایەتیی لاوان لەگەڵ ئەو فۆڕمە لە ژیان کە ڕێژیم دەیهەوێ بەسەریاندا بسەپێنێ؛ خۆڕاگریی هونەرمەندان و نووسەران لە بەرامبەر کولتووری کۆنەپەرستانە و ڕێوشوێنە داسەپاوەکانی حکوومەتی و هەوڵدانیان بۆ پەرەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتی پێشکەوتنخوازانە، هیچیان لە بەرچاوی وردبینی ئەو ڕێبەرە ون نەبوون.

قاسملووی مەزن دەیزانی کورد خۆی پەرەمپەرەم و پەرتەوازەن، ڕێگای خەبات و چارەسەری پرسەکەشی پڕ «کەند و لەند و گەوە»، بۆیە لەم ڕێگە ئەستەم و دژوارەدا بەدووی دۆست و پارتنەرەوە بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆ ئەووەش هەگبەکەی پڕ بوو لە مەعنەوییاتی مرۆیی.

کارۆل پورنهوبەر، ڕۆژنامەنووس و توێژەر کە هەر ئەمدواییانە نوسخەی نوێی کتێبەکەی لەسەر د. قاسملوو چاپ بۆوە، لە کتێبەکەیدا تیشک دەخاتەسەر ڕێبازی پراگماتیکی د. قاسملوو لە دیپلۆماسیەتی خۆیدا و ئاماژە بە تواناکەی دەکات بۆ کارلێکی کاریگەر لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ناوچەییدا. ئەو جەخت لەسەر پابەندبوونی د.قاسملوو بە دانوستانی ئاشتیانە دەکات کە سەرەڕای ئەو کەشوهەوای دوژمنکارانەی ڕژێمی ئێران دروستی کردبوو، ڕەچاوی کرد. کارۆل ئاماژە بەوە دەکات کە پەروەردەی ڕۆژئاوایی و ئایدیاڵە دیموکراسییەکانی د.قاسملوو وایلێکرد کە سەرکردەیەکی ناوازە و کاریگەر بێت کە بتوانێت خواستەکانی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەرببڕێت.

شەهید د. قاسملوو هێز و توانای دیپلۆماسی بۆ داکۆکیکردن لە مافی گەلانی چەوساوە بەکار دەهێنا. ژێرارد شالیان، نووسەر و شارەزا لە بواری ژیۆپۆلیتیک بەتایبەتی لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: "قاسملوو ڕۆشنبیرێکی درەوشاوە سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو بوو، توانای ئەو لە دارشتنی دیپلۆماسی و چالاکبوون وایلێکرد لە خەباتی

کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کەسایەتییەکی ناوازە بێت". پێشینەی ئەکادیمی و پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوونی بێوچان بە دانوستانی ئاشتیانە، ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی دیپلۆماسییەتی کاک دوکتور دەکەن.

قاسملووی گەورە هەر دوور نەیدەڕوانی، بەڵکوو ڕوون دەیڕوانی و سیلەی دەگرت. خەباتە ڕەواکەی ئەو کاتە بە سەرکەوتوو دەزانی کە گەیشتبێتە کەنارەکانی ئاشتی و ئارامی. ئەو باوەڕی قووڵی هەم بە مافەکانی نەتەوەکەی و هەم بە پێکەوەژیانی خەڵک و ژیارەکان دی لە تەنیشت یەکتر هەبوو؛ باجی ئەم باوەڕەش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ حیزب و نەتەوەکەی گەلێ قورس بوو، و گیانی لەسەر دانا.

دوگماتیزم و چەقبەستن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی قاسملوودا جێیان نەبوو، ئەو سیاسەتی نەک لەسەر بنەمای تیوریی نەگۆڕ، بەڵکوو لەسەر بنەمای زانست و داتا و لێکدانەوە دەکرد کە هەموویان بگۆڕن. ئەو لە تویی تیۆرییەکاندا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوەکەی نەدەچوو، بەڵکوو قوڵی لێ هەڵدەکرد و لە مەیدانی کردەوەدا بنیاتی دەنا؛ بۆیەش حیزبەکەی لە سەردەمی بەڕێوەبەریی ئەودا ببووە گەورەترین هێزی کوردی و، هەروەها خاوەن و داهێنەری بنچینەییترین پرەنسیپ و دەسکەوتە نەتەوەییەکان. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی ئەو لە ڕابردووی دۆزی نەتەوەکەشی هەر لە پێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بوو.

میراتی د. قاسملوو هەر ئەم بەها و بایەخانە نین کە هێنایە نێو حیزبەکەی و ئێستاش جێی شانازی و فەخرپێکردنن، میراتی قاسملوو وانەکانیەتی بۆ بەردەوامیی خەبات و لە سەنگەردا مانەوە هەتا دواتروپکی سەرکەوتن. ئەو بوو فێری کردین کە دێموکراسی چەند بۆ دابینبوونی مافەکانمان گرینگە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانمان بۆ مانەوەمان بە سەربەرزی چەندە زەرووره و، واقعبینیمان لە سیاسەتدا چەندە پێویست. دەرسی ئەوەی دادایین شێلگیر و بوێر بین و لە بڕینی هەڵەمووتەکانی بەرەو ئامانجدا دەستی هیوا بەرنەدەین و ئیمانمان بە سەرکەوتن پتەو بێ. دەرفەت بخوڵقێنین و هەلە ڕەخساوەکان لەکیس خۆمان نەدەین. دەستی خۆمان نەبەستین و چاولەدەستی خەڵکیش نەبین.

زامی لەدەستدانی قاسملووی ڕێبەرمان بەژانە و لەکیسچوونی، ئەویش بە دەستی غەدر و تاوان برینێکی ئاوەڵایە، قەتماغە نابەستێ و لە پووشپەڕی هەموو ساڵێکدا جاڕی ئەم ناعەداڵەتی و بێدادییە دەدا کە دەرحەق بە تێرۆرەکەی ڤییەن کراوە. بۆیە ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە دەسەڵاتی دادی ئوتریشیشیدا هەروا کراوە و ئاوەڵایە.

**٣٧ ساڵە**

بێگومان قاسملوو مێژوویەکە دەیخوێنینەوە، وانەیەکە فێری دەبینەوە، سەرمەشقێکە هەموو کاتێ لەبەر چاومانە و، ڕێباز و ئامانجێکە کە لە ئاسۆی ڕوانین و لە قووڵایی فەلسەفەی ڕامانەکانیدا پێی دەگەین. لە ئێستاشدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژانی شۆڕشێکی نوێ گرتوویەتی، ئەوا دیسان ناو و یاد و وانەکانی قاسملوون باڵیان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کێشاوە و ئەوە قاسملوویە وەک ڕێبەر و وەک ڕزگاریدەر -بەهۆی بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و میراتە فکری و مەعریفەییەکەوە- خویا بووە.

**١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

**٣٧ ساڵە**

# پرسی نەتەوەبوونی کورد






**د. عەبدولڕەحمان قاسملوو**

**ئایا دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە؟ ئایا دەکرێ کورد بە کەمایەتیی نەتەوایەتی دابندرێت؟ با لە نیزیکەوە لەم دوو پرسیار ورد ببینەوە.**

**زۆر جار لە (نەتەوە) مانایەکی ڕاست و دروست لێک نەدراوەتەوە، بەڵام زانستی نوێ سنوورێکی ڕاست بۆ نێوەڕۆکی ئەم**

مانایە دەداتە دەست. نەتەوە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناغێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە بناخەی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە بە گەشەکردنی سەرمایەوە بەندە و ئەو نەتەوانە لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریدا سەقامگیر دەبن. دیارە ڕیشەی پێگەیشتنی ئەو نەتەوانە بۆ سەر شێوەکانی پێشووی کۆمەڵ لە قۆناغی کویلەتی و قۆناخی دەرەبەگایەتیدا دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوەدا خۆی دەنوێنێ.

باسی ئەوەمان کرد کە کورد کۆمەڵەخەڵکێکی خاوەن مێژوویە و لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینەوە بەو ناوە ناسراوە، ئێستا بزانین ئەو سروشتە تایبەتییانە چین کە کورد دەکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ"؟

وەک لە پێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە و بوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوان شێوەکانیدا هێچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، چونکە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا ماوە. دیارە ئەوە کە تا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کورد پێک نەهاتوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەمە هۆی ئەوە نییە کە گۆیا زمانی کوردی هێشتا ئەوەندە پێش نەکەوتوە و لەبەر ئەوەش نییە کە گۆیا وەک هێندێک دەڵێن شێوەیەکی زمانی فارسییە. چونکە هیچ ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ لەوە دا گۆمانی نیە کە زمانی کوردی بەڕادەی پێویست پێش کەوتوە. یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی ساڵی ١٦٨٧دەرچووە. کەوابوو. نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە نووسینێکی یەکگرتوومان نەبووە. هەروەک لەوە پێش گوتمان کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی و ڕووسی دەنووسرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵاتدا دابەش کراوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە. کەوابوو، لە باری مێژووییەوە لانی کەمی وەخت و دەرەتان پێویستە بۆ ئەوەی نووسینێکی یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێک بێ. بەم جۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکێکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەک لێک جیا دەکەنەوە.

هیچ کەس گومانی لەوەدا نیە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لە ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بە خاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژ و کێو و پێدەشتەکانیدا دەژی. لەتلەتبوونی کوردستان بە هۆی سنووورە سیاسییەکانیش لە نێو چەند وڵاتاندا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ.

لەباری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەک ئەوەی لە وڵاتێکی وەک فەرانسە یا ئیتالیا هەیە، نابینرێ. لەو بارەوە تەنانەت

### ٣٧ ساڵە

لە نێوان کورد و تورکیشدا جیاوازی هەیە، چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کورد زیاتر پێشکەوتوون، هۆی ئەوەش کزیی گەشەکردنی سەرمایەدارییە لە کوردستاندا و هۆیەکی تریش ئەوەیە کە کوردستان لەتلەت کراوە و بەکردەوە هێندێک بەش لە بەشەکانی دیکە جیا بوونەوە، هەروەک لە نێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەشدا کوردستان دابەش کراوە، دیارە هەموو ئەوانە دەبنە کۆسپی پێکهاتنی ژیانێکی ئابووریی هاوبەش، بۆ نموونە کوردستانی ئێران کراوەتە سێ بەش: بەشی شیمال کە بەڕەسمی بە (ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ناو دەبرێ، بەشی نێوەڕاست کە بەڕەسمی پێی دەڵێن (ئوستانی کوردستان) و بەشی جنووبی کە بەڕەسمی بە (ئۆستانی کرماشان) دەناسرێ. ئەودەم تەنانەت تاقە ڕێگایەکی باشیش نیە کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدا و زستانان لە نێوان سەقز و سنەدا هاتوچۆ نامێنێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی جنووبیی کوردستانی ئێران بەتەواوی لە بەشی شیمالی دادەبڕێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، پێشکەوتنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری و ئەو جیاوازییەی لە نێوان گوندنێشنەکاندا پەیدا بووە و پێگەیشتنی شارەکان و بەربڵاوبوونی بازرگانی و هاتوچۆ هەموویان دەبنە هۆی سەقامگیربوونی نەتەوەی کورد.
ئەمە وا دەگەیەنی کە ئەگەر ناتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستان دا هەیە. ناشتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی هاوبەش نیە. ئێمە لەمەوبەر گوتمان کە بەپێچەوانەی ئەو سنوورە دەسکردانە، کوردەکان پێوەندییەکی ئابووریی بەربڵاویان پێکەوە هەیە، وەک کوردی ئێران و عێراق، بێجگە لەوانەش یەکیەتیی ژیانی ئابووری شتێکی نیسبیە و نەتەوکانی دەوروبەری کوردیش (وەک فارس، تورک و عەرەب و ئازەربایجانی) هەر وەک کوردن. ئەوانیش لە هێندێک جێگا یەکیەتیی ئابووریان بە هێزە و لە هێندێکی تر لاوازە. یەکیەتیی ئابووریی نەتەوەکانی قەفقازیش ناتەواو بوو، و هی نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە ڕووسی هەر شوێنەواری نەبوو، کەچی ئەوە نەبوو بە کۆسپ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببن بە نەتەوەی سۆسیالیستیی سەربەخۆ.

خوو و ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بەگشتی شتێکی شتێکی سەلمێندراوە، هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەو کەسانەی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد تەرخان کردوە، لەوەدا یەکدەنگن کە کورد لە هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆی جیایە و کوردەکان فەرهەنگی خۆیان پاراستوە و لەنێو هیچ کۆمەڵێکی ڕەگەزی و زمانیی دیکەدا نەتواونەوە. خەباتی بەردرێژی کورد لە پێناوی پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی خۆیدا هەمیشە بۆتە هۆی جێگیربوونی خوو و ڕەوشتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد. پێویستە بگوترێ کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری دێموکڕاتی کوردستان دا هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورد دا زۆر بەهێز بووە.

بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد هەروا درێژەی هەبووە و لە پاش شۆڕشی ژووئیەی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق زیاتر بەهێز

بووە. ئێستا لە کوردستانی عێراق چەند ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەردەچن. لە ئێران و عێراق چەند ئێزگەی ڕادیۆ بە کوردی کراونەتەوە کە هەر چەند ئێزگەکانی ئێران بەرنامە بە قازانجی گەلی کورد بڵاو ناکەنەوە بەڵام ئێستاش تاڕادەیەک یارمەتیی گەشەکردنی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی واتە ئەدەب و مۆسیقا دەکەن. ئەوەش گرنگە کە بگوترێ سەقامگیربوونی ئەو نەتەوانە کە لەباری ئابوورییەوە، دواکەوتوون پێوەندییەکی زۆری بە خەباتی دژی ئیمپریالیستییەوە هەیە و نەتەوەی کوردیش لە کارەساتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و زۆرداریی نەتەوایەتیدا کە لەلایەن حکوومەتە مەرکەزییەکانی تورکیا و ئێرانەوە تووشی بووە، ڕیشە دادەکوتی.

هاوبەشیی ئایینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستوە. چونکە ئیسلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان کراوەتە پەردەیەک بۆ داپۆشینی زۆڵمورزۆریی نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغدا و پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان یاری کردوە.

بۆ نموونە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ ڕێ کەوت کە لەپێناوی مافی نەتەوایەتی و مافی چارەنووسدا خەبات بکەن. بەڵام بە ناوی غەزاوە فریویان دان و زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی تورکەکانیان بۆ ماوەیەک لە بیر بردنەوە.

ئەوە ڕاستە کە ئایین یەکێک لە دیاردەکانی نەتەوە نیە، بەڵام دەتوانین تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لەو نموونەیەی خوارەوەدا تەماشا بکەین! لەگەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لە باری ئابووری و کۆمەڵاتییەوە زیاتر پێش کەوتوە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە مەهاباد بەهێزترە، چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین و کوردی کرماشان وەک فارسەکان شیعەن. جیاوازیی مەزهەب لە مەهاباد دەبێتە هۆی ئەوە کە زوڵم زۆری نەتەوایەتی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ و ئەوەش هەستی بەرهەڵستیی کوردەکان زیاد دەکا و لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی.

دیارە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتیش دا کۆسپێکی دیکەی ڕێگای سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کوردە و پێویستە ئەو هۆیەش بەکەم نەگرێن کە تا ئێستاش ڕۆڵی خۆی لەو بارەیەوە یاری دەکا.

هۆیەکی نالەباری تریش پێوەندیی عەشیرەتگەری و دەربەگایەتییە کە تا ئێستاش لە گۆڕێدا ماوە، بەڵام ئەو پێوەندییانە بەرەبەرە لە ئەنجامی گەشەکردنی بازاری نێوخۆیی و پەیدابوونی پێوەندییەکانی سەرمایەداری لە لادێی کوردستاندا بێ

**٣٧ ساڵە**

بایەخ دەبن. لەوەڕا نەتیجە وەردەگرین کە جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا مومکین نیە، بەڵام ئەوە بەهیچ جۆربەو مانایە نیە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکا و سەقامگیر دەبێ.

کە وابوو، هیچ شەرتێکی پێویستی نەتەوەبوون نییە لە نەتەوەی کورددا نەبێ، بۆیە دەتوانین هەروەک باسی نەتەوەکانی تر دەکەین باسی نەتەوەی کوردیش بکەین، چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتیی بوونی نەتەوە کە بریتیین لە: زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بە تەواوی لە کورددا هەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ، کە واتە دەتوانین کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بە قوناخی پێگەیشتنی نەتەوایەتی دا تێدەپەڕێ.

سەرچاوە: "کوردستان و کورد"

**٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٧**

# پەیامی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن



**خەڵکی مافخواز خەباتکاری کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان!**
**کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

٣٧ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، لەسەر مێزی دانوستان بە دەستی بەناو دیپلۆمات بەڵام تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

تێرۆری دەوڵەتیی د. قاسملوو بە دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، یەکێک لەو ڕووداوانەیە لە یادەوەریی خەڵکی کوردستاندا ماوەتەوە و دەشمێنێتەوە. پەنابردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تێرۆری دوکتور قاسملوو، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە ڕێژیم توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێبازی سیاسیی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستانی نەبوو. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەڵەدا چوون، چونکە تێرۆری دوکتور قاسملوو نەک نەبوو بە

**٣٧ ساڵە**

هۆی لەنێوبردنی ڕێبازی فکری و سیاسیی دوکتور قاسملوو، بەڵکوو دەبینین خەباتی نەتەوەیی و مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری و خاوەن ڕەوایەتییەکی مێژوویی قووڵ و سەردەمیانە، لە ڕێڕەوەی خۆی بەردەوامە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندندایە.

دوکتور قاسملوو، تەنیا ڕێبەرێکی حیزبی نەبوو، بەڵکوو زانا و بلیمەتێکی لێهاتوو بوو کە بە پشتبەستن بە پاشخانە ئەکادیمی و سیاسی، چ بە تیۆری و چ بە کردەوە، بزووتنەوەی کوردی لە فۆرمی نەریتی دەرباز کرد و بە دیپلۆماسییەکی ژیرانە و بە گوتارێکی کوردستانی و مۆدێرن، وێنەیەکی سەردەمیانەی لە پرسی ڕەوای نەتەوەکەی بە دنیای دەرەوە پێشان دا و خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەی بردە سەر سەکۆی دیپلۆماسیی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. هەموو هەوڵی د. قاسملوو ئەوە بوو پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی پرەنسیپە ئاشتیخواز و دێموکراتیکەکاندا چارەسەر بکات.

دوکتور قاسملوو بە وردبینی و دیپلۆماسییەکی بەهێزەوە توانی چەمکگەلی وەک مافی نەتەوەیی، کوردایەتی و خەبات و بەرگریی چەکداری هاوسەنگ بکات و ڕێوشوێن و ڕەهەندەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات ئاوێتەی پرەنسیپە سەرەکییەکانی وەک نەتەوەییبوون، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادیی سیاسی و دێموکراسیخوازی بکات.

لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەموو جیاوازییەکی فیکرییان بە تێرۆر و سەرکوت وەڵام دەدایەوە، دوکتور قاسملوو پێشنیاری مۆدێلێکی سیاسیی دەکرد کە تیایدا پرسی نەتەوەیی گرێدراوی پاراستنی کەرامەتی مرۆیی و دێموکراسییەکی قووڵ بێت. ئەمڕۆ پاش نیزیک چوار دەیە ئەو هزرەی قاسملوو کە "دێموکراسی" بە بنەمای چارەسەری دەزانێت، بووەتە قەڵغانی بەرگریی کۆمەڵگەی کوردستان بەرانبەر بە هەر جۆرە بیرێکی توندڕەوانە و پاوانخوازانە. ئەمە ئەوکاتەیە کە میراتی قاسملوو لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەک دەردەچێت و دەبێتە ئاسۆی ڕوانین و ڕێنوێنی نەتەوەیەک بۆ دژایەتیی دەسەڵاتی ستەمکار و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەختەوەر.

ساتوسەودای وڵاتانی ئوروپایی بە تایبەتی وڵاتی ئوتریش لەگەڵ ئێران و چاوپۆشی یاسایی و سیاسیی لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەتی تێرۆری دوکتور قاسملوو، لە ساڵانی دواتردا دەرفەت و بواری ئەوەی بە کۆماری ئیسلامی دا بەرەبەرە لەو وڵاتانە پەرە بە "دیپلۆماسیی تێرۆر" بدات و پەلوپۆ بۆ پێتەختی زۆر لە وڵاتانی ئوروووپایی بهاوێ. ئێستا دوای ٣٧ساڵ کاتێک بە وردی لە پەیوەندیی نێوان ئەو کردەوە تێرۆریستییانە و دۆخی هەنووکەیی ناوچەکە و هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە وهەرێمی کوردستانی - عیراق دەڕوانین، دەبینین لە ئێستادا ئەو ڕێژیمەی د. قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبێکی نەتەوەیی ودێموکراسیخواز دژی وەستایەوە،

بۆتە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەت و سەقامگیریی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

٣٧ ساڵ دوای تێرۆری ڤییەن و بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و تێرۆر و شەڕفرۆشتن بەوڵاتانی دەوروبەر و ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە لە ئاکامدا ئێرانیان تووشی شەڕێکی ماڵوێرانکەر کردووە کە لە ئێستادا بەردەوامبوونی ئەم سیاسەتە و لێکەوتەکانی دۆخی شەڕ، کۆمەڵگەی ئێرانی لە بواری کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسییەوە خستووەتە لێواری دارمانێکی تەواو کە مەشروعییەتی ئەو ڕێژیمەی لە گشتییەتی خۆیدا بردووەتە ژێر پرسیار.

لە ئێستادا ڕێژیم بۆ داپۆشین و قەرەبووکردنەوەی شکست و پاشەکشە دەرەکییەکانی خۆی، نێوخۆی ئێرانی کردووەتە گۆڕەپانی سەرکوت و کوشتن و تۆقاندن و لەو نێوەشدا کوردستانی ئێران وەک جوگرافیایەکی سەرەکیی سەرکوتی سیستماتیک زیاتر کەوتووەتە بەر گوشاری هێزە ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم. لە بەرانبەر ئەم دۆخە پڕ لە قەیرانەی پێکهاتەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئێراندا کە ڕێژیم لەوپەڕی دڕندەیی و لە هەمان کاتدا لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە هێزی نێوخۆ و عامڵییەتی خۆی هەیە. ئەرکی هێزە سیاسییەکان و تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستانە ڕیزەکانی هاوخەباتی و خۆڕاگریی خۆیان پتەوتر بکەن. تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکانی ئەم سەردەمە نوێیە و بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، زەروورەتی ئەم هاوخەباتییە زیاتر دەردەخات.
ئێستا کە ئیرادەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات لە ئارادایە، بەدڵنیاییەوە لە ئاسۆی سەرکەوتن نزیکترین. حیزبی دێموکرات هەمووکات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گرەوی یەکریزی و خەباتی بەرفراوان لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان و هێزە ئازادیخوازەکانی ئێراندایە.

ئەمڕۆ، هێزی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سەرمایەیەکی بەرفراوان و بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تەنیا هەر هێزی دژایەتی و بەرگری لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا نییە، بەڵکوو هێزێکە بۆ بنیاتنانەوە. ئەم سەرمایە لەبنەهاتووە کە هێزی گۆڕانکارییە، بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی پێشمەرگانە و سیاسی و مەدەنییانەی کۆمەڵگەی کوردستانە کە بە خوێنی شەهیدان و خەبات و تێکۆشانی کوردستانیان بەرهەم هاتووە.

### خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

٣٧ ساڵ لەو پێش ئەگەر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی پێی وابوو هزری قاسملوو لەگەڵ جەستەیدا دەسڕێتەوە، مێژوو سەلماندی ئەوان بە هەڵەدا چوون چونکە نەوەکانی دوای د. قاسملوو چوار دەیە بە تێگەیشتنەوە ئەویان وەک ڕێبەر و

**٣٧ ساڵە**

ڕێبازی فیکریی خۆیان هەڵبژاردووە. بۆیە بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی، وێستگەیەکی گرنگە بۆ نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئەو ڕێبازەی کە قاسملوو، ڕێبەر و داڕێژەری بووە. لەم ڕووەوە گەڕانەوە بۆ ئەو سەرمایە فکرییەی دکتور قاسملوو، واتە سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو ئامانجە بەرزانە کە لە پێناویدا شەهید بووە و پێویستیی بەخۆ ماندوو کردن و فیداکاری و تێکۆشانی بەردەوامە.

**لە ٣٧ ساڵەی تێرۆری ڤییەندا سەری ڕێز دادەنوێنین لە بەرانبەر گیانی پاکی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەموو ئەو شەهیدانەی لە ڕێگای ئازادیی کوردستاندا، گیانی پاکی خۆیان بەخت کردووە، بە تایبەت تازەترین شەهیدانی سوورخەڵاتی ئەم دواییانەی کوردستان و پەیمانی وەفا و درێژەدان بە خەباتی پڕشکۆی نەتەوەکەمان لەگەڵ ڕۆحی پاکی ڕێبەرانی شەهیدمان نوێ دەکەینەوە.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەستەی کارگێڕی**

**٢١ی پووشپەڕی ١٤٠٥ (١٢ - ٧ - ٢٠٢٦)**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

# پرۆژەی سیاسیی قاسملوو: تاکە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکانی ئێران






ئیبراهیم لاجانی

هاوینی ئەمساڵ، سی و حەوت ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، تێکۆشەری ڕێگای دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، لەلایەن دیپلۆمات-تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، تێدەپەڕێ. بەو حاڵەش میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی دوکتور قاسملوو، لە ئیلهامبەخشین بە تێکۆشەرانی کورد و داکۆکیکارانی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا، هەروا کاریگەر ماوەتەوە.

ڕۆڵی گرنگی دوکتور قاسملوو لە خەباتی گەلی کورددا، بەهیچ جۆر حاشای لێ ناکرێ. ناوبراو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەخشێکی سەرەکی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بینی. بەڵام تێکۆشانی ئەو تەنیا هەر لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستاندا نەبوو؛ ئامانجی سەرەکی ناوبراو بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، سیستەمێک کە لەوێدا نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەو وڵاتە، مافەکانیان دەستەبەرکرابن و دەرفەتی ئەوەشیان پێ بدرێت لە دامەزراوە دەوڵەتی و نیشتمانییە سەرتاسەرییەکاندا، نوێنەرایەتییەکی عادڵانەیان هەبێت.

لە فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوودا، باوەڕبوون بە ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە جۆراوجۆر و فرەگەلییەکان و دڵنیابوون لە دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە بندەستەکان. قاسملوو لەوە تێگەیشتبوو کە دێموکراسی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک دەتوانێت گەشە بکات، کە دەسەڵات بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بکرێ و ڕێگە بە حوکمڕانی ناوچەیی و هەرێمی بدرێت؛ بەجۆرێک کە پێداویستی و خواستەکانی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات وەبەرچاو بگیرێن.

دوکتور قاسملوو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی گەلانی چەوساوە بوو، نەک تەنیا هەر کورد، بەڵکوو داکۆکی لە مافەکانی هەموو نەتەوە و گەلە پەراوێزخراوەکانی نێو چوارچێوەی وڵاتی ئێران دەکرد. ئەو خەونی بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکەوە دەبینی، کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتووره جیاوازەکان، بتوانن بە هاوئاهەنگی و دوور لە جیاکاری و هەڵاواردن، لە پێکەوەژیانێکی پڕ لە ئاشتی و تۆلەرانسدا، بەسەر بەرن.

دوکتور قاسملوو جگە لە هەوڵەکانی لە پێناو مافەکانی گەلی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پێشخستنی دۆزی کورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا هەبوو. ئەو بەردەوام بۆ هۆشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا، سەبارەت بە دۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کار و خەباتی دەکرد. لە هەموو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسی بۆ خەباتی گەلی کورد و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کەڵکی وەردەگرت.

دووربینی سیاسی و پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دێموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێرانیش هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی سێکۆلار و دێموکرات، بە توندی دژایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئایەتوڵلاکانی دەکرد. ئەو ڕێژیمی ئاخوندی بە مەترسیی بۆ سەر ئازادی, پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و مافەکانی مرۆڤ دادەنا. بۆیە ناوبراو بەردەوام بۆ

**٣٧ ساڵە**

یەکخستنی هێزە نیشتمانی و دێموکراتییەکانی ئێران، بە هەموو پێشینە و ڕوانگە سیاسییە جیاوازەکانیانەوە، بۆ ڕاوەستان لە دژی نیزامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا و جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار دەکردەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە یاد لە دوکتور قاسملووی نەمر دەکەینەوە، زۆر گرنگە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و سوننەتی خەباتگێڕانەی ناوبراو پێداگری بکەینەوە. ئاخر لە ئێراندا، کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پرۆژەی سیاسیی قاسملوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور، لەسەر بنەمای دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی مرۆڤ، هەر وەک جاران پرسی ڕۆژە. ئەو گیروگرفتانەی ئێستا ئێران لەگەڵیان دەستەویەخەیە، تەنیا و تەنیا لە ڕێگای دابینبوونی دێموکراسی و دێسانترالیزاسیۆن چارەسەر دەبن.

بۆیە ئەرکی سەرشانمانە، چ کوردەکان و چ هاووڵاتیانی دیکەی ئێران، وەک یەک چالاکانە بۆ بەرزڕاگرتنی ئایدیاڵ و ئامانج و پرەنسیپە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو کار بکەین. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگای بردنەپێشی خەبات، پەروەردە و بەشداریکردنی چالاکانە لە تێکۆشانی سیاسیدا جێبەجێ بکرێ. پێویستە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە میللی و دێموکراتیکەکان، لە پێناو پێشخستنی دۆزی دێموکراسی و مافی نەتەوە و گەلە بندەستەکان لە ئێراندا، تێبکۆشین.

جگە لەوەش دەبێت بەردەوام بین لەسەر بردنەپێشی ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بە هۆشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا سەبارەت بە بەرحەقبوونی خەباتی گەلی کورد و سەبارەت بە پێویستیی دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، دەتوانین ئەمڕۆش پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرۆژەیە ڕاکێشین کە دوکتور قاسملوو کاری لەسەر دەکرد؛ پرۆژەیەک کە ڕێگاچارەی هەموو ئەو گیروگرفتانەیە کە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بەدەستیانەوە گیرۆدەیە.

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتور قاسملوو بپارێزین، دەوڵەمەندتری بکەین و تێکۆشین لەگەڵ فاکتەر و ئاڵوگۆڕە تازەکان هاوئاهەنگی بکەین. ڕۆڵی قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خەباتگێڕ و شێلگیربوونی ناوبراو لەسەر بردنەپێشی دۆزی کورد، وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو چاوی لێ دەکرێت. لە ڕێگەی یادکردنەوەی بەردەوام، لەڕێگەی دەستپێشخەریی پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگی سیاسیی قاسملوو، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی ناوبراو هەمیشە لە دڵماندا زیندووە و ئایدیاڵەکانی لە ڕێنماییکردنی خەباتی ئێمە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی

**٣٧ ساڵە**

عادڵانەتر، ڕێنیشاندەرمانن.

لە ٣٧مین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تەنیا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو ژیان و گیانی خۆی بۆ بردنەپێشیان تەرخان کرد - دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی نەتەوە و گەلانی چەوساوەی ئێران، دەتوانین وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆمان بەرانبەر خەبات و تێکۆشانی ئەو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی نیشان بدەین. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بەڕاستی ئاوات و ئارەزووەکانی قاسملووی نەمر بەدی بهێنین کە سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا دامەزرابێ، بەجۆرێک کە هەموو هاووڵاتییان بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەیشتبن.

**بەرز و بەڕێز بێت یاد و ناوی شەهیدان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ!**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

# کراوات و جامانەکەی قاسملوو؛ دوو ئیتیکێتی شیاو





عەلی لەیلاخ

یەکێک لە وێنە هەرە جوانەکانی دوکتور قاسملوو، ئەو وێنەیەیە کە بە کڵاوپێچی جامانەوە، کەڵەگەت سەیری لاتەنیشتی دەکات. هەرچەند لە زۆربەی وێنەکانی کاک دوکتوردا خەندە و پێکەنین بەشێکی دانەبڕاوەیە، بەڵام لەو وێنەیەدا هەست دەکەی ڕاماوی چارەنووسێکی نادیارە. ئەم وێنەیە سەردەم و لۆکەیشنێک وێنا دەکات کە "جامانە" بەرەبەرە دەبێتە هێما و

نیشانەی ئەو دەستە لە خەباتکارانی کورد، کە بە گوتەی جەلال مەلەکشا "کوێستانیان کردبووە هێلانە و بە شمشاڵی لوولەی تفەنگ، دڵدارەکانیان بۆ جێژوانی چیا دەچڕی."

ئەو کڵاوپێچە ڕاستە ڕەگاژۆی نێو کولتووری کوردییە، بەڵام لەو وێنەیە و لە دەرکەوتنەکانی دیکەی ڕێبەری شەهیدماندا، جۆرە ناونیشانێکی دیار بوو بۆ سەرێکی بەرز و نیشتمانێکی خۆیی و خۆماڵی. ئەو بەو کڵاوپێچەوە دەیەویست بڵێ: ئەمنم سەرکردەتان بۆ لشکری خەم، ئەگەر چووم و گلاشم بەپێی ڕێنوێنیی "باشترین پاداشت بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە" با نەشکێ سوپاتان. دواتریش لەسەر کێلی گڵکۆی لە پێرلاشێزی فەڕانسە هەمان دەق بە جۆرێکی دیکە نووسرا کە: "ئەمن بمرم کورد نامرێ." هەر بۆیە بێهۆ نییە لە ئێستای ڕۆژهەڵاتدا و لە بۆنەکاندا، بەتایبەتی لە نەورۆزدا، جلی کوردی و خاکیپۆشی چووەتە نێو هەزری گشتی و جامانە لەملکردن، باسکردنە لە ملنەدانێکی سیاسی لە هەمبەر تواندنەوە، و تۆخکردنەوەی سنوورەکانی سەربەرزی و نەبەزینە لەگەڵ دەستەمۆیی و ژێرچەپۆکەییدا.

ئەو دیپلۆماتە وردبینە، هەموو هەڵسوکەوتێکی دووڕەدیمەنێکی پێوە دیار بوو، لە گەڕانەوەکانی بۆ کوردستاندا هەرجارە و هەگبەیەکی نوێی پێ بووە بۆ حیزبەکەی و دەتوانین بڵێین بۆ گەلی کورد بە گشتی. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم پەیوەندییانە، دۆزینەوەی دۆست بوو بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەی و ئاشناکردنی بزاڤی کورد لە ئێران بە ئێلیت و دەستەبژێرانی ڕۆژاوا، بەتایبەتی وڵاتی فەڕانسە؛ لە سەرووی هەمووشیانەوە سیاسییەکان و ئاکادیمییەکان و یەک لەوان کۆمەڵەی پزیشکانی بێسنوور کە ئێستاش ئەوانەیان وا لە ژیاندا ماون، قاسملوو بە پردی ئەم پەیوەندییە دەناسن و کورددۆستن.

گەڕانەوەی قاسملوو لە ناخی ئەورووپاوە بۆ شاخ، تەنیا سەردانێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو دەتوانین بە "هەبوون" یان "هبوط"ێکی ئەفسانەیی (دابەزین) بشوبهێنین؛ کە مامۆستایەکی زانکۆ، پراگ و پاریسی ڕازاوە و بەباقوبریق جێ دەهێڵێت و لەنێو بەردی سەنگەر و هەڵاتهەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە. ڕەچەڵەکی ئەم دابەزینە کە ئاماژەیە بە چیرۆکی "ئادەم و حەوا"، مەبەستە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە لە بەهەشتی خۆشبژێوییەوە بە تاوانی "میوەی قەدەغە" دادەبەزێنەدرێنە سەر زەویی سەرانسەر ڕەنج و ئازار. "میوەی قەدەغە"کەی قاسملووش ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازی بوو بۆ گەلێکی چەوساوە کە نەیدەویست بە چەوساوەیی بمێنێتەوە. هەر بۆیە لە چەندین قۆناغدا، ئەو بەپێی زەرووڕەتی مێژوویی و دەروەستبوونی بە نیشتمان و کەرامەتی ئینسانیی هاونیشتمانیانی دەگەڕێتەوە و لە سەنگەرەکەی پێشەواوە هەوڵ دەدات شەرەفکەندییەکان بکاتە پارێزەری مەتەرێزی شەرەف. لە هەموو گەڕانەوەیەکیشدا گیانی تازەی دەبەخشی بە حیزبێک کە "ئەزموونی دەوڵەتداریی کوردی هەیە" و دەبێت ئەم ئەزموونە بە باشترین و بەربڵاوترین شێوە دووبارە بکاتەوە.

کاتێک گوێ لە قسەکانی دەگری، چ لە شاخ و لە بنبەردی سەنگەردا، یان کاتێک بۆ میدیاکان قسە دەکات؛ دەبینی قاسملوو بۆ خەڵک دەدوێت و خەڵک تێدەگەیەنێت، نەک ئەوەی بە ڕازاندنەوەی قسەکانی خەڵک بخەڵەتێنێت. جاناتان ڕیندل لە بەشێک لە کتێبی "بەم شەرمەزارییەوە چ لێبوردنێک؟"دا دەڵێ: "قاسملوو، دیپلۆمات و کراواتلەگەردەنی کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و زانستییەکان لە ئەورووپا، کە دەگەڕایەوە نێو کۆڕی یاران لە شاخ، جۆرێک دەژیا کە ناسینی ئاسان نەبوو". ڕاڤەی ئەم وتەیە ئەمەیە کە قاسملووی جیهاندیدە و ڕووناکبیر، بە تانەوتەشەرەوە هەستی بەشەمەینەتی و هەژاریی گەلەکەی زامدار نەدەکرد، بەڵکوو بە لێهاتوویی و دەروەستبوونی، مانای بە "ڕێبەر"بوونی بەخشی و بەجوانی سنوورەکانی لەگەڵ ملهوڕی و دیکتاتۆریدا جیا کردەوە.

کەواتە قاسملوویەک کە لە وتەکەی "بیسمارک" بە جوانی تێگەیشتبوو، سیاسەتی بە هونەری مومکینات دەزانی و لە هەردوو دیوەوە، واتە چ کاتێک جامانەی دەکرد بە کڵاوپێچی "خۆشویستنی" کوردستان و چ بە کراواتی "کراوەیی"، هەموو هەوڵەکانی لە پێناو پەیوەندی، دۆستایەتی، ناساندن و دەربازکردنی چارەنووسی گەلەکەی بوو لە نامۆیی.

قاسملوو پێش ئەوەی ببێتە جڵەوکێشی سیاسیی گەلەکەی، جوگرافیا و دێموگرافیای وڵاتەکەی دەناسی و دەیزانی دەبێت لەگەڵ کولتووری باوی خەڵکدا هەڵسوکەوتی پێکەوەهەڵکردنی هەبێت، نەک دژایەتییەکی ناسەرکەوتوو کە هەندێ لایەن بە دژی ئەو و حیزبەکەی کردیان و سەری نەگرت، و نەبووە هۆی قڵیش و بۆشایی نێوان کۆمەڵگەش.

هەوڵی ئەو بەپێی ڕێچکەی کۆماری کوردستان، سەروەریی نیشتمانی و پێگەی کۆمەڵایەتی بوو، نەک تەنیا هەبوونی جێگە و پێگەی سەربازی. عیزەتوڵڵا سەحابی، یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی بەناو نیازپاکی (حوسنی نییەت) لە سەرەتاکانی سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا دەڵێ: پاش سەردانی کوردستان و گەڕانەوەم بۆ تاران، بە خومەینیم گوت کە کوردەکان هێزێکیان دامەزراندووە بە ناوی "پێشمەرگە" و داوای جیایی دین لە سیاسەت دەکەن، باشتر وایە ئێمەش هەمبەرێکیان بۆ ساز بکەین لەژێر چەتری ئایینەوە. خومەینی پێشنیارەکەی قبووڵ دەکات و دواتر شاهیدی دامەزرانی هێزێکی بەکرێگیراوی ڕێژیم بووین بە ناوی "پێشمەرگەی موسڵمان" کە گوایە شەڕی کافران دەکەن. پووچەڵکردنی ئەم پیلانە شووم و ناجوامێرانەیە بەرانبەر بە حیزبێک کە دەیان کەسایەتیی ئایینی و تێکۆشەرانی مەندیلەسەر لەو سەنگەرەدا لە بەرەی خەڵک و خەباتدا بوون و هەن، پێویستیی بە ژیرییەکی سیاسی و تێگەیشتنێکی قووڵی کۆمەڵایەتی هەبوو؛ کە قاسملووی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە هەستی پێکرد و بە بڕیاری ئەو، هەر جۆرە بێڕێزییەک بە باوەڕمەندانی ئایینە جیاجیاکانی نێو بەدەنە و ڕێبەریی حیزبەکەی قەدەغە کرا. تەنانەت لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، بڵاوبوونەوەی چەند ئایەتێک لە "قورئان" ئەو خوێندنەوە نوێیە بوو کە قاسملووی کراواتبەستووی سیاسەت لە قۆناخناسی و پێشگرتن لە پیلانە

هەستیارەکاندا هەیبوو؛ کە مەبادا جامانەپۆشانی ئەم سەنگەرە، لەجیاتی خزمەت بە گەلی خۆیان، بەرانبەر بە خەڵکی خۆیان سەنگەری ئایدیۆلۆژی بگرن و لەبیریان بچێتەوە دوژمن هەتا خاک و ناخیان هاتووە و بەرەبەرە ببنە داردەست و سووتەمەنیی نەیاران.

## سڵاوە مێژووییەکەی قاسملوو

لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا - ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد - دوکتور قاسملوو لە ١١ خولەکدا بە زمانێکی ساکار و بە تێگەیشتنێکی سیاسییانە، لە واقیعدا مانیفێستی حیزبی دێموکرات باس دەکات.

ئەو ڕێبەرە کڵاوپیێچ لەسەرە، سەودای کوردستانێکی ئازادی لەسەر بوو کە بیکاتە دەرفەتێک بۆ ڕاوەستان بەدژی هەر چەشنە پاوانخوازییەک. لەو وتارە کورتەدا، قاسملوو بۆ جارێکیش نالێ "من" و بە ناوی هاوڕێیانیەوە قسە دەکات. ئەو پاش ڕێزنان لە شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، سڵاو دەنێرێت بۆ گەلانی دیکەی وەک فارس، ئازەری، ئاسووری و... لە ئێراندا. ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد و دوور لە دۆگماتیزم هەبایە، پەیامەکانی نێو ئەو ١١ خولەکە دەبوونە نەخشەڕێگای سیاسیی سەرلەنوێی ئێرانی فرەچەشن.

لەوێدا جامانەلەملەکانی کوردستان هێرشبەر و فاشیست دەرناکەون، چونکە کراوات‌پۆشێکی خوێندەوار و مرۆڤدۆست پێشەنگایەتییان دەکات و بە مەشخەڵی "سڵاو"ەوە هاتووە بۆ تێکشاندنی تاریکایی دیکتاتۆری و لابردنی شەوەزەنگی ستەم. لە یۆنانی کۆندا ئەفسانەیەک هەیە بە ناوی "پرۆمیسۆس" (پرۆمتە) کە مانا کۆنە یۆنانییەکەی بریتییە لە "خاوەنی ژیریی پێشوەختە". پرۆمتە ئاگری لە زێوس ڕفاند و بەخشیی بە "مرۆڤ" و بوو بە هۆی گەشەکردنیان، دواتریش کەوتە بەر غەزەبی "زێوس". پرۆمتە جامانەپۆشەکەی ئێمەش لە زمهەریری ئایەتوڵڵاکانی "اقتلوا"دا، بە "سڵاو" و سەفای پێکەنینەوە گوتی: پێکەوەژیان! هەر بۆیە پیاوکوژانی کۆشکی فیرۆزە هاتن و سینگیان هەڵدڕی.

کراوات و جامانە وەک دوو ئێتیکێتی پێویستی "دیپلۆماسی و خەباتی پێشمەرگانە" لە قاسملوودا ڕەنگیان دەدایەوە. ئەو بە جێخستنی کۆمەڵێک پرەنسیپی جیهانی، هەر زوو "پێشمەرگە"ی لە میلیشیایەکی سەرەڕۆ جیا کردەوە. ئێستا ئەگەر باریکەڕێیەک لە پارکێکی فەرەنسادا بە ناوی "پێشمەرگە"وە کراوە، هەق وایە بە دیتن و باسکردنی یادی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەش بکرێتەوە کە چەندە هەوڵی دا جیاوازییەکی جەوهەریی نێوان "پێشمەرگە" و "چەکدار" بە جیهان بناسێنێت.

۳۷ ساڵە

ئەگەر لە ئەمڕۆی ئێراندا جیا لە کورد، گەلانی دیکەش لە ناوەندگەرایی و پاوانخوازیی تارانی "عەبا و منبەر" یان "تاج و تەخت" تۆقیون، کاتی خۆی قاسملوو بە زمانێکی پاراو و خاوێن، هەر چەشنە سەڵتەنەتخوازی و پاشاگەراییەکی بە مەترسیی سەر دێموکراسی و مافی شارومەندی و ئازادی دەزانی و لە ئێستاشدا دەبینین کە بۆچوونەکانی چەندە لە ڕاستی شێوە نزیکن. ئەو چ بە کراواتی ڕامیاری و چ بە جامانەی خەباتکارانە، خەون و ئاواتی ئازادی و کەرامەتی ئینسانی بوو کە بەداخەوە تاریکپەرستانی ئینسانکوژ، زوو ئەو بەخت و هیوا ڕوونەیان لە خەڵک ستاند؛ بەڵام ئێستاش بەپێی هزر، قەڵەم و ناخی بڵاو و هەرماوی، دەکرێ نەخشەڕێگای سیاسی و سەربەرزیی گەلی پێ دابڕێژین.

**کۆتا قسە؛ قاسملوو بە لێزانی و لێهاتوویی خۆی و پشتبەستن بە ئیرادەی گەل، چاولەدەست و لارەملی هیچ لایەن و ئایدیایەک نەبوو.**

**دەڵێن کاتی خۆی لەگەڵ شاندێکی فەڕەنسییدا دیداریان دەبێت، ئەوان دەڵێن: "یارمەتیی ماڵیتان دەوێت یان چی؟**

**"قاسملوو زیرەکانە دەڵێ: "نەخێر، تەنیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناومان بهێنن و دۆستانە پشتیوانمان بن."**

**دواتر هاوڕێیانی لێی دەپرسن: "باشە بۆ یارمەتیی ماڵییەکەمان وەرنەگرت؟" لە وەڵامدا دەڵێ:**

**"ئەوەی یارمەتیی مەعنەویت بدات، دواتر یارمەتیی ماڵیشت دەدات." ئەمە واتە قاسملوو سەرکردەیەکی دەستپانکەرەوە نەبوو، بەڵکوو ڕێبەرێکی داهێنەر و بیرمەند بوو.**

**بە قەولی قالەمەڕە: "قاسملوو دۆستی دونیا و قیامەتمانە"، و ئێوە دونیا و قیامەت لەو وتەیەدا بە "ئێستا و دوارۆژ" بخوێننەوە.**

۳۱ی پووشپەڕی ۲۷۲٦

# عومەر باڵەکی: پەروەندەی د. قاسملوو بەڕوویەکدا دۆخی بەشمەینەتیی کوردە



**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**تیرۆری ڤییەن لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا، تەنیا لێدان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات نەبوو، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. د. قاسملوو، وەک ڕێبەری کاریزماتیکی ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە لە کاتێکدا تیرۆر کرا کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد چووبووە سەر مێزی دانوستان. دوای تێپەڕبوونی ٣٧ ساڵ لەو کارەساتە و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاک عومەر باڵەکی، تێکۆشەری دێرین و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاوڕێک لە چرکەساتی بیستنی هەواڵەکە، بارودۆخی ناوچەیی، هۆکارەکانی پشت بڕیارە نادادپەروەرانەکەی دەوڵەتی ئۆتریش و وانەکانی ئەو مێژووە خوێناوییە بۆ داهاتووی خەبات دەدەینەوە.**

**شەهرام سوبحانی: کاک عومەر ئەو چرکەساتەی هەواڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵای قادری ئازەر گەیشتە ئێوە، لەکوێ بوون و کاردانەوەی ئێوە بەو هەواڵە چی بوو؟**

## ٣٧ ساڵە

ئەوکات لە ناوچەی مەهاباد لە هێزی پێشەوا بووم؛ لە جەریانی حەرەکەت و جووڵەی پێشمەرگانەدا، شەوی ٢١ی پووشپەڕ ڕوومان لە گوندی "بەیرەم" لە ناوچەی سارم و میرقاز کردبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو گوندە مۆڵگەی دوژمنی لێ بوو و بەتەواوی بەسەر ئاوەدانیدا زاڵ بوو، بەڵام خەڵک بە چوونی پێشمەرگە بۆ نێو ئاوایی زۆر خۆشحاڵ بوون و بە باشی پێشوازییان لێ کردین. ئەو شەوەش وەک شەوانی دیکە، دوای ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکان ئاوایی "بەیرەم"مان بەرەو شوێنی مەبەستمان بەجێهێشت. لەگەڵ کۆمیتەی شارستان وا ساغ ببووینەوە بۆ سبەی کە دەبوو بە جەژنی قوربان، خۆمان بگەیەنینە موچە و مەزراکانی گوندی "سەهۆڵان"، کە لە گۆڕستانی ناسراوی ئەو ناوچەیە -سەیدی کاکەجان- چەند شەهیدێکی پێشمەرگە بە خاک سپێردراون و خودی گوندی سەهۆڵانیش خاوەنی چەند بنەماڵەی شەهیدە. وامان دانابوو سبەی ئێوارەی جەژنی قوربان بچینە سەر گۆڕی شەهیدەکان و لەدواییدا بۆ نانی جەژن بچینە نێو گوندی سەهۆڵان. شەو خۆمان گەیاندە ئەو شوێنە و سبەی، واتە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، چاوەڕوانی ئەوە بووین ڕۆژ درەنگ ببێ و دوای سەردانی گۆڕی شەهیدان ڕوو لە ئاوایی بکەین.

بەڵام دەوروبەری نیوەڕۆ بوو کە ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەستی دەکرد بە پەخشی بەرنامەکانی؛ لە ڕێگای ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە گوێمان لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بوو کە ڕوو بە خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، باسی لە بریندارbوونی د. قاسملوو لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا لە وڵاتی ئۆتریش دەکرد. بە بیستنی ئەو هەواڵە، دەستبەجێ بە بێسیم چووینە سەر خەت و دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێگای پەیامی ڕەمزییەوە ئاگاداری کردین کە بەداخەوە کاک دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵای قادری ئازەر لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا شەهید بوون. دیارە دەفتەری سیاسی لە چەند خاڵێکدا ڕێنوێنیی دابوو بە هەموو هێز و کۆمیتە شارستانەکان کە لەو بارودۆخە ناخۆشەدا دەبێت چ بکەن. ئەو هەواڵە بۆ ئێمە چاوەڕواننەکراو بوو، بۆیەش باوەڕکردنی زۆر سەخت بوو. هەواڵەکە بەخێرایی لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاو بۆوە؛ دۆخەکە شێوا و هەر پێشمەرگەیەک لە بن پچکەدارێک هەڵکورمابوو و لەبەر خۆیەوە دەگریا. بۆ ماوەیەک کەس نەبوو بتوانێ دڵی کەسی بداتەوە. هەرچۆنێک بوو وەخۆ هاتینەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی خۆپارێزی، کادر و پێشمەرگەکانم کۆکردەوە و شەهید کاک عەبدوڵڵا شەریفی، کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو، لەسەر کردەوە تێرۆریستییەکە و بەپێی ئەو زانیارییانەی لە پەیامەکەی دەفتەری سیاسییدا هەبوون قسەی بۆ کردن. لەو بارودۆخەدا هەموو هەوڵەکان ئەوە بوو هیچ کام لە کادر و پێشمەرگەکان لە بواری ورە و ئیرادەوە تێک نەڕووخێن. چونکە ئەو کات سەرەڕای دڵتەنگی و بەناسۆربوونی برینەکە، و چ لە ڕۆژەکانی دواییدا، بەپێچەوانەی نیگەرانییەکانی ئێمە و ویستی دوژمن، نەک ورە و ئیرادەی کادر و پێشمەرگەکان نەڕووخا، بەڵکوو بە ورە و ئیمانێکی بەرزترەوە ئەو ساڵە و ساڵانی دواییش درێژەیان بە ڕێبازی شەهید د. قاسملوو و هەموو شەهیدانی حیزب و گەل دا.

**شەهرام سوبحانی**: شک لەوەدا نییە تێرۆری د. قاسملوو زەبرێکی قورس لە پەیکەری حیزبی دێموکرات بوو. ڕێبەریی حیزب و هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن توانی لە بەرانبەر ئەو زەبرە قورسەدا بەرگە بگرێ و درێژە بە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕیی خۆی بدا؟

**عومەر باڵەکی**: سەرەکیترین ئەسڵی مانەوە و بەرگەکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە؛ بۆیە هەر حیزبێک دەریای بێپایانی خەڵکی لەگەڵدا بێ، دەتوانێ بەرگەی کارەساتی لەو چەشنە بگرێ. حیزبی دێموکرات لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد، توانیبووی بە هەوڵ و هیمەتی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب بەسەر ئەو کۆسپە گەورەیەدا زاڵ بێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە پێ بگرێتەوە. کادر و پێشمەرگە و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو فەرهەنگ و کولتوورە شۆڕشگێڕییە بار هاتبوون؛ بۆیە دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، لەگەڵ ئەوەدا کە زەبرەکە قورس و برینەکە زۆر بەژان بوو، ڕێبەریی حیزب و هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر لێبڕاوانەتر لە پێشوو بەردەوام بوون لە درێژەدانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕێبەریی حیزب لە بەڕێوەبردنی حیزبدا چالاکتر بوو بۆ ئەوەی لە نەبوونی شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوودا هەست بە بۆشایی نەکرێ. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەبرێکی زۆر قورسیان لە هێزەکانی دوژمن دا، کە بە هیچ جۆرێک دوژمن چاوەڕوانی ئەو دژکردەوەیەی لەو ڕادە بەربڵاوەدا لە هێزی پێشمەرگە نەبوو. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە شەهیدبوونی د. قاسملوو ماتەمبار بوو، بەڵام "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" بوو بە دروشمی سەرەکیی نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و لەو ڕێگایەوە پەیامیان دا بە دەسەڵاتدارانی تاران کە ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو، ویستی سەرەکیی زۆربەی خەڵکی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە لەو ڕووداوە بڕوانین، لەجێدا ئەو کاتە کاتێکی گونجاو بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو؟ چ شتێک د. قاسملووی ڕاکێشی ئەو داوە کرد؛ باوەڕەکانی؟ دۆخی نێوخۆیی حیزب و جووڵانەوەی کورد لە ئێران؟

**عومەر باڵەکی**: هەر دیاردەیەکی مێژوویی کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ، حەق وایە هەڵسەنگاندنەکە بەپێی ئەو بارودۆخە بێ کە ڕووداوەکەی تێدا ڕووی داوە. کاتێک د. قاسملوو و عەبدوڵڵای قادری ئازەر لەو کردەوە تێرۆریستییەدا شەهید بوون، نزیک بە دە ساڵ بوو شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپابوو و زۆر هاوکێشەی ناوچەیی و جیهانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبوو. شەڕی ئێران و عێراق کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەدەستدانی پشتی جەبهەی بۆ جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بوو، تەواو ببوو. ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر زیندوو ببۆوە کە بەپێی نێوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە، دەبوایە هەرکام لەو

**٣٧ ساڵە**

دوو دەوڵەتە بە قووڵایی بیست کیلۆمەتر لەنێو خاکی خۆیاندا ناوچەیەک لە دانیشتووان چۆڵ بکەن و ناوچەی "قەدەغەکراو" دروست بکەن. دوایەش باوەڕی ڕێبەری حیزب و د. قاسملوو ئەوە بوو کە وا باشە پێش ڕێککەوتنی ئێران و عێراق، لەگەڵ نوێنەرانی ئێران دانیشتن و لێکتێگەیشتنیان هەبێ. ئەو بۆچوونەش هەبوو کە کۆماری ئیسلامی لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا لاواز و ماندوو بووە و ئەوە دەتوانێ یارمەتیدەری گۆڕینی ڕوانگە و سیاسەتەکانی بێ؛ دیارە نەخۆشیی خومەینی و مێژووی ململانێی باڵەکانی نێو دەسەڵاتیش ئەو زێهنییەتەی دروست کردبوو کە دەکرێ لە نێوخۆی حاکمییەتەوە لایەنێک بیهەوێ سیاسەتە کەلانەکانی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ. لە تەنیشت ئەوانە بەهۆی مەحکوومکردنی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و هەڵوێستی ڕوونی حیزبی دێموکرات و شەخسی د. قاسملوو؛ پێوەندییەکانی حیزب و حکوومەتی عێراق لەکزیی دابوو و هەموو ئەوانە پێکەوە هۆکار بوون کە د. قاسملوو ڕاکێشی نێو ئەو بۆسەیە بکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: **هۆکارەکانی ئەوەی دەوڵەتی ئۆتریش تیمی تیرۆری ڤییەنی بەڕێی تاران کردەوە و ئەو پەروەندەیەی داخست، لە دەرەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی نێوان دوو وڵات و جیا لەو هۆکارە؛ هۆکاری دیکەشی نەبوو، وەک لاوازیی پێگە و دیپلۆماسیی کورد لە دەرەوە؟**

**عومەر باڵەکی**: لێرەدا بەهێزی یا لاوازیی پێگەی دیپلۆماسیی کورد زۆر ڕۆڵ نابینێ، چونکە بەداخەوە کورد خاوەنی دەوڵەت یا کیانێکی سیاسی نییە هەتا بتوانێ کاریگەریی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەبێ. ئەوەی دەوڵەتی ئۆتریش لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری ڤییەندا کردی، هیچ پەیوەندییەکی بە پێگە و توانای دیپلۆماسیی کوردەوە نییە، بەڵکوو چەندین هۆکاری دەرەکی و نێوخۆیی دەوڵەتی ئۆتریش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر بەلاڕێدابردنی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیەکانی، وەک: هەڕەشەی ڕاستەوخۆی تاران لە ڤییەن کە ئەگەر ئەوان تیرۆریستەکان بەڕێی ئێران نەکەنەوە، تارانیش ناتوانێ گیانی هاووڵاتیانی ئۆتریشی لە ئێران بپارێزێ. تاران هەڕەشەی ئەوەشی کردبوو کە ئەگەر بابەتی ئەو تیرۆرە بچێتە دادگا و ناوی کۆماری ئیسلامی بێتە نێو بابەتەکە، ئەوان پابەند نابن بە شاردنەوەی مامەڵەی کۆمپانیای "نۆریکۆم" کە بە بڕیاری حکوومەتی ئۆتریش لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا بە نایاسایی و بە دزییەوە چەکیان بە ئێران فرۆشتووە کە ئەگەر ئەوە ئاشکرا بووایە، دەبوو بە ڕیسواییەکی سیاسی بۆ دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش. جگە لەوەش پەیوەندییە تایبەتەکانی ڤییەن و تاران لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە لە باشترین ئاستی خۆیدا بووە و هەموو ئەوانە لەو سەردەمەدا دەستیان دایە دەستی یەک و بوونە هۆی ئەو بڕیارە نامرۆڤانە و نادادپەروەرانەیەی دەوڵەتی ئۆتریش بۆ داخستنی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن.

**٣٧ ساڵە**

**شەهرام سوبحانی**: چ ئەو کات و چ دوای ٣٧ ساڵ تێپەڕین لە تیرۆری ڤییەن، تیرۆری د. قاسملوو و غیابی ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکە چ کارتێکەرسییەکی لەسەر خەباتی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ڕەوتی دێموکراتیخوازیی سەرانسەری ئێران داناوە؟

**عومەر باڵەکی**: قسەکردن لەسەر کەسایەتیی د. قاسملوو لانی کەم بۆ من زەحمەتە؛ بۆیە هەر دەتوانم ئەوە باس بکەم کە شەهید د. قاسملوو بەو پێگە بەرزە ئەکادیمی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە هەیبوو، هەم لە دەرەوە و هەم لە نێوخۆی کوردستاندا خۆشەویست بوو و تەنانەت دوژمن و نەیارەکانیشی دانیان بە توانا و کاریگەریی کەسایەتیی د. قاسملوودا دەنا. بۆیە زۆر سروشتییە لەدەستدانی د. قاسملوو، ئەویش ٣٧ ساڵ لەمەوبەر، زیانێکی گەورە بوو لە ڕەوتی دێموکراتیخوازیی سەرانسەری ئێران و برینێکی قووڵ بوو لە جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. بەو مانایە، ئەگەر د. قاسملوو لە ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکە و جیهاندا لەم ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە بە جەستە زیندوو بووایە، کاریگەریی گەورەی خۆی دەبوو، بەتایبەتی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ کە ڕوحی فیداکاری و لەخۆبردوویی پێشەوا قازی محەممەد و د. قاسملوو، ڕێگای خەباتیان وا دەستنیشان کردووە کە بە شەهیدبوونی ڕێبەرانمان، حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پێ ناکەوێ.

**شەهرام سوبحانی**: دەوڵەتی ئۆتریش دەڵێ ئەو پەروەندەیە داخراوە، حیزبی دێموکراتیش زۆرجار گوتوویەتی ئەو پەروەندەیە هەتا بەدیهاتنی دادپەروەری و دەرکەوتنی ڕاستییەکان کراوەیە. ئەمە چ شتێک لەو واقیعە دەگۆڕێ کە کورد ئیدی ڕێبەری کاریزماتیکی وەک د. قاسملووی نەماوە؟

**عومەر باڵەکی**: سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکە کە ئۆتریش باس لەوە دەکات پەروەندەی د. قاسملوو داخراوە، دەبێ بڵێم کە بەپێی یاسا هیچ پەروەندەیەک داناخرێ هەتا حوکمی کۆتایی دادگا وەرنەگرێ. سەبارەت بە پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی، دادگایەکی ئەوتۆ پێکنەهاتووە کە بکوژەکان و هۆکاری کوشتن و تیرۆرکردنەکە دەستنیشان بکات؛ بۆیە ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو پەروەندەیە باسی دەکات، تەواو دروستە.

سەبارەت بەوەش کە ئایا کراوەبوونی پەروەندەکە چی لە واقیع دەگۆڕێت، دەبێ بڵێین ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد و ڕەوتی دێموکراتیخوازی لە ئێراندا بە جەستە دوکتور قاسملوویان لەدەست داوە، بەڵام دەبێ ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە دوکتور قاسملوو ڕێبەریی حیزبێکی دێموکراتی دەکرد کە سەرکردایەتیی

**٣٧ ساڵە**

جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی دێموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئەستۆ بوو؛ بۆیە وەک هەموو خەباتکارانی حیزبی دێموکرات، مەرگی لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورددا هەڵبژاردبوو. زیندووکردنەوەی پەروەندەی د. قاسملوو، زیندووکردنەوەی مەزلوومییەتی گەلی کوردە؛ زیندووکردنەوەی پەیامی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بۆ چارەسەری پرسی کورد؛ ڕسواکردنی زیاتر و زیاتری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسیی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردە.

**شەهرام سوبحانی**: وەک ئەزموونێکی تاکەکەسی و وەک تێکۆشەرێکی دێرینی حیزب کە لە نیزیکەوە د. قاسملووی نەمرتان بینیوە، چۆن باس لە کاریگەریی د. قاسملوو لەسەر ژیانی خەباتگێڕانەی خۆتان دەکەن؟

**عومەر باڵەکی**: هەر وەک پێشتر باسم کرد، شەهید د. قاسملوو بەهۆی پێگە بەرزە ئەکادیمی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە، خۆشەویستی هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بوو. لە ڕاستیدا بۆ ئێمە، هەموو کردار، گفتوگۆ، نووسین و لێدوانەکانی د. قاسملوو وەک قوتابخانەیەک وابوو کە دەبوو لێی فێر بین. شەهید د. قاسملوو لە هەڵسوکەوتی تاکەکەسییدا زۆر لەسەرەخۆ و ئارام بوو، لە هەمان کاتدا لە بەڕێوەبردنی حیزبیدا زۆر بەبڕشت و قاطع بوو. هیوادارم لە دوای ٣٧ ساڵ لە شەهیدبوونی د. قاسملوو، توانیبێتم وەک قوتابییەکی باشی ڕێبازی قاسملوو، کە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەرکی خۆم بەجێ گەیاندبێ.

**١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

---

# ٣٧ ساڵ دوای ڤییەن؛ ستراتیژیی خەبات و داهاتووی پرسی کورد؟






د. کوێستان گادانی

لە مێژووی نەتەوەکاندا، هەندێک ڕووداو تەنیا وەک بیرەوەرییەکی مێژوویی نامێننەوە، بەڵکوو دەبنە خاڵی وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی سیاسی و ئاراستەکردنی داهاتووی نەتەوەکان. کارەساتی ڤییەن و تێرۆری د. قاسملوو لەم جۆرە ڕووداوانەن. ڕووداوێک کە کاریگەرییەکەی هەر لە چوارچێوەی ئەو ساتە مێژووییەدا نەمایەوە و بووەتە بەشێک لە مێژووی هاوچەرخی

خەباتی نەتەوەیی کورد و سەرچاوەی پرسیارکردن لەسەر سنوور و توانای دیپلۆماسی، شێوازی خەبات و چارەسەری پرسی کورد لە ئێران.

بە تێپەڕبوونی نزیکەی چوار دەیە، ئەو ژینگە سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکییەی تیۆری ڤییەن تێیدا ڕووی دا، بە تەواوی گۆڕاوە. قەیرانەکانی بەردەوامی ڕێژیمی ئێران، گۆڕانی هاوکێشەی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەرکەوتنی ئەکتەرە نوێیەکان و گواستنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ جیهانێکی چەندجەمسەری، بارودۆخێکی نوێیان دروست کردووە کە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە. لەبەر ئەوە، ئەو کارەساتە نابێت تەنیا وەک بەشێک لە مێژوو بخوێندرێتەوە، بەڵکوو دەبێت وەک سەرچاوەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ستراتیژیی ئێستا و داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لێی بڕوانرێت.

بنەمای ئەم وتارە ئەو تێڕوانینەیە کە چارەنووسی بزووتنەوە نەتەوەییەکان تەنیا بە قوربانیدان، هەڵچوون یان بیرەوەریی مێژوویی دیاری ناکرێت، بەڵکوو بە توانایان بۆ گواستنەوەی ئەزموونی مێژوویی بۆ ستراتیژی، دامەزراوەسازی و بڕیاری سیاسی دیاری دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم وتارە هەوڵ دەدات ڤییەن لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و ناوچەکە بخوێنێتەوە و بپرسێت: وانەی ستراتیژیی ئەو ڕووداوە بۆ داهاتووی بزووتنەوەی کورد چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، وتارەکە سەرەتا وانە سیاسی و ستراتیژییەکانی ڤییەن شی دەکاتەوە، دواتر هەلومەرجی ئێستای ئێران و گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە هەڵدەسەنگێنێت، و لە کۆتاییدا هەوڵ دەدات چوارچێوەیەکی فیکری بۆ ستراتیژیی داهاتووی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بکات.

## ئێرانی ئێستا و قەیرانی دەسەڵات

ئەگەر ڕێژیمی ئێران بۆ ساڵانێک توانیبووی ڕووخساری دەوڵەتێکی پێشکەوتوو لە بەکارهێنانی هێزی ئەمنییەتی و سیاسەتی توند بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی لەخۆی بە جیهان بنوێنێت، ئێستا دوای نزیکەی چوار دەیە، دەسەڵاتی خۆداسەپێن لە بارودۆخێکدایە کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر بە قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆیەوە سەرقاڵە. ئەم گۆڕانە تەنیا بە تێپەڕبوونی کات پێناسە ناکرێت، بەڵکوو بە گۆڕانی سروشتی قەیرانەکان و لاوازبوونی توانای سیستەم بۆ بەڕێوەبردنیان پێناسە دەکرێت. ئەگەر لە هەشتاکاندا ئێران زیاتر هێزی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکان پیشان دەدا، ئەمڕۆ سەرەکیترین تاقیکردنەوەی لە نێوخۆی وڵاتدا خۆی دەنوێنێت.

ئێران هەنووکە هاوکات لەگەڵ چوار قەیرانی بنەڕەتی بەرەوڕوویە: قەیرانی ئابووری، قەیرانی دامەزراوەیی، قەیرانی

متمانەی کۆمەڵایەتی و قەیرانی ناسنامەی سیاسی. کۆبوونەوەی ئەم قەیرانانە نیشانەی ئەوەیە کێشەکە هەر قەیرانی بەڕێوەبردن نییە و قەیرانی مۆدێلی حوکمڕانیشە. مۆدێلێک کە لە وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی کۆمەڵگەدا سنووری خۆی نیشان داوە.

لە بواری ئابووریدا هەڵکشانی نرخەکان، لاوازبوونی تمەن، بێکاری و کەمبوونی وەبەرهێنان، ئاستی ژیانی بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی دابەزاندووە. بەڵام گرنگتر لە خودی ئەم کێشانە ئەوەیە ناڕەزایەتیی ئابووری بە ناڕەزایەتیی سیاسی گۆڕاوە. ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە هەر شەپۆلێکی ناڕەزایەتی، لە پشت کێشە ئابوورییەکانەوە، پرسی متمانەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دەورووژێنێت.

لە بواری سیاسیشدا، سیستەم لەگەڵ قەیرانێکی تر بەرەوڕووە واتە قەیرانی نوێکردنەوەی خۆی. پرسی جێنشینیی ڕێبەر، ناکۆکیی نێو دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان، ململانێی نێوخۆیی ئیلیتی حوکمڕان و کەمبوونی توانا بۆ بەرهەمهێنانی ڕەزامەندی، هەموویان نیشانەی ئەوەن کە سیستەم زیاتر خەریکی پاراستنی خۆیەتی هەتا پێشکەشکردنی وێنایەکی نوێ بۆ داهاتوو.
لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو. ئەو بزووتنەوەیە هەر ناڕەزایەتییەکی کاتی نەبوو و سەلماندی نەوەی نوێ لە ئێران تێگەیشتنێکی جیاوازی لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت، ئازادی و هاونیشتمانی هەیە. هەروەها، ئەم بزووتنەوەیە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دووبارە خستە ناوەندی گفتوگۆی سیاسی، چونکە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە کوردستانەوە بووە زمانێکی جیهانی بۆ بانگەوازی ئازادی. ئەم ئەزموونە هەروەها نیشانی دا کە پرسی کورد لە ئێران ناتوانێت بە جیا لە پرسی دیموکراسی و مافی هاونیشتمانی چارەسەر بکرێت. بۆ بزووتنەوەی کورد، ئەم بارودۆخە دەرفەتە و تاقیکردنەوەیشە.

دەرفەتە، چونکە لاوازبوونی دەسەڵات دەتوانێت بوار بۆ گۆڕان و گفتوگۆی نوێ بکاتەوە. تاقیکردنەوەشە چونکە مێژوو پێمان دەڵێ قەیرانی دەوڵەت بەخۆی نابێتە سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن. سەرکەوتن دەبێتە بەشی ئەو هێزانەی پێش قۆناغی گۆڕان، خۆیان لە ڕووی فکری، دامەزراوەیی و ستراتیژییەوە ئامادە کردبێت.

لەبەر ئەوە، ستراتیژیی حیزبی دیموکرات نابێت تەنیا لەسەر چاوەڕوانیی لاوازبوونی دەسەڵاتی ئێران بنیات بنرێت و پێویستە لەسەر ئامادەکاریی سیاسی، یەکریزیی نەتەوەیی، دامەزراوەسازی و دیپلۆماسیی کاریگەر دابمەزرێت. مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییە گەورەکان سەلماندوویەتی ئەو هێزانە سەرکەوتوون کە لە کاتی قەیراندا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە کردووە.

## گۆڕانکارییەکانی ناوچە و ژێئۆپۆلیتیکی نوێ

ئەگەر قەیرانی نێوخۆیی ئێران یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی بێت، ئەوە گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هۆکاری دووەمن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر داهاتووی پرسی کورد داناوە. لە جیهانی ئێستادا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ناتوانێت ستراتیژیی خۆی تەنیا لەسەر هەلومەرجی نێوخۆ بنیات بنێت چونکە زۆرجار گۆڕانە گەورە سیاسییەکان لە هاوکێشەی هێزی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئامادە دەکرێن.

کاتێک د. قاسملوو لە ڤییەن تیرۆر کرا، ناوچەکە هێشتا لەژێر کاریگەریی جەنگی سارد و سیستەمی دوو جەمسەریدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەو هاوکێشەیە بەتەواوی گۆڕاوە. ڕووخانی ڕێژیم لە عێراق، دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، شەڕی سووریە، دەرکەوتنی هێزە کوردییەکان و پاشان شەڕی دژی داعش، هەموویان شوێنی کوردیان لە هاوکێشەی ئەمنییەتی ناوچەدا گۆڕیوە. کورد پێشتر زۆرجار وەک کێشەیەکی نێوخۆیی دەبینرا، بەڵام دوای ئەم گۆڕانکارییانە، بووە ئەکتەرێک کە زۆرێک لە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ناچار بوون لە هاوکێشەکانی خۆیاندا لەبەرچاوی بگرن.

هەروەها ئەزموونی شەڕی دژی داعش سەلماندی کە گرنگبوونی ستراتیژیک هەمیشە بە مانای پشتگیریی سیاسیی بەردەوام نییە. زلهێزەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بڕیار دەدەن، نەک بەپێی هاوسۆزی یان هاودەردی. بۆیە هەرجۆرە ستراتیژییەکی کورد کە هیوای سەرەکیی خۆی بە هاوپەیمانی دەرەکی ببەستێت، لە بنەڕەتدا لەگەڵ مەترسیی وابەستەبوون بەرەوڕوو دەبێتەوە.

**بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم ڕاستییە گرنگترە چونکە پرسی کورد لە ئێران لە خاڵی یەکگرتنی سێ بازنەی هێزدا ڕاوەستاوە:** سیاسەتی نێوخۆی ئێران، کێبڕکێی هەرێمی و بەرژەوەندیی زلهێزەکان. هەر گۆڕانێک لە تاران، ئەنکارا، بەغدا، واشینگتۆن یان برۆکسێل دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتدا هەبێت. ئەمە لە هەمان کاتدا هەم دەرفەت دروست دەکات و هەم مەترسی. دەرفەت چونکە پرسی کورد دەتوانرێت زیاتر بناسرێت. دیارە مەترسیش هەیە بەرژەوەندیی دەرەکی شوێنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بگرێتەوە.

بێگومان پرسیاری ستراتیژیی سەرەکی بۆ حیزبی دیموکرات ئەوە نییە کە کام هێزی دەرەکی دەتوانێت پشتیوانی بکات، بەڵکوو ئەوەیە چۆن دەتوانێت لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی ژێئۆپۆلیتیکدا سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بپارێزێت. ئەو هێزەی بتوانێت لەنێوان هاوکاریی نێودەوڵەتی و پاراستنی بڕیاری سەربەخۆ هاوسەنگی دروست بکات، لە

جیهانی چەندجەمسەریدا دەرفەتی زیاتر بۆ کاریگەری و مانەوە دەبێت.

لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، گەورەترین گۆڕانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە کورد ئێستا تەنیا بابەتی گفتوگۆ نییە و ئەکتەرێکی سیاسیی کاریگەرە. بەڵام ئەکتەربوون بەخۆی سەرکەوتن نییە؛ کاریگەریی هەر ئەکتەرێک بە توانایی ئەو لە دروستکردنی ستراتیژی، دامەزراوە و دیدێکی درێژخایەن پەیوەستە. لەبەر ئەوە، خوێندنەوەی ژێئۆپۆلیتیک بۆ پرسی کورد تەنها کارێکی تیۆری نییە و پێداویستییەکی ستراتیژییە.

## لە خەباتی نەتەوەیی بۆ ستراتیژیی نێودەوڵەتی

گۆڕانکارییەکانی سێ دەیەی ڕابردوو تەنها نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان نەگۆڕیوە، سروشتی خەباتی سیاسیشی گۆڕیوە. ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا هێزی سەربازی و خەباتی چەکداری زۆرجار یەکەمین ئامرازی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بوون، ئەمڕۆ هێزی سیاسی زیاتر بە توانای دامەزراوەسازی، دیپلۆماسی، کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و بەشداری لە بڕیارسازیی نێودەوڵەتی پێوانە دەکرێت. لەبەر ئەوە، جیهانی نوێ نەک هەر ئامرازەکانی خەبات، بەڵکوو پێوەرەکانی سەرکەوتنیشی گۆڕیوە.

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم گۆڕانە تەنیا هەر هەلێکی سیاسی نییە، پێویستییەکی ستراتیژییە. میراتی کۆماری کوردستان، خەباتی دوای شۆڕشی ١٣٥٨ و بیرکردنەوەی د. قاسملوو، سەرمایەیەکی مێژوویی و سیاسیی گەورەن و ئەم سەرمایەیە ئەگەر بە زمانی سیاسەتی ئەمڕۆ وەرنەگێڕدرێت، کاریگەرییەکەی سنووردار دەبێت. پاراستنی میراتی مێژوویی بە مانای دووبارەکردنەوەی ڕابردوو نییە، بە مانای نوێکردنەوەی ئەو بیرۆکانەیە لە گونجاندندا لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمڕۆ.

لە سەدەی بیست و یەکدا، دیپلۆماسی تەنها پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان نییە. پەرلەمانەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ناوەندە توێژینەوەییەکان، زانکۆکان، میدیای نێودەوڵەتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی ڕای گشتی و کاریگەری لەسەر بڕیارسازی. لەبەر ئەوە، دیپلۆماسیی گشتی و دیپلۆماسیی مەدەنی نابێت بە کارێکی لاوەکی سەیر بکرێت؛ دەبێت ببێتە یەکێک لە بنەماکانی ستراتیژیی درێژخایەن.

لە هەمان کاتدا، گواستنەوەی جیهان بۆ سیستەمێکی چەندجەمسەری واتای ئەوەیە کە هیچ زلهێزێک هاوپەیمانی هەمیشەیی

نییە. دەوڵەتان بەپێی بەرژەوەندییەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن و ئەم بەرژەوەندییانە بە گۆڕانی بارودۆخ دەگۆڕێن. بناغەی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات وەکو هەمیشە پاراستنی سەربەخۆیی لە بڕیاردانی سیاسی و پەرەپێدانی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەیە کە لەسەر بنەمای دێموکراسی، مافی مرۆڤ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان هاوبەشن.

جیهانی نوێ گوتارێکی نوێش داوا دەکات و گوتاری سیاسیی کورد نابێت تەنها لەسەر ستەملێکراویی مێژوویی بنیات بنرێت، هەرچەندە ئەو مێژووە بەشێکی گرنگی ناسنامەی خەباتە. ئەزموونی بزووتنەوە نەتەوەییە سەرکەوتووەکان نیشان دەدات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر گوێ لەو هێزانە دەگرێت کە جگە لە ڕەخنە، پرۆژەیەکی ڕوون بۆ داهاتووش پێشکەش دەکەن. لەبەر ئەوە، داواکاریی مافی نەتەوەیی دەبێت لەنێو دیدێکی فراوانتر بۆ دێموکراسی، دەوڵەتی یاسا، دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و پاراستنی فرەیی نەتەوەیی و زمانی و هەروەها پاراستنی قەڵەمڕەوی کوردستان لە ڕوودانی هەر ئەگەرێکدا پێشکەش بکرێت.

**لەم بارەیەوە، میراتی فکریی د. قاسملوو هێشتا تازەیە. قاسملوو باوەڕی وابوو کە مافی نەتەوەیی و دێموکراسی دوو پرۆژەی جیاواز نین، بەڵکوو دوو ڕووی یەک پرۆژەن.** ئەم تێڕوانینە هێشتا گرنگە، ئەو بزووتنەوانەی دەتوانن داواکاریی نەتەوەیی لەگەڵ بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ یەکبخەن، تواناتر دەبن لە بەدەستهێنانی هاوپشتیی نێودەوڵەتی و دروستکردنی هاوپەیمانیی درێژخایەن.

لە ئاستی نێوخۆشدا، هیچ دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو بەبێ بناغەیەکی بەهێزی نێوخۆ دروست نابێت. پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی کوردستان، هەروەها هێزە دێموکراتەکانی ئێران، تەنها تاکتیکێکی سیاسی نییە، بەڵکوو بەشێکی سەرەکیی ستراتیژیی درێژخایەنە. هێزێک کە نەتوانێت لە نێوخۆدا متمانە و هاوکاری دروست بکات، لە ئاستی نێودەوڵەتیش بە زەحمەت دەتوانێت هاوپەیمانییەکی جیددی بەدەست بهێنێت.

**لە کۆتاییدا،**

**جیهانی نوێ دوو ڕێگا لە بەردەم حیزبی دێموکرات دادەنێت:** یان لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ڕابردوودا بمێنێتەوە و چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکان بێت، یان ببێتە بەشێکی کاریگەر لە دروستکردنی ئەو گۆڕانکارییانە. هەڵبژاردنی یەکەم مانەوە دابین دەکات، بەڵام هەڵبژاردنی دووەم دەتوانێت پێگەیەکی مێژوویی نوێ بۆ بزووتنەوەی کورد دروست بکات.

## لە بیرەوەریی ڤییەنەوە بۆ پرۆژەی داهاتوو

دوای نزیکەی چوار دەیە، ڤییەن تەنیا بیرئانینەوەی ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاراستەی خەباتی کورد. ئەگەر قەیرانی ئێران، گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکان و گواستنەوەی جیهان بۆ سیستەمێکی چەندجەمسەری ژینگەیەکی نوێیان دروست کردبێت، ئەوا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات چۆن دەتوانێت لەم ژینگە نوێیەدا ستراتیژییەکی گونجاو و کاریگەر بنیات بنێت.

**یەکەم شت؛** نوێکردنەوەی شێوازی بیرکردنەوەیە، نەک گۆڕینی بنەماکان. ئەزموونی بزووتنەوە نەتەوەییە سەرکەوتووەکان نیشان دەدات ئەو هێزانەی مێژوویان پاراستووە و لە هەمان کاتدا ئامراز و شێوازی کارکردنیان لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم گونجاندووە، توانیویانە بەردەوامی و کاریگەری خۆیان بپارێزن. بۆ حیزبی دێموکرات، ئەمە واتای ئەوەیە کە پاراستنی مافی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردی دەبێت هاوشانی دامەزراوەسازی، دیپلۆماسی، میدیا، توێژینەوە و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بڕوات. ئەمانە جێگرەوەی یەکتر نین، تەواوکەری یەکترن.

**دووەم؛** حیزبی دێموکرات پێویستی بە پرۆژەیەکی ڕوون بۆ داهاتووی ئێران هەیە. مێژووی هاوچەرخی ئێران نیشانی داوە کە قەیرانی دەسەڵات بەخۆی گۆڕان بەرهەم ناهێنێت، مەگەر ئەوەی هێزە جێگرەوەکان بتوانن وێنایەکی باوەڕپێکراو بۆ داهاتوو پێشکەش بکەن. بۆیە، داواکاریی مافی نەتەوەیی دەبێت لەنێو پرۆژەیەکی فراوانتر بۆ دێموکراسی، دەوڵەتی یاسا، دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و پاراستنی فرەیی نەتەوەیی و زمانی پێشکەش بکرێت. ئەو کاتە پرسی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتیش مانا دەدۆزێتەوە.

**سێیەم؛** یەکڕیزیی نیشتمانی دەبێت ببێتە بناغەی هەر ستراتیژییەکی داهاتوو. مێژووی بزووتنەوەی کورد بەردەوام نیشانی داوە کە زۆرێک لە هەلە مێژووییەکان بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆییەوە لەدەست چوون. یەکڕیزی بەمانای یەکدەنگیی سیاسی نییە، بە مانای دروستکردنی هاوڕێیی لەسەر ئامانجە نیشتمانییە هاوبەشەکانە. هێزێک کە لە نێوخۆدا نەتوانێت هاوکاریی و متمانە دروست بکات، لە دەرەوەش بە زەحمەت دەتوانێت هاوپشتیی درێژخایەن بەدەست بهێنێت.

**چوارەم؛** سەرمایەی مرۆیی و نەوەی نوێ دەبێت لە ناوەندی ستراتیژیی داهاتوودا بن. ئەمڕۆ نەوەیەکی نوێ لە نێوخۆی کوردستان و دیاسپۆڕادا هەیە کە لە بواری زانکۆ، توێژینەوە، تەکنەلۆژیا، میدیا و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا ئەزموونی

**٣٧ ساڵە**

جیاوازی هەیە. ئەگەر ئەم توانایە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە خزمەتی پڕۆژەی نەتەوەییدا بەکار بهێنرێت، دەتوانێت هەم سەرمایەی فکری و هەم پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد زیاد بکات.

**پێنجەم؛** دیپلۆماسی دەبێت لە تاکتیکێکی وەرزی بگۆڕدرێت بۆ بەشێکی هەمیشەیی ستراتیژی. جیهانی ئەمڕۆ تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان کورت نابێتەوە؛ پەرلەمانەکان، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، زانکۆکان، ناوەندە توێژینەوەییەکان، میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی بڕیار و ڕای گشتی. لە هەمان کاتدا، دەبێت سنوورێکی ڕوون لەنێوان هاوکاری و وابەستەییدا بپارێزرێت، چونکە مێژووی کورد نیشانی داوە بەرژەوەندیی دەوڵەتان دەگۆڕێت، بەڵام بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبێت جێگیر بمێنێت.

**٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# بایەخی منداڵان لای شەهید دوکتور قاسملوو





حەمەڕەسووڵ کەریمی

لەسەر شەهید دوکتور قاسملوو، وتار و بابەتگەلی جۆراوجۆر نووسراون، و لە زۆر ڕەهەندەوە لە لایەن شارەزایانی سیاسی و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و کەسایەتییە دیارەکانی کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت بیانییەکانەوە ئاوڕ لە ڕوانگە و بایەخە فکرییەکانی ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکەی کورد کراوە.

لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئەندیشەکانی ڕێبەری شەهید، لە سەر زمانزانی، کاری سیاسی، دیپلۆماسی،

## ٣٧ ساڵە

ئابوورییەکانی، کەسایەتیی شەخسی و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە، بوێری، کەسایەتیی کاریزماتیک، پرسی ژنان و لاوان و ڕوانینی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و زۆر بواری دیکە بە سەدان وتاری گرینگ نووسراون و بە سەدان کۆبوونەوە و سیمیناری سیاسی لە سەر کەسایەتی و بیروباوەڕی شەهید دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوون و تێزی دوکتورا لە سەر ئەو زاتە وەرگیراوە و بە چەندین کتێبی گرینگ بە چەند زمانی جیهانی لە سەر نووسراون. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمهەوێ لە سەری بنووسم، خۆشەویستی و بایەخی منداڵان لە لای شەهید دوکتور قاسملوویە. شەهید قاسملوو بە کردەوە نیشانی دابوو کە دەتوانێ لەگەڵ منداڵان بە زمانی منداڵان بدوێ، لەگەڵ لاوان و گەورەساڵان و کچ و ژنان و سیاسەتمەدار و ئەدیب و نووسەر و هونەرمەند و شاعیران بە زمانی خۆیان بدوێ، لە شایی و خۆشی و ناخۆشییەکاندا گرینگی بە هەموو ئەو توێژانە بدا کە لە کۆڕیاد، یا لە دەوروبەری کۆ دەبوونەوە.

کۆمەڵگەی منداڵان لە گوند و لەنێو بنکە و بارەگاکاندا بۆ شەهید قاسملوو گرینگییەکی تایبەتیی هەبوو. ئەو هەوڵی دەدا لەگەڵ ئەوەدا ڕێبەری حیزبێکی لە حاڵی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکدارییە، لە هەمان کاتدا لە هیچ یەک لە توێژەکانی کۆمەڵگەش خافڵ نەبێ، هەر بۆیەش لەگەڵ دروستکردنی هەر بنکە و بارەگایەک و شوێنی حەوانەوەی بنەماڵەکانی نێو شۆڕش، بۆ پاراستنی گیانی هەموو لایەک و بە تایبەت ژن و منداڵەکان، هەوڵی دەدا کونەتەیارە بۆ پاراستنیان لە هێرشە بەردەوامەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات دروست بکات؛ هەوڵی دەدا بەپێی ئیمکان قوتابخانە و کتێبخانە، نەخۆشخانە و شوێنی یاری بۆ منداڵان و بۆ گشت لایەک دابین بکات.

شەهید دوکتور قاسملوو لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک ئامادە بوایە، هەوڵی دەدا هەموو لایەک ببینێ و بە تایبەتتر منداڵانی بەشدار لە ڕێوڕەسم و بۆنەکاندا. شەهید قاسملوو لە هەموو حاڵەتەکاندا لەگەڵ منداڵەکە بە زمانی خۆیان دەدوا، پرسیاری خوێندن و چۆنیەتیی ژیان و شێوەی ڕوانینی منداڵەکانی لە ئاست پۆلی خوێندن، یارییەکان لێ دەکردن و بە پرسیاری ناوی دایک و باوک و خوشک و براکانیشیان دەیدواندن. دواندنی منداڵان و لە ئامێز گرتنیان، دەست بە سەرداهێنان و پێکەنین و بزەی شەهید دوکتور قاسملوو، باری ڕوحی و دەروونیی منداڵەکانی بەرز دەکردەوە و سەردانی قوتابخانەی شۆڕش و پێڕاگەیشتن بە پرسی خوێندن و بەڕێچوونیان بە بایەخێکی گرینگ لە ژیانی ڕۆژانەی دادەنا. کەم نین ئەو منداڵانەی ئێستا گەورە بوون و خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و دەیان بیرەوەریی خۆشی لەو چەشنەیان لە شەهیدی مەزن هەیە. وێنەکانی ڕێبەری شەهید سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە، چەندە گرینگی بە منداڵانی نێو شۆڕش داوە و هەوڵی داوە نەهێڵێ منداڵان ببنە سووتەمەنی شۆڕش. لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەوڵی دا شوێنی ژیانی بنەماڵەکان و منداڵەکان دوورتر لە بنکە و بارەگای دەفتەری سیاسی بن، هەوڵی دا ئەگەر ئیمکانتیش بۆ حیزبی دێموکرات کەم بێ، نەهێڵێ کە منداڵانی شۆڕش لەوە بێنازتر بن کە نەتوانن وەک منداڵ چێژ لە منداڵیی خۆیان و قوتابخانە وەر بگرن.

**٣٧ ساڵە**

**ئەو خەسڵەتە کردارییەی ڕێبەری شەهید،**

**تەنیا نێو بنکە و بارەگاکانی نەدەگرتەوە، بەڵکوو لە دەرەوەی وڵاتیش لە هەر بۆنە و کۆبوونەوە بوایە و ئەگەر منداڵی لێ بایە، هەوڵی داوە لە تەنیشت خۆی دایبنێ، بە ڕاوێژی شیرینی خۆی منداڵەکە بدوێنێ و بەوەش فێری دەکردین کە منداڵان وەک سەرمایەی بەنرخی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبێ گرینگیی تایبەتییان پێ بدرێ.**

**٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# د. قاسملوو، کوردبوون و ئێرانیبوون





**د. مەجید حەقی**

پرسیارێک کە تا ئێستا زۆر کەس کردوویانە و لێرە و لەوێش دەگوترێ دەکەمە دەروازەی کردنەوەی باسێک: دکتۆر قاسملوو کە بڕوای بە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" هەبوو و خۆی لە هەموو ئێرانییەک بە ئێرانی‌تر دەزانی، داخۆ ئەگەر ئەمڕۆ زیندوو بوایە، ئەم دروشمانەی ئێستای کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەک فیدڕالیزم، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت سەربەخۆیی بۆی قبووڵ دەکرا؟

**وڵامەکەی ڕوونە:** بەڵێ! چونکی بۆ دکتۆر قاسملوو پرسی نەتەوەیی پرسێکی نەگۆڕ و ڕاوەستاو نەبوو، بگرە پرسێکی

سیاسیی زیندوو و لە حاڵی گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامدا بوو. قاسملوو ڕێبەرێکی ئاسۆبین بوو؛ مرۆڤێک نەبوو لە قاوغی دروشمێکی سەردەمی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵکوو بۆ دواڕۆژ خاوەنی بەرنامە و پرۆژەی ستراتیژیی گەورەتر بوو.

"کوردستان و کورد"، تێزی دکتۆراکەی دکتۆر قاسملوو باشترین بەڵگە بۆ ئەوەیە. ئەم تێزە لە دەیەی ١٩٦٠دا نووسراوە؛ سەردەمێک کە جیهان لە گەرمەی شەڕی سارددا بوو و دکتۆر قاسملووش خۆی لە چێکۆسلۆڤاکیا دەژیا، وڵاتێکی سۆسیالیستیی سەر بە پەیمانی وەرشۆ و لەژێر هێژمۆنی و سێبەری توندی یەکیەتیی سۆڤیەتدا. لەو سەردەمەدا کە بلۆکبەندییەکان ڕێگەیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی دەوڵەتاندا نەدەدا، قاسملوو لەو کتێبەدا پێشنیاری "کۆنفدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" دەکات، بە شێوەیەک کە فیدراسیۆنی کوردستان ببێتە بەشێک لەو یەکیەتییە گەورەیە؛ شتێک هاوشێوەی ئەم مۆدێلەی "یەکیەتیی ئورووپا"ی ئەمڕۆ. ئەمە پێمان دەڵێت کە لە ڕوانگەی تیۆریی پێکهاتەی دەسەڵاتەوە، قاسملوو هەر لەو سەردەمەوە لە سێبەری "خودموختاری" تێپەڕیبوو و لە ئاستی ستراتیژیدا بیری لە مۆدێلی باڵاتری وەک فیدراڵیزم و کۆنفدراسیۆن دەکردەوە.

لە زانستی سیاسیدا، خودموختاری مۆدێلێکی ناوەندتەوەرە کە تێیدا دەسەڵاتی سەرەکی لای ناوەندە و بەشێک لەو دەسەڵاتە بۆ گرووپێک - نەتەوەیی، ئایینی، ئیداری - جێ دەهێڵێت. بەڵام فیدراڵیزم و کۆنفدراسیۆن لەسەر بنەمای هاوبەشیی لە سەروەریدا بونیاد دەنرێن. قاسملوو چل ساڵ پێش گەشەکردنی ئەم چەمکانە لە ناوچەکەدا، لەو پێویستییەی گۆڕانی پێکهاتەی هێز گەیشتبوو و چارەسەریشی بۆی هەبوو.

دوای ئەوەی دکتۆر قاسملوو بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی ١٨ ساڵ سکرتێریی خۆیدا، ستراتیژیەتێکی پشتبەستوو بە "کۆنگرە بە کۆنگرە نوێگەرایی" لەنێو حیزبدا پەیڕەو کرد. لە ڕوانگەی تیۆریی پەرەسەندنی سیاسییەوە، حیزب و ڕێکخراوەکان ئەگەر توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی سەردەمدا نەبێت، تووشی چەقبەستوویی و مەرگی سیاسی دەبن و قاسملوو ئەمەی باش دەزانی.

گرنگترین هەنگاوی ئەو لەم قۆناغەدا ئەوە بوو حیزبی دێموکرات و پرسی کوردی لە حیزبی توودەی ئێران جیا کردەوە و سەربەخۆیی سیاسیی ئەو حیزبەی مسۆگەر کرد. ئەمە تەنیا گۆڕانکارییەکی تەشکیلاتی نەبوو، بگرە لە ڕووی تیۆرییەوە بە واتای جیاکردنەوەی پرسی کورد بوو لە پرسی گشتیی ئێران. ئەو سەلماندی کە پرسی نەتەوەیی کوردستان دۆسیەیەکی تایبەت و سەربەخۆیە و نابێت بکرێتە پاشکۆی کێشە نێوخۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یان ناوەند.

## ٣٧ ساڵە

هەر لەم ڕەوتی نوێگەراییەدا، ئەو لە پێوەندی لەگەڵ دوارۆژی کوردستاندا پێشنیاری مۆدێلی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"ی کرد. کاتێک سەیری نامیلکەی "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک" دەکەین، ئەو زۆر بە جوانی و وردی شی دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکیی ئەم کورتەباسە و ئەم مۆدێلە، لە بنەڕەتدا "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"ە. ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو پڕۆژەیەکی تایبەت و سەربەخۆی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای داهاتووی کوردستان لە مێشکدا بوو.

پرسی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەو کاتەی کە دکتۆر قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی دەکرد، جارێ پرسی نەتەوەیی بەم شێوەیەی ئەمڕۆ نەببووە پرسێکی جەماوەریی سەرانسەری لە ناو هەموو ماڵ و کۆڵانێکی کوردستاندا. ئەوکات و بەر لە قاسملووش، پرسی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، زیاتر پرسێکی پێوەندیدار بە ئێلیتی سیاسی، سەرکردە حیزبییەکان و کەمایەتییەکی بچووکی ڕۆشنبیری لە نێوخۆی بژاردەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. بەڵام دینامیزمی مێژوو نەوەستا.

ئێستا بارودۆخەکە بەتەواوی گۆڕاوە. پرسی کورد بە شێوەیەکی یەکسان و هاوتەریب لە هەموو بەشەکانی کوردستان گەشەی کردووە و بووەتە پرسێکی جەماوەریی قووڵ. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی وشیاریی نەتەوەییەوە گەیشتووەتە لووتکە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕاستییە، لە نەورۆزی خاکیپۆشاندا (ساڵی ٢٧٢٥ی کوردیدا) خۆی نیشان دا؛ کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوازێکی بێوێنە، یەکگرتووانە و مەدەنی هاتنە مەیدان و نیشانیان دا کە بە شێوەیەکی گشتی خوازیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن. کاتێک خواستێک لە چوارچێوەی ئێلیت دەردەچێت و دەبێتە خواستێکی جەماوەریی سەرانسەری، سەقفی داواکارییە سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی لۆژیکی بەرز دەبێتەوە.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەرێکی لێهاتوو، هەمیشە پەیڕەوی لە ستراتیژیەتی "واقیعبینیی سیاسی" دەکرد. ئەو باش دەیزانی کە دروشمە سیاسییەکان ئامرازی جووڵەی سیاسین نەک دەقی پیرۆز و نەگۆڕ. ڕاستییە سیاسییەکان، هاوسەنگیی هێز، جیۆپۆلیتیک و دۆخی ئابووری و ناوچەیی و ناونەتەوەییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە دروشم و ئامانجی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد بەپێی سەردەم بگۆڕدرێن.

لە سەردەمی دکتۆر قاسملوودا، جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و جیهان ڕێگەی بە دروشمێکی گەورەتر لە خودموختاری نەدەدا. سیستەمی دووجەمسەری هۆشیار بوو لە پاراستنی سنوورەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هیچ جۆرە خواستێکی نەتەوەیی قبووڵ نەدەکرد. بۆیە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران" تاکە کلیل بوو بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و ناساندنی دۆسیەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

## ٣٧ ساڵە

بەڵام ئەمڕۆ واقیعە جیۆپۆلیتیکییەکان گۆڕاون. پێگەی نێودەوڵەتیی کورد بەهێزتر بووە، دەوڵەتی ناوەندی لە ئێراندا شەرعیەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی لەدەست داوە، و لە سەرووی هەمووشیانەوە کۆمەڵگەی کوردستان لە قۆناغی نەتەوەبووندا پێ گەیشتووە. لە ژێر تیشکی ئەم گۆڕانکارییانەدا، گۆڕانی دروشمەکان بۆ فیدڕالیزم و سەربەخۆیی، نەک لادان نییە لە ڕێبازی قاسملوو، بگرە درێژکراوەی سروشتیی فیکری پوویای ئەوە.

بۆیە ئەمڕۆ دکتۆر قاسملوو زیندوو بوایە، نەک هەر نەیار یاخود دژبەری دروشمەکانی هاوچەرخی گەلەکەمان نەدەبوو، بەڵکوو بەهۆی پێگە ئەکادیمی، سیاسی و دیپلۆماسییە ناوازەکەی خۆیەوە، دەبووە یەکێک لە داڕێژەرانی سەرەکیی تیۆریی ڕزگاریخوازیی قۆناغی نەتەوەسازی و بەنەتەوەبوونی خەڵکی کوردستان.

**ئەو دەبووە ئەندازیاری چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە یاسا و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا.**

**قاسملوو فێری کردین کە سیاسەت زانستی فێربوون و گۆڕانکارییە لەپێناو گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوایەتی، و ئەمڕۆش ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی یەکگرتووانە لەسەر هەمان ڕێبازی پەرەسەندوو هەنگاو دەنێت.**

١٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

---

# مێژوویەکی زیندوو لە دیپلۆماسیی مۆدێرن؛ د. قاسملوو چۆن دۆزی کوردی لە شاخەوە گواستەوە بۆ ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهان؟





شەماڵ تەرغیبی

## پێشەکی:

گۆڕینی پارادایمی خەبات بۆ چەندین دەیە، ناسنامەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە پلان و پیلانی زلهێزە ناوچەییەکان و تا ڕادەیەکیش زلهێزە بانناوچەییەکان لە چوارچێوەی "یاخیبوونی نێوخۆیی" یان "قەیرانی ئەمنیی دەوڵەتە

سەروەرەکاندا" قەتیس خرابوو. گوتاری باڵادەست یان زاڵی خەبات، زیاتر زمانێکی چەکداری، ناوخۆیی و سنووردار بوو بەو جوگرافیایەی کە شەڕەکەی تێدا بەڕێوە دەچوو؛ بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، دەرکەوتنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک سەرکردە و ڕێبەرێکی ئەکادیمیست، پارادایمی خەباتی کوردی لە ڕەهەندێکی نەریتی و لاساییکەرانەوە گۆڕی بۆ پرۆسەیەکی دینامیکی نوێ کە ئەمڕۆ لە زانستی سیاسیدا پێی دەگوترێت "بەنێودەوڵەتیکردنی دۆز."

د. قاسملوو تێگەیشت کە لوولەی تفەنگەکان بەبێ زمانی دیپلۆماسی و گوتاری هاوچەرخ ناتوانن شەرعییەتی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن. ئەم نووسینە شیکارییەکی ڕۆژنامەوانییە لەسەر ستراتیژی دیپلۆماسیی ئەو ڕێبەرە مەزنە و ڕەنگدانەوەی میراتەکەی لەسەر هاوکێشەکانی ئێستای کوردستان، بە سەرنجخستنە سەر هەرێمی کوردستانی باشوور.

## ١- قوتابخانەی قاسملوو؛

دۆزی کورد بە زمانی جیهانی کاتێک د. قاسملوو لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەکرد، جیهان لەنێو جەرگەی شەڕی سارد و ململانێی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بوو. لەو سەردەمەدا، زۆربەی بزووتنەوە چەپ و شۆڕشگێڕەکان زمانی دروشمە ڕادیکاڵەکانیان بەکاردەهێنا، بەڵام د. قاسملوو بەهۆی پاشخانە ئەکادیمی و زانستییەکەی لە بواری ئابووریدا لە پراگ، زمانێکی جیاوازی دۆزییەوە کە دەتوانین ناوی بنێین: "زمانی گشتگیر."

ئەو پرسی کوردی لە داواکارییەکی عەشیرەییی یان لۆکاڵییەوە گۆڕی بۆ چەمکگەلێک کە مێشکی مرۆڤی ڕۆژئاوایی و ناوەندە دیموکراتەکانی دەبزووت؛ چەمکگەلێکی وەک: دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس. دروشمی مێژووییەکەی ئەو، واتە "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"، تەنیا دروشمێکی نێوخۆیی نەبوو، بەڵکوو پەیامێک بوو بۆ جیهانی دەرەوە کە کورد پرۆژەیەکی سیاسیی مۆدێرنی پێیە بۆ پێکەوەژیان و دیموکراتیککردنی ناوچەکە، نەک پارچەپارچەکردنی وڵاتان لەسەر بنەمای نەتەوەیی توندڕەو.

## ٢- پێشەنگایەتیی مێژوویی: یەکەمین پردی دیپلۆماسی نێوان شاخ و ئۆرووپا؛

شیکارییە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە دوکتور قاسملوو یەکەمین سەرکردەی کورد بوو کە توانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کەسایەتییە سیاسییە بڕیاردەرەکان و ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی جیهان لەگەڵ دۆزی کورد ئاشنا بکات؛ هەم لە ڕۆژهەڵات و

هەم لە باشووری کوردستان. ئەو هەر لۆبیی تەنیا بۆ یەک پارچە نەدەکرد، بەڵکوو دۆسیەی کوردی وەک یەکەیەکی نەتەوەیی و مرۆیی دەگەیاندە ناوەندەکانی ئەورووپا.

**ستراتیژیی د. قاسملوو بۆ ئەم بەنێودەوڵەتیکردنە لەسەر سێ تەوەری سەرەکی کاری دەکرد:**

**– دیپلۆماسیی حیزبی و دەروازەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست:** دوکتور قاسملوو وەک یەکەمین سەرکردەی کورد توانی حیزبی دێموکرات بکاتە ئەندام لە ڕێکخراوی جیهانیی "ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست". ئەمە وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، چونکە لە ڕێگەی ئەم دەروازەیەوە، نەک هەر حیزبەکەی خۆی، بەڵکوو لە قۆناغەکانی دواتریشدا ڕێگەی خۆش کرد بۆ ناساندن و بەئەندامبوونی باقی هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان (بەتایبەت لە باشووری کوردستان) لەم ناوەندە جیهانییە گەورەیەدا. ئەم هەنگاوە ناسنامەیەکی فەرمی بە پارتە کوردییەکان بەخشی لە جیهانی سۆسیال دێموکراتی نێودەوڵەتیدا.

**– بەکارهێنانی میدیای نێودەوڵەتی:** قاسملوو بەهۆی لێهاتوویی لە قسەکردن بە چەندین زمانی زیندوو (وەک فەڕەنسی، ئینگلیزی، چێکی، عەرەبی و فارسی)، دەبووە جێی سەرنجی ڕۆژنامەنووسانی بیانی و دیمانەکانی لەگەڵ میدیا گەورەکانی وەک "لومۆند" و "بی بی سی" هاوکاری سەرەکی بوون لە تێکشکاندنی گۆشەگیریی میدیایی کورد.

**– بونیادنانی "هێزی نەرم":** دوکتور قاسملوو وەک دیپلۆماتکارێکی بلیمەت و زانایەکی ڕووناکبیر، پێشەنگ بوو لە ناساندن و بەکارهێنانی چەمکی "هێزی نەرم" لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە چەکی پێشمەرگە لە کاتێکدا دەتوانێت بەرزترین کارایی هەبێت کە لە پشتەوە پاڵپشتییەکی فیکری، کولتووری و دێموکراتیکی لەگەڵ بێت. لەم سۆنگەیەوە، د. قاسملوو لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان و لە دیدارەکانیدا لەگەڵ میدیا و سەرکردەکانی جیهان، هەمیشە جەختی لەسەر وێنەی شارستانی، مێژووی پڕ لە لێبوردەیی و گوتاری ئاشتیخوازانەی گەلی کورد دەکردەوە. ئەو بە لێهاتوویی خۆی توانی ئەو چەواشەکارییە ڕەش و تەمومژاوییە بشکێنێت کە داگیرکەران دەیانویست لە خەباتی ڕەوای کوردی بدەن. بەکارهێنانی ئەم هێزە نەرمە و پێشکەشکردنی دروشمی پێشکەوتنخوازانەی وەک "دێموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"، دوکتور قاسملوو توانی هاودەنگییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی لە ئاستی ڕای گشتیی ئەورووپا و جیهاندا بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ڕابکێشێت و ناوی پێشمەرگە وەک پارێزەری ئاشتی و مرۆڤایەتی لە مێژوودا تۆمار بکات.

### ٣- گواستنەوەی پێوەندیی شەخسی بۆ تۆڕی پاڵپشتی

کارامەیی د. قاسملوو لەوەدا بوو کە توانی پەیوەندییە شەخسی و دیپلۆماتییەکانی بکاتە هێزێکی دینامیک بۆ پشتگیریکردنی کورد.

**لە ڕێگەی گوتارە ڕوون و مرۆڤدۆستانەکەیەوە، چەندین کەسایەتی و ڕێکخراوی گەورە بوونە دەنگی ڕەوای کورد لە جیهاندا، وەک:**

– **خاتوو دانیال میتێران** (Danielle Mitterrand) هاوسەری سەرۆککۆماری پێشووی فەڕەنسا، کە لە ڕێگەی پەیوەندیی فیکری و دۆستایەتیی قووڵی لەگەڵ د. قاسملوودا، بووە پاڵپشتێکی سەرەکی بۆ پرسی کورد.

- **بێرنارد کۆشنەر** (Bernard Kouchner) پزیشک و سیاسەتمەداری ناوداری فەڕەنسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی "پزیشکانی بێ سنوور (MSF)" کە دواتر بووە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا. ئەو لەژێر کاریگەریی ئەندێشە و کەسایەتیی د. قاسملوودا، چەندین جار سەردانی کوردستان (هەم باشوور و هەم ڕۆژهەڵات)ی کرد بۆ گەیاندنی هاوکاریی پزیشکی و گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان.

– **کریس کۆچێرا و هاوسەرەکەی** (Edith & Chris Kutschera / Tissot) ڕۆژنامەنووس، وێنەگر و مێژوونووسە بەناوبانگە فەڕەنسییەکان، کە لە ڕێگەی د. قاسملووەوە ئاشنای جوگرافیای شۆڕش بوون و کتێب و ڕاپۆرتە مێژووییەکانیان بوونە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە ڕۆژئاوا.

– **د. بێرنارد گرانژۆن** (Bernard Granjon) سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی "پزیشکانی جیهان" کە ئەویش پاڵپشتێکی مرۆیی و میدیایی گەورەی بۆ بزووتنەوەی کورد دابین کرد.

**– دەیان کەسایەتیی سیاسی، ئاکادیمی، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکە.**

### ٤- هەرێمی کوردستان؛ بەرهەمی لۆبیکردن و قەڵغانی نێودەوڵەتیگرنگترین و کۆنکرێتترین ڕەنگدانەوەی هەوڵە

دیپلۆماتییەکانی د. قاسملوو، لە دروستبوون و پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەردەکەوێت. کاتێک

**٣٧ ساڵە**

لە ساڵی ١٩٩١دا، ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کۆڕەوی میلیۆنی لێ کەوتەوە و هەڕەشەی ژێنۆسایدی دووبارەی ڕێژیمی بەعسی هاتە سەر، ئەو تۆوەی کە قاسملوو لە تۆڕە دیپلۆماتییەکەیدا چاندبووی، بەرهەمی هێنا.

**خاتوو دانیال میتێران**، بەهۆی ئەو کاریگەرییە مێژووییەی لەسەری بوو، بووە داینەمۆی لۆبیکردن لە پاریس و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. ئەو هاوسەرەکەی (فرانسوا میتێران)، حکوومەتی فەڕەنسا و ئەمریکای ڕاکێشا نێو هاوکێشەکەوە. دەرئەنجامی ئەم لۆبیکردنە چڕە، دەرچوونی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگرتنی هێرشەکان و ڕاگەیاندنی "ناوچەی دژەفڕین (No-Fly Zone) "بوو لە بەهاری ١٩٩١دا.

ئەم پێشینە دیپلۆماتییە بوو کە قەڵغانێکی نێودەوڵەتیی بۆ کورد دابین کرد و ڕێگەی خۆش کرد بۆ دامەزراندنی پەرلەمان، حکوومەت و قەوارەی فەرمیی هەرێمی کوردستان. سەرکردە مێژووییەکانی باشووری کوردستان، وەک مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی، توانیان لەسەر هەمان پێشینە و پشتبەستن بەو متمانە و پێگەیەی کە پێشتر لە ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست و ناوەندە ئورووپاییەکاندا کرابووەوە، پێگەی فەرمی و دیپلۆماتیی هەرێمی کوردستانی ئێستا لە جیهاندا بچەسپێنن.

## ٥- کاریگەریی میراتی قاسملوو لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان

ئەگەر ئەمڕۆ سەیری نەخشەی ڕەوشی سیاسیی کوردستان بکەین، شوێنپەنجەی فیکری و ستراتیژیی د. قاسملوو بە ڕوونی بەدی دەکرێت. ئەو بنەمایەی کە ئەو دایڕشت، وای کرد کە نەوەکانی دوای ئەو تێبگەن کە هێزی چەکدار تەنیا کاتێک کاریگەرە کە لە خزمەت گوتارێکی سیاسیی ڕووندا بێت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوتاری ئێستای هێزە سیاسییەکان و تەنانەت نارەزایەتییە مەدەنییەکانی وەک ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لەو پانتاییە جوگرافیاییەوە سەری هەڵدا، ڕەنگدانەوەی ئەو بنەما مەدەنی و دێموکراتییانەیە کە قوتابخانەی قاسملوو ساڵانێک کاری لەسەر کردووە. کورد لە ئێستادا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک ئەکتەرێک دەبینرێت کە داوای مافە گشتگیرەکانی دەکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانە جیهانییەی کە دوکتور قاسملوو داهێنەری بوو لە بەستنەوەی پرسی نەتەوەیی بە دێموکراسییەوە.

## ٦- وانەکانی داهاتوو؛ پێویستیی نەوەی نوێ بە میتۆدی فکریی قاسملوو

لەم قۆناغە هەستیار و ئاڵۆزەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پرسیارە گەورەکە ئەوەیە: نەوەی نوێ و سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان چۆن دەبێت بڕواننە کەسایەتی، تێکۆشان و هەوڵە دیپلۆماتییەکانی د. قاسملوو؟ وەڵامەکە لە یەک چەمکدا کورت دەبێتەوە: پێویستیی بەجێهێشتنی ڕوانگەی سۆزداری و بازدان بەرەو "میتۆدی فکریی عەقڵانی."

لێرەدا نموونەیەکی مێژوویی لەسەر زاری کەسایەتییەکی سیاسیی باشووری کوردستان دەهێنینەوە کە میتۆدی فکریی عەقڵانیی د. قاسملوو زیاتر دەردەخات: عیماد ئەحمەد، سیاسەتمەداری کورد و جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەم و حەوتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بیرەوەرییەکیدا کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، باسی بلیمەتیی د. قاسملووی ڕێبەر دەکات و دەڵێت: "ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان و عێراق پێیدا گوزەر دەکات، یادەوەرییەکی جوانی ڕۆژانی شاخ و حیکمەتێکی سەرکردەی ژیر و لێوەشاوە، د. قاسملووی بیرخستمەوە کە پێموایە بۆ ئەم هەلومەرجەی ئێستامان هەر ڕاستە.

ساڵی ١٩٨٤ لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی خانەقین بووم، لە هاوینی هەمان ساڵ لە دێی حەسەن مەحەی گەرمیان، لەگەڵ کاک ئازاد هەورامی و چەند پێشمەرگەیەک بە ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئازاد بە جادەی سەرەکیی کەلار، کفری، دووز، سەنگاو، قەرەداغ، دوکان، سورداش، مێرگەپان، وەڕێ کەوتین بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە هەواری کانی سێوی مێرگەپان لە بناری پیرەمەگرون بەسترا. ئێوارەیەکی درەنگ بوو گەیشتینە مێرگەپان. دروشمە سەرەکییەکانی کۆنفرانسەکە بریتی بوون لە (ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن)، (بەرەو بەهێزکردنی کۆمەڵە لە کۆڕی خەباتی چینایەتی)، (بەرەو چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ڕێکخستن) و بە ئارمە ناسراوەکەی چەپ (چەکوش و داس) شوێنەکەیان ڕازاندبووەوە.

ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس، سکرتێری کۆمەڵەی ئێران و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادە بوون. کۆنفرانسەکە لە سەروبەندێکدا ڕێک خرابوو کە گفتوگۆی نێوان ڕژێم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهۆی مەسەلەی کەرکووک و خانەقین و دەستوەردانی دەوروبەر لە لێواری تێکچووندا بوو.

لە کۆنفرانسەکەدا، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە زمانە شیرین و پاراوەکەی، وتەیەکی پێشکەش کرد؛ بەشێکی قسەکانی تەرخان کرابوو بۆ گرنگیی بەردەوامبوونی گفتوگۆی نێوان ڕژێم و یەکیەتی کە خۆی ئەندازیارەکەی بوو. دوکتور قاسملوو بۆ پشتیوانی لە دید و بۆچوونەکانی خۆی نموونەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێشی هێنایەوە و گوتی ئەگەر یەکێک

قەرزداری ئێوە بوو بە ١٠٠ دینار، حاڵێ حازر و لەم هەلومەرجەدا تەنیا ٧٠ دیناری دەداتەوە، لۆژیک وایە وەریبگری و دوای ئەوە داوای ٣٠ دینارەکەی دیکە بکەی، نەک بڵێی یان ١٠٠ دینارەکە یان هیچ! ئەم نموونەیەی دوکتور قاسملوو کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر بووە، ئەوەندە ڕاست و دروستە بۆ هەموو زەمان و مەکانێک دەشێت، بەتایبەتی بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە پێموایە ئێستاش گوێ لە دوکتور قاسملوو بگرین هەرگیز درەنگ نییە؛ چونکە ئێستاش هیچ لۆژیکێک نییە کوردستان بخەینە نێو گێروگازی یان هەمووی یان هیچ(١)".

سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەبێت لەوە تێبگەن قاسملوو تەنیا ناوێک نییە بۆ ستایشکردن یان بەستنی مەراسیمی یادکردنەوە، بەڵکوو ئەو خاوەنی "میتۆدێکی زانستی" بوو لە خوێندنەوەی هاوسەنگیی هێزەکاندا. وانەی سەرەکی بۆ نەوەی هاوچەرخ ئەوەیە لە جیهانی فرەجەمسەری و تەکنەلۆژیای ئێستادا، "هاوارکردن و نیشاندانی مەزڵوومییەت" بە تەنیا بەس نییە بۆ ڕاکێشانی لایەنگریی نێودەوڵەتی. میتۆدی قاسملوو فێری نەوەی نوێ دەکات کە چۆن کێشەی نەتەوەیی کورد ببەسترێتەوە بە بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابووری، ستراتیژی و ئەمنییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

سیاسەتی کوردی لە ئێستادا، زیاتر لە هەمیشە پێویستی بەو دووربینییە هەیە کە قاسملوو پێش چەندین دەیە پەیڕەوی دەکرد؛ واتە بونیادنانی دامەزراوەی دێموکراسی لە ناوخۆدا و زمانێکی مۆدێرن و یەکگرتوو لە دەرەوەدا. متمانەبوون بە پرۆسەی دیالۆگ، بەهێزکردنی کەرەستەکانی هێزی نەرم (وەک میدیا، توێژینەوەی ئەکادیمی و دیپلۆماسیی گشتی)، و پەروەردەکردنی کادری لێهاتوو کە بتوانن بە زمانی عەقڵییەتی ڕۆژاوایی و جیهانی قسە بکەن، گرنگترین وانەکانن کە سیاسییەکانی ئێستا دەبێت لە قوتابخانەی قاسملووەوە وەریبگرن بۆ باشترکردن و چەسپاندنی پێگەی کورد لە هاوکێشە نوێیەکانی جیهاندا.

## دەرئەنجام؛ میراتێک کە لە بن نایەت

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، نەک هەر ڕێبەرێکی حیزبی، بەڵکوو تەلارسازێکی گەورەی ئەندازیاریی دیپلۆماسیی کوردی بوو. تێگەیاندنی جیهان لەوەی کە کورد نەتەوەیەکی خاوەن پرۆژەی عەقڵانی و دێموکراتە، گەورەترین دەستکەوتی ئەو بوو. ئەزموونی مانەوەی ئێستای قەوارەی هەرێمی کوردستان و نەمانی گۆشەگیریی سیاسی لەسەر پارچەکانی تری کوردستان، بەشێکی زۆری قەرزاریی ئەو بناغە پتەوەیە کە قاسملوو و دۆستە نێودەوڵەتییەکانی لە سەدەی ڕابردوودا دایانڕشت. میراتی ئەو پێمان دەڵێت: سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە هاوسەنگیی نێوان هێزی مەیدانی و لێهاتوویی دیپلۆماتیکدا دێتە دی.

١) https://knwe.org/KU/ArticleDetails/4551

١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# قاسملوو، وەک مەکتەب، وەک پێشەوا





**ئەحمەد پاڵانی**

زۆربەی مرۆڤەكان تەنیا لەنێو ڕەوتی مێژوودا دەژین و لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی ڕۆژگاردا دێن و دەڕۆن.

هەندێكی كەمیان مێژوو دروست دەكەن، بەڵام دەگمەنترین ئەوانەن كە نەک تەنیا ڕووداوەكان دەگۆڕن، بەڵكوو شێوازی بیركردنەوەی نەوەكان و نەتەوەكان و ئاراستەی داهاتوویان دیاری دەكەن.

ئەو جۆرە کەسانە تەنیا ڕێبەر نین، قوتابخانەی فیکرین و قۆناغێکی نوێ لە هۆشیاریی نەتەوەیی دەخولقێنن. شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو دەگمەن کەسانە بوو. ئەو پێش ئەوەی سەرۆکی حیزبێک بێت، بیرمەندێکی ستراتیژیست، ڕووناکبیرێکی جیهانی، دیپلۆماتێکی لێهاتوو و مامۆستایەکی ئەخلاق و سیاسی بوو. ئەگەر زۆربەی ڕێبەران شوێنەواریان لە مەیدانی شەڕدا جێ هێشتووە، دوکتور قاسملوو شوێنەواری خۆی لە مەیدانی بیر، دیپلۆماسی، دیموکراسی و متمانەی مرۆڤایەتیدا جێ هێشت.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، زۆربەی ڕێبەرە سیاسییەکان، لە سەنگەری چەک، لەنێو خێڵ، لە کۆشکی دەسەڵات یان لە دەزگا ئەمنییەتییەکان یان ڕێکخراوە سیاسییەکان سەریان هەڵداوە و ناوبانگ و ڕەوایەتییان وەرگرتووە، بەڵام دوکتور قاسملوو ڕێگایەکی دیکەی هەڵبژارد: ڕێگای زانست، ڕووناکبیری، گفتوگۆ، دیپلۆماسی و متمانەی نەتەوەکەی. هەر لەبەر ئەمەش، لە مێژووی سیاسییەکانی کوردستاندا ناوی دوکتور قاسملوو تەنیا ناوی سەرۆکی حیزبێک نییە، بەڵکوو ناوی قۆناغێکە تێیدا خەبات لە مەیدانی چەکەوە بەرەو مەیدانی بیر، یاسا، زانست و دیپلۆماسی گواسترایەوە.

لە زۆربەی ئەزموونە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زۆرجار زانست بووەتە پاشکۆی دەسەڵات؛ واتە سەرەتا دەسەڵات بە هێز، بە کودەتا، یان بە ویستی تاک یان حیزبێک دامەزراوە، و دواتر زانست و ڕووناکبیری بۆ ڕازاندنەوەی ئەو دەسەڵاتە بەکارهاتوون. بەڵام لای دوکتور قاسملوو، ئەم پێوەرە بە تەواوی پێچەوانە بوو. ئەو باوەڕی وا بوو دەسەڵات ئەگەر لەسەر زانست، وشیاری و ویژدانی مرۆڤ دانەمەزرێت، لە کۆتاییدا دەبێتە ئامرازێکی چەوساندنەوە.

لەبەر ئەوە، زانست لەلای ئەو تەنیا جوانی و زینەتی سیاسی نەبوو، بەڵکوو بناغەی ڕێبەرایەتی و سەرچاوەی ڕەوایەتیی سیاسی بوو.

شەهیدی نەمر، دوکتورای لە ئابووریدا هەبوو، چەندین زمانی جیهانی دەزانی، مامۆستای زانکۆ بوو و لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی ئەورووپا پێ گەیشتبوو. ئەم پاشخانە زانستییانە وای کردبوو بڕیارە سیاسییەکانی هەرگیز لەسەر کاردانەوەی ساتی، هەستی و کاتی یان هەڵچوونی عاتیفی نەیێنە ئاراوە، بەڵکوو لەسەر شیکردنەوە، توێژینەوە، زانیاری و بیرکردنەوەی ستراتیژی بڕیارەکانی بدات. ئەو دەیزانی نەتەوەیەک کە ڕێبەرایەتییەکەی لەسەر زانست و وشیاری دانەمەزرا بێت، زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەست، دروشمی بێ بناغە و گێژاوی مێژوو. پێش دوکتور قاسملوو، زۆربەی بزووتنەوە کوردییەکان لە سنووری جوگرافیای خۆیاندا دیار بوون و دەناسران. جیهان کوردی زیاتر بە ئازایەتیی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری دەناسی، بەڵام کەمتر وەک پرسێکی سیاسی، یاسایی و مافی مرۆڤ باس دەکرا.

## ٣٧ ساڵە

دوکتـــور قاسملوو ئەو سنوورەشی شکاند، ئەو پرسی کــوردی لە شـاخەکانی کوردستـان بـەرزکـــردەوە و بــردییە نیـو پارلەمانەکـانی ئەورووپـا، زانکۆکـان، ناوەنـدە توێژینەوەکـان، ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکـان، میـدیا جیهانییەکـان و کـۆڕە دیپلۆماسییەکان. ئەو باش دەیزانی کە لە جیهانی نوێدا، ئەو نەتەوەیەی تەنیا بە زمانی چەک بدوێت، دەنگی لە سنووری شەڕ تێناپەڕێت، بەڵام ئەو نەتەوەیەی بە زمانی یاسا، دیپلۆماسی و مافی مـرۆڤ بـدوێـت، دەتوانێت ویژدانی جیهـان بـۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

دوکتور قاسملوو پێشتر لە هەموو سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێ گەیشتبوو کە سەدەی بیست و یـەک، تەنیا سـەدەی هێزی سەربازی نییە، بەڵکوو سـەدەی متمانە، هاوپەیمانی، ڕای گشتیی جیهان، یـاسـای نـێـودەوڵـەتـی و هێزی نەرمە.

لە کاتێکدا زۆر سەرکردەی کورد هێزی خۆیان لە ژمـارەی پێشمەرگەکان و چەکەکاندا دەبینی، دوکـتـور قاسملوو هێـزی ڕاستەقینەی خۆی لە ژمارەی هاوپەیمانە دێموکرات، ڕۆشنبیر و مرۆڤدۆستەکانی جیهانـدا دەبینی. ئەو دەیزانی دۆستایەتیی ویژدانی مرۆڤایەتی، لە هەر چەکێک بـەهـێـزتـرە. ئـەمـەش تەنیا تاکتیکێکی سیاسی نـەبـوو، بەڵکوو بینینێکی قـووڵـی ستراتیژی و جیهان بینییەکی پێشکەوتوو بـوو کە تـوانی کورد بە جیهـان بناسێنێت و ئێستا بووەتە یەکێک لە بنەماکـانی دیپلۆماسیی نوێی بزووتنەوەی کورد. لە هەموو گرنگتر ئەو دێموکراتیکی بە تەواو مانا بـوو، لە ڕۆژهـەڵاتـی نـێـوەڕاسـت، زۆرجـار دێـمـوکـراسـی دروشـمـێـک بـووە بـۆ گەیشتن بە دەســەڵات، نـەک سیستەمێک بـۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات.

دوکتور قاسملوو، دێموکراسی بە فەلسەفەی ژیـان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەزانـی. ئەو بـاوەڕی وابـوو نەتەوەیەک ناتوانێت داوای ئـازادی بکات، ئەگەر ڕێز لە ئازادیی ئەوانی تر نەگرێت، ناتوانێت داوای مافی مرۆڤ بکـات، ئەگەر خۆی بـاوەڕی بە مـافی مـرۆڤ نەبێت و ناتوانێت داوای دێموکراسی بکـات، ئەگەر لە نێوخـۆی خۆیـدا دێموکرات نەبێت. ئـەم بیـرۆکەیە، تـەنـانـەت تـا ئـەمـڕۆش، لــە زۆر شوێنی ڕۆژهـەڵاتــی نێوەڕاستدا هێشتا نـوێ و کـۆرپە دەردەکەوێت، چونکە زۆر دەسەڵات هێشتا دێموکراسی بە ئامراز دەزانن، نەک بە بنەما.

ئـەگـەرچـی دوکــتـوری شـەهـیـد مـامـۆسـتـای دێـمـوکـراسـی بــوو، بــەاڵم نـەتـەوەپـەروەرێـکـی مرۆڤدۆست و کراوەش بوو. یەکێک لە گەورەترین جیاوازییەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ زۆر لە ناسیۆنالیزمەکانی ناوچەکە، تێگەیشتنی ئەو بوو لە مانای نەتەوەپەروەری.

لـە سـەدەی بیستەمدا زۆربـەی ڕێـکـخـراوە ناسیۆنالیستییەکان لەسەر بناغەی دوژمنسازی، ڕەتـکـردنـەوەی ئـەوانـی تر

**٣٧ ساڵە**

و بەرهەمهێنانی ڕق دروست بوون. بەڵام دوکتور قاسملوو باوەڕی بە نەتەوەپەروەرییەک هەبوو کە لەسەر بناغەی ئازادی، دادپەروەری و هاوژیانی دامەزرابێت. ئەو دژی ستەم بوو، نە دژی گەلان، ئەو دژی سیاسەتی چەوساندنەوە بوو، نە دژی ناسنامەی هیچ نەتەوەیەک.

لە ڕوانگەی ئەودا، ئامانجی خەبات شکاندنی زنجیری ستەم بوو، نە بەستنەوەی زنجیرێکی نوێ بە دەستی قوربانییانی دوێنێ. بۆیە، نەتەوەپەروەریی دوکتور قاسملوو سنووری کوردستانی تێپەڕاند و گەیشتە لوتکەی مرۆڤایەتی. ئەو ئازادیی کوردی بە ئازادیی مرۆڤەوە گرێدەدا، چونکە باوەڕی وابوو کە ئەگەر مافی مرۆڤ لە شوێنێک پێشێل بکرێت، هیچ نەتەوەیەک پارێزراو نابێت.

یەکێکی تر لە گەورەترین میراتەکانی دوکتور قاسملوو ئەخلاقی سیاسی بوو. لە ناوچەیەکدا کە زۆرجار سیاسەت بە فێڵ، درۆ، ترساندن، تۆمەتبارکردن و لابردنی نەیارەکان ناسراوە، ئەو هەوڵی دا ئەخلاق بکاتە بناغەی سیاسەت. لە ڕوانگەی ئەودا، سیاسەت بەبێ ئەخلاق تەنیا کێبڕکێیەکە بۆ دەسەڵات، نەک خزمەتکردن بە کۆمەڵگە. بۆیە، گوێگرتن لە ڕەخنە، ڕێزگرتن لە جیاوازیی بیر، قبووڵکردنی فرەدەنگی، دووربوون لە تاکپەرستی، باوەڕ بە دامەزراوەکان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، هەموویان بەشێک بوون لە فەلسەفەی ڕێبەرایەتیی ئەو.

ئەو دەیزانی دەکرێت مرۆڤ بە ترس ملکەچ بکرێت، بەڵام ناتوانیت متمانەی بەدەست بهێنیت، دەکرێت بە هێز حوکمڕانی بکرێت، بەڵام ناتوانرێت ویژدانی خەڵکی فەرمانبەر و ڕازی بکرێت. هەر بۆیە، لەلای دوکتور قاسملوو، متمانە گەورەترین سەرمایەی سیاسەت بوو. گەرچی لە ڕوانگەی هەر مرۆڤێکی تێگەیشتوو، پێگەیشتوو و باوەڕدار بە بەهای مرۆڤایەتی، گفتوگۆ و وتوویژ شارستانیانەترین، ژیرانەترین و کەم زیانترین ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان و کۆتاییهێنانە بە شەڕ و خوێنڕشتن. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هەر بە هەمان فەلسەفە و باوەڕە چووە سەر مێزی وتوویژ. ئەو بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی و کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتن و کارەساتەکانی کوردستان دەستی بۆ دیپلۆماسی درێژکرد.

لە ڕوانگەی ئەودا، سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە مافی نەتەوەکان بە زمانی یاسا، دیپلۆماسی و متمانە بناسرێت و بسەلمێنرێت. هەر بۆیە، بە دڵێکی پڕ لە هیوای ئاشتی و متمانە بە هێزی گفتوگۆ، چووە ناو وتوویژ. بەڵام بەداخەوە، لە شوێنێک کە دەبوو وشە شوێنی گوللە بگرێتەوە، گوللە شوێنی وشەی گرتەوە، لە مێزێک کە دەبوو هێمای متمانە و چارەسەری سیاسی بێت، خوێنی ڕێبەرێکی گەورەی نەتەوەی کورد بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕژا. لەو

### ٣٧ ساڵە

ساتەدا، تەنیا مرۆڤێک شەهید نەکرا؛ بەڵکوو هیوای چارەسەری ئاشتییانە، ڕێز لە دیپلۆماسی و پیرۆزیی گفتوگۆش بوون بە ئامانجی تێرۆر.

ئەو تێرۆرە تەنیا تاوانی شەهیدکردنی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو نەبوو؛ بەڵکوو تاوانێک بوو لە دژی فەلسەفەی سیاست، ڕێگای دیپلۆماسی، متمانە، یاسا و ویژدانی مرۆڤایەتی. ئەو فیشەکانە تەنیا بەرامبەر بە جەستەی مرۆڤێک نەتەقینەوە، بەڵکوو بەرامبەر بە هیوای نەتەوەیەک، بەرامبەر بە ویژدانی یاسای نێودەوڵەتی و بەرامبەر بە پرەنسیپی پیرۆزی گفتوگۆ لەجیاتی توندوتیژی تەقینەوە.

بەڵام مێژوو جارێکی دیکە سەلماندی کە فیشەک دەتوانێت جەستە بکوژێت، بەڵام ناتوانێت بیر بکوژێت. ئەوانەی کە دوکتور قاسملوویان شەهید کرد، ویستیان دەنگی خامۆش بکەن؛ بەڵام بە پێچەوانەوە، ناو و دەنگی قاسملوو بە نەمری مایەوە. ئەوان دەیانویست مەکتەبێک لەناو بەرن، بەڵام خوێنی قاسملوو بوو بە خوێنی ژیان بۆ مەکتەبەکەی.

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو تەنیا شەهیدێکی نیشتمان نەبوو؛ دامەزرێنەری مەکتەبێکی نوێی بیرکردنەوەی سیاسیی کورد بوو. مەکتەبێک کە زانستی لەجیاتی نەزانی، دیپلۆماسیی لەجیاتی گوشار، دێموکراسیی لەجیاتی دەسەڵاتخوازی، ئەخلاقی سیاسیی لەجیاتی فێڵ، و متمانەی لەجیاتی ترس دانا. ئەو تەنیا ناوێک لە لاپەڕەکانی مێژوو نییە، بەڵکوو قوتابخانەیەکە هەر نەوەیەک، ئەگەر بیەوێت نەتەوەکەی لە ئاستی مێژوودا بژی، دەتوانێت و دەبێت وانەی لێ وەربگرێت.

لەو ڕوانگەیەوە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو تەنیا پێشەوای سەردەمێک نەبوو، پێشەوای داهاتووشە. ناوی ئەو تەنیا بە خوێنی شەهادەت لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان تۆمار نەکراوە، بەڵکوو بە ماکەی زانست، بە شکۆی ئەخلاق، بە هێزی دیپلۆماسی، بە باوەڕی دێموکراسی و بە هیوای ئازادی نووسراوە. تا ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤایەتی بەدوای یەکسانی، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤدا بگەڕێت، ناوی قاسملوو هەر دەژێت، مەکتەبەکەی هەر هەناسە دەدات و بیرەکەی هەر ڕێگای داهاتوو ڕووناک دەکاتەوە. بە هەموو پێوەرەکان، ئەو شەهیدە گەورەیە توانی هێمای هەموو گەورەپیاوانی مێژوو لە خزمەتی پرسی کورددا کۆ بکاتەوە.

ئەگەر ماندێلا هێمای ئاشتیکردنەوەی نەتەوەیی بوو، هاڤێل هێمای ئەخلاقی سیاسی بوو، ئەگەر گاندی هێمای خەباتی مەدەنی و ڤاوێنسا هێمای ڕێکخستنی کۆمەڵگە بوو، دوکتور قاسملوو هەوڵی دا هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لە خزمەتی

٣٧ ساڵە

پرسی کـورددا کۆبکاتەوە. ئەو زانایەک بـوو، دیپلۆماتێک بوو، ڕێکخەرێک بوو، ڕێبەرێکی دیموکرات بوو و لە هەمان کاتـدا سەرکردەی بزووتنەوەیەکی ڕزگـاریخواز بـوو. کۆبـوونەوەی هەمـوو ئەو خەسڵەتانە لە یەک کەسایەتیدا، لە مێـژووی نـوێی جیهاندا زۆر زۆر کەمە و بەدی ناکرێت.

١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

---

سەرچاوە ئەم بەشە:

ڕۆژنامەی "کوردستان" و ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"

---



ئەم وتارانە لە بلاگی ژیانەوە (تیشک) بڵاو کراوەتەوە:

---

## گێڕانەوەیەک لەسەر ناسیاویی دوکتور قاسملوو و ئەردال ئینۆنو




**نووسین**: پەروەر ئارمەد

**پێداچوونەوەی وەرگێڕان**: محەمەدساڵح قادری

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، کاتێک جارێکی تر ئەو لاپەڕە ڕۆژنامەیەم بینییەوە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە سەردێڕی «ئەردال ئینۆنو: لەوانەیە بە ڕەچەڵەک کورد بم» دەستاودەست دەکرێت، یەکسەر فکرم بۆ ئەو ڕیوایەت و گێڕانەوەیە چوو کە سەبارەت بە دیدار و ناسیاویی ئەردال ئینۆنو لەگەڵ سەرکردە کوردەکان لە کۆنگرەکانی "ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست" لە دەیەی ١٩٨٠دا هەیبووە، بەتایبەت دیداری ئەو لەگەڵ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**٣٧ ساڵە**

**با چیرۆکەکە لەو بڕگە ڕۆژنامەیەوە دەست پێ بکەین. بابەتی ئەو بڕگەیە، وتەیەک بوو کە ئەردال ئینۆنو، سەرۆکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی خەڵکگەرا،**

**لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیسپانیی "ئێل پائیس"(El País) گوتبووی: «لەوانەیە بە ڕەچەڵەک کورد بم».**

لەو ڕۆژانەدا کە ئەم وتەیەی ئینۆنو بڵاو بووەوە، سەرەڕای مەترسیی "لێنچ" (کوشتنی بە کۆمەڵ)ی سیاسی لە تورکیادا، دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. حیزبەکەی ئەو لە کۆنگرەی ١٧ی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە لیما، پایتەختی پێروو، وەک «ئەندامی چاودێر» وەرگیرا.

شایانی باسە ئەو کات تەنیا سەرکردەی کوردی بەشداربوو لەو کۆنگرەیەدا دوکتور قاسملوو بوو، چونکە داواکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەر هەمان ساڵ وەک «ئەندامی چاودێر» پەسەند کرابوو. نهێنیی ئەو سەرکەوتنەی قاسملوو تەنیا لە تێکۆشانی پێشمەرگەکان لە کێوەکانی کوردستان دژی دەوڵەتی ئێراندا نەبوو، بەڵکوو لەو تۆڕە دیپلۆماسییەشدا بوو کە بە لێهاتوویی لە پایتەختە ئەوروپییەکاندا چنیبووی.

لە هەمان کاتدا، هەڵگرتنی ناسنامەی "سۆسیال دێموکرات" و پێشبردنی خەباتی چەکداری، تایبەتمەندییەکی جیاوازی بزووتنەوە کوردییەکان بوو. لەم ڕوانگەیەوە، ئامادەبوونی حیزبێک کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی چەکدار دەکات، لە تەنیشت حیزبە سۆسیال دێموکراتە دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپا لەو سەردەمەدا، کارێکی دەگمەن بوو. دواتر پاش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبەکانی باشووری کوردستان، واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک «ئەندامی فەرمی» و پارتی دێموکراتی کوردستان وەک میوان جێگەی خۆیان لەو کۆنگرانەدا کردەوە.

گرنگییەکی تری حەڤدەیەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە لیما - کە چەندین ساڵ "ویلی برانت" سەرۆکایەتیی دەکرد- بۆ کوردەکان ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار ناوی «کوردستان» لە نێوان وڵاتانی بەشداربوودا نوێنەرایەتی دەکرا. بەپێی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە، ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧، دوکتور قاسملوو ناچار بوو بۆ نووسینی ناوی وڵاتەکەی لەسەر کارتی ناسێنەری بەشداربووان، بە جیا خەبات بکات. کاتێک لە شوێنی خۆی دانیشت و بینی لەسەر کارتەکەی لە بەردەمی، ناوی "ئێران" نووسراوە، نارەزایەتیی خۆی بە بەرپرسانی کۆنگرە دەربڕی و گوتی: «من لە ئێرانەوە نەهاتووم، لە کوردستانەوە هاتووم؛ لەوەش بەدەر، ئێمە لەگەڵ ئێران لە ململانێداین، کەچی ئێوە لێرە نووسیوتانە ئێران.» دوای ئەوە، کارتێکی تازە بە ناوی "کوردستان" ئامادە کرا و کوردستان دواجار چووە ناو پێڕستی بەشداربووانەوە.

**٣٧ ساڵە**

بەڵام خەبات بۆ ئامادەبوونی ناوی کوردستان لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا پاش لیماش بەردەوام بوو. ساڵ و نیوێک دواتر، لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە پاریس، دوکتور قاسملوو جارێکی تر ناوی "کوردستان"ی لەسەر کارتەکەی بەردەمی نووسی. ئەمجارە ئەردال ئینۆنو بەرانبەری دانیشت. دوکتور قاسملوو دواتر ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئینۆنو بۆ هاوڕێی پێشمەرگەی، کاک "حاجی جوندی"، بەم شێوەیە گێڕایەوە: «دوای یەکەم دانیشتنی بەیانی، کاتێک هەمووان هەستان و دەچوونە دەرەوە، بینیم ئەردال ئینۆنو بە دەوری مێزەکەی مندا دەسووڕێتەوە. دوای چەند خولەکێک هاتە لای من، ئاماژەی بەو کارتە کرد کە لەسەری نووسرابوو "کوردستان" و گوتی: هەرچەند بیر دەکەمەوە تێناگەم کوردستان لە کوێیە. ناوی وڵاتێکت نووسیوە کە بوونی نییە. منیش بەبێ تووڕەبوون، بە زەردەخەنەوە وەڵامم دایەوە: لەگەڵ ئەوەی سەدان نوێنەر ئەم کارتەیان بینیوە، کەسیان نەهاتووە پرسیارێکی وام لێ بکات؛ تا ئەم ساتە تەنیا تۆ ئەو پرسیارەت کردووە. سەیرتر ئەوەیە کە خۆت دیارە بە ڕەچەڵەک کوردیت».

پاشان دوکتور قاسملوو بۆ نەرمکردنی کەشەکە، بە جووڵەیەکی دیپلۆماسی بە زمانی تورکی قسەی کرد و گفتوگۆکە قووڵتر بووەوە. چیرۆکی ناسیاویی سارد و سەختی دوکتور قاسملوو و پرۆفیسۆر ئینۆنو دیارە هەر لێرەدا کۆتایی نەهات.

ڕۆژی دواتر، کاتێک ئەردال ئینۆنو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان قسەی دەکرد، لە قسەکردن لەگەڵ دوکتور قاسملوو و جەلال تاڵەبانی - سەرکردەی تری کوردی ئامادەبوو لە کۆنگرەکە - لە بەرچاوی هەواڵنێران خۆی بوارد.

هەرچۆنێک بێت، دوکتور قاسملوو پاش گفتوگۆیەکی کورت و سەرپێیی بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: «بۆ یەکەم جار پەیوەندیمان لەگەڵ سەرکردەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی خەڵکگەرا دامەزراند» ڕۆژنامەی "جمهووریيەت"یش لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨دا ئەم ساتەی بە سەردێڕی «ئینۆنو داواکاریی دیداری سەرکردە کوردەکانی ڕەت کردەوە» بڵاو کردەوە.

لە درێژەدا، پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستان، چیرۆکی ناسیاویی ئەو لەگەڵ پرۆفیسۆر ئینۆنو ڕەهەندێکی تازەی وەرگرت. کاک "حاجی جوندی" یەکێک لەوانەی لە ڕۆژانی کوودەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لە باکووری کوردستانەوە چووبووە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیوەست ببوو بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، چیرۆکی ئەو دیدارەی خۆی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩، پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەکەی پاریس بۆ کێوەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «**ئێستاش هەر کاتێک ئەم بابەتەم بیر دەکەوێتەوە زەردەخەنە دەمگرێ**»، کاک حاجی جوندی

## ٣٧ ساڵە

چیرۆکی دیدارەکەی بەم شێوەیە گێڕایەوە:

"لە یەکێک لەو شوێنانەی بۆ لۆجستی بەکارمان دەهێنا، ڕۆژێک لە نێو ئەو پاکەتانەی لە شارەوە هاتبوون، چاوم بە ڕۆژنامەی جمهورییەت کەوت. بە سەرسووڕمانەوە لەو هاوڕێ پێشمەرگەیەی پاکەتەکانی هێنابوو پرسیم: **"ئەم ڕۆژنامەیە لەم کێوانەدا چی دەکات؟" ئەو گوتی:** "ئەمە ڕۆژنامەی کاک دوکتورە و نزیکەی هەموو ڕۆژێک دێت." هەموو پێشمەرگەکان دوکتور قاسملوویان بەو شێوەیە بانگ دەکرد. منیش ڕۆژنامەکەم هەڵگرت و چووم بۆ نووسینگەی دوکتور قاسملوو لە بارەگاکەی و بێ پێشەکی پرسیم: "کاک دوکتور، بۆچی پێت نەگوتم ئەم ڕۆژنامەیە دێت بۆ ئێرە؟ بەتایبەت کە دەزانی من تورکی دەزانم و ساڵانێکە ڕۆژنامەیەکی تورکیم بە دەستەوە نەگرتووە".

**دوکتور قاسملوو گوتی:** "بمبوورە، بەڕاستی بەهۆی سەرقاڵیم لە نێو کارەکانمدا، بیرم چوو پێت بڵێم؛ بیبە و سەرەتا خۆت بیخوێنەوە." منیش ڕۆژنامەکەم هەڵگرت و ڕێک کاتی ڕۆیشتن نەمتوانی خۆم بگرم و پرسیم: "باشە کاک دوکتور، تۆ چ پەیوەندییەکت لەگەڵ ڕۆژنامەی جمهورییەت هەیە؟" ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەردال ئینۆنو منی لەم ڕۆژنامەیەدا ئابۆنە و هاوبەش کردووە".

**دوکتور قاسملوو کۆتا چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ "جمهووریيەت" ئەنجام دا.** ئەو لە هەژدەیەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە ستۆکهۆڵم، کە لە ٢٠ بۆ ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٩ بەڕێوە چوو و دوا کۆبوونەوەی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بوو کە تیایدا بەشدار بوو، جارێکی تر ئەردال ئینۆنوی بینییەوە. تەنانەت لە چاوپێکەوتنێکدا کە چەند ڕۆژێک پاش شەهیدبوونی لە جمهوورییەتدا بڵاو بووەوە، لە هەمان کاتدا دوا چاوپێکەوتنی بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنێکی دەرەکی، گوتی لە کاتی کۆنگرەکەدا لەگەڵ شاندی حیزبی سۆسیال دێموکراتی خەڵکگەرا دیداریان کردووە. ئەردال ئینۆنویش پاش ئەوەی دوکتور قاسملوو لە ١٣ی تەممووزی ١٩٨٩ لە ڤییەننا، دوای پیلانێک لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە تیرۆر کرا، پەیامی سەرەخۆشیی بۆ بنەماڵەکەی نارد.

بە تێڕامان لەو پەیوەندییانەی ئەردال ئینۆنو لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەیبووە، دەردەکەوێت کە ڕۆڵی ئەو لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست سەبارەت بە کوردەکان ئەوەندە ئەرێنی نەبووە. هەر وەکوو چۆن باوکی ئەو "عیسمەت ئینۆنو"، لە کۆنفرانسی لۆزان لە ١٩٢٣ بە گوتنی ئەوەی «منیش کوردم و ئەم کۆماری تورکیایە هیی کورد و تورکەکانە» کەشی کۆنفرانسەکەی تێک دا و زەمینەی بۆ دەرەنجامێک دژی کوردەکان خۆش کرد، کوڕەکەشی ئەردال ئینۆنو ساڵانێک دواتر ڕۆڵێکی هاوشێوەی هەبوو.

**٣٧ ساڵە**

**تەنانەت شۆڵە بووچاک، ڕاوێژکاری ئەردال ئینۆنو لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست، ساڵانێک دواتر ئەم ڕۆڵەی بە ئاشکرا بەم شێوەیە خستە ڕوو:** «لە بزووتنەوەی سۆسیال دێموکراتی جیهانیدا، کەسایەتیگەلێک هەن کە زۆر ناسراو و خۆشەویستن؛ ئەردال ئینۆنوش یەکێک بوو لەوانە. بە هۆی ناسنامەی زانستیی خۆیەوە ناسراو، خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بوو. لەم ڕوانگەیەوە، سەبارەت بە هەندێک ڕەشنووسی بڕیار کە دەکرا دژی تورکیا بن، بێگومان ڕاوێژ بە ئەردال ئینۆنو دەکرا کە چۆن دەتوانین ئەو بڕیارە چاک بکەین. هەرچی ئەردال ئینۆنو دەیگوت هەر ئەوەش دەکرا، لەو بوارەدا قسەی کۆتایی لای ئەو بوو و پشکێکی زۆر گەورەی لە بڕیارەکاندا هەبوو. هەمیشە هەوڵی دەدا ڕێگری لە بڕیارە نەرێنییەکان لەسەر تورکیا بکات».

بێگومان ئەو "بڕیارە نەرێنییانەی" کە شۆڵە بووچاک باسی دەکرد، ئەو هەڵوێست یان کاردانەوانە بوون کە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست دەکرا بەرامبەر بە تاوانەکان، پێشێلکردنی مافەکان، سووتاندنی گوندەکان و کوشتارەکان لە کوردستان بیگرێتە بەر. هەر بۆیە بوو کە ئەردال ئینۆنو بە ئاسوودەیی لە میدیا جیهانییەکاندا دەیگوت: **«لەوانەیە لە بنەڕەتدا کورد بم»؛ چونکە بەو ڕێگەیەوە ئەو بەڵگەیەی بەهێز دەکرد کە دەیگوت: «ببینن، منیش کوردم و کوردەکان لە تورکیا کێشەیان نییە».**

لە ڕاستیدا، حیزبی کۆماریخوازی گەل (CHP) و دەنیز بایکال، کە دوای حیزبی سۆسیال دێموکراتی خەڵکگەرا و ئەردال ئینۆنو هاتن، سڵیان لە ئاشکراکردنی ئاستی بێتاقەتیی خۆیان بەرانبەر بەو سەرکردە کوردانە نەدەکردەوە کە وەکوو نوێنەر لە کۆبوونەوەکانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بەشدار دەبوون. بۆ نموونە، لە کۆبوونەوەی ژنێڤ لە ساڵی ٢٠٠٧، کاتێک مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی چوونە سەر سەکۆ وتاریان دا، ئەو کات دەنیز بایکال کە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا دانیشتبوو، هۆڵەکەی بەجێ هێشت.

**لە کۆتاییدا، نازانین ئایا دیداری دوکتور قاسملوو و پرۆفیسۆر ئینۆنو دەبێت بە گاڵتەجاڕیی مێژوو دابنێین یان نا؛ بەڵام لە یادەوەرییەکاندا وەکوو چیرۆکی یەکتربڕینی سەیری نەریتێک کە لە بنەڕەتی خۆی بێگانە ببوو، لەگەڵ ویستێکدا کە وەفادار بوو بۆ ڕەچەڵەکی خۆی بە گیانی خۆی تێچووەکەی دا، مایەوە.**

**سەرچاوەکان:**

- ئەرشیفی ڕۆژنامەی جمهووریيەت، ساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٨٩.

۳۷ ساڵە

- بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکانی لیما و ستۆکهۆڵم لە ماڵپەڕی فەرمیی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست.

- بۆڵتەنی زانیاری و پەیوەندییەکان کە بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن پەیمانگای کوردیی پاریس لە ئابی ۱۹۸۹ بڵاو کراوەتەوە.

- چاوپێکەوتنی عەبدوڵڵا پۆلات لەگەڵ شۆڵە بووچاک بۆ تێزی ماستەرەکەی بە ناونیشانی «چەپی تورکیا پاش ۱۹۸۰، نموونەی حیزبی سۆسیال دێموکراتی خەڵکگەرا».

- گفتوگۆی ئەنجامدراو لە ساڵی ۲۰۲۳ لەگەڵ کاک حاجی جوندی، هاوڕێی پێشمەرگایەتیی دوکتور قاسملوو، بۆ کتێبی "تەڵەی میکۆنۆس."

**تێبینی:** بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە لە زمانی تورکییەوە بۆ کوردی، سوود لە خزمەتگوزاریی "ڕەنگاڵە" وەرگیراوە.

بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:

سەرچاوە: بلاگی ژیانەوە؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.

۲٦ی بانەمەڕی ۲۷۲٦ی کوردی

## پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەمریکا؛ دوو ڕابەر لە ڕێگەی واشینگتنەوە




**نووسین: پەروەر ئارمەد**

**پێداچوونەوەی وەرگێڕان: محەمەدساڵح قادری**

قاسملوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای "پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسی"ی کرد. جەختی لەوە کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) هەمیشە هەڵوێستێکی ڕوونی بەرامبەر تیرۆر و بارمتەگرتن هەبووە؛ هەروەها ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە "سمیناری تیرۆری پاریس" پێشکەشی کردبوو و تێیدا تیرۆری وەک ئامرازێک بۆ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ڕزگاریخوازەکان ڕەت کردبووەوە، ڕادەستی بەرپرسی بەشی سیاسیی ئەمریکا کرد. ناوبراو نیگەرانیی خۆی دەربڕی کە چۆن سەرۆکی ئەمریکا کۆمەڵە ئەفغانییەکی توندڕەوی "پەرتەوازە" قبووڵ دەکات و بەردەوامە لە پشتیوانیی گرووپە "ناجێگیرەکانی نیکاراگوا"، کەچی لە پشتگوێخستنی "گرووپە دێموکراتییە ڕاستەقینەکان" تێنەدەگەیشت کە بۆ "مافەکانی جیهانییەکانی مرۆڤ" تێدەکۆشن.

قاسملوو وتی ١٠ بۆ ١٢ هەزار پێشمەرگەی چالاکی هەیە و بەهۆی کێشەی لۆجستییەوە ناتوانێت ژمارەی زیاتر "بەخێو

بکات"؛ بەڵام ئاماژەی بەوە کرد کە لە کاتی پێویستدا دەتوانێت چەند هێندەی ئەو ژمارەیە ڕابکێشێت. ئەوەشی خستە ڕوو کە لەنێو کوردانی ئێراندا هیچ ڕکابەرێکی ڕاستەقینەی نییە و "هەشتا لەسەدیان" پشتیوانیی لێ دەکەن، هەروەها بە گاڵتەجارییەوە ڕەتی کردەوە بە دۆخی عێراق بەراورد بکرێت و وتی: "لە ئێران وەها شتێک نییە کە کوردێک بە ناوی تەها مەعرووفەوە ببێتە جێگری سەرۆککۆمار یان کورد پۆستی وەزارەتیان هەبێت. ئەو کەسانەی کە لە عێراق بە جاش ناسراون، لە ئێراندا بوونیان نییە".

قاسملوو لە کاتی داوای پشتیوانیی ئەمریکادا بەتایبەت جەختی لەوە کردەوە کە داوای پارە و چەک ناکات و وتی: "بەدڵنیاییەوە مرۆڤ هەمیشە زیاتری دەوێت، بەڵام ئێمە بەشی خۆمانمان هەیە." نەیویست سەرچاوەی داراییەکەی ئاشکرا بکات؛ تەنیا وتی "هەموو بنەماڵەیەک لە کوردستان بە ویستی خۆیان هاوکاریی دەکەن." قاسملوو بە گەشبینییەوە باسی داهاتووی کرد و وتی پشتیوانییەکەی لە کوردستانی ئێران "وەک شاخ پتەوە." وتیشی ئامادەیە ٢٥ ساڵی تر لە شاخەکان بەرگە بگرێت، بەڵام ئەگەر خومەینی بەم زووانە بمرێت، لەوانەیە "تاران تووشی ئاڵۆزییەکی قووڵ ببێت" و ئابووریی ئێرانیش لە "هەڵوەشاندنەوەیەکدایە."

ئاماژەی بەوە کرد کە بەتایبەت لە بەغدا زۆر بێزارە و ئەگەر ناچار نەبێت ناچێتە ئەوێ. وتی ڕقی لە شای ئێران بووە "بەڵام خومەینی زۆر لەو خراپترە." لە ساڵی ١٩٧٩ دوو جار لەگەڵ خومەینی کۆبووەتەوە و "بەرەوڕووی درۆی ڕووت بووەتەوە." دواتر قاسملوو لێکدانەوەیەکی بۆ "تەقیە" (فێڵکردن لەپێناوی ئامانجێکی بەرزتر) کرد وەک بەشێکی بنەڕەتیی کەسایەتیی شیعە؛ بەرپرسی بەشی سیاسیی ئەمریکاش وتی ئەوان لەم بارەیەوە چەند وانەیەک فێر بوون. قاسملوو دانی بەوەدا نا کە حیزبەکەی بە تەنیا ناتوانێت ڕژێم بڕووخێنێت و پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تری ئێران هەیە. وتیشی ڕژێم خاوەنی پشتیوانییەکی بەرفراوانە، وەک "سەدان هەزار مەلایەک کە بژێوییان لە مەترسیدایە" و ڕووخاندنی ئاسان نابێت.

بەرپرسی بەشی سیاسیی ئەمریکا وتی ڕای گشتیی ئەمریکا سۆزی بۆ پرسی کورد هەیە، بەڵام زانیاریی پێویستی لەسەر نییە و پێشنیاری کرد قاسملوو پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دروست بکات. قاسملوو وتی لەم سەردانەی بەغدا، کێشەی ڤیزای "جۆناتان ڕاندال"ی پەیامنێری واشینگتن پۆستی چارەسەر کردووە، کە کتێبی لەسەر کورد نووسیوە و چواردە کاتژمێر دیمانەی لەگەڵ کردووە. قاسملوو بە داخەوە وتی کە سۆڤیەت هەمیشە حیزبی دیموکراتی بە ڕێکخراوێکی سەر بە ئەمریکا بینیوە، ئەمریکییەکانیش هەمیشە بە گومانەوە سەیری سۆڤیەتیان کردووە، لە کاتێکدا حیزبی دیموکرات لە ڕاستیدا هیچ دۆستێکی نییە و وتی: "تاکە دۆستی ئێمە شاخەکانن".

**٣٧ ساڵە**

قاسملوو کە پیاوێکی باڵامناوەند و لاواز بوو، سەرەڕای ئەوەی قژی سپی هەڵگەڕابوو، بەڵام وەک گەنجێکی چالاک دەجووڵایەوە. چیرۆکبێژێکی لێهاتوو بوو و قسەکانی هەمیشە بە جۆرێک لە گاڵتە و گەپ دەڕازاندەوە.

ئەمە ڕاپۆرتێک بوو کە لە ١٦ی شوباتی ١٩٨٨ لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بۆ واشینگتۆن نێردرابوو، کە ساڵانێک دواتر لە بەڵگەنامەکانی "ویکیلیکس"دا بڵاو کرایەوە.

ئەو ڕۆژە، دوای ئەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لە ڕێگەی باڵیۆزی سویدەوە داوای کۆبوونەوەی کردبوو، دوکتور قاسملوو بۆ نانی نیوەڕۆیەکی شەش کاتژمێری بانگهێشت کرابوو. وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکە و کورتەیەک لە ژیاننامەی قاسملوو بە مۆری "بەڵگەنامەی نهێنی" بۆ واشینگتۆن نێردرابوو.

لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە دوکتور قاسملوو "سەرەڕای ئەوەی ئینگلیزییەکەی لە ئاستی شەشەمدا بوو (پاش کوردی، فارسی، عەرەبی، فەرەنسی و چیکی)، بەڵام وەک کەسایەتییەکی زۆر ڕاشکاو، وردبین و کاریگەر دەرکەوت." ئەو لە سەردانەکانیدا بۆ بەغدا، کە هەر پێنج بۆ حەوت مانگ جارێک بۆ چوون بۆ ئەورووپا دەیکرد، زۆرتر لەگەڵ باڵیۆزانی سوێد و فەرەنسا کۆ دەبووەوە.

لەو سەردەمەدا گرژییەکی زۆر لەنێوان هێزە کوردییەکان و وڵاتانی ئەورووپیدا هەبوو، چونکە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (YNK) بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی، سێ ئیتاڵییان بە بارمتە گرتبوو و قاسملوو هەوڵی ناوبژیوانیکردنی دەدا. لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ بەرپرسە ئەمریکییەکە، باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ باڵیۆزی ئیتاڵیا "تۆسکانی" کۆ بووەتەوە و بەڵێنی داوە هەموو هەوڵێک بۆ ئازادکردنی ئەو سێ ئیتاڵییە بدات.

دوو هەفتە دواتر، ئەو سێ تەکنیککارە ئیتاڵییە کە لە وێستگەی بەنداوی دووکان کاریان دەکرد، ئازاد کران و گەڕانەوە وڵاتەکەیان. مام جەلال خۆی وتبووی ئەوان بارمتە نەبوون، بەڵکو "میوان" بوون بۆ ئەوەی دۆزی کورد بە جیهان ڕابگەیەنن.

دوکتور قاسملوو هەمان ڕۆڵی ناوبژیوانیی بۆ دوو ئەندازیاری فەرەنسی لە ساڵی ١٩٨١ و دوو کەنەدی و سێ فەرەنسی لە ١٩٨٤ گێڕابوو. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ ڕۆژئاواییەکان، هەرگیز بەهۆی ئەوەی ڕۆژئاوا کوردستانی بە تەنیا بەجێ هێشتبوو، تووشی بێهیوایی نەبوو.

## ٣٧ ساڵە

### هەمیشە بە زمانی گاڵتە و ڕەخنە بە دۆستەکانی و هاوسەرەکەی "هێلین کرۆلیچ"ی دەوت:

### "چی بکەین، بەرژەوەندیی ئەورووپاییەکان لە کوردستان گەورەترە".

### سێ ڕۆژ بەر لە مەرگی ڤییەننا...

دوکتور قاسملوو لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩، لەو پڕۆسەیەی کە بە "موزاکەرە" ناوی لێ دەبرا و ڕژێمی ئێران تەنیا بۆ "تیرۆرکردنی" بەکاری دەهێنا، ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ "ئەیپریل گلاسپی" باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا پەیوەندیی دروست کرد. ئامانجەکەی ئەوە بوو ناوی لە لیستی "مارکسیستە مەترسیدارەکانی ئەمریکا" دەربهێنرێت و ڕێگەی بۆ چوون بۆ واشینگتۆن بۆ بکرێتەوە. کاتێک لە حوزەیرانی ١٩٨٩ چوو بۆ ئەورووپا، ڤیزای ئەمریکای لە پاسپۆرتەکەیدا بوو.

بەڵام دەبوو سەرەتا بەشداریی کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لە ستۆکهۆڵم بکات. ڕۆژی ١٣ی تەمموزی ١٩٨٩، لە باڵەخانەی ژمارە ٥ی شەقامی لینکی بانگاس لە ڤییەننا، لە کاتی دانیشتن لەگەڵ شاندێکی ئێرانی، لەلایەن تیرۆریستەکانەوە کرایە ئامانج و لەگەڵ عەبدوڵڵا قادریئازەر و فازڵ ڕەسوڵ شەهید کران.

سەرەڕای هۆشداریی ئەمریکییەکان بە دەسەڵاتدارانی نەمسا سەبارەت بە ئەگەری هێرشکردنە سەر قاسملوو، دوکتور قاسملوو بەبێ ترس چوو بۆ کۆبوونەوەکە. لەو ساتەی لەسەر "مێزی وتووێژ" بووە ئامانجی گوللەکان، ڤیزای ئەمریکا هێشتا لە پاسپۆرتەکەیدا بوو.

دوکتور سادق شەرەفکەندی کە دوای قاسملوو بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب، ئەویش هەمان خەونی هەبوو. لە هاوینی ١٩٩٢، پێش ئەوەی لە ١٧ی ئەیلوولی هەمان ساڵ لە بەرلین لە ڕووداوی تیرۆریستیی "میکۆنۆس" شەهید بکرێت، ئەویش هەوڵەکانی بۆ چوون بۆ ئەمریکا دەست پێ کردبوو.

دوو ساڵ لەمەوبەر، کاتێک بۆ کتێبی «تەڵەی میکۆنۆس» سەردانی ماڵی فەتاح عەبدولیم کرد، کەژاڵ خانمی هاوسەری بەڕێزی -کە هاوکات پێشمەرگە و هاوسەنگەری خەباتیشی بووە- کاتێک ئەو بەڵگە و دەفتەرانەی خستە بەردەستم کە ساڵانێکی زۆر بوو بە وریاییەوە لە جانتایەکی ڕەشدا پاراستبوونی، زۆر بەجۆش هاتم؛ نەمدەزانی لە کامیانەوە دەست پێ بکەم.

**٣٧ ساڵە**

چەندین ڕۆژ لەسەر زانیارییەکانی نێو دەفتەری یادداشتەکانی عەبدولی کارم کرد؛ زیاتر لە هەموو شتێکیش، تێبینیی «٧ی تەمموز، چاوپێکەوتن لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا» سەرنجی ڕاکێشابووم و هەوڵم دەدا نهێنیی ئەو زانیارییە ئاشکرا بکەم. ئەو زانیارییانەی دەستم کەوت سنووردار بوون، بەڵام ئەمە دڵنیا بوو: دوکتور شەرەفکەندی لەگەڵ نوێنەری حیزب لە ئەورووپا فەتاح عەبدولی، بۆ ئەوەی بچنە واشینگتۆن، پەیوەندییان بە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پاریس کردبوو، تەنانەت «چرای سەوز»یشیان بۆ هەڵکرابوو. بەڵام ئەو پاسپۆرتەی بۆ گەشتکردن بە ئەورووپادا بەکاری دەهێنا، بە ناوێکی دیکەوە دەرکرابوو و پێش هەموو شتێک پێویستی بە بەڵگەنامەیەکی گەشتکردن بوو بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی.

**دوای دەیان ساڵ، کاتێک بەڵگەنامەکانی ناو جانتای فەتاح عەبدولی (هاوڕێی شەرەفکەندی)م بینی، تێگەیشتم کە دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پاریس گەیشتبوونە ڕێککەوتن و تەنانەت "چرای سەوز"یشیان بۆ هەڵکرابوو.**

**وەک چۆن دوکتور قاسملوو نەگەڕایەوە و نەگەیشتە واشینگتۆن، دوکتور شەرەفکەندییش نەگەڕایەوە بەرلین و نەیتوانی بەرەو واشینگتۆن بەڕێ بکەوێت.**

**تێبینی:** بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە لە زمانی تورکییەوە بۆ کوردی، سوود لە خزمەتگوزاریی "ڕەنگاڵە" وەرگیراوە.

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**سەرچاوە: بلاگی ژیانەوە؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**٣٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

٣٧ ساڵە

## وتووێژێکی مێژوویی دوکتور قاسملوو




**نووسینی: یاوز بایدار**

**وەرگێڕان و پێداچوونەوە: محەمەدساڵح قادری**

**سەردێڕ: بۆ کوردەکان هەلی پێشەنگایەتییان لە بەردەستدایە؟**

ستۆکهۆڵم – دوکتور قاسملوو: «بە وردی چاودێریی ڕۆژنامەگەریی تورکیا دەکەم. هەر ڕۆژە جمهوورییەتیشم بۆ دێننە سەر کێوەکان. لە وڵاتەکەتاندا ڕووداوی زۆر سەرنجڕاکێش ڕوو دەدەن.» ئەمە یەکەم کاردانەوەی عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و دوکتوری ئابووریناس بوو، کاتێک پێم گوت کە دەمانەوێت بۆ ڕۆژنامەی «جمهوورییەت» دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدەین؛ قسەکانی بە تورکییەکی زۆر ڕەوان و بێگەرد دەربڕی. دوکتور قاسملوو وەک سەرکردەی حیزبەکەی، بەشداریی لە ١٨یەمین کۆنگرەی «ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست»دا کردبوو کە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو. بەهۆی ئەوەی سۆسیالیستێکی دێموکراتی ناسراو بوو، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەهێزی لەگەڵ سۆسیال دێموکراتەکانی سکاندیناویدا هەبوو، لە کاتی کۆنگرەکەدا چەندین دیداری لەگەڵیان ساز کرد. هەروەها دیدارێکی

**٣٧ ساڵە**

کورت و خێرای لەگەڵ شاندێکی (SHP) ئەنجام دا. لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەیشدا کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەی جەلال تاڵەبانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) سازیان کردبوو، تورکیای بە «دیموکراتترین وڵات کە کورد تێیدا دەژین و هیوایەکی زیاتری تێدا دەبینرێت» وەسف کردبوو.

لە درێژەی ئەو ٤٥ خولەکەی دیمانەکەماندا، دوکتور قاسملوو بەتایبەتی لەبارەی پێشهاتەکانی نێو ئێرانەوە بە گەشبینی و ئاسوودەییەکی زۆرەوە دەردەکەوت. هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە کە بوونی ڕژێمێکی فرەیی و دیموکراتیک لە ئێران، باشترین و دروستترین چارەسەرە بۆ کەمینەی کورد لەو وڵاتەدا. عەبدوڵڵا قادری، نوێنەری ڕێکخراوەکە لە نووسینگەی پاریسیش لەگەڵیدا بوو. ئەو مەترسییەی چاوەڕێیان بوو، لەو ساتەدا زۆر دوورەدەست دەهاتە بەر چاو. بەڵام چارەنووس لە ئێوارەی ١٣ی تەممووزدا لە ڤییەننا، لەو ساتەدا کە دەرگاکانی سازشکردن لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا خرابوونە سەر پشت؛ هەردووکیانی ڕفاند و بە لێدانی دوو فیشەک لە هەر یەکەیان، شەهید کران.

دوکتور قاسملوو تەمەنی پەنجا و نۆ ساڵ بوو. ئەو فاکتۆرێکی سیاسی بوو کە هێڵی ئایدیۆلۆژیی فرەچەشنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی درێژە پێ دەدا؛ ئەو حیزبەی پاش جەنگی جیهانیی دووەم، کۆماری مهابادی لە ئێران دامەزراند، بەڵام لەلایەن سوپای شاهەوە تووشی شکست بوو. دوکتور قاسملوو پاش شکستەکە، ڕووی کردە چیکۆسلۆڤاکیا و سەرەتا لەوێ و دواتریش لە پاریس، خوێندنی بواری ئابووریی تەواو کرد؛ لەو ماوەیەشدا، ناوبراو لەنێو سۆسیالیستە ئەورووپاییەکانی ڕۆژهەڵات و هەروەها سۆسیال دیموکراتەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپاشدا، پێگەیەکی ڕێزلێگیراوی هەبوو. سەرەڕای ئەوەی شارەزایەکی وردی مارکسیزم بوو و لە ئیسلامیش دوور بوو، بەڵام لەنێو پارتەکەیدا خاوەن پێگەیەکی نەریتی بوو.

پاش ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، هیوای دوکتور قاسملوو بۆ داهاتووی کەمینەی کورد گەشەی کرد، بەڵام هەر زوو خۆی لە جەنگێکی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ ڕژێمی خومەینیدا بینییەوە. دواتریش شەڕی نێوان ئێران و عێراق هەڵگیرسا. لە شەڕەکەدا، شانبەشانی ڕێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، لایەنی عێراقی هەڵبژارد. ئەو کاتەی بۆ کۆنگرەی "سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ" گەیشتبووە ستۆکهۆڵم، لە ڕێگەی سەرکردەی کورد، تاڵەبانییەوە، یەکەم هەنگاوی گرنگی بۆ دانوستان لەگەڵ ڕەفسەنجانی، سەرکردەی نوێی ئێران هەڵێنابوو.

## دوکتور قاسملوو پاش مەرگی خومەینی چۆن لە دۆخی ئێرانی دەڕوانی؟

«مەرگی خومەینی دۆخەکەی بۆ ئێمە ئاسانتر کرد. ئەو بناغە و کۆڵەکەی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەم ڕژێمەی ئێستا، لەوەی

**٣٧ ساڵە**

پێشووتر کە بە شا بەستراوەتەوە، زیاتر بە خومەینییەوە گرێ درابوو. ئێستا کۆماری ئیسلامی لاوازتر بووە. سوپا وەک جاران لە کوردستان بە توندی شەڕ ناکات. خومەینی بە سەربازەکانی دەگوت: "هەر کەسێک کوردێک بکوژێت، دەچێتە بەهەشت". ئێستا ئەو باوەڕە زۆر لاواز بووە. بارودۆخی ئێمە زۆر باشە. نەوەد لەسەدی کەمینەکان پشتیوانی لە دروشمی ئێمە کە "دێموکراسی بۆ ئێران، خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردستان"ـە، دەکەن. بێ ئەوەی زیادەڕۆیی بکەم، دەتوانم بڵێم هەشتا لەسەدی جەماوەر پشتیوانی لە حیزبەکەمان دەکەن.

بەگشتی کە سەیری دەکەین، ڕژێم تووشی درز و شکست بووە. مەلاکان هەوڵ دەدەن بە دەرەوە نیشانی بدەن کە یەکگرتوون، بەڵام لە ڕاستیدا وانیین. ئەوان بە دەست کۆمەڵێک کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن کە پێیان چارەسەر ناکرێت. هیچ پلان و بەرنامەیەکیان نییە؛ هەر بۆیەش لەبارەی چارەسەرەکانەوە، هیچ جۆرە هاوکاری و هاودەنگییەکیش لە ئارادا نییە.

**من ڕوانگەیەکی واقیعبینانەم هەیە:** پێم وانییە، وەک ئەوەی «موجاهیدینی خەلق» یان پاشایەتیخوازەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، تەمەنی ئەم ڕژێمە بەرەو کۆتایی چووبێت و کەوتنی چرکەساتێک بێت. ڕژێم خاوەنی هەندێک دەرفەت و پشتێنەی خۆپارێزییە و توانای ئەوەی هەیە بۆ ماوەیەکی دیکەش خۆی ڕابگرێت.»

**بە بڕوای دوکتور قاسملوو، لەم دۆخەدا دوو بژاردە دێنە ئاراوە:**

"**یەکەمیان ئەوەیە** تاران سیاسەتێکی واقیعبینانەتر بگرێتە بەر و لە چوارچێوەی باوەڕە ئیسلامییەکاندا، بەرەو هێڵێکی میانڕەو (لیبراڵ) هەنگاو بنێت. ئەگەر سەرکەوتوو بێ و دەرگاکان بە ڕووی ڕۆژاوادا بکەنەوە، ئەگەری مانەوەیان زیاتر دەبێت. بەڵام لەو حاڵەتەدا، ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی دەگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر ناوەکەشی هەر وەک خۆی بمێنێتەوە.

**بژاردەی دووەم ئەوەیە** کە گرووپێک لەناو دەسەڵاتدا بە زۆر خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت و ئەوانی تر پەراوێز بخات، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی گشتی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە وڵاتدا. ئێمە بۆ حاڵەتی شەڕی ناوخۆ خۆمان ڕێک خستووە. چونکە شەڕی ناوخۆ پێش هەموو شتێک کاریگەریی لەسەر تاران دەبێت، ئەمە بۆ ئێمە سوودبەخش دەبێت. بەڵام ئێمە خوازیاری بژاردەی یەکەمین، چونکە ئەو جەماوەرەی پشتیوانیمان دەکات، داوای دێموکراسی دەکات. ئێمە ئیتر ناتوانین پەنا بۆ توندوتیژی ببەین، ئێمە خوازیاری گەشەسەندنی ئاشتیخوازانەی ئێرانین.

**٣٧ ساڵە**

"بنەمای سەرەکیی ئێمە بۆ چارەسەر، ساڵانێکە هەر ئەوەیە: ئێمە لە ئێراندا داوای دێموکراسی و لە کوردستانی ئێراندا داوای ئۆتۆنۆمی «خۆبەڕێوەبەری» دەکەین. واتە نیزامێکی فرەیی. بۆ دێموکراسی؟ چونکە بێ دێموکراسی، خۆبەڕێوەبەری ناکرێت. دەبێت سەرەتا دێموکراسی ڕەگ داکوتێت، تا بتوانرێت ڕێگری لە دەستبەسەرداگرتنی زۆرەملێی دەسەڵات بگرێت. دێموکراسی گەرەنتییە.

**– کەواتە، ئەو ڕێگە دووەمەی داخوازیی یەکگرتن دروستی دەکات، چییە؟**

قاسملوو: یەکگرتنی کوردانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا بۆ ئەوەی مافی چارەنووسی خۆیان بەکار بهێنن. ئەمەش واتای ئەوەیە سنووری چوار وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕدرێت، کە ئەمە چارەسەرێکی واقیعی نییە. لە سیاسەتدا دەبێت واقیعبین بیت. بڕوانە، مافی چارەنووس گرنگە. من پێم وایە ئەمە لە چوارچێوەی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەردا دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئامانجمان پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و خاوەندارێتیی بڕیاردانە لە بوارەکانی زمان، کلتوور و پەروەردەدا؛ ئەی بۆچی ئەمە لەنێو دەوڵەتی ئێراندا جێبەجێ نەبێت؟ ئەگەر دێموکراسی لە ئێراندا جێگیر ببێت و خۆبەڕێوەبەری بۆ گەلی کورد دابین بکرێت، باوەڕم وایە هەلومەرجی ژیان بە خێرایی بەرەو باشتربوون دەچێت.

**– پێت وایە ئەم شێکارییە بۆ ئەو وڵاتانەی تریش کە کورد تێیاندا دەژین، ڕاست و گونجاو بێت؟**

قاسملوو: با تورکیا بە نموونە وەربگرین. دەزانن کە پرۆسەی یەکگرتوویی ئابووری لە ڕۆژاوای ئەورووپادا چەند بەخێرایی بەڕێوە دەچێت. تورکیاش دەیەوێت لە ئەورووپای ساڵی ١٩٩٢دا پێگەی خۆی هەبێت. ئەگەر لە ڕوانگەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە سەیری بکەین، ئەمە دەرفەتێکی مەزنە بۆ وڵاتەکەتان. تورکیا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە،

**دێموکراتترین وڵاتێکە کە کورد تێیدا دەژی. ئەگەر ڕای من وەربگریت، دەڵێم:** یەکەم هەنگاو بۆ کوردانی تورکیا، دەبێ دانپێدانانی ناسنامەی نەتەوەییان بێت. دەبێ دوای ئەوە، دانپێدانان بە مافە کولتووری و نەتەوەییەکانیان بێت. بۆچی ئەمە پێکەوە لەگەڵ زۆرینەی تورک جێبەجێ نەکرێت و ئۆتۆنۆمییەکیان پێ نەبەخشرێت؟ کوردانی تورکیا لە چوارچێوەی دێموکراتیدا تا ڕادەیەک ئازادیی جووڵەی یاساییان هەبووە، دەبێ کەڵک لەمە وەربگرن. جێگەی داخە کە حکوومەتی تورکیا دان بە ناسنامەی نەتەوەییی کورددا نانێت.

**سەیری بکەن، بە ڕاشکاوی دەڵێم:** بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی تر ئەستەمە. ئەگەر

۳۷ ساڵە

هەزار جاریش دووبارە بکرێتەوە کە لە تورکیادا تەنیا تورک هەن، ئەم کێشەیە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. دەزانم تورکیا دێموکراسیی دەوێت و دەیەوێت ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەی ئەورووپا؛ کەواتە دەبێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت. ئەمە بۆ ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانتان لەگەڵ وڵاتانی تریش، گرنگییەکی زۆری هەبووە. ئەگەر ئەمڕۆ دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکە بکرێت، هەر درەنگە. بەڵام ئەگەر بەیانی دەستی پێ بکرێت، زۆر زۆر درەنگ دەبێت. تورکیا ئێستا ئەو دەرفەتەی لەبەر دەستدایە ببێتە یەکەم وڵاتی پێشەنگ کە چارەسەرێکی دێموکراتی بۆ کێشەکانی کورد دەهێنێتە کایەوە. ئەم چارەسەرە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو گرووپە بچووک و توندڕەوانەش کە پشتیوانیی خەڵکی کورد بەدەست ناهێنن، پەراوێز بخرێن.

**– دوکتور قاسملوو، تێڕوانینی ئێوە بۆ بزووتنەوە چەقبەستووەکان بەگشتی و بۆ پەکەکە بەتایبەتی چۆنە؟**

**قاسملوو: تەنیا یەک ڕێکخراوی کوردی هەیە کە ئێمە هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵیان نییە:** ئەویش پەکەکەیە. چونکە ئێمە ڕێکارەکانی ئەو پارتە بە دروست نازانین. ئەگەر بەرنامەی پەکەکە بە وردی بخوێنیتەوە، ڕەنگە شتێکی ئەوتۆ نەدۆزیتەوە کە جێگەی ڕەخنە بێت؛ وەک هەر پارتێکی سیاسیی دیکە، بەرنامەی خۆیان هەبووە. بەڵام من ڕێکارەکانیان پەسەند ناکەم، نە لە نێو تورکیا و نە لە دەرەوەی تورکیا. بنەمای ئێمە ئەوەیە کە خۆمان لە هەر کردارێک بەدوور بگرین کە زیان بە خەڵکی سڤیل دەگەیەنێت. لەوانەیە پەکەکە وا بیر بکاتەوە کە ڕێکاری توندوتیژانە لە ماوەیەکی کورتدا بەرهەمدار بێت، بەڵام ئەگەر پارتێکی سیاسی بیەوێت خۆی وەک پارتێکی بەرپرسیار و دێموکرات بناسێنێت، نابێت پەنا بۆ ئەو جۆرە ڕێکارانە ببات. با نموونەی فەلەستینییەکان بهێنینەوە؛ لەم دواییانەدا لەگەڵ عەرەفات کۆ بووومەوە. پێی دەگوتم: «ئێمە هێشتا باجی ئەو کارانە دەدەین کە دە ساڵ لەمەوبەر کردوومانە.» بڕوانە، من خۆم چەندین ساڵ لە شاخەکاندا شەڕم کردووە و بەرگریمان لە خۆمان کردووە بەرانبەر بە ئێران، بۆیە باش دەزانم و باوەڕ بکە، دەستپێکردنی شەڕ زۆر ئاسانە، بەڵام کۆتاییهێنان بە ئەو شەڕە هەرگیز ئاسان نییە.

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**سەرچاوە: بلاگی ژیانەوە؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**۳۰ی بانەمەڕی ۲۷۲٦ی کوردی**

۳۷ ساڵە

# سەرکردە کوردەکان بەدوای «پەیوەندی»دا دەگەڕێن

## ڕۆژنامەی «جمهورییەت» ۸ی کانوونی یەکەمی ۱۹۸۸




**دیمانە: سابتای ڤارۆل**

**پێداچوونەوەی وەرگێران: محەمەدساڵح قادری**

پاریس - عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جەلال تاڵەبانی، سەرکردەی کوردانی عێراق، کە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی «ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست» لە پاریس بوون، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە «چارەسەرێکی سیاسی» بۆ پرسی کورد بدۆزرێتەوە. تاڵەبانی و قاسملوو سەبارەت بەو پێکدادانەی سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە چیای جوودی لە تورکیا ڕووی دا، گوتیان: «ئەگەر ئێمە لە تورکیا بووینایە، گرنگیمان بە خەباتی دێموکراتیک دەدا. »

جەلال تاڵەبانی، کە لە دیمەشق و تارانەوە پشتگیریی دژی بەغدای هەیە، بۆ ئەوە هاتبووە پاریس تا داوای ئیدانەکردنی ڕژێمی سەددام و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بکات. لە ڕاستیدا، هەردووکیان، هەم تاڵەبانی و هەم قاسملوو، لە

**٣٧ ساڵە**

ڕیزبەندیی ئەو کەسانەدان کە بەردەوام بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست دەکەن. بەڵام ئەم سەردانەیان، ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی نوێ بوو بۆ پەیوەندیگرتن لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق.

**کاتێک ڕای دکتۆر قاسملوومان سەبارەت بە پێکدادانەکەی چیای جوودی پرسی، بەم شێوەیە وڵامی دایەوە:** «من دە ساڵە لە چیا لە شەڕدام، بۆیە دژی شەڕم. نامەوێت بە ناوی کەسانی دیکەوە قسە بکەم، بەڵام پێشتریش گوتوومە: لە نێوان ئێران، عێراق و تورکیادا، تورکیا زیاتر لە هەموویان دیموکراسیی تێدایە. ئەگەر من لە جێگەی ئەوان (پەکەکە) بوومایە، هەوڵم دەدا خەباتی دیموکراتیک پەرە پێ بدەم.» قاسملوو دواتر بەشێکی ئەو قسانەی پێشان دا کە دوو مانگ لەمەوبەر لە مەدرید لە کۆبوونەوەیەکدا کردبووی: «سەیری بکەن، لێرە چیم گوتووە؟ لەوێش بەدەر، لەو کۆبوونەوەیەدا تورکیش ئامادە نەبوون، کەواتە بۆ ئەوە نەبووە دڵی ئەوان ڕازی بکەم.»

**ئەو بەشەی قسەکانی قاسملوو کە پەیوەندیی بە تورکیاوە هەیە بەم جۆرەیە:**

«تورکیا کارتی ئەورووپا و دیموکراسی بەکار دەهێنێت. سەرەڕای دوودڵیی دەسەڵاتدارانی ئێستای، لەوانەیە ناچار بێت مافە نەتەوەیی و ناسنامەی کوردانی ناو تورکیا بە فەرمی بناسێت. ئەوانیش دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە یاساییەکان، داواکارییەکانیان بسەپێنن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کۆماری ئیسلامیدا کە دیسپۆتیزمی سەدەی ناوەڕاستی بەسەردا زاڵە، کوردەکان ناچار کراون بۆ پاراستنی ناسنامە و ئازادییەکانیان چەک هەڵبگرن.»

**جەلال تاڵەبانییش پێی وایە لە ئاستی ناوچەکەدا، جگە لە چارەسەری سیاسی، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە بۆ پرسی کورد نییە. کاتێک لێمان پرسی «چۆن گەیشتینە ئەم دەرەنجامە؟» تاڵەبانی وڵامی دایەوە:** «بەهۆی ئەو دۆخەی تێیداین.» و گوتی: «جیهان بەرەو ئارامی دەچێت. دوو زلهێزەکە پشتگیریی چارەسەریی هەموو کێشە ناوچەییەکان دەکەن. کە خەریکە کێشەکانی کامبۆدیا، نامیبیا، ئەنگۆلا، ئەفغانستان و قوبرس چارەسەر دەبن، بۆچی کێشەی کورد چارەسەر نەبێت؟»

**تاڵەبانی ئاماژەی بەوەش کرد سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ قاسملوو هاوپەیمانی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەسەر چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەکە هاوڕان. قاسملوو دەڵێت:**

**«تەماشا بکەن، دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئاشتەوایی نێوان کوردانی عێراق و حکوومەتی عێراق زۆر زەحمەت بووە. ئێمە دە ساڵە لە ئێران لە شەڕداین، بەڵام تووشی دۆخێکی وەها نەبووین کە گوندەکان بە کۆمەڵ لەناوببرێن. ئەنقەرەش دەبێت هەرچی زووە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.»**

**٣٧ ساڵە**

**هەردوو سەرکردە دەپرسین: «بەڵام چۆن؟». جەلال تاڵەبانی دەڵێت: «دەبێت پەرلەمانتارە کوردەکان کۆ بکاتەوە و وەک لایەنی گفتوگۆ سەیریان بکات. دەبێت بەو شێوەیەی ئەوان پێشنیاری دەکەن، کێشەکە چارەسەر بکات. مافە کولتوورییەکانیان پێ بدات. سەیری نموونەی ئیسپانیا بکەن؛ کاتێک مافە کولتوورییەکان ناسێنران، ئەوانەی لایەنگری جیابوونەوە بوون، کەمینەیەک بوون کە پەڕاوێز خران. ئەگەر کورد لە تورکیا خاوەن مافی خۆیان بن، کوردانی عێراق و ئێران سۆزێکی زۆریان بۆ تورکیا دەبێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە تورکیا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیشی خاوەن متمانە دەبێت.»**

**تاڵەبانی زیاتر دەچێتە پێش و دەڵێت: «تەنیا دوای ئەمەیە کە دەتوانیت بیر لە پرسی مووسڵ بکەیتەوە.» جەلال تاڵەبانی بە گوتنی: «من پێم باشە هەموو ئەو ناوچەیەی کورد تێیدا دەژین لەلایەن تورکیاوە داگیر بکرێت، لایەنی کەم مامەڵە لەگەڵ یەک حکوومەت دەکەم،» سەرەداوێک لەو گریمانانەی لە مێشکیدایە دەخاتە ڕوو.**

**کاتێک لە دکتۆر قاسملوو پرسیارمان کرد کە لە کۆبوونەوەی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا هەوڵی پەیوەندیگرتنی لەگەڵ ئەردەڵ ئینۆنۆ داوە، «تۆ ویستت چی بە ئینۆنۆ بڵێیت؟»، وەڵامەکەی بەم جۆرە بوو: «ڕژێمی ئێران هەم پشتگیریی پەکەکە دەکات و هەم هەوڵ دەدات بزووتنەوەیەکی ئیسلامخواز لە تورکیا ببووژێنێتەوە. ئێمە سنوورێکی هاوبەشمان هەیە، بتەهەوێ و و نەتەهەوێ لە هەردوو دیوی سنوورەکە پەیوەندییەک هەیە. گوتم با ئەم پەیوەندییانە سیستەماتیک بکەین.» تاڵەبانییش ئاماژەی بەوە کرد کە ئینۆنۆ خۆی لە قسەکردن لەگەڵ ئەو دەدزێتەوە.**

**هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە لە دۆخە نوێیەکەدا، هەردوو سەرکردە کوردەکە بەدوای پەیوەندیی نوێدا وێڵن و لە نێو ئامانجەکانیشیاندا ناوی ئەنقەرە دەبینرێت.**

**تێبینی:** بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە لە زمانی تورکییەوە بۆ کوردی، سوود لە خزمەتگوزاریی"ڕەنگاڵە"وەگیراوە.

**بە شێوەی ئۆنلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**سەرچاوە: بلاگی ژیانەوە؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**٣٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

## دکتۆر قاسملوو: سیاسەت، ئابووری و خەباتی نەتەوەیی؛ دوای ٣٧ساڵ هێشتا بیرۆکەکانی دەژین




### حەسەن قارەمانی

مێژوو تەنیا بە شەڕ، سنووربەندی و بڕیاری فەرمانڕەوایان ناخولقێت؛ بەڵکو بەرهەمی بیر و هزری ئەو کەسانەشە کە بیرۆکەکانیان کاریگەری بەردەوامیان لەسەر نەوەکان هەیە. لە ڕیزی پێشەوەی بیرمەندانی مۆدێرن و سەرکردە سیاسییەکانی گەلی کورددا، دکتۆر قاسملوو پێگەیەکی تایبەتی هەیە. دوای ٣٧ ساڵ لە تیرۆرکردنی لە شاری ڤیەننا لە ١٣ی ژوئیە ١٩٨٩، ناوەکەی هێشتا هێمای دیموکراسی، زانست، دیالۆگ و کەرامەتی مرۆییە. ژیانی دکتۆر قاسملوو دەریدەخات کە ئایندەی نەتەوەیەک تەنیا لە بەرەکانی جەنگدا یەکلایی نابێتەوە، بەڵکو بەهەمان ئەندازە لە هۆڵەکانی زانکۆ، لە نووسینی کتێب، لە گوتاری سیاسی و لە ویژدانی مرۆڤەکاندا گەشە دەکات.

دوکتور قاسملوو زۆر لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر بوو. ئابووریناس و مامۆستای زانکۆ و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی نێودەوڵەتی و یەکێک لەو سەرکردە سیاسیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە بە بەردەوامی مافە نەتەوەییەکانیان لەگەڵ دیموکراسی و فرەیی و مافەکانی مرۆڤدا یەکخست. دیدگای سیاسی ئەو لەگەڵ زۆرێک لە بزووتنەوە هاوچەرخەکاندا جیاواز بوو، دوکتور قاسملوو ستراتیژەکەی لەسەر ڕق و کینە یان تۆڵەسەندنەوە نەبووە، بەڵکو لەسەر ئەو قەناعەتەی کە ئازادی تەنیا کاتێک دەتوانێت بەردەوام بێت کە لەسەر دامەزراوە دیموکراسیەکان و پەروەردە و ڕێزگرتن لە

کەرامەتی مرۆڤ بێت.

لە سەردەمێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کودەتای سەربازی و جەمسەرگیری ئایدیۆلۆژی و ڕژێمی پاوانخوازی تێدا بوو،دوکتور قاسملوو ڕێگایەکی دیکەی هەڵبژارد. ئەو قسەی لەسەر گفتوگۆ لەسەر دۆگماتیزم و ڕێکخستنی سیاسی لە بەرامبەر کولتووری کەسایەتی، و دیموکراسی لە بەرامبەر دیکتاتۆری دەکرد. بەناوبانگترین پرەنسیپی سیاسی حیزبەکەی"دیموکراسی بۆ ئێران، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"- سازشێکی تاکتیکی نەبوو بەڵکو دەربڕینی فەلسەفەیەکی دیموکراسی بیرکراوە بوو. دوکتور قاسملوو دانی بەوەدانا کە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بەبێ سەروەری یاسا و دامەزراوە ئازادەکان و کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ناتوانێت بەردەوام بێت.

ئەوەی دوکتور قاسملوو تایبەت دەکات ئەوەیە کە چەندین ناسنامەی لە یەک کەسدا یەکخستووە. شۆڕشگێڕ بوو بەڵام تیرۆری ڕەتدەکردەوە. ناسیۆنالیست بوو بەڵام شۆڤێنیست نەبوو. سۆسیالیست بوو بەڵام بەرگری لە فرەیی سیاسی دەکرد. ئەو ئابووریناس بوو بەڵام مرۆڤی وەک ناوەندی گەشەسەندن دەبینی. سەرکردەیەکی سیاسی بوو کە لە هەمان کاتدا لێکۆڵەر و نووسەر و مرۆڤدۆست بوو.

وەک دکتۆرێکی ئابوری تەنها وەک کێشەی خاک یان دەسەڵاتی سیاسی تەماشای پرسی کوردی نەدەکرد. هەروەها میکانیزمە ئابوورییەکانی پشت پەراوێزخستن و هەژاری و کەم گەشەسەندنی ناوچەیی شیکردەوە. ئەو لەوە تێگەیشت کە هەڵاواردنی ئابووری و سنووردارکردنی خوێندن و لاوازی دامەزراوەکان و نەبوونی وەبەرهێنان ستەمکاری سیاسی بەهێزتر دەکەن. بۆیە جە ختی لە وە کردە وە کە دە بێت کۆمە ڵگە یە کی ئازاد لە ڕێگە ی  زانست و زانیاری و گە شە پێدانی ئابووری و دامودە زگاکانی دیموکراسی بنیات بنرێت.

**تێڕوانینی ئەو بۆ پەروەردە لە بیرکردنەوەیەکدا کورتکرایەوە کە تا ئێستاش گرنگییەکی زۆری هەیە:**

میللەتێک ناتوانێ ڕاسان لەدژی زۆردار بکا هەتا فێری بیرکردنەوە و خوێندنەوە و دروستکردن نەبێ پێکەوە. بۆ دوکتور قاسملوو هەر خوێندکارێکی کورد، هەر مامۆستایەک و هەموو ڕۆشنبیرێک بەشێک بوو لە ڕزگاری نەتەوەیی. پەروەردەی وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ شکاندنی پێکهاتەکانی ستەم دەبینی.

**ئەو ویژدانە شۆڕشگێڕانەی کە دوکتور قاسملوو زۆرجار باسی دەکرد، بە ڕوونی لە وتە ناسراوەکانیدا دەربڕدراوە:**

هەر ئەمەش وایکرد کە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو زیاتر لە هێرشکردنە سەر سەرکردەیەکی تاکەکەسی بوو. هێرشێک بوو بۆ سەر بیرۆکەی چارەسەری پرسی کورد.دوکتور قاسملوو لە کاتی دانوستانەکانی ئاشتی لە ڤیەننا لە لایەن نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر کرا، بەڵام نەتوانرا بیرۆکەکانی تیرۆر بکرێن. بەپێچەوانەوە زەمەن دەریخستووە کە زۆرێک لەو شیکاریانەی کە سەبارەت بە پەرەسەندنی سیاسی ئێران، گرنگی دیموکراسی و مافی کەمینەکان کردوویەتی، نزیکەی چوار دەیە دواتر هێشتا پەیوەندیدارە.

## پرسی کورد؛ کێشەیەکی دامەزراوەیی و ئابووری:

زۆرجار پرسی کورد تەنیا وەک ململانێیەکی نەتەوەیی یان ئەمنی وەسف کراوە. بەڵام ڕوانگەیەکی شیکاریی قووڵتر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناوەڕۆکی کێشەکە، زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە تێڕوانینی ئەمنییەوە هەبێت، پەیوەستە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهاتە ئابوورییەکانەوە.

## سێ هۆکاری یەکتربەهێزکەر، لە مێژە تایبەتمەندیی ئەم دۆخەن:

١- **پەراوێزخستنی دامەزراوەیی:** لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سیاسیی سنووردارکەر و نوێنەرایەتیی لاواز لە ناوەندەکانی بڕیاردا.
٢- **پەراوێزخستنی ئابووری:** لە ڕێگەی گەشەی نایەکسانی ناوچەیی و نەبوونی وەبەرهێنان لە ناوچە کوردییەکاندا.
٣- **جیاکاریی کولتووری و زمانەوانی:** لە ڕێگەی بەرتەسککردنەوەی دەرفەتەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی.

ئەم هۆکارانە پێکەوە، کەلێنێکی قووڵی متمانە لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییاندا دروست دەکەن. دامەزراوە لاوازەکان ڕێگری لە وەبەرهێنان و گەشەسەندنی ئابووری دەکەن، ئەمەش لە بەرامبەردا بێمتمانەیی سیاسی و پارچەپارچەبوونی کۆمەڵایەتی قووڵتر دەکاتەوە.

هەر ئەم کێشە دامەزراوەییە بوو کە دکتۆر قاسملوو هەوڵیدا بیخاتە بەرچاو. ئەو پێی وابوو ئاشتیی هەمیشەیی ناتوانرێت بە هەژموونی سەربازی یان دروشمی ئایدیۆلۆژی بنیات بنرێت؛ بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوەی دیموکراسی، سەروەریی یاسا و گەشەپێدانی ئابووریی دادپەروەرانەوە دەستەبەر دەبێت.

## کۆکراوەیەک لە دیموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزم:

فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوو، تێکەڵەیەک بوو لە نەریتە ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکان. ئەو بنەما لیبراڵ-دیموکراسییەکانی وەک سەروەریی یاسا، فەردیی و نوێنەرایەتیی سیاسیی لەگەڵ باوەڕێکی قووڵ بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ناوچەییدا ئاوێتە کرد. هاوکات، دیدگایەکی" ئۆتۆنۆمی فیدراڵیی" پەرە پێ دا کە تێیدا دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و ناوچەکاندا دابەش دەکرێت، تاوەکو هەم یەکگرتوویی نیشتمانی و هەم مافی بڕیاردانی ناوخۆیی مسۆگەر ببێت.

بیرکردنەوەی سیاسیی دوکتور قاسملوو نیشان دەدات کە دیموکراسی بریتی نییە لە دەسەڵاتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، بەڵکو دروستکردنی دامەزراوەیەکە کە تێیدا سەرجەم هاووڵاتیان بتوانن لەسەر بنەمای یەکسانی بەشداری بکەن.

## دیموکراسی وەک دامەزراوە، نەک دروشم:

دوکتور قاسملوو هەرگیز دیموکراسیی بە سیمبولێکی ڕیتۆری یان دروشمێکی سیاسی نەزانیوە. دیموکراسی لە لای ئەو، سیستەمێکی دامەزراوەیی بوو کە لەسەر بنەمای ماف، بەرپرسیارێتی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنیات نرابوو.

**فۆرمولاسیۆنە ناسراوەکەی:**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «دیموکراسی بۆ ئێران، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»، دەربڕینی خواستی جودابوونەوە نییە، بەڵکو دیدگای دەوڵەتێکی دیموکراسییە کە تێیدا ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی لەگەڵ یەکێتیی نەتەوەیی تێکەڵ دەکرێت. لە سیستەمێکی لەو چەشنەدا، پرسەکانی وەک سیاسەتی دەرەوە، بەرگری و سیاسەتی ئابووریی گشتی بە نیشتمانی دەمێننەوە، لە کاتێکدا کاروباری ناوچەیی لەلایەن دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی نزیک لە هاووڵاتیانەوە بەڕێوە دەبرێن.

ئەم ڕێبازە نزیکە لە تیۆرییە مۆدێرنەکانی لامەرکەزی و حوکمڕانیی فرەئاست، کە تێیدا خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی وەک مەرجێکی پێشوەختە بۆ دیموکراسییەکی سەقامگیر و گشتگیر سەیر دەکرێت.

**٣٧ ساڵە**

**لە سیاسەتی شوناسەوە بۆ ئابووریی سیاسی:**

دوکتور قاسملوو وەک ئابووریناسێک، ململانێکان لە دیدگایەکی فراوانتر لە کولتوور و شوناسەوە شیکار دەکرد. ئەو بە ڕوونی پەیوەندیی نێوان پەراوێزخستنی سیاسی و دواکەوتوویی ئابووریی دەبینی.

**لە تێڕوانینی ئەو، پرسی کورد بریتی بوو لە:**

- دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوە گشتییەکان؛
- وەبەرهێنانی ناوچەیی؛
- پەروەردە و گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی؛
- ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووری و گەشەپێدانی بەردەوام.

شیکارییەکەی دوکتور قاسملوو ئاماژەی بە ڕاستییەکی سەرەکی دەکرد، بەبێ دامەزراوەی گشتگیر، هیچ گەشەیەکی ئابووریی درێژخایەن بەدەست نایەت. دیموکراسی و گەشەی ئابووری دژایەتیی یەکتر نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن.

**میراتێک کە هەمیشە دەمێنێتەوە:**

**ویژدانی شۆڕشگێڕانە وەک بنەمای شەرعیەتی سیاسی:**

یەکێک لە بیرۆکە هەرە گرنگەکانی دوکتور قاسملوو، پەیوەندی بە ویژدانی شۆڕشگێڕانەوە هەیە،مرۆڤی شۆڕشگێڕ هەرگیز شەرم لە ویژدانی خۆی ناکات»، تەنها لێدوانێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو تیۆرێکی قووڵی شەرعیەتی سیاسییە. دوکتور قاسملوو پێچەوانەی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کە دەسەڵات لە خۆیدا دەکەنە ئامانج، پێی وابوو شەرعیەتی سیاسیی ڕاستەقینە کاتێک دەستەبەر دەبێت کە کردار لەگەڵ بنەماکاندا بگونجێت. سیاسەت بەبێ ئەخلاق، متمانەی خۆی لەدەست دەدات؛ لە کاتێکدا دەسەڵات لەسەر بنەمای دادپەروەری، بەرپرسیاریێتی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، دەتوانێت شەرعیەتێکی هەمیشەیی بەدەست بهێنێت.

هەر ئەمەش وایکرد کە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو زیاتر لە هێرشکردنە سەر سەرکردەیەکی تاکەکەسی بوو. هێرشێک بوو

بۆ سەر بیرۆکەی چارەسەری پرسی کورد.دوکتور قاسملوو لە کاتی دانوستانەکانی ئاشتی لە ڤیەننا لە لایەن نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر کرا، بەڵام نەتوانرا بیرۆکەکانی تیرۆر بکرێن. بەپێچەوانەوە زەمەن دەریخستووە کە زۆرێک لەو شیکاریانەی کە سەبارەت بە پەرەسەندنی سیاسی ئێران، گرنگی دیموکراسی و مافی کەمینەکان کردوویەتی، نزیکەی چوار دەیە دواتر هێشتا پەیوەندیدارە.

## پرسی کورد؛ کێشەیەکی دامەزراوەیی و ئابووری:

زۆرجار پرسی کورد تەنیا وەک ململانێیەکی نەتەوەیی یان ئەمنی وەسف کراوە. بەڵام ڕوانگەیەکی شیکاریی قووڵتر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناوەڕۆکی کێشەکە، زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە تێڕوانینی ئەمنییەوە هەبێت، پەیوەستە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهاتە ئابوورییەکانەوە.

## سێ هۆکاری یەکتربەهێزکەر، لە مێژە تایبەتمەندیی ئەم دۆخەن:

١- **پەراوێزخستنی دامەزراوەیی:** لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سیاسیی سنووردارکەر و نوێنەرایەتیی لاواز لە ناوەندەکانی بڕیاردا.
٢- **پەراوێزخستنی ئابووری:** لە ڕێگەی گەشەی نایەکسانی ناوچەیی و نەبوونی وەبەرهێنان لە ناوچە کوردییەکاندا.
٣- **جیاکاریی کولتووری و زمانەوانی:** لە ڕێگەی بەرتەسککردنەوەی دەرفەتەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی.

ئەم هۆکارانە پێکەوە، کەلێنێکی قووڵی متمانە لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییاندا دروست دەکەن. دامەزراوە لاوازەکان ڕێگری لە وەبەرهێنان و گەشەسەندنی ئابووری دەکەن، ئەمەش لە بەرامبەردا بێمتمانەیی سیاسی و پارچەپارچەبوونی کۆمەڵایەتی قووڵتر دەکاتەوە.

هەر ئەم کێشە دامەزراوەییە بوو کە دکتۆر قاسملوو هەوڵیدا بیخاتە بەرچاو. ئەو پێی وابوو ئاشتیی هەمیشەیی ناتوانرێت بە هەژموونی سەربازی یان دروشمی ئایدیۆلۆژی بنیات بنرێت؛ بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوەی دیموکراسی، سەروەریی یاسا و گەشەپێدانی ئابووریی دادپەروەرانەوە دەستەبەر دەبێت.

### کۆکراوەیەک لە دیموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزم:

فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوو، تێکەڵەیەک بوو لە نەریتە ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکان. ئەو بنەما لیبراڵ-دیموکراسییەکانی وەک سەروەریی یاسا، فرەیی و نوێنەرایەتیی سیاسیی لەگەڵ باوەڕێکی قووڵ بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ناوچەییدا ئاوێتە کرد. هاوکات، دیدگایەکی" ئۆتۆنۆمی فیدراڵیی" پەرە پێ دا کە تێیدا دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و ناوچەکاندا دابەش دەکرێت، تاوەکو هەم یەکگرتوویی نیشتمانی و هەم مافی بڕیاردانی ناوخۆیی مسۆگەر ببێت.

بیرکردنەوەی سیاسیی دوکتور قاسملوو نیشان دەدات کە دیموکراسی بریتی نییە لە دەسەڵاتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، بەڵکو دروستکردنی دامەزراوەیەکە کە تێیدا سەرجەم هاووڵاتیان بتوانن لەسەر بنەمای یەکسانی بەشداری بکەن.

### دیموکراسی وەک دامەزراوە، نەک دروشم:

دوکتور قاسملوو هەرگیز دیموکراسیی بە سیمبولێکی ڕیتۆری یان دروشمێکی سیاسی نەزانیوە. دیموکراسی لە لای ئەو، سیستەمێکی دامەزراوەیی بوو کە لەسەر بنەمای ماف، بەرپرسیارێتی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنیات نرابوو.

فۆرمولاسیۆنە ناسراوەکەی:حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «دیموکراسی بۆ ئێران، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»، دەربڕینی خواستی جودابوونەوە نییە، بەڵکو دیدگای دەوڵەتێکی دیموکراسییە کە تێیدا ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی لەگەڵ یەکێتیی نەتەوەیی تێکەڵ دەکرێت. لە سیستەمێکی لەو چەشنەدا، پرسەکانی وەک سیاسەتی دەرەوە، بەرگری و سیاسەتی ئابووریی گشتی بە نیشتمانی دەمێننەوە، لە کاتێکدا کاروباری ناوچەیی لەلایەن دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی نزیک لە هاووڵاتیانەوە بەڕێوە دەبرێن.

ئەم ڕێبازە نزیکە لە تیۆرییە مۆدێرنەکانی لامەرکەزی و حوکمڕانیی فرەئاست، کە تێیدا خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی وەک مەرجێکی پێشوەختە بۆ دیموکراسییەکی سەقامگیر و گشتگیر سەیر دەکرێت.

### لە سیاسەتی شوناسەوە بۆ ئابووریی سیاسی:

دوکتور قاسملوو وەک ئابووریناسێک، ململانێکان لە دیدگایەکی فراوانتر لە کولتوور و شوناسەوە شیکار دەکرد. ئەو بە

ڕوونی پەیوەندیی نێوان پەراوێزخستنی سیاسی و دواکەوتوویی ئابووریی دەبینی.

## لە تێڕوانینی ئەو، پرسی کورد بریتی بوو لە:

– دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوە گشتییەکان؛
– وەبەرهێنانی ناوچەیی؛
– پەروەردە و گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی؛
– ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووری و گەشەپێدانی بەردەوام.

شیکارییەکەی دوکتور قاسملوو ئاماژەی بە ڕاستییەکی سەرەکی دەکرد، بەبێ دامەزراوەی گشتگیر، هیچ گەشەیەکی ئابووریی درێژخایەن بەدەست نایەت. دیموکراسی و گەشەی ئابووری دژایەتیی یەکتر نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن.

## میراتێک کە هەمیشە دەمێنێتەوە:

٣٧ ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا تێپەڕ دەبێت، کەچی بیروباوەڕەکانی هەر زیندوون. ئەو بیرانە هێشتا ئیلهامبەخشی ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە دیموکراسی، پێکەوەژیانی ئاشتیانە، مافی مرۆڤ و پتەوکردنی دامەزراوەکان هەیە.

مێژوو چەندین جار سەلماندوویەتی کە فیشەک دەتوانێت مرۆڤ بێدەنگ بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت پێش بەو بیرۆکەیە بگرێت کە کاتی هاتنی گەیشتووە. هەر بۆیە میراتی دوکتور قاسملوو تەنیا بەشێک نییە لە مێژووی کوردستان، بەڵکو پشکدارێکی بەرچاوە لە بزاڤی جیهانیی دیموکراسی، دادپەروەری و ئازادیی مرۆڤایەتیدا.

## دوکتور قاسملوو؛ ئەندازیاری دیموکراسی، ئابووریناسی سیاسی و سەرکردەی ئەخلاقمەدار:

فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوو تەنیا بریتی نەبوو لە خواستی چاکسازیی دیموکراسی، بەڵکو باوەڕێکی قووڵیش بوو بەوەی کە سیاسەت دەبێ لەسەر بناغەی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی دابمەزرێت. لەم ڕووەوە، بیرکردنەوەی ئەو نزیکە لە بیرکردنەوەی فەیلەسوفی سیاسی، «هانا ئارێنت»، کە جەختی لەوە دەکردەوە کردەی سیاسی تەنیا کاتێک دەتوانێت شەرعییەتی ڕاستەقینە بەدەست بهێنێت کە لەگەڵ بەرپرسیارێتی، ڕەنگدانەوەی ئەخلاقی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤدا یەک بگرێتەوە.

لەم روانگەیەوە، دوکتور قاسملوو نەک هەر وەک ڕێبەرێکی سیاسی لە ململانێیەکی نەتەوەییدا، بەڵکو وەک ڕۆشنبیرێک دەردەکەوێت کە بیرۆکەکانی دیموکراسی، ئابووریی سیاسی و مافی مرۆڤی لە مۆدێلێکی یەکگرتووی کۆمەڵگادا ئاوێتە کردووە. دیدگای سیاسیی ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئاشتیی پایەدار و گەشەسەندنی بەردەوام، تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوەی گشتگیر، سەروەریی یاسا و دادپەروەریی ئابوورییەوە دەستەبەر دەبێت.

**بۆیە نابێت میراتەکەی تەنیا وەک یادەوەرییەکی مێژوویی سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێ وەک بەشدارییەکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکاندا لەسەر ئەم تەوەرانە ببینرێت:**

- **ڕێکخستنی دەوڵەت لە کۆمەڵگا فرەنەتەوەییەکاندا؛**
- **گەشەپێدانی ئابووریی ناوچەیی و گشتگیر؛**
- **بارودۆخی دامەزراوەیی دیموکراسی؛**
- **پەیوەندیی نێوان ئەخلاق، شەرعییەت و سەرکردایەتیی سیاسی.**

## دوکتور قاسملوو وەک ئابووریناس؛ ڕەهەندی ئابووریی سیاسەت:

یەکێک لەو لایەنانەی لە کارە فیکرییەکانی دوکتور قاسملوودا زۆر جار چاوپۆشیی لێ دەکرێت، پێشینەی ئەو وەک ئابووریناسێکە. ئەم پەروەردەیە ڕوانگەیەکی شیکاریی پێ بەخشی کە بە ڕوونی لە زۆرێک لە سەرکردە سیاسییە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیای دەکاتەوە.

لە کاتێکدا زۆر بزووتنەوە، پرسی کوردییان تەنیا وەک ململانێیەکی نەتەوەیی، فەرهەنگی یان ئەمنی لێک دەدایەوە، دوکتور قاسملوو وەک دەرئەنجامی کارلێکی نێوان دامەزراوە سیاسییەکان و پێکهاتە ئابوورییەکان تەماشای دەکرد. دوکتور قاسملوو ئاماژەی بەوە دەکرد کە چەوسانەوەی سیاسی و گەشەنەکردنی ئابووری، دیاردەی لێکجیا نین، بەڵکو دوو ڕووخساری یەک نەزمی دامەزراوەیین.

ئەم بۆچوونە لەگەڵ تیۆریی گەشەپێدانی دامەزراوەیی مۆدێرن یەک دەگرێتەوە؛ کە پێی وایە دامەزراوە لاوازەکان یان سیستەمە گەندەڵەکان، هاندەرە ئابوورییەکان بە ئاڕاستەیەک دروست دەکەن کە نایەکسانی بەرهەم دەهێنێتەوە و ڕێگرە لە گەشەسەندنی درێژخایەن.

## نایەکسانیی ناوچەیی وەک میکانیزمێکی پێکهاتەیی:

**شیکاریی دکتۆر قاسملوو بۆ کێشەکانی گەشەسەندنی کوردستان، لە ڕێگەی سێ میکانیزمی ئابووریی ناوەندگەراییدا دەستەبەر دەبێت:**

### ١- دابەشکردنی نایەکسانی سەرچاوەکان:

وەبەرهێنانی گشتی و سەرچاوە ئابوورییەکان لە ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی دەوڵەتدا چڕ بوونەتەوە، لە کاتێکدا ناوچە پەراوێزخراوەکان دەرفەتی گەشەسەندنی سنووردariان بۆ دەمێنێتەوە. ئەنجامەکەی، کەمیی پێکهاتنی سەرمایە، لاوازیی پیشەسازی و بۆشایی بەردەوامی گەشەپێدانە.

### ٢- کۆچی سەرمایەی مرۆیی:

کاتێک کەسانی خوێندەوار لە ناوچەکانی خۆیاندا دەرفەتی کارکردن و گەشەپێدانی پیشەییان بۆ نەرەخسێت، ڕوو لە شارە گەورەکان یان دەرەوەی وڵات دەکەن. ئەم «کۆچی سەرمایەی مێشکە»، بەرهەمهێنان، توانای داهێنان و گەشەی داهاتووی ناوچەکە لاواز دەکات.

### ٣- پەراوێزخستنی دامەزراوەیی:

کاریگەریی سیاسیی سنووردار لەسەر پلاندانانی ناوچەیی و بڕیارە ئابوورییەکان، توانای دامەزراوە ناوخۆییەکان بۆ پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتانەی گەشەپێدان کە لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخی ناوچەکەدا دەگونجێن، لاواز دەکات.

ئەم سێ میکانیزمە پێکەوە «تەڵەیەکی گەشەسەندن»ی خۆبەهێزکەر پێک دەهێنن کە تێیدا چەقبەستوویی ئابووری و پەراوێزخستنی سیاسی یەکتر بەرهەم دەهێننەوە. پێکهاتەیەکی لەم چەشنە بەتەنیا لە ڕێگەی هێزەکانی بازاڕەوە ناشکێنرێت، بەڵکو پێویستی بە چاکسازیی دامەزراوەیی و نەزمێکی سیاسیی گشتگیرتر هەیە.

لەم ڕووەوە شیکاریی دکتۆر قاسملوو نزیکە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەی «ئابووریی دامەزراوەیی» کە زانایانی وەک دۆگلاس نۆرس و دارۆن ئاجەمئۆغڵوو نیشانی دەدەن؛ دامەزراوە گشتگیرەکان بناغەی گەشەسەندنی ئابووریی درێژخایەنن.

**٣٧ ساڵە**

### گەشەسەندنی ئابووری هەمیشە پرسێکی سیاسییە:

یەکێک لە تێڕوانینە هەرە بەرچاوەکانی دکتۆر قاسملوو ئەوە بوو کە گەشەسەندنی ئابووری هەرگیز لە ڕووی سیاسییەوە بێلایەن نییە.

شوێنی وەبەرهێنان، چۆنیەتیی تەرخانکردنی بودجەی پەروەردە، پێشینەدان بە وەبەرهێنانی ژێرخان و دابەشکردنی سامانە سروشتییەکان، تەنیا بڕیاری تەکنیکی یان کارگێڕی نین. ئەوان لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنی سیاسین کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، گەشەسەندنی ناوچەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە قاڵب دەدەن.

لەم ڕوانگەیەوە، پرسی کورد نەک هەر دەبێتە پرسی مافە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکان، بەڵکو دەبێتە پرسی دادپەروەریی ئابووری، هاوسەنگیی ناوچەیی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکانی دەوڵەت.

### گرنگیی ئابووریی دیموکراسی:

دکتۆر قاسملوو بە پێچەوانەی زۆرێک لە ئایدۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکان کە ئابووری و سیاسەت وەک دوو کایەی جیاواز سەیر دەکەن، دیموکراسیی وەک پێشمەرجێکی بنەڕەتی بۆ گەشەسەندنی ئابووری دەبینی.

### ئەخلاقی سیاسی، سەرکردایەتی و پرۆژەی دیموکراسیی تەواونەکراو:

کارە سیاسییەکانی دوکتۆر قاسملوو تەنیا لە ڕێگەی شیکارییە ستراتیژییەکان، هاوسەنگیی هێز، یان نەخشەی دامەزراوەییەوە ناکرێت تێبگەین. ناوەکی فەلسەفەی سیاسیی ئەو لەسەر قەناعەتێکی قووڵی ئەخلاقی وەستابوو، کە سیاسەت لە کۆتاییدا بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقییە. بۆ ئەو، سەرکردایەتیکردن بە پلەی یەکەم مەسەلەی داگیرکردن یان پاراستنی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو مەسەلەی مامەڵەکردن بوو بەگوێرەی ویژدان، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤ.

لەم ڕووەوە، بیرکردنەوەی بەشێکە لە نەریتێکی فراوانی مرۆڤدۆستانە لە فەلسەفەی سیاسیدا. ئەویش وەک «هانا ئارێنت» جەختی لەوە کردەوە کە دەسەڵاتی سیاسیی ڕاستەقینە لەسەر بنەمای زۆرەملێ نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی، حوکمدان و دانپێدانانی خۆبەخشانەی خەڵک بە شەرعیەتی دامەزراوەکان دامەزراوە. بۆیە ئەرکی سیاسەت تەنیا ڕێکخستنی دەوڵەت نییە، بەڵکو دروستکردنی ئەو هەلومەرجە ئەخلاقی و دامەزراوەییەیە کە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەر

دەخوڵقێنێت.

## دیالۆگ وەک ستراتیژێکی سیاسی:

یەکێک لە سیفەتە جیاوازەکانی دوکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی سیاسی، باوەڕی بەردەوامی بە وتوویژ و دانوستان بوو. لە ناوچەیەکدا کە زۆرجار ململانێکان بە لۆژیکی سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری پێناسە دەکران، بانگەشەی بۆ سیاسەتێک دەکرد کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ، سازان و چارەسەری دامەزراوەیی بێت.

ستراتیژی ئەو لەسەر بنەمای ئایدیالیزم یان گەشبینیی بێهەڵوێست نەبوو، بەڵکو لەسەر تێگەیشتنێکی واقیعیانە لە ئاڵۆزیی ململانێکان بوو. ئەو تێگەیشت کە ئاشتییەکی بەردەوام تەنیا کاتێک بەدەست دێت کە هەموو ئەکتەرە سیاسییەکان دان بە بوون، ماف و شەرعیەتی یەکتردا بنێن. بۆیە دانوستان دەربڕینی لاوازی نەبوو، بەڵکو ئامرازێک بوو بۆ گۆڕینی دژایەتییەکان بۆ چارەسەری سیاسی.

**ئەم هەڵوێستە پراگماتیکییە لە بەناوبانگترین دروشمی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕوونی دەربڕدراوە:**

**"دیموکراسی بۆ ئێران – ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"**

ئەم فۆرمولەکردنە نە داواکاریی جیابوونەوە بوو و نە دوورکەوتنەوە لە دەوڵەتی ئێران. بە پێچەوانەوە، دیدگای ئێرانێکی دێموکراتی دەربڕی کە تێیدا یەکگرتوویی نەتەوەیی لەگەڵ ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی، دابەشکردنی دەسەڵاتی دامەزراوەیی و ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی کولتووری تێکەڵ بکرێت. دوکتۆر قاسملوو ئۆتۆنۆمی وفیدراڵیزمی وەک میکانیزمێک بۆ پتەوکردنی شەرعیەتی دەوڵەت لە ڕێگەی گشتگیرییەوە دەبینی، نەک وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی دەوڵەت.

## ڤیەنا ١٩٨٩ – تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوولایەنگرێکی دیالۆگ:

تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو لە ڤیەنا لە ساڵی ١٩٨٩دا، تەنیا هێرشێک نەبووە بۆ سەر سەرکردەیەکی تاکەکەسی، بەڵکو هێرشێک بوو بۆ سەر ئەو بیرۆکە سیاسییەی کە نوێنەرایەتیی کورد دەکرد؛ باوەڕبوون بە گفتوگۆ، دانوستانی ئاشتیانە و چارەسەری دامەزراوەیی.

ئەم ڕووداوە وەرچەرخانێکی چارەنووسساز بوو لە مێژووی سیاسیی مۆدێرنی کوردیدا. دەریخست کە چۆن دەنگە میانڕەو و چاکسازیخوازەکان لەو ململانێیانەدا کە توندوتیژی تیایاندا زاڵ دەبێت، زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت. کاتێک دانوستاندن بە سەرکوتکردن تیرۆرجێگەی دەگرێتەوە، ئاسۆی ئاشتی لاواز دەبێت، لە کاتێکدا ململانێ بنەڕەتییەکان قووڵتر دەبنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، تیرۆرکردن بە مانای کۆتاییهاتنی ئەو قەیرانە نەبوو کە دوکتۆر قاسملوو هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا؛ بە پێچەوانەوە، بەشداریی کرد لە درێژکردنەوە و قووڵکردنەوەی ئەو دژایەتییە سیاسییانەی کە پرۆژە دیموکراسییەکەی ئامانجی تێپەڕاندنی بوو.

### میراتێک لە بیرۆکە کە بەردەوامە:

سەرەڕای تیرۆر کارەساتبار، بیرۆکەکانی دوکتۆر قاسملوو لە زانستە سیاسییەکان، ئابووریی سیاسی و لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی و ململانێدا بەردەوامن. شیکارییەکانی لە باسە هاوچەرخەکانی فیدرالیزم لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان، مافی کەمینەکان، دیموکراتیزەکردنی ڕژێمە تاکڕەوەکان و پەیوەندیی نێوان کوالیتیی دامەزراوەیی و گەشەسەندنی ئابووریدا دووبارە دەبنەوە.

بە تایبەتی گرنگ ئەو تێڕوانینەیە کە گەشەسەندنی ئابووری و گشتگیریی سیاسی وابەستەی یەکترن. کۆمەڵگا ناتوانێت سەقامگیریی درێژخایەن بەدەستبهێنێت ئەگەر نەتەوە گەورەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک لە کاریگەریی سیاسی یان دەرفەتی ئابووری دوور بخرێنەوە. ئەم تێگەیشتنە نزیکە لە توێژینەوەی مۆدێرن لە بواری ئابووریی دامەزراوەیی، کە دامەزراوە گشتگیرەکان بە پێشمەرجێکی بنەڕەتی بۆ گەشەسەندنی بەردەوام و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دادەنێت.

هەر ئەمەشە وایکردووە بیرۆکەکانی دوکتۆر قاسملوو زۆر لەودیو کایەی سیاسیی کوردەوە تاوتوێ بکرێن؛ چونکە دەست دەخەنە سەر پرسە گشتگیرەکانی دیموکراسی، دادپەروەری و شەرعیەتی دەوڵەت.

### لە تاکەوە بۆ بیرۆکە؛ میراتێکی سیاسیی بەردەوام:

قووڵترین گرنگیی میراتی دکتۆر قاسملوو، تەنیا لە کار و ژیانی تایبەتیی ئەودا نییە، بەڵکو لەو چوارچێوە فیکرییەدایە کە بۆ بیری سیاسی پەرەی پێ داوە.

**دەتوانین فەلسەفەی سیاسیی ئەو لە سێ بنەمای سەرەکیدا کورت بکەینەوە:**

**١- سیاسەت دەبێت لەسەر بنەمای ویژدان، ئەخلاق و بەرپرسیارێتیی مرۆیی بێت.**
**٢- دیموکراسی پێویستییەکی دامەزراوەییە، نەک ئیمتیازێکی کولتووری یان جوگرافی.**
**٣- گەشەسەندنی ئابووریی بەردەوام، پێشمەرجی گشتگیریی سیاسی، سەروەریی یاسا و دامەزراوەی یەکسانە.**

**ئەم پرەنسیپانە پێکەوە دیدگایەک دەخوڵقێنن بۆ ئەوەی چۆن ململانێکان لە کۆمەڵگا فرەنەتەوەییەکاندا، لە ڕێگەی دامەزراوە دیموکراتییەکان، دیالۆگ و دادپەروەرییەوە بەڕێوە بچن، نەک لە ڕێگەی توندوتیژی و پەراوێزخستنەوە.**

## پڕۆژەیەکی تەواونەکراو، بەڵام زیندوو!

**دوایدوای ٣٧ ساڵبەسەر تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوودا، پرۆژە سیاسییەکەی هێشتا وەک دەقێکی تەواونەکراو دەردەکەوێت، بەڵام هەرگیز لە پەککەوتن نەکەوتووە. هەر بۆیە ناوی ئەو تا ئێستاش لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا خاوەن پێگەیەکی تایبەتە. ئەو تەنیا یادەوەرییەکی مێژوویی یان هێمای نەوەیەکی ڕابردوو نییە، بەڵکو خاڵێکی وەرچەرخانی فیکریی زیندووە کە بیرۆکەکانی بەردەوام سەرچاوەی ئیلهامن بۆ گفتوگۆکان سەبارەت بە دیموکراسی، ئاشتی، فیدراڵیزم و مافی مرۆڤ.**

**دوکتور قاسملوو پێی وابوو گەلێک تەنیا کاتێک دەتوانێت سەرهەڵبدات کە فێری بیرکردنەوە و خوێندنەوە بووبێت پێکەوە؛ بۆیە لە هەر گەنجێکی کورددا پریشکی هێزی ڕزگارکەری میللەتی دەبینی.**

**ژیانی دوکتور قاسملوو بە تیرۆرێکی سیاسی لە ڤیێنا کۆتایی هات، بەڵام بیرۆکەکانی بەردەوامن. ئەو تیرۆرە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە دەکرێت مرۆڤەکان بێدەنگ بکرێن، بەڵام بیرۆکەیەک لەسەر بنەمای دادپەروەری، ئازادی و دیموکراسی، توانای مانەوەی لە سەردەمی خۆی زیاترە و بەردەوام دەبێت لە دارشتنی ئاسۆی سیاسیی داهاتوو. ناوی دوکتور قاسملوو تەنیا بەشێک نییە لە مێژووی کورد، بەڵکو بەشێکە لە داهاتووی؛ ئەو دەنگەی کە هێشتا قسە لەگەڵ کوردستان دەکات. فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوو لەسەر بناغەیەکی ئەخلاقیی بەهێز وەستاوە؛ لای ئەو، ویژدان، دیالۆگ و کەرامەتی مرۆڤایەتی لە هەر پێشمەرجێکی سەرکردایەتیی سیاسی شەرعیتر بوون.**

**ژیانی دوکتور قاسملوو دیالۆگێک بوو لە نێوان فیکر و کرداردا، لە نێوان ڕیالیزم و ئایدیالیزمدا. بەم شێوەیە دوکتور**

قاسملوو دەژی و ناوەکەی دەدرەوشێتەوە؛ وەک ئەستێرەیەک بەسەر شاخەکاندا کە تا ئێستاش گۆرانیی ئازادیی تێدا دەگوترێتەوە، وەک لێدانی دڵی هەر کەسێک کە بە زانست، بوێری و دڵسۆزییەوە، وڵاتەکەی کوردستانی خۆش دەوێت.

## "سەرچاوە سەرەتاییەکان"

- کوردستان و کورد: گرنگترین کتێبی ئەو لەسەر پرسی کورد.
- چاوپێکەوتنی «کۆماری» (١٩٨٩): ئەو دەقەی کە تیایدادکتۆر قاسملوو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە دیموکراسی، ئۆتۆنۆمی و ئێران ڕوون دەکاتەوە.
- وتار، چاوپێکەوتن و بەڵگەنامە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
- دانوستانەکانی ئاشتی لە ڤیەنا.
- تیرۆرکردنی لە ساڵی ١٩٨٩ و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان.

**تێبینیی گرنگ:**

### – ئابووری و ئابووریی دامەزراوەیی:

بیرۆکەکانی دکتۆر قاسملوو لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆریانەدا شایەنی شیکردنەوەن یان خاڵی هاوبەشیان لەگەڵدا هەیە: دۆگلاس نۆرس و دارۆن ئاجەمئۆغلوو

### – دۆگلاس نۆرس:

«دامەزراوەکان، گۆڕانی دامەزراوەیی و ئەدای ئابووری.

- دارۆن ئاجەمئۆغلوو و جەیمس ئەی. ڕۆبنسن:** «بۆچی گەلان شکست دەهێنن نۆبڵی ئابووریی ٢٠٢٤ بەخشرایە دارۆن عەجەمئۆغلو.

لێرەشدا تیۆرییەکان وەک ئامرازێکی شیکاری بۆ لێکدانەوەی ڕێبازی ئابووریی دکتۆر قاسملوو بەکار هاتوون.

**٣٧ساڵە**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**سەرچاوە: بلاگی ژیانەوە؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

# ڕێبەرێک کە نەیدەویست کاریزما بێت




**دانا کۆنەپۆشی**

**"لەناو ئاپۆرای جەماوەردا هاواری بژی قاسملوو بەرز دەبێتەوە. قاسملوو درووشمەکەیان پێ دەبڕێت و دەڵێت لە حیزبەکەی ئەودا تاکپەرستی جێگای نییە."**

## پوختە

ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر بابەتی کاریزمابوونی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و جۆری مامەڵەکردنی ئەو لە لووتکەی بڕیاری حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسیدا. لە کۆتاییشدا کاریگەرییەکانی ڕێبەرایەتیی کاریزماییی ئەو لەسەر ئەوکات و ئێستای بزووتنەوەی کورد زۆر بە کورتی باس دەکرێت.

## کاریزما چییە؟

کاریزما لە مانا کۆن و لەسەرچاوە یۆنانییە کەونارەکەیدا کە khárisma بووە، بەواتای "دیارییەکی بێبەرانبەر" و "چاکە کردن" بووە. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا لە بیاڤی خواناسیی مەسیحیدا بەواتای "دیارییەکی خواداو و

ئاسمانی” هاتووە.

بە نووسینەکانی “ماکس ویبێر”ی کۆمەڵناسی ئاڵمانیدایە کە مانای ئەمڕۆییەکەی کاریزما بە بیرماندا تێدەپەڕێت. بە بۆچوونی ویبێر کاریزما یەکێک لە سێ جۆرەکەی سەرچاوەی ئۆتۆریتە (دەسەڵاتی ڕەوا) یە. ئەو دەڵێت کاریزما “تایبەتمەندییەکی نائاساییە کە لایەنگران دەیبەستنەوە بە تاکێکەوە و بەهۆیەوە پێیان وایە ئەو کەسە بایەخی ئەوەی هەیە کە دوای بکەون.” گرینگترین بەشی ڕوانگەی ویبێر لێرەدا ئەوەیە کە دەڵێت کاریزما تەنیا تایبەتمەندیی ڕێبەرەکە نییە؛ بەڵکوو بەو هۆیەوە کاریزما هەیە کە لایەنگران دانی پێدا دەنێن.

کاریزما چەندە دروستکراوێکی ئاسایی و هەمووکاتەی کۆمەڵگا مرۆییەکانە، ئەوەندەیش لە مانا فەلسەفییەکەیدا دەکرێت ئاماژە بێت بۆ داشکاندنی مرۆڤی بەرز و تێگەیشتوو. واتا ئەگەر لەلایەک کاریزما ببێت، لەولا هەموو کات جەماوەری شوێنکەوتووی کاریزما هەن، کە بڕیارەکانیان دەبەستنەوە بە بڕیاری سەرەوەی ئیرادەی خۆیانەوە. بە گێڕانەوە ویبێرییەکەی دەتوانین بڵێین جەماوەری شوێنکەوتووی کاریزما، ڕیبەرەکەیان دەخەنە سەرووی نەریت و ئاوەزمەندییشەوە (لە هەردووجۆرە ئامرازی و ئامانجدارەکەیدا).

بەگشتی و لە ڕەوتی مێژوویەکی دوورودرێژی ژیانی مرۆڤدا، دەرکەوتووە کە بەپێچەوانەی بانگەشە فەلسەفییەکان بۆ مرۆڤی سەربەست و بەرز و تێگەیشتوو، بەڵام کۆمەڵگاکان بە خواستی خۆیان ملیان داوە بە پلەبەندیی کۆمەڵایەتی. بۆیە ئاساییە کاریزما وەک جۆرێکی ئۆتۆریتە سەر هەڵبدات.

## هەڵزنین بە هەڵەمووتدا

دەگمەنبوون و چییەتیی دۆزی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی، کۆی بیاڤەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت تاکەکەسیی هەموو تاکێکی کوردی خستووەتە ژێر سێبەری خۆیەوە. دۆخێکی ئاوارتە کە لەلایەکەوە بەهۆی کورد خۆیەوە، لەولایشەوە بەهۆی هەڵکەوت و بێبەختییەکی مێژووییەوە درووست بوو، کوردی خستووەتە سوورێکی بەتاڵەوە کە دەربازبوون لێی بووە بە ئەو ئەرکە ئاستەمەی نەسڵەکان بۆ زیاتر لە سەدەیەکە پێیەوە گیرۆدەن. ئەم سووڕە بەتاڵە هەر ئەو نەبوونی سەروەریی سیاسی و ژێردەستیی نەتەوەییەیە. واتا کورد زیاتر لە سەدەیەکە خەبات دەکات بۆ ئەوەی بگاتە خاڵی سفر و لەوێوە دەست پێ بکات. بۆیە هەموو شرۆڤەیەکی پرسی کورد لە کۆتاییدا دەستەویەخەی ئەم ڕاستییە دەبێت.

**٣٧ ساڵە**

خەسارێکی هەرە گەورە لە ڕەوتی خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا کە بەهۆی ژێردەستەیی و خۆ-سەرۆر نەبوونەوە بەری کەوتووە، هەموو کات ئەوە بووە کە لە هەر جووڵەیەکی باش یان خراپی ئەم نەتەوەیەدا، لە کۆتاییدا پێوەرێکی ورد و چەندی (Quantitativ) بەدەستەوە نابێت بۆ ئەوەی خەسارەکان یان دەستکەوتەکانی پێ هەڵسەنگێنرێت. واتا لە کۆتاییدا بەناچار هەڵسەنگاندنەکان دەبن بە ڕاڤەی تاکەکەسی و گشتگیری *کۆمەڵێک تاک* (چەمکێکی بەرواڵەت پێکدژ) کە ئەگەرچی لە ناخ و هەستیشەوە وەها نەبێت بەڵام بەکردەوە کوردبوون پەراوێزی ژیانیانە. ئەمەیش لە هەموو قۆناغەکاندا ڕێژەیەکی زۆری تاکی کورد دەگرێتەوە. بە واتایەکی تر، ئەو کەسانەی هەموو ژیان و بەرژەوەندییەکانیان بە کوردبوونەوە گرێ داوەتەوە کەمینەن.

**لە بەر ڕووناکیی ئەم ڕەوشە وێناکراوەدا، دەکرێت بپەرژێینە سەر بابەتی وتارەکە.**

## کاریزمای قاسملوو

ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قاسملوویان بە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە دەبینی کە بیکەن بە کاریزما و کردیان. بەڵام قاسملوو لەو دەگمەن کاریزمایانە بوو کە دەیویست ئەو تایبەتمەندییە نائاساییانەی لایەنگرانی بە ئەویانەوە دەبەستەوە، بگوازێتەوە بۆ ناو جەماوەر. بە گێڕانەوە وێبێرییەکەی ئەو دەیویست ئۆتۆریتەی کاریزماتیک (و هەروەها نەریتی) بگۆڕێت بۆ جۆرە ئاوەزمەندانەکەی.

ئاماژە ڕواڵەتی و هێماییەکانی هەوڵی قاسملوو بۆ ئەوەی وەک کاریزمایەک دەرنەکەوێت دەتوانین لە زۆر وێنەدا ببینینەوە. لەوەدا کە ڕێگەی نەدەدا وێنەی هەڵبواسرێت و پێیدا هەڵبڵێن. لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا و لە کۆنگرەکاندا زۆرجار دەبینرێت لە ڕیزەکانی دواوەدا دادەنیشت و جێگایەکی تایبەت و دیاریکراوی بۆخۆی دانەدەنا. لەوەدا کە لە ڕاکیشانی خەڵک بۆ لای حیزبی دیموکرات بە زمانێکی تەواو خاکەڕا بانگی دەکردن (وێنە بە دەستخەتی خۆی هەیە). لە لووتکەیدا، لەوەدا کە لە ناو ئاپۆرای جەماوەردا کە دروشم بە ناوی ئەووەوە دەوترێت، بە خەڵکەکەی دەبڕێت و دەڵێت لە حیزبی ئەودا تاکپەرستی جێگای نییە و...

ئاماژە کردەیی و هزرییەکانی قاسملوویش بۆ ڕاکردن لە کاریزمابوونی خۆی بریتی بوون لە هەموو هەوڵی ئەو بۆ دیموکراتیزەکردنی حیزبەکەی و ئەو پێداگری و هەستیارییەی لەسەر بابەتی دیموکراسی و بڕیاری بەکۆمەڵ لە حیزب و کۆمەڵگاکەیدا هەیبوو.

دەکرێت بە تێروتەسەلی و بە بەڵگە هەوڵی قاسملوو بۆ خۆدزینەوەی لە کاریزمابوون بسەلمێنین. بەڵام لێرەدا زۆرتر درێژە بەو لایەنە نادرێت و گریمانە ئەوەیە کە بەردەنگ هاوڕایە لەسەر ئەم خاڵە. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بابەتە لە دوو ڕەهەندەوە کاریگەریی قووڵی لەسەر پرسی کورد دانا.

لە باری تاکەکەسییەوە قاسملوو لە سەردەمێکدا و لە کۆمەڵگایەکدا کە دەرفەت و ونهێزی (Potential) سەرهەڵدانی کاریزما بە گشتی و بۆ خۆی بەتایبەتی زۆر بوو، خۆی بەجۆرێکی تر وێنا کرد. لەکاتێکدا ئەو بە کردەوە ببوو بە کاریزمای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و لەبەردەم چارەنووسی نەتەوەیەکی ژێردەستدا بوو، ناچار بوو دەمودەست بڕیار بدات. خەون و ڕوانگەکانی قاسملوو وەک تاکەکەس زۆر جیاواز بوون لە حەزی کاریزما بوون. بۆیە لێرەدا ڕێبازی قاسملوو لە بابەتی کاریزمابوونی خۆیدا زۆرتر لە قەوارەی تیۆرییە نوێکانی کاریزمادا دەگونجێت کە باس لە دووانەکانی کاریزمای تەندروست/ناتەندروست، کاریزمای بەتاک کراو/بەکۆمەڵ کراو، کاریزمای ئەخلاقی/نائەخلاقی و... دەکەن. بە واتایەکی تر، قاسملوو کە ئیتر نەیتوانی خۆی لە کاریزمابوونی ڕزگار بکات، لەم کاریزمابوونە بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ئامانجە بەکۆمەڵەکان، گەشەی ڕێکخراوەیی، بەهێزکردنی جەماوەر، هاندان بۆ پرسیارکردن و... کەڵکی وەرگرت.

لە ڕەهەندی بەکۆمەڵەوە، هەوڵی قاسملوو بۆ ڕاکردن لە کاریزمابوونی خۆی لە تێگەیشتنی قووڵی ئەوەوە بۆ پرسی کورد دەهات. ئەو لە شوێنێکدا، وەها خەسارناسیی خەباتی کورد دەکات کە دەڵێت "لە مێژووی کورددا هەمووکات بزووتنەوە نەتەوەییەکان بە سەرکردەی بزووتنەوەکانەوە بەسترابوونەوە. بۆیە بە نەمانی ئەوان بزووتنەوەیش نەدەما.

بەڵام ...(گێڕانەوەکە دەقاودەق نییە و تەنیا ناوەرۆکە). ئەم تێگەیشتنە ئەوەندە لقوپۆی لێ دەبێتەوە کە باسکردنی لە وتارێکدا ناگونجێ. بەڵام بەگشتی قاسملوو بەو تێگەیشتنەوە ڕێبازێکی نوێی سیاسیی گەڵاڵە کرد. ئەو پێوەر و پێکهێنەرەکانی جۆری باشترینی (Ideal type) خەباتی نەتەوەیی لە هەموو کوردستانی گەورەدا گۆڕی. بۆیە ڕێبازی قاسملوو کوردستانی خستە جێگای تاک، نەریت، یان تاقم و خێڵ، کە سەردەمانێک لە بیاڤی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورددا سەرچاوەی ڕەوایی بوون.

## قاسملوو لە ڕابردووی بزووتنەوەی کورددا

ئەوەی قاسملوو لە کاتی خۆیدا بۆ بزووتنەوەی کورد کردی، هەنگاونانی بەرچاوڕوونانە بوو بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی نەتەوەیی بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراو. نەتەوەیەک کە قاسملوو دەیزانی بە سەرکردەیەک ڕزگاری نابێ. هەوڵی ئەو لە پێناو دروستکردنی بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی و نیشتمانی بۆ ڕێژەیەکی هەرچی زۆرتری تاکەکانی کۆمەڵگا بوو. ئەو دەیزانی

**٣٧ ساڵە**

نەتەوەیەک ئەگەر بەرپرسیاریەتی بخاتە ئەستۆی کاریزمایەک و ڕێبەرێک ڕەنگە تەنانەت ئەگەر بەخت لەگەڵیدا یار بێت (لە جۆری ئەوەدا کە ماکیاوێللی باسی دەکات) و وەک نەتەوەیش دەسکەوتێکی هەبێت، بەڵام مەرج نییە بتوانێت ئەو دەسکەوتە بپارێزێت. بۆیە هەموو هەوڵی خۆی دا کە هەم خۆی لە گێژەنی کاریزما بوون دەرباز بکات و هەم ئەندامانی نەتەوەکەی ببن بە ئەو تاکە خاوەن کەرامەتانەی کە دەیویست. تاکێک کە بەرپرسیارێتیی سەرکەوتن و داکەوتنی خۆی لەئەستۆ بگرێت. ڕوونە، ئەگەر ئەو بەرپرسیارێتییە گشتییە دروست ببێت ئەوسا گەشەپێدان یان لە ئەگەرە خراپەکەیدا پێداچوونەوە و ئەزموون دروست دەبێت. بەڵام کە بەرپرسیارێتی کەوتە سەر شانی تاکێک و ڕێبەرێک ئەوسا ئەوەی دەمێنێتەوە یان لۆمەکردنی ڕێبەرەکەیە یان خزین بۆ باوەشی چارەنووسباوەری. ئەمانەیش هەمووی هۆکاری چەقینی بزووتنەوەی کوردن. بۆیە قاسملوو بە ڕوونی دەیزانی بۆچی نابێ ببێت بە کاریزما.

## قاسملوو لە ئێستای بزووتنەوەی کورددا

کاریزمای قاسملوو لە ئێستای کورددا زۆرتر لە وەرگێڕانێکی جۆری باشترین (Ideal Type) دەچێت تا ئەو جۆرە باوەی کاریزما کە پێوەی ناسراوە. ئێستا ئیتر قاسملوو وردەوردە خەریکە دەبێت بە پێوەر و جۆری باشترینێک بۆ هەڵسەنگاندنی تاک و تەنانەت سیاسەتێکی ڕاست و نەتەوەیی. ئەم جۆری باشترینە دەتوانێت ببێت بە پاڵنەری جووڵەی گەورەی جەماوەری. هەروەک ئاماژەکانیشی لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەرکەوتوون، کە نەسڵەکان ناو و بیری قاسملوویان وەک مەشخەڵی ڕێی خەبات هەڵگرتووە. ئەمە سامانێکی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەیە بۆ بە ئاکام گەیاندنی خەباتێکی دوورودرێژ، کە بڕیار وایە ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر جەماوەری و گشتگیر ببێت. واتا بگاتە ئاستێک کە شوناسی نەتەوەیی ببێت بە دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتی، نەک ئەمەگناسییەکی ساکاری تاکەکەسی کە لە بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵەکان دابڕابێت.

---

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

# ماژیکی ڕەش و مێژووی کووژاوە




**فاتح سەعیدی**

دۆخی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و ئازادبوونی باشووری کوردستان بووە هۆی ئەوە بەرەبەرە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دیو و ئەو دیو توندوتۆڵ بێتەوە. هەموو کەسوکاری نەنکم لە پێنجوێن و سلێمانی دەژیان. لە کۆڕەوەکەشدا، ماڵی باوەگەورەم لە بانە بەشێک لەو خزمانەی لەخۆ گرتبوو کە بەناچاری ڕوویان لەم دیو کردبوو. شوانە هاوتەمەنی من بوو و لەبیرمە لە کۆڵان ئەو بە کایەی دەوت یاری و لە جیاتی هێڵەرماسی سوورەوکراو حەزی لە پەتاتە دەکرد. ئەو کاتە نەمدەزانی ئەم جیاوازییە بچووکانەی زمان و تام، سەرەتای ناسینی جوگرافیایەکی دابەشکراون کە دواتر لە لاپەڕەی کتێبەکاندا مانا قووڵەکەییم دۆزییەوە. دوای ڕاپەڕین کاسبکارەکانی ئەو دیو بۆ مەعامله و تجارەت دەهاتن بۆ ئەم دیو و جارێکیان، ساڵی بەفرە زۆرەکە، چەند کەسیان کە نەیاندەتوانی بپەڕێنەوە، لە دیوەخانەکەی ماڵی باوەگەورەم بۆ چەند هەفتە مابوونەوە. ئەرێ! دەبێ هەر ئەو سەردەمانە بێ کە مام وێنس منی دەنارد لە ماڵی شەپۆل سیغاری سومێری بۆ بکڕم و منیش لە کاتی دۆمینەکردنیاندا بە پاکەتەکەی کایەم دەکرد.

هەر لەو هاتووچووانەدا خزم و دۆستانی ئەو دیو هەندێک کتێبیان بۆ باوکم و مامەکانم بە دیاری دەهێنا. چەند ساڵ دواتر

**٣٧ ساڵە**

بەو گەنجینەیەم زانیبوو و وردەوردە دەمویست بیانخوێنمەوە. کتێبی تاریک و ڕوونی مامۆستا هێمن سەرنجی زیاتری ڕاکێشابووم، نەک لەبەر ئەوەی هێمنم دەناسی یا حەزم لە شێعرەکانی بوو، نا! نا! پێش لەوە هیچ شێعرێکی کوردیم نەخوێندبووەوە! ئەگەرچی پوورم شێعر و چیرۆکی کوردیی گۆڤاری سروەی بۆ دەخوێندمەوە، بەڵام خۆم هەرم لە برم نەدەکردەوە! لەڕاستیدا بەرگی کتێبە ببووە مەتەڵ لە لام. لە ئەستوونێکی ڕەشدا بە ڕەنگی سپی نووسرابوو تاریک و لە ئەستوونێکی کاڵ و مەیلەوسەوزدا بە ڕەنگی ڕەش نووسرابوو ڕوون. ئیستاشی لەگەڵ بێ، هەر پێموایە دەبێ کتێب هەر لە پیتی یەکەمەوە بیخوێنیتەوە و تا یای کۆتایی وازی لێ نەهێنی! لەسەر هەمان شێواز دەستم بە خوێندنەوەی پێشەکی کتێبەکە کرد کە لە سەرەوە نووسرابوو شاعیری گەل؛ ئەگەرچی وەک چاوەڕانم دەکرد لە خوێندنەوەدا خێرا نەبووم، هەندێک لە پیتەکانم نەدەناسی و نەشمدەزانی گەل مانای چییە!

نازانم ڕێک چۆن ئەو کێشانەم چارەسەر دەکردن، بەڵام دارەدارەی کوردی خوێندنەوەم بەم کتێبەوە بوو و ڕەنگە لە سەدا هەشتای ناوەڕۆکی کتێبەکەش تێنەگەیشتبێتم. ئەو کاتە و تا چەند ساڵ دواتریش هەر وشە لای من کەلیمە بوو و ئەگەر بیانوتایە پیت یانی حەرف گاڵتەم پێدەهات! زمانەکە لای من وەک تەمومژێکی چڕ وابوو؛ هەندێک جار مانای ڕستەیەکم لە دەربڕینی ئەنکم یان مامەکانمەوە دەردەکێشا و زۆربەی جاریش ناچار بووم تەنیا بەسەر وشە غەریبەکاندا باز بدەم. دێڕەکان وەک کێوێکی سەخت وابوون کە تەنیا بە چەند پیتێکی کەم لێیان سەردەکەوتم. بەڵام ئەوەی لەو کاتەدا مێشکی منی مێرمنداڵی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو ئەم شتانە نەبوو. مەتەڵی گەورە لای من کۆتایی ئەو پێشەکییە بوو کە لە لای خوارەوەی گۆشەی چەپی لاپەڕەکە نووسرابوو: دوکتور [redacted]. ڕێک هەر بەم شێوەیە بە سەر ناوی کەسێکدا بە ماژیکێکی ڕەش هێڵێک کێشرابووەوە.

خۆم بە زیرەک دادەنا و زوو لاپەڕەم هەڵدایەوە و کتێبەکەم کەمێک لار و لەوێر کرد، بەشکم بتوانم لە پشت لاپەڕەکەوە وشە شاردراوەکان بخوێنمەوە. نا! بەداخەوە سوودێکی نەبوو! مەرەکەبی ماژیکە ڕەشەکە هێندە تۆخ بوو، تەنانەت تیشکی توندی گڵۆپەکەش نەیدەتوانی لێیەوە دەرباز بێ؛ وەک بڵێی سانسۆرچییەکە بە ئەنقەست مۆری تاریکیی بەسەر ئەو ناوەدا کووتابێ تا بۆ هەمیشە بە نهێنی بمێنێتەوە. ئۆقرەم لێ بڕابوو: دەبێ ئەم دوکتورە کێ بێ کە ئەگەرچی نووسەری کتێبەکەش نییە، بەڵام هێندە شارەزایە موقەددەمەی بۆ نووسیوە؟! ئەی باشە بۆ ناوەکەی کووژاوەتەوە؟! ئەو دەمانە نازانم وشەی سانسۆرم بیستبوو یان نا، بەڵام دەمزانی سانسۆر چییە. چونکە لە تەمەنی دە ساڵان بەدواوە ئیتر وەک کرمی خوێندنەوە هەندێک کتێبم لە ژێرزەمینییە تاریکە دوور و درێژەکەی ماڵی باوەگەورەم دۆزیبووەوە کە شاردرابوونەوە. ئەوەی لەبیرم دێ هەندێک کتێبی چیرۆکی فارسی بوون و دەمزانی ئیستا ئەم جۆرە کتێبانە قاچاغن و نابێ لەبەر دەستی خەڵک بن.

## ٣٧ ساڵە

سەرەتا پرسیارەکە لای من ئەوە بوو ئایا باوکم و مامەکانم ئەم هێڵە ڕەشەیان کێشاوەتەوە یا خزمانی ئەو دیو؟ یا بڵێی هەر لە سەرەتاوە ئەو هێڵە ڕەشە بە سەر ناوەکەیەوە بووبێ؟ گاڵتەشم بەم بیرۆکەی دواییم دەهات! خۆ ناکرێ نووسەر ناوی خۆی ڕەش بکاتەوە! ئەی ئەگەر کاری باوکم و ئەوان بێ، بڵێی وڵامی پرسیارەکەم بدەنەوە؟ یا ڕەنگە هەر هەڵەیەک ڕوویدابێ یا کەسێک ڕقی لە نووسەر هەڵگرتبێ و نەیویستبێ بەناوبانگ بێ و خەڵکی ئەم دیو بیناسن؟ ڕەنگە پرسیاری دیکەشم هەبوو بێ و لەبیرم نەمابێ، بەڵام لەبیرمە نیگەران بووم ئەم پرسیارانە بکەم یا نا. هەرچۆنێک بێ دەبوایە ئەم گرێپووچکەیە بکەمەوە، بەڵام لە هەر کەسم دەپرسی تەنیا وڵامێک کە دەمبیست ئەمە بوو: کاتێک گەورە بی خۆت دەیزانی! ئەو کاتە تێنەدەگەیشتم کە ئەم وڵامە نەرمە، جۆرێک بوو لە پاراستنی من لە ڕاستییەکی مەترسیدار، یان ڕەنگە خۆدزینەوەیەک بووبێ لە مێژوویەکی پڕ لە ئازار کە گەورەکان نەیاندەویست مێشکی منداڵانەی منی پێوە سەرقاڵ بکەن.

دەبوایە گەورەتر بوومایە و کوردی خوێندنەوەکەم باشتر ببووایە. بەڵام هێندەی پێنەچوو پرسیارە کۆنەکە دیسان سەری هەڵدایەوە. یەکێکی تر لە کتێبەکان ڕۆمانی حەمەدۆک بوو کە ئەمیان هەر لەسەر ڕووبەرگەکەی ناوی وەرگێڕ بە هەمان شێوازی تاریک و روون ڕەش کرابوویەوە. ئیتر دڵنیابووم کەسێک بەئەنقەست ئەم کارانەی کردووە و هەر لەخۆڕا نەبووە! بەڵام وەرگێڕانە کوردییەکە بەپێچەوانەی فارسییەکەی سانسۆر نەکرابوو. ساڵ و دووان تێپەڕین تا یەکێکی تر لە کتێبە کوردییەکانی ئەو دیو بە دەستەوە بگرم و ئەمجارە دۆستێکی لە خۆم گەورەتر هەبوو تا شێعرەکانی کتێبە بچووکەکەی پەشێو (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم) بۆ شی بکاتەوە. خوێندنەوەی ئەم کتێبانە دەبوونە هۆی ئەوەی، هێمن گووتەنی، هەستی کوردایەتیم ببزوێ، بێئەوەی بزانم چ خەباتێکی سیاسی لە پشتیەوەیە. هێمن لە پێشەکی تاریک و ڕووندا باسی سەردەمی کۆماری کوردستان دەکا کە زۆربەی خەڵک دەچوون و سەیری شانۆی نیشتمانیان دەکرد و لەگەڵیدا دەگریان و هەستی کوردایەتییان دەبزوا. منیش بە دیار دێڕە سانسۆرکراوەکانەوە، وەک ئەو بینەرانەی شانۆکەی کۆمارم لێهاتبوو: نەمدەزانی خەباتی سیاسی چییە و پێشمەرگایەتی چۆنە، بەڵام دەمزانی شتێک لەو لاپەڕانەدا هەیە کە مەزنترە لە تەمەنی من.

بۆ من چەند ساڵی دیکەی خایاند تا بچمە زانکۆ و بەرەبەرە لەگەڵ مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستاندا ئاشنا بم. زۆریشی پێچوو تا بزانم کە ئەو کەسەی پێشەکی شاعیری گەلی نووسیبوو و ناوەکەی ڕەش کرابوویەوە دوکتۆر عەبدوڵڕەحمان قاسملووە. ئەو ساتەوەختەی کە ئەم ڕاستییەم دۆزییەوە وەک وابوو کەشفێکی زۆر گرنگم کردبێ و هێندە دڵخۆش بووم مەپرسە! چونکە پرسیارێکی سەردەمی مێرمنداڵیم وڵام درابوویەوە و ئەگەرچی قاسملووم هێشتا نەدەناسی، بەڵام هێندەم بەلاوە سەیر بوو چۆن کەسایەتییەکی گرنگی سیاسەتی کورد پێشەکی بۆ دیوانی شێعری هێمن نووسیوە. بۆ منێک کە لەو سەردەمەدا خەبات و پێشمەرگایەتیم تەنیا لە چەک و سەنگەردا وێنا دەکرد، ناسینی قاسملوو وەک دۆزینەوەی

**٣٧ ساڵە**

ڕەهەندێکی تری خەبات بوو؛ خەباتێک کە تێیدا تفەنگ و کتێب، سەنگەر و زانکۆ هاوتەریب دەڕۆشتن. کاک دوکتۆر لەو ڕۆژەوە بووە هێمای ئەو خەباتکارە بێهاوتایەی کە دەیتوانی جەرگەی شۆڕشدا، لە قووڵایی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکەشی بکۆڵێتەوە.

بەرەبەرە تێگەیشتم کە ئەو هێڵە ماژیکە ڕەشە، تەنیا ناوی دوکتور قاسملووی نەسڕیبۆوە، بەڵکوو هێمای قۆناغێک بوو لە مێژووی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترس، کە تێیدا تەنانەت وشەکانیش دەبوایە پاسپۆرتی پەڕینەوەیان هەبێت. ئێستا کە ئاوڕ لەو ساڵانە دەدەمەوە، دەبینم ئەو مەتەڵە گەورەیەی منداڵیم، یەکەمین وانەی دەرەوەی قوتابخانەم بوو لەسەر سیاسەت و ناسنامە. لە زانکۆ زانیم کە من بە تەنیا نەبووم. فرەیەک لە هاونەسڵەکانی من، هەر یەکە و بە شێوەیەک دەیانویست خەباتی کوردایەتی درێژە پێبدەن. ئێمە وەک نەوەی دوای قاسملوو، دەمانویست خەبات لە شاخەوە بگوازینەوە بۆ ناو هۆڵەکانی زانکۆ؛ تفەنگەکانمان ببوون بە قەڵەم و لاپەڕەی گۆڤار و کتێبەکانمان کردبووە سەنگەر. هاونەسڵەکانی من نەیاندەویست تەنیا خوێنەری ئەو مێژووە بن کە سانسۆر کراوە، بەڵکوو دەمانویست بە نووسینەوەی فیکر، ناسنامە و مێژووی خۆمان، جێگەی ئەو ناوانە پڕ بکەینەوە کە داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو هەوڵ و توانایان دەیانویست ڕێبازەکەیان ڕەش بکەنەوە.

---

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

# کۆدیکسی ئەخلاقیی چەک؛ دێلوژنی ئایدۆلۆژیا و تراسێندێنسی ئاگایی لای دکتۆر قاسملوو




## شاهۆ حوسێنی

لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەگەلی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەستدا، شۆڕش زۆرجار وەک پرۆژەیەکی تەواو میکانیکی و تەکنیکی سەیری کراوە و پێناسەکراوە؛ پرۆژەیەک کە تێیدا چەک وەک ئامرازی سەرەکیی گۆڕانکاری، و ئایدۆلۆژیا وەک نەخشەڕێگەیەکی دۆگماتیک و پیرۆز سەیر کراون. لەم هاوکێشە کلاسیکەدا، هێزی چەکدار (پارتیزان، گەریلا و پێشمەرگە) لەبری ئەوەی وەک سوژەیەکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە دەربکەوێت، دابەزێندراوەتە ئاستی ئۆبژەیەکی گوێڕایەڵ، ملکەچ و بێدەنگ لە خزمەت جێبەجێکردنی ویستە داهێنراوەکان، داڕێژراوەکان و پێشوەختەکانی حزب یان دۆگماتیسمی ئایدۆلۆژیەکاندا. ئەو شێوازە لە تێڕوانین کە مرۆڤ دەکاتە قوربانیی دوگماتیسمی ئایدۆلۆژیە هێژمۆنەکان، زۆرجار بزووتنەوە ڕادیکاڵەکانی بەرەو داخران، فاشیزمی ناوخۆیی و زۆرجار شەڕی ناوخۆییش بردوە، چونکە چەک کاتێک لە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و فیلتەری وشیاری دادەماڵرێت، دەبێتە کەرەسەیەکی مەترسیدار بۆ توندوتیژیی ڕووت. بەڵام لە ناو جەرگەی ئەم دۆخە دۆگماتیکەدا، ئەندێشەی سیاسی و فەلسەفیی دکتۆر عەبدولڕحمان قاسملوو وەرچەرخانێکی بنەمایی و فینۆمینۆلۆژیک لە چەمکی شۆڕش و ناسنامەی پێشمەرگەدا دروست دەکات.

قاسملوو بە تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ واقیعی کوردستان و بە پشتبەستن بە ڕوانگەی سۆسیالیسمی دیموکراتیک( واتە هەم باوەڕ بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هەم سوژەڤانی مرۆڤ)، تەحەدای ئەو تێڕوانینە باوە دەکات کە پێی وایە چەک بە تەنیا دەتوانێت ڕزگاری وەدیبهێنێت. ئەو بە هێنانەناوەوەی چەمکی "ئاگایی" بۆ ناو کایەی خەباتی چەکداری، "کۆدیکسێکی ئەخلاقی" بۆ چەک دادەڕێژێت. لای قاسملوو، چەک شەرعیەتی خۆی لە دۆگمای ئایدۆلۆژیو حزبییەوە وەرناگرێت، بەڵکو لەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقیی، نیشتمانی و مرۆییەوە وەردەگرێت کە لە وشیاریو ئاگایی پێشمەرگەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێک ئەو ڕادەگەیەنێت کە پێشمەرگەی چەکداری بێ زانست مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگە، دەقیقەن ئاماژە بەوە دەکات کە چەکی بێ ئاگایی، دیسپۆتیزم (ستەمکاری) بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم گۆشەنیگایە دەشێ بگوترێ کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی "دێلوژنی ئایدۆلۆژیا"دەبێتەوە. دێلوژنی ئایدۆلۆژیا ئەو وەهمە فیکرییە کە پێی وایە ڕزگاریی مرۆڤ لە ڕێگەی فۆرمۆلی ئایدۆلۆژیکەکان و فۆرماسیونە حزبییە چەقبەستووەکانەوە وەدی دێت، نەک لە ڕێگەی گەشەی وشیاریی و ئاگایی تاک بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە. قاسملوو ئەم تەڵە ئایدۆلۆژییە تێکدەشێنێت و فۆرمی شۆڕش لە "دەسەڵاتخوازیو هێژمۆنیخوازیی سەربازییەوە" دەگۆڕێت بۆ "پرۆژەیەکی ڕووناکبیری و مرۆیی". لەم ڕوانگەیەوە، "تراسێندێنسی ئاگایی"دێتە ئاراوە؛ ئاگایی لای ئەو تەنیا ئامرازێکی سەرکەوتن نییە، بەڵکو چەمکێکی باڵا و تێپەڕبووە کە بەسەر چەک و ئایدۆلۆژیادا سەردەکەوێت. کتێب، قەڵەم و زانست دەبنە جەوهەری ڕزگاریی ڕاستەقینە، چونکە چەک ڕەنگە بتوانێت خاک بپارێزێت، بەڵام قەڵەم دەتوانێت مرۆڤی ئازاد و نەتەوەی خاوەن سەروەریی فیکری بونیاد بنێت.

ئەم وتارە لە ژێر تیشکی ئەم تایتڵەدا، هەوڵ دەدات بە شێوازێکی فینۆمینۆلۆژیک دەور و نەقشی ئاگایی لە ئەندێشەی دکتۆر قاسملوودا شی بکاتەوە. لێرەدا دەپرژێینە سەر ئەو پرسیارە گەوهەرییەی کە چلۆن قاسملوو پێشمەرگەی لە ئۆبژەیەکی ملکەچ، کەرەسە و گوێڕایەڵی ناو مەکینەی شەڕ، دەگۆڕێت بۆ سوژەیەکی وشیار، ئەخلاقی و مێژوویی؟. هەروەها دەکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن ئەم جیاوازییە فیکرییە، ئەندێشەی ئەو لە فۆرم گەلی دوگم و تۆتالیتاریستانەی شۆڕش جیا دەکاتەوە و دەیگەیەنێتە ئاستی مانیفێستۆیەکی مۆدێرن بۆ ڕەسەنایەتیی ناسنامەی کوردی کە تێیدا خەباتی نەتەوەیی، بەها نەتەوەیی و مرۆییەکانی خۆی دەردەخات؟.

**پێش ئەوەی بچینە ناو خوێندنەوەی فکریی دکتۆر  قاسملوو، پێویستە دوو چەمکی سەرەکیی ئەم وتارە شیبکرێنەوە**

**واتای دێلوژنی ئایدۆلۆژیا**

**یەکەمیان** "دێلوژنی ئایدۆلۆژیا"یە. ئەم چەمکە لەم وتارەدا وەک چەمکێکی فەلسەفی و ئێپیستمۆلۆژیک بەکاردێت. ئەم چەمکە

بۆ وەسفکردنی ئەو دۆخە بەکار دێت کە تێیدا ئایدیا لەگوێن ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە واقیع، دەگۆڕدرێت بۆ ڕاستییەکی ڕەها و بێهەڵە، واتە فام و ئاگاییەکی پێشداڕێژراوی ڕەها و پیرۆز.

لەم دۆخەدا، مرۆڤ چیتر حەقیقەت بە هۆی ئەزموون، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یان دیالۆگ نادۆزێتەوە، بەڵکو بەردەوام ئەو لە ناو چوارچێوەیەکی دۆگماتیکی ئامادەکراودا دەخوێنێتەوە. دێلوژنی ئایدۆلۆژیا لە بنەڕەتدا واتای ئەو وەهمەیە کە تێیدا حزب، ئایدۆلۆژیا یان ڕێبەر لە شوێن حەقیقەت دادەنیشێت، دادەنرێت و پێناسەدەکرێت.

لەبەرامبەریشدا مرۆڤ توانای ڕەخنە، گومان و هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی لەدەست دەدات. لەو ساتەڕا، مرۆڤ لە سوژەڤانی نامۆ دەبێت، بەرپرسیارێتی کەسی لەناودەچێت و تاک دەگۆڕدرێت بۆ ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ویستی سیستەمێکی ئایدۆلۆژیکی داخراو.

بۆیە دێلوژنی ئایدۆلۆژیا تەنیا کێشەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو قەیرانێکی مەعریفی و ئەخلاقییە کە تیایدا ئایدۆلۆژیا جێگەی ئاگایی و عەقڵی ڕەخنەگر دەگرێتەوە.

لە ڕوانگەی ئەم وتارەوە، گرنگترین بەش لە فیکری دکتۆر قاسملوودا بریتییە لە شکاندنی ئەم دێلوژنە و گەڕاندنەوەی بەرپرسیاریی ئەخلاقی بۆ خودی مرۆڤ.

## واتای تراسێندێنسی ئاگایی

**دووەم چەمکی** بنەڕەتیی ئەم خوێندنەوەیە "تراسێندێنسی ئاگایی"یە. ئەم دەستەواژەیە هەروەها چەمکێک بەمەبەستی شیکاری و شرۆڤەیە و مەبەست لەو بە هیچ شێوەیەک دیاردەگەلی میتافیزیکی یان ئایینی نییە.

تراسێندێنس لێرەدا بە مانای گەیشتن بە وشیاریو ئاگایی لەڕێی تێپەڕاندنی سنووری کاردانەوەی ڕووت، دۆگمایتیسمی ئایدۆلۆژیک و میلیتاریزمی کوێرانەیە واتە مرۆڤ بتوانێت پێش هەر کردە و کردەوەیەک، کردارەکەی بە پێوەری عەقڵ، ئەخلاق و کەرامەتی مرۆڤ هەڵبسەنگێنێت. لە ڕوانگەی ئەم وتارەوە، تراسێندێنسی ئاگایی واتای دەرچوون لە جیهانی ماددی بەمەبەستی گەیشتن بە واتە مرۆڤ بتوانێت پێش هەر کردە و کردەوەیەک، کردارەکەی بە پێوەری عەقڵ، ئەخلاق و کەرامەتی مرۆڤ هەڵبسەنگێنێت. لە ڕوانگەی ئەم وتارەوە، تراسێندێنسی ئاگایی واتای دەرچوون لە جیهانی ماددی

## ٣٧ ساڵە

بەمەبەستی گەیشتن بە جیهانێکی ڕووحی نییە، بەڵکو واتای باڵادەستیی ئاگاییو وشیاری سەربەخۆیانە بەسەر چەک، دەسەڵات و ئایدۆلۆژیادایە. کاتێک ئاگایی بەم پێگەیە بگات، چەک لە ئامانج دەگۆڕدرێت بۆ ئامراز، حزب لە پیرۆزی دەگۆڕدرێت بۆ دامەزراوە، و سەرکەوتن تەنیا بە مانای بردنەوەی شەڕ فام ناکرێت، بەڵکو بە مانای پاراستنی ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤیش دەبێت. لەم سوێنگەیەوە، تراسێندێنسی ئاگایی ئەو ئاستە لە گەشەی سوژەڤانیە، کە تێیدا تاک لە ژێر دەسەلاتی دۆگماتیسمی ئایدۆلۆژیک و کاردانەوەی ساتی دەردەچێت و دەبێتە خاوەن ئیرادە، بەرپرسیاریێتی ئەخلاقی و پرۆژەیەکی مێژوویی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەی.

فینۆمینۆلۆژیی پێشمەرگە؛ لە ئۆبژەی دۆگماتیسمی ئایدۆلۆژیەوە بۆ سوژەی مێژوویی بۆ تێگەیشتن لەو شۆڕشە فیکرییەی دکتۆر قاسملوو لە چەمکی خەباتی چەکداریدا بەرپایدەکات، پێویستە سەرەتا جیاوازیی نێوان "ئۆبژە" و "سوژە" لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسیدا دەستنیشان بکەین. لە زۆربەی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکانی سەدەی بیستەمدا، مرۆڤی چەکدار (پێشمەرگە، گەریلا یان پارتیزان) وەک کەرەسەیەکی تەکنیکی دەبینرا. ئەرکی ئەم کەرەسەیە تەنیا جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانە بوو کە لە سەرەوەڕا، لە لایەن "کۆمیتەی ناوەندی" یان "ڕێبەری کاریزماتیکەوە" دەردەچوون. لەم مۆدێلەدا, چەکدارەکە دەبێتە ئۆبژە؛ واتە شتێک کە بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەکاردێت، و لە پێناو ئایدۆلۆژیەکدا کە خۆی تێیدا بێبەشە لە تفەسیرکردنی، دەکوژرێت یان دەکوژێت. ئایدۆلۆژیا لێرەدا دەبێتە بەستێن و ئامرازێکی "نامۆبوون"؛ بەهۆی ئەوەکە سەربەخۆیی لەمرۆڤ دەستێنێت، مرۆڤەکە لە مرۆڤایەتیی خۆی دادەماڵێت و دەیکاتە مەکینەیەکی توندوتیژی.

**قاسملوو بە گوتنی "پێشمەرگەیەک کە چەکی پێیە بەڵام ئاگایی و وشیاریی نییە، مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگە"**، ڕێک ئەم هاوکێشە باوە تێکدەشێنێت. ئەو پێشمەرگە لە ئۆبژەبوون ڕزگار دەکات و کەرامەتی سوژەبوونیپێدەبەخشێتەوە. سوژە لێرەدا بەواتای مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە، خاوەن بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، و لە هەمووشیان گرنگتر، خاوەن بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی کەسی. کاتێک پێشمەرگە دەبێتە سوژە، ئیتر ناتوانێت لە پشت فەرمانی حزبەوە خۆی بشارێتەوە بۆ پاساودانی توندوتیژی؛ ئەو خۆی بەرپرسە لەو چەکەی کە بەدەستییەوەیەتی.

### ئەم گۆڕانکارییە فینۆمینۆلۆژییە چەند ڕەهەندێکی هەیە:

**دیالێکتیکی چەک و ئەخلاق:** چەک بە سروشتی خۆی هێزێکی ڕووخێنەرە. ئەگەر ئەم هێزە لە لایەن سیستمێکی ناوەکیی ئەخلاقییەوە (کە تەنیا لە ڕێگەی ئاگاییەوە دروست دەبێت) لغاو نەکرێت، دەبێتە هۆی ستەمکاری. قاسملوو دەیزانی کە دیکتاتۆرە گەورەکانی مێژوو خۆشیان ڕۆژێک چەکداری شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئاگایی ئەخلاقی و فیکرییەوە،

دوای سەرکەوتن بوونە جەلادی گەلەکەی خۆیان.

**ڕەتکردنەوەی کوێرانەیی حزبی:** لای قاسملوو، پێشمەرگە پێش ئەوەی ئەندامی حزب بێت، مرۆڤێکی پارێزەری بەها مرۆیی و نیشتمانییەکانە. ئاگایی وای لێدەکات کە جیاوازی بکات لە نێوان "بەرگری لە نیشتمان" و "بەرگری لە بەرژەوەندیی حزب."

**دیموکراتیزەکردنی ناوەوەی شۆڕش:** کاتێک هێزی چەکدار خاوەن زانست و هۆشیاری بوو، پێوەرەکانی ناو حزبی شۆڕشگێڕیش دەگۆڕدرێن. پێوەرەکان چیتر تەنیا "گوێڕایەڵی" نییە، بەڵکو "دیالۆگ و تێگەیشتن دەبێت."

## ئێپیستۆمۆلۆژیی قەڵەم؛ شۆڕش وەک پرۆژەیەکی مەعریفی

لە گوتاری سیاسیی کلاسیکدا، چەک نیشانەی هێز و قەڵەم نیشانەی لاوازی یان بێدەرەتانی دیارەکان بوو. زۆرجار ڕووناکبیران وەک تاقمێکی قسەکەر و بێکردار سەیر دەکران کە دەبێت لە دوای چەکدارەکانەوە بڕۆن. بەڵام تێزی دووەمی قاسملوو هاوسەنگییەکە پێچەوانە دەکاتەوە: "کورد پێویستی بە تفەنگ هەیە بۆ بەرگری لە خۆی، بەڵام زیاتر لە تفەنگ، پێویستی بە قەڵەم و کتێب و زانست هەیە." ئەمە تەنیا دروشمێکی جوان نییە، بەڵکو تیزێکی ئێپیستۆمۆلۆژیکی (مەعریفەناسی) قووڵە لەمەڕ چەمکی سەروەری، قاسملوو لێرەدا سنوورەکانی ڕزگاری دیاری دەکات. ڕزگاریی ڕاستەقینە لای ئەو تەنیا ڕزگارکردنی جوگرافیای خاک نییە لە دەستی داگیرکەر، بەڵکو ڕزگارکردنی ناخ و عەقڵی مرۆڤی کوردییە لە داگیرکاریی فیکری و پاشکۆیەتی.

لەم تێڕوانینەدا، چەک هەمیشە وەک "ناچارییەکی مێژوویی" دەبینرێت، نەک وەک شوناسێکی پیرۆز. ئەگەرچی چەک وەک پاساوێکی کاتی و پارێزەری سنوورەکان، وەڵامی هەڕەشەی فیزیکی دەداتەوە، بەڵام توانای بونیادنانی هەمیشەیی شارستانییەتی نییە. کورد پێویستی بە چەک هەیە چونکە مێژوو ڕێگەی تری بۆ نەهێشتووەتەوە بۆ بەرگری لە بوونی فیزیکیی خۆی، بەڵام چەک بە تەنیا ناتوانێت داهاتوو بونیاد بنێت. چەک ناتوانێت عەدالەت، بەرابەری، ئازادی، پەرەئەستاندوویی، زانکۆ، سیستمێکی دادی یەکسان، و ئابوورییەکی سەربەخۆ بەرهەم بهێنێت. ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و ئازاد بەڕێوە دەبات، "لوگۆس" (عەقڵ و زانست)ە نەک "پۆلیمۆس" (جەنگ و توندوتیژی). بۆیە، کێشانی هێڵی باڵادەستیی قەڵەم بەسەر چەکدا، ڕێگری دەکات لەوەی کۆمەڵگەی کوردی ببێتە کۆمەڵگەیەکی چەکدار و میلیتاریزەکراو کە تێیدا توندوتیژی لەگوێن زمانی ڕۆژانەی هێژمۆن دەردەکەوێت.

## دێلوژنی ئایدۆلۆژیا؛ ڕەخنە لە مەکینەی تۆتالیتاریزم

**یەکێک لە گەورەترین قەیرانە فکری و سیاسییەکانی ناو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ئۆرتۆدۆکسەکانی سەدەی بیستەم، ئەو دۆخە بوو کە دەتوانرێت بە "دێلوژنی ئایدۆلۆژیا" ناوببرێت.**

مەبەست لەم چەمکە تەنها پابەندبوون بە ئایدیا نییە، بەڵکو ئەو دۆخەیە کە ئایدۆلۆژیا خۆی لە هەموو ڕاستییەک بەرزتر دەبینێت و حەولی مۆنۆپۆڵکردنی واتا، ڕاستی و شەرعیەت دەدات.

لەم دۆخەدا، ئایدۆلۆژیا لە ئاستی ئامرازێکی فکری دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی سیستەمێکی داخراوی مەعریفی کە هەموو دیاردەیەک تەنها لە ناو چوارچێوەی خۆیدا لێکدەداتەوە و هیچ جۆرە ڕەخنە، گومان یان بیرکردنەوەی جیاواز قبوڵ ناکات. بەم شێوەیە، بیرکردنەوە لە جیات ئەوەکە بەردەوام بێت لە داهێنان و پرسیارکردن، دەبێتە دووبارەکردنەوەی دۆگماتیسم و پاراستنی دەقی پیرۆزکراوی ئایدۆلۆژی. لە ژێر کاریگەریی ئەم دێلوژنەدا، مرۆڤ و نەتەوە چیتر لەگوێن ئامانجی سیاسەت سەیر ناکرێن، بەڵکو دەبنە ئامراز بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئایدۆلۆژیا. لێرەدا ژیانی تاک، کەرامەتی مرۆڤ و پێویستییە واقعییەکانی کۆمەڵگە، هەموویان دەخرێنە پلەی دووهەم و گرینگی دەدرێت بە پاراستنی پاکیی ئایدۆلۆژیا. بۆ وێنە، لای زۆرێک لە ڕێبەرانی چەپ لە سەدەی ڕابردوو، ئەوە گرنگ نەبوو کۆمەڵگە چەندە زیانی پێدەگات یان چەند تاکێکی شۆڕشگێر دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی هێزە ئایدۆلۆژیک و باڵادەستەکان؛ ئەوەی سەرەکی بوو ئەوە بوو کە دروشمە دۆگماتیکەکان و یاسا ناوخۆییەکانی ئایدۆلۆژیا بپارێزرێن. لەو دۆخەدا، ئایدۆلۆژیا بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی بەرامبەر مرۆڤ لەدەست دەدات و دەبێتە مەکینەیەک بۆ بەرهەمهێنانی دڵسۆزیی کوێرانە.

**قاسملوو لە گوتەی سێهەمیدا دەڵێت: "هیچ شتێک لەوە جوانتر نییە کە مرۆڤ لە پێناو بیروباوەڕی خۆیدا بژی و خەبات بکات،**

بەو مەرجەی بیروباوەڕەکەی خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات." ئەم ڕستەیە تەنها بانگەوازێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو بناغەیەکی فەلسەفی بۆ سنووردارکردنی هەر جۆرە ئایدۆلۆژیەکە. لە ڕوانگەی قاسملوودا، هیچ ئایدۆلۆژیەک، هیچ حیزبێک و هیچ ئامانجێکی سیاسی ناتوانێت لە کەرامەتی مرۆڤ بەرزتر بێت.

بۆیە بیروباوەڕ کاتێک شەرعیەتی هەیە کە بەرەو ئازادی، دادپەروەری و گەشەپێدانی مرۆڤایەتی بڕوات، نەک ئەوەی

مرۆڤ بکاتە قوربانیی پاراستنی خۆی. ئەم "بەو مەرجەی..."ە، خاڵی جیابوونەوەی ڕادیکاڵی قاسملووە لەگەڵ هەموو شێوازەکانی فاشیزم،لێنینیزم، ستالینیزم، مائۆئیسم و بەگشتی تۆتالیتاریزمی ئایدۆلۆژیک. لە هەموو ئەو سیستەمانەدا، ڕاستی لە پێش مرۆڤ دانراوە؛ مرۆڤ بە مەرجێک هەبوو کە خزمەتی بیرۆکەی سەرەکی بکات. بەڵام لای قاسملوو، ئەم هاوکێشەیە بە تەواوی هەڵدەگەڕێتەوە؛ ئایدۆلۆژیا دەبێت خزمەتگوزاری مرۆڤ بێت، نەک مرۆڤ ببێتە خزمەتگوزاری ئایدۆلۆژیا. تەنانەت ناسیۆنالیزمی کوردیش، ئەگەر لە کەرامەتی مرۆڤ، ئازادی و بەها هاوبەشە مرۆییەکان دوور بکەوێتەوە، لە ڕوانگەی ئەووە شەرعیەتی ئەخلاقیی خۆی لەدەست دەدات. بەم مانایە، قاسملوو ناسیۆنالیزمیش دەخاتە ژێر ڕەخنەی ئەخلاقی، نەک ئەوەی وەک ڕاستییەکی ڕەها مامەڵەی لەگەڵ بکات.

### تێکشکاندنی دیلۆژنی ئایدۆلۆژیا لای قاسملوو، لە ڕاستیدا پرۆژەیەکی گەورەتری ڕزگارکردنی ئاگاییە.

ئەو هەوڵ دەدات سوژەی کوردی لە ژێر دەسەڵاتی دۆگما، هاوکێشە جیهانییەکان و ململانێ ئایدۆلۆژیکەکان دەربهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە هۆی عەقڵ و بەرپرسیاریی ئەخلاقی خۆی بڕیار بدات.

لەم ڕوانگەیەدا، تێکشکاندنی دیلوژنی ئایدۆلۆژیا تەنها ڕەتکردنەوەی چەپ یان ڕاست نییە، بەڵکو پاراستنی سەربەخۆیی ئاگاییە لە هەر هێزێک کە هەوڵ دەدات بیرکردنەوەی مرۆڤ بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

### ئەم پرۆژەیە لە کردەوەدا بە دوو شێوەی بنەڕەتی بەرجەستە دەبێت:

**یەکەم، مرۆڤدۆستی بەر لە حزبایەتی**: لای قاسملوو، مرۆڤ تەوەرەی بنەڕەتیی هەموو بیرکردنەوەیەکی سیاسییە. شەرعیەتیی هەر شۆڕش و بزووتنەوەیەک بەوە دەپێورێت کە تا چەند دەتوانێت ژیانی مرۆڤەکان ئازادتر، دادپەروەرانەتر و باشتر بکات. ئەگەر شۆڕشێک تەنها بەرهەمهێنەری قوربانی بێت و مرۆڤ بکاتە ئامرازێک بۆ هێژمۆنکردن و باڵادەستکردنی حیزب یان ئایدۆلۆژیا، ئەوا لە ڕووی ئەخلاقییەوە شەرعیەتیی خۆی لەدەست دەدات، هەرچەندە خاوەنی جوانترین دروشم و بانگەشەش بێت.

**دووهەم، ڕەتکردنەوەی شەڕی بریکاری**: کاتێک ئاگایی بەسەر ئایدۆلۆژیادا زاڵ دەبێت، نەتەوەکە خۆی ناکاتە ئامرازێکی ئەندێشە و ئایدە دەرەکییەکان.

ئەو دەزانێت کە شەڕی بریکاری زۆرجار نەتەوە بچووکەکان لە سوژەی مێژوو دەگۆڕێت بۆ ئۆبژەی ململانێی هێزە گەورەکان.

لەبەر ئەوە، سەربەخۆیی بڕیار، پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتیمانی و ڕەتکردنەوەی پاشکۆبوونی ئایدۆلۆژیک، دەبنە بەشێکی گرنگ لە ئەخلاقی سیاسەت. لێرەدا قاسملوو وەک "پزیشکێکی فکری" دەردەکەوێت؛ پزیشکێک کە نەخۆشییەکانی ئاگایی دەستنیشان دەکات و هەوڵ دەدات جەستەی بزووتنەوەی کوردی لە ژەهری نامۆبوونی ئایدۆلۆژی، پاشکۆیەتیی سیاسی و دۆگماتیسمی فکری بپارێزێت. بەم شێوەیە، ڕزگاریی نەتەوە تەنها بە ڕزگاریی خاک ناپێودرێت، بەڵکو بە ڕزگاریی ئاگایی لە هەر جۆرە بوتپەرستییەکی ئایدۆلۆژیکیش دەپێودرێت.

## تراسێندێنسی ئاگایی؛ ڕەسەنایەتیی سۆبژەکتیڤیتێی کوردی

کاتێک باس لە "تراسێندێنسی ئاگایی" دەکەین، مەبەستمان ئەو دۆخە بانچووەیە کە تێیدا ئاگایی لە ئاستی کاردانەوەی ساتی و وەڵامدانەوەی غەریزیدا ناوەستێت، بەڵکو دەبێتە هێزی ڕێکخەر و ئاراستەکەری کردار لەڕێی ئاگای،فام و وشیاری سەربەخۆیانە، بەرپرسانە و ئەخلاقی. لەم ئاستەدا، بیرکردنەوە و وشیاری هاوتەریب لەگەڵ کردار دەبن و مرۆڤ بەرلەوەی دەست بە چالاکی بکات، کردە و هەڵسووکەوتەکانی لە ترازووی عەقڵ و کەرامەتی مرۆڤدا هەڵدەسەنگێنێت.

بەم پێیە، تراسێندێنسی ئاگایی واتای هەڵهاتن لە واقیع نییە، بەڵکو واتای تێپەڕبوونە لە کۆیلایەتیی کاردانەوە بەرەو گەیشتن بە ئاستێک، کە ئاگایی بتوانێت خۆی سەرچاوەی بڕیار و ئامانج بێت. ئەم جۆرە ئاگاییە، مێژوو لەگوێن بەرهەمی زەبر و زۆر نابینێت، بەڵکو لەگوێن بەرهەمی بڕیاردان، هەڵبژاردن و بەرپرسیارێتی سوژەڤانی مرۆڤ پێناسەدەکات. زۆرجار شۆڕشەکان لە ئەنجامی "دژکردەوەی توندوتیژیانە بە توندوتیژی" سەرهەڵدەدەن. داگیرکەر دەچەوسێنێتەوە و ژێردەستیش بۆ پاراستنی بوونی خۆی چەک هەڵدەگرێت.

ئەم خەباتە، ئەگەرچی لە ڕووی مافی بەرگریی خۆوە ڕەوایە، بەڵام هێشتا لە ڕووی فیکرییەوە لە ژێر کاریگەریی داگیرکەردایە، چونکە شێوازی کاردانەوەی شۆڕشگێڕ لەلایەن ئەو هێزەوە دیاری دەکرێت کە دژی دەوەستێت. بە واتایەکی تر، داگیرکەر تەنیا سنووری جوگرافی و سیاسی دیاری ناکات، بەڵکو زۆرجار سنووری وشیاری و شێوازی وەڵامدانەوەش دیاری دەکات. لەم دۆخەدا، شۆڕش هێشتا لە ناو دیالێکتیکی زۆر و توندوتیژیدا قەتیسماوەتەوە و نەیتوانیوە لە ڕووی مەعریفییەوە لە بەندەکانی دەربچێت. بەڵام کاتێک شۆڕش پشت بە ئاگایی سەربەخۆیانە دەبەستێت، لە دۆخی کاردانەوە دەگوازرێتەوە بۆ دۆخی کردار.

لێرەدا خەبات تەنیا وەڵامێکی فیزیکی نییە بۆ ستەم، بەڵکو پرۆژەیەکی مەعریفی و شارستانیانەیە بۆ دروستکردنی داهاتوو.

### ٣٧ ساڵە

ئاگایی دەبێتە ئەو بنەمایەی کە ئامانجی خەبات، سنووری بەکارهێنانی هێز و پێوەری ئەخلاقیی کردار دیاری دەکات. لەم مانایەدا، شۆڕش چیتر بەرهەمی هەلومەرجەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی سوژەیەکی وشیارە، کە دەتوانێت لەنێوان ڕق و دادپەروەریدا، لەنێوان تۆڵە و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیدا، و لەنێوان سەرکەوتن لەشەڕدا و بونیادنانی ئاشتیدا پردێک لێ بدات.

لە خوێندنەوەی فکریی قاسملوودا، تراسێندێنسی ئاگایی واتای ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە پێناسەی خۆی وەک قوربانیی مێژوو تێپەڕبێت و ببێتە سوژەی مێژوو. ئەو دەیەوێت کە کورد بە تەنیا وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراو نەناسرێت، کە ناچارە بەرگری لە خۆی بکات، بەڵکو وەک کۆمەڵگەیەک کە خاوەنی ویژدانی ئەخلاقی، پرۆژەی فیکری و بینینی مۆدێرنە بۆ داهاتووی خۆی و کوردستان پێناسەبکرێت. بەم شێوەیە، ناسنامەی کوردی لە سنووری ناسنامەی بەرگریکار دەردەچێت و دەگاتە ئاستی ناسنامەی داهێنەر؛ ناسنامەیەک کە خۆی ئامانجەکانی خۆی دیاری دەکات، نەک ئەوەی تەنیا وەڵامی هەڕەشەکانی دەرەوە بداتەوە. ئەم ئاستە لە ئاگایی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەخلاقی خەباتیش دادەنێت.

**پێشمەرگەی وشیار لە ناو گەرمەی شەڕیشدا خۆی بە یاسایەکی ئەخلاقی پابەند دەزانێت.**

ئەو دەزانێت کە ئامانجی ڕزگاری ناتوانێت هەر ئامرازێک ڕەوا بکات، بۆیە دیل ناکوژێت، تۆڵە لە جیاتی دادپەروەری دانانێت، و کەرامەتی مرۆڤ تەنانەت لە بەرامبەر دوژمنیشدا لەبیر ناکات. ئەم هەڵوێستە نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکو نیشانەی باڵادەستیی ئاگایی بەسەر غەریزە و میلیتاریزمدایە.

لێرەدا چەک لە ئامانج دەگۆڕدرێت بۆ ئامراز و هێز لە ژێر چاودێریی ئەخلاق و عەقڵدا دەوەستێت. بۆیە تراسێندێنسی ئاگایی لای قاسملوو نە تەنیا چەمکێکی فەلسەفی، بەڵکو پرۆگرامێکی مێژووییە بۆ گۆڕینی شێوازی بوونی کورد.

ئەم پرۆگرامە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە نەتەوە بە چەک پارێزراو دەبێت، بەڵام تەنیا بە ئاگایی، زانست و قەڵەم دەتوانێت خۆی وەک سوژەیەکی سەربەخۆ و خاوەن شارستانیی لە جیهانی هاوچەرخدا بسەلمێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە، مۆدێرنیتە و ڕەسەنایەتی، ئەخلاق و سیاسەت، قەڵەم و چەک، نەک دوو هێزی دژ بە یەکتر، بەڵکو ژانووسێکن، ژانووسی پرۆژەی ڕزگارین؛ پرۆژەیەک کە لە ئاکامدا دەیەوێت مرۆڤی کورد لە ژێر دەسەڵاتی دۆگما،

توندوتیژی و پاشکۆیەتیی فیکری دەربهێنێت و بیگەیەنێتە ئاستی سوژەیەکی ئازاد، بەرپرسیار و خاوەن ئاگایی.

## ئاکام:

لە کۆتاییدا، لە ڕێگەی گەشتێکی فینۆمینۆلۆژیک بە ناو ئەندێشەی سیاسیی دکتۆر قاسملوودا، دەگەینە دەرئەنجامێکی قووڵ و ڕادیکاڵ لەسەر چەمکی شۆڕش و ڕزگاری. داکۆکیکردنی قاسملوو لەسەر ئاگایی پێشمەرگە، بونیادنانی کۆدیکسێکی ئەخلاقی بۆ چەک، و هێنانەپێشەوەی پێگەی قەڵەم بەسەر تفەنگدا، تەنیا چاکسازییەکی سیاسی نەبوو لە ناو حیزبێکی شۆڕشگێردا، بەڵکو ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ و تێپەڕبوو بوو بەسەر تەواوی مێژووی میلیتاریزمی ئایدۆلۆژیدا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**قاسملوو پێمان دەڵێت**; کە سەروەریی ڕاستەقینە، پێش ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەت یان قەوارەیەکی یاسایی بێت لەسەر خاکێک، پێویستە "سەروەریی فیکری و ئەخلاقی" بێت لە ناو ناخی تاکەکاندا. ئەگەر نەتەوەیەک خاکەکەی ڕزگار بکات بەڵام عەقڵی هێشتا کۆیلەی دۆگماتیسم، دیلووژنی ئایدۆلۆژی، و پاشکۆیەتیی مەعریفی بێت، ئەوا تەنیا فۆرمی ستەمکارییەکەی گۆڕیوە لە داگیرکەرێکی دەرەکییەوە بۆ دیکتاتۆرێکی ناوخۆیی.

**پەیامی فەلسەفیی قاسملوو بۆ ئێستا و داهاتووی کوردستان لێرەدا کورت دەبێتەوە:** "چەک دەتوانێت کۆتایی بە مێژووی کۆیلایەتی بهێنێت، بەڵام تەنیا قەڵەم و ئاگایی دەتوانن مێژووی ئازادی دەستپێبکەن" لای ئەو، پێشمەرگە تەنیا چەکدارێک نییە کە لە شاخەکاندا شەڕی مردن دەکات، بەڵکو "سوژەیەکی مێژوویی" ئاگایە کە بە چەکەکەی سنووری فیزیکی دەپارێزێت و بە عەقڵ و ئەندێشەکەشی ڕێگە خۆش دەکات بۆ گەڕانەوەی کورد بۆ ناو جیهانی ڕەسەنایەتیی فیکری و مرۆڤدۆستیی گەردوونی. ئەم تێڕوانینە، مانیفێستۆیەکی هەمیشە زیندووە بۆ هەر نەتەوەیەک کە دەیەوێت لە داوی شۆڕشە فۆرماڵیتەکان دەرباز بێت و بەرەو ئاسۆی ڕزگاریی ڕاستەقینە هەنگاو بنێت.

– Arendt, Hannah : Elemente und Ursprünge totaler Herrschaft. München: PiperTaschenbuch .1991
– Jaspers, : Philosophie II: Existenzerhellung. 4. Auflage. Berlin: Springer.1973
– Mannheim, Karl : Ideologie und Utopie. Frankfurt am Main: Vittorio Klostermann.2001
– Edmund Husserl, Die Krisis der europäischen Wissenschaften und die transzendentale Phänomenologie, Hamburg: Felix Meiner Verlag, 2012.

**٣٧ ساڵە**

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

# بیرەوەریی دوو دیدار لەگەڵ دوکتور قاسملوو




**کەماڵ حەسەنپوور**

سواری باڵی مەلی خەیاڵ دەبم و دەگەڕێمەوە دواوە، بۆ سەردەمێک کە وەک خەونێک لە مێشکمدا ماوە. منیش وەک هاوتەمەنەکانی خۆم و جیلی پێش خۆم، پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەگەرچی بەو هۆیەکە لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەردا گەورە ببووم، ڕقم لە ساواکی، ئەرتەشی، ژاندارم و پاسەبانان بوو، بەڵام بە هۆی سیستەمی پەروەردەی ئێران و سیاسەتی ئاسیمیلە کردنی کورد و نەتەوەکانی نافارس، گۆرانیبێژی دڵخوازم حومەیرا، هایدە، ئیرەج، گۆلپا و ئەکتەری وەک فەردین، ناسر مەلەک موتیعی، بێهروز وسووقی و وەرزشوانی وەک ناسر حیجازی و عەلی پەروین و ئەو جۆرە کەسانە بوو.

کاتێک یەکەم خۆپیشاندانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە شارەکەمان دەستی پێکرد، من تەمەنم ١٦ ساڵ بوو و لەگەڵ بەشداریی لەو خۆپیشاندانەدا، لە هەموو خۆپیشاندانەکانی دواتریشدا بەشدار بووم. کاتێک شۆڕش لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ سەر کەوت، ئەگەرچی لە شۆڕشدا بەشدار بووم و ئاواتم ئازادی و دێموکراسی بوو، بەڵام هێشتا ڕێبازێکی سیاسی تایبەتم هەڵنەبژاردبوو، بەڵام کەسایەتییە هونەری و وەرزشییەکانی پێشوو کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، جێگای خۆیان

**٣٧ ساڵە**

دا بە تاهیر تۆفیق، محەممەد جەزا، هۆمەر دزەیی، شوان پەروەر، مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە تاد. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم لەناو هاپۆلەکانمدا ئیواش هەبوون کە قارەمانەکانیان ئەنوەر خۆجەی ئاڵبانی، ویکتۆر خارای شیلیایی و چیگێڤارای ئارژانتینی بوو.

سەردەمێکی سەیر بوو. باسی نێوان لاوان و تەنانەت بەشیکی بەرچاو لە گەورەساڵان لە پرسی ئاساییەوە بۆ مشتومڕی سیاسی گۆڕدرا. هەر کەسەو لایەنگری ڕێبازێکی دیاریکراوی فکری و سیاسی بوو. مشتومڕەکان هێندە بێ تام و زێدەڕۆیانە بوون کە لە بیرمە لە قاوەخانەی برایمی وەحدەت کە لە نزیک خوێندنگەکەمان بوو، تابلۆیەک هەڵواسرابوو کە لە سەری  نووسرابوو، "بحث سیاسی ممنوع"!

لەگەڵ دەستپێکی چالاکیی ئاشکرای حیزبی دێموکڕات، بوومە ئەندامی "سازمانی جەوانان" کە دواتر بوو بە یەکیەتی لاوان. بۆ من ساڵی ٥٨ خۆشترین ساڵی ژیانم بوو. کاتێک کە خەڵک ئازاد، دڵخۆش و پڕ لە هیوا بوون. زۆر چاکم لەبیرە، هاتووچۆی مەقەڕی حیزبم دەکرد کە لە نزیک شیخ مەولانا بوو. ڕادیۆ مەهاباد شانۆیەکی بڵاو دەکردەوە کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، بەڵام لەبارەی هەستی نیشتمانپەروەری و چالاکی سیاسی لە سەردەمی پاشایەتی دابوو. لەبیرمە هەموو جارێ کە بڵاو دەکراوە، لە پەنا ڕادیۆ لەگەڵ گوێڕاگرتن، شانۆیەکەم دەنووسییەوە. هۆیەکەی ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی سازمانی جەوانان ساغ ببووینەوە شانۆیەکە لە سەردەشت پێشکەش بکەین. بەڵام بە هۆی شەڕی سەپێنراو لە لایەن دەوڵەتەوە قەت جێبەجێ نەکرا.

زۆری نەخایاند، ڕووداوەکانی خوزستان، تورکەمەن سەحرا و پاشان مەریوان و سنە، هیوا و دڵخۆشی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی لەناو برد. ئەگەرچی سەردەشت ساڵێک دواتر لە لایەن دەوڵەتەوە داگیر کرایەوە، بەڵام چڕتر بوونەوەی پێکدادانەکانی کوردان و هێزەکانی دەوڵەت لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان، هیوای خەڵکی بە چارەسەر کرانی پرسی ئازادی و دێموکڕاسی کەمتر کردبۆوە.

لەبیرمە ئێمەی لاو ڕەخنەمان لە کاربەدەستانی کۆمیتەی حیزب لە سەردەشت ئەوەبوو کە لەجیات گێڕانی دەوری دادگا و چارەسەر کردنی شەڕو کێشەی هاوڵاتیان لەسەر میرات، ملک وماڵ و ژن هەڵگرتن، دەورەی سیاسی بۆ ئێمەی لاو دانێن، بەڵام داواکانمان قەت جێبەجێ نەکران.

هاوینی ٥٨ بۆ یەکەم جار چاوم بە دوکتور قاسملوو کەوت. چاوپێکەوتنەکە بە هەڵکەوت بوو. من و حەسەنی هەڤاڵم لە

**٣٧ ساڵە**

نزیک سینەمای سەردەشت بووین کاتێک مینە بێتووشی بە بڵیندگۆ دەستییەکەی هاواری کرد: دوکتور قاسملوو قەرارە وتارێک لە پارکی شار پێشکەش بکات.

سینەما لە پارکی شار گەلێک نزیک بوو، بۆیە چووین بۆ پارک. وردە وردە خەڵک کۆ بوونەوە و زۆری پێ نەچوو دوکتور قاسملوو هات و قسەکانی پێشکەش کردن. وێدەچوو ئەو وتار پێشکەش کردنە بە بێ بەرنامە و لەناکاو ڕاگەیەندرابێ، چونکە پێشتر هیچ زانیارییەک بڵاو نەکرابۆوە و تەنانەت نەشمدەزانی دوکتور قاسملوو لە سەردەشتە. ئەو خەڵکەی هاتبوون گوێ لە دوکتور قاسملوو بگرن وێدەچوو هەر ئەو کەسانە بن کە لە دەوروبەری پارکەکە بوون، چونکە ڕێژەی بەشداران نەدەگەیشتە ١٠٠ کەس.

دیارە ڕووداوەکە هێندە کۆنە کە من هەموو قسەکانی دوکتور قاسملووم لەبیر نەماوە، بەڵام کاکڵەی قسەکانی ئەوە بوو کە ئێمەی کورد هەموو هەوڵی خۆمان داوە خۆ لە شەڕ ببوێرین و بە هەموو جۆر داواکانمان بە گوێی کاربەدەستانی دەوڵەت و تەنانەت ئایەتوڵڵا خومەینی گەیاندووە، بەڵام وا دیارە دەوڵەت ساغ بووەتەوە کە وەڵامی داخوازییەکانی کوردان بە شەڕ و خوێنڕێژیی بداتەوە. ئێستا کورد هیچ ڕێگا چارەیەکی بێجگە لە بەرگریی لە خۆی بۆ نەماوە، بۆیە دوکتور قاسملوو داوای لە خەڵکەکە کرد یان ببنە پێشمەرگە یان ئەگەر نابنە پێشمەرگە، ئەو چەکانەی هەیانە بدەن بە حیزب تا پێشمەرگە بتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ.

**لە کۆتایی قسەکانی دوکتوور قاسملوودا، کاک قاسم... دەستی کرد بە دروشمدان. لە کاتێکدا کە باسکی ڕاستی بەرز کردبووەوە و پەنجەکانی کردبووە مستێکی قایم، هاواری دەکرد:**

**– کوردستان، کوردستان، هەستە جەنگەی خەباتە – خەبات و تێکۆشانت تەنیا ڕێگای نەجاتە**

**ئێمەی بەشدارانیش بە هەموو هێز و تاوانامانەوە دروشمەکەمان دووپات دەکردەوە.**

**چەند چرکە دواتر دوکتور قاسملوو شوێنەکەی بەجێهێشت.**

شەڕی کۆماری ئیسلامی دژی کوردان چڕتر بووەوە و کاتێک پێشمەرگە لەناو شاری سەردەشت بوون و دەیانەویست پادگانی شار بگرن، ڕۆژێکیان لە بڵیندگۆی مزگەوتی عەجەمان، حاجی ئەحمەدی سۆفی کەریمی (کە کاتێک ئێمە خۆپیشاندانمان دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەکرد دژی ئێمە بوو و دەیگوت: "ئەوە دەوڵەتە، ڕاوەستن! قوڕقوشمی تواوەتان بە گەروودا دەکات.

**٣٧ ساڵە**

بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش بووە لایەنگری خومەینی!!!!) هاواری کرد: خەڵکی سەردەشت، دەوڵەت بڕیاری داوە شار بۆمباران بکات، بۆیە بۆ پاراستنی خۆتان وەرن بۆ مزگەوتی پادگان (هەمان مزگەوتی عەجەمان). ئێمە و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شار، لەجیات چوون بۆ مزگەوتی عەجەمان، شارمان چۆڵ کرد.

زۆری پێنەچوو و دۆخەکە هێور بۆوە و لە شەوێکی خەزەڵوەری ئەوساڵی، خومەینی پەیامە بەناوبانگەکەی بڵاو کردەوە کە بووە هۆی کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە.

بە هەڵکەوت ڕێگام کەوتە مەهاباد و دروست ئەو ڕۆژەی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی لەو شارە پێکهاتبوو، جارێکی دیکە دوکتور قاسملووم دیتەوە. ئەوجار دوورتر و لە بەرزاییەکەوە وتاری پێشکەش کرد. وتارە بەناوبانگەکەی کە لەویدا فەرمووی ئێمە بە بانگەوازی ئیمام خومەینی لەبەیک دەڵێین (واتە وتارەکەی سەر ڕادیۆ کە خومەینی لەبارەی کوردستان بڵاوی کردبووەوە و بووە هۆی کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە).

ئەمجارەش بە وردی نازانم دوکتور قاسملوو چی گوت، بەڵام ئاپۆرای بەشدارانی کۆبوونەوەکە هەموویان گەشبین و هیوادار بوون کە ئەوجار ئیتر ئێمە بە مافەکانمان دەگەین. شتێکی لەو کۆبوونەوەیە لەبیرم ماوە ئەوەیە کە لە ناوبڕی ڕێوڕەسمەکەدا پێشمەرگەیەکی دەنگخۆش سروودێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەش کرد. لە کۆتاییدا پێشکەشکاری بەرنامەکە بانگی پێشمەرگەکەی کرد و داوای لێ کرد خۆی بناسێنێ. زۆر چاکم لەبیرە گوتی: فەتاحی حاجی کەریمی خۆراسانێ.

ئەوە تەنیا ئەو دوو جارە بوو کە من چاوم بە دوکتور قاسملوو بکەوێ. ئەوکاتی بۆ لاوێکی تەمەن ١٧ ساڵ ئەو دوو ڕووداوە گەلێک خۆش بوون. ئێستا دوای تێپەڕ بوونی دەیان ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا دەتوانم بڵێم، لە چاوپێکەوتنی یەکەم دا ڕێبەرێک قسەی کرد کە دەیزانی دەوڵەت سوورە لەسەر شەڕفرۆشتن و داسەپاندنی شەڕێکی نەخوازراو. ئەو وەک ڕێبەرێکی بە بیر و باوەڕ هەوڵی دا ورە بداتە گوێگرانی و باسی گرینگی بەرگریی لە کوردستانی کرد. پەیامەکەی ئەوە بوو، دەوڵەت شەڕمان پێدەفرۆشێت، ئێمە بەرگریی لە خۆمان دەکەین، جا ئێوەش یان وەرن ببنە پێشمەرگە یان چەکەکانتان بدەن بە پێشمەرگە.

لە ڕووداوی دووهەمدا، لە کاتێکدا کە ئاپۆرای خەڵک پڕ لە هیوا و چاوەڕوانی وەدیهاتنی ئاواتی لەمێژینەی کوردان بوون، پەیامی دوکتور قاسملوو سیاسی و پڕ لە ئامۆژگاریی بوون. بەشیک لە قسەکان ڕوو بە خەڵکی کوردستان بوو، و بەشەکەی دیکەش ڕوو بە دەسەڵاتداران لە تاران.

**٣٧ ساڵە**

**دوای تێپەڕ بوونی ٤٧ ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی ئەو کاتیەوە و بە پێداچوونەوە بە کارنامەی ساڵەکانی دواتری دوکتور قاسملوو، دەتوانم بڵێم کە بەڕێزیان هەموو هەوڵی خۆیان دا تا کوردستان لە شەڕ و ئاژاوە بەدوور بێت، بێ ئەوەی لە داوا ڕەواکانی گەلەکەمان بۆ مافەکانی پاشەکشە بکات. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی لێهاتوویە و ئەوە یەکێک لە ڕەمزەکانی خۆشەویست بوونی ئەو شەهیدە لە لایەن نەوە دوای نەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتە. یاد و ناوی هەر دەم لە دڵاندا زیندوویە و ڕێگای خەباتی تا وەدیهاتنی ئاواتەکانی بەردەوام دەبێت.**

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

# دکتۆر قاسملوو لە ئاوێنەی پێنووس و پەژارەی حەمەدەمینی سیراجیدا




**زاهیر محەمەدی**

**هێندێک ڕووداو پێش ئەوەی ببنە مێژوو، دەبن بە تاقیکردنەوەی ویژدان. لەو ساتانەدا، ناکۆکیی سیاسی و سنووری تەنگی حیزبایەتی وەک بەفر بە بای وادا دەتوێنەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە مرۆڤ، بیرەوەری و نیشتمانە.**

تیرۆری دکتۆر قاسملوو لە ١٣ی تەممووزی ١٩٨٩، یەکێکە لەو ڕووداوانە. ئەو گوللانەی لە ڤیەن تەقێنران، تەنیا گیانی سەرکردەیەکی سیاسییان نەسەند، بەڵکو گەلێک دڵیان هەژاند؛ تەنانەت دڵی ئەوانەش کە ساڵانێک بوو زیز بوون. ئەوەی دەیخوێننەوە گێڕانەوەی چیرۆکی تیرۆری دکتۆر قاسملووە لە زمانی پیاوێکەوە کە لەمێژبوو سەنگەری گواستبۆوە، بەڵام لە نیوەشەوی ١٣ی تەمموز کاتێک هەواڵەکەی بیست، تا بەیانی لەگەڵ هاورێکانی بۆی گریا.

## سیراجی؛ لە هۆڵەکانی زانکۆی تارانەوە بەرەو سەنگەرەکانی شۆڕش

**حەمەدەمینی سیراجی** (١٩٣٤ - ٢٠١٠) لەو نەوەیە بوو کە بە خوێندن و بیرکردنەوە هاتنە ناو خەباتی حیزبی دیموکراتی

## ٣٧ ساڵە

کوردستان. لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا لە یەکەم دەستەی ئەو خوێندکارە کوردانە بوون کە ڕوویان کردە زانکۆی تاران و هەر زوو یەکیەتیی خوێندکارانی کوردستانیان دامەزراند؛ ڕێکخراوێک کە دواتر کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پانتایی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا. کاتێک یەکیەتییەکە بەسەر دوو باڵی چەپ و ڕاستدا دابەش بوو، سیراجی باڵە چەپەکەی هەڵبژارد و تا دوارۆژی ژیانی لەسەر هەمان بیروڕای چەپی خۆی مایەوە.

لە نەورۆزی ١٩٦٣دا دوای هێرشێکی دیکەی ساواک بۆ سەر شانەکانی حیزبی دیموکرات، سیراجی زانکۆی بەجێ هێشت و ڕووی کردە باشووری کوردستان و لە بنکەی «سونێ»ی حیزبدا دەستی بە خەباتی پێشمەرگایەتی کرد. سێ ساڵ دواتر، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی «کۆمیتەی ئینقلابی» کە لاپەڕەیەکی زێڕینە لە خەباتی هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا. دوای هەڵوەشانەوەی کۆمیتەی ئینقلابی و شەهیدبوونی پێشەنگەکانی، سیراجی تاکەکەسی دیاری کۆمیتەکە بوو کە لەو کارەساتە قورسە ڕزگاری بوو. سیراجی لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ لەگەڵ دکتۆر قاسملوو لە هەستانەوەی حیزبدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا و بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب.

## جیاکردنەوەی ڕێگاکان

بەڵام مێژووی خەبات هەمیشە مێژووی هاوڕێیەتی و هاوبیری نییە؛ پڕە لە ململانێ و دابڕانیش. پاش کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات (١٩٨١)، ناکۆکییەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکرات تەقینەوە؛ سیراجی و ژمارەیەک لە هاوبیرانی لە حیزب جیابوونەوە و بە ناوی «پێڕەوانی کۆنگرەی چوار» ڕێگایەکی جیاوازیان هەڵبژارد.

لەو ساتەوە، دوو هاوڕێی کۆن کەوتنە دوو بەرەی تەواو دژبەیەک. جگە لەوەی پێنووسەکان دژی یەکتریان نووسی، چەکەکانیش بەرامبەر یەکتر ڕاوەستان و کەلێنێکی گەورەی سیاسی کەوتە نێوان هاوڕێکان. بەڵام ڕۆژگار هەمیشە پرسیاری قورستر لە مرۆڤ دەکات.

## شەوێک کە «بۆن» گریا: دارمانی کەڵەکی جیاوازییەکان لە هۆتێلی غەریبیدا

نیوەشەوی ١٣ی تەممووزی ١٩٨٩ لە هۆتێلێک لە شاری بۆن، سیراجی میوانی ژمارەیەک لە هاوڕێ کۆنەکانی بوو و لە ژوورێکی دیکەی هۆتێلەکەدا پاڵی دابووەوە کە هەواڵی تیرۆری دکتۆر قاسملووی بیست. بە بیستنی هەواڵەکە خێرا خۆی گەیاندە ژووری هاوڕێکانی و هەواڵەکەی بۆ گێڕانەوە: «دەڵێن دکتۆر شەهید کراوە». ئەو پیاوەی ساڵانێک بوو لە قاسملوو

و ڕێبازە سیاسییەکەی زیز بوو، بە کوڵ بۆی گریا.

**ئەو پۆلە هاوڕێیە بە گریان و بە گێڕانەوە شەویان ڕۆژ کردەوە. ئەو شەوە، «بۆن» تەنیا شاری بۆن نەبوو؛ بوو بە شوێنی ئاشتەوایی هاوڕێکان لەگەڵ ڕابردووشدا.**

## هاواری پێنووس لەسەر لاپەڕەی «هاوار»

چوار مانگ پاش ئەو ڕووداوە، سیراجی کە نەیدەتوانی لە هەمبەر ئەو کۆستە گەورەدا بێدەنگ بێت، دەستی دایە پێنووس و وتارێکی لە گۆڤاری «**هاوار**»ی کوردەوارییدا نووسی کە خۆی و چەند هاوڕێیەک دەریان دەکرد. ئامانجی وتارەکە ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەی ئێران بوو لە ڕووداوەکەدا کە وای پیشان دەدا «ئەوە نوێنەرەکانی ئێران بوون لەسەر مێزی دانوستان تەقەیان لێ کراوە و هێرشیان کراوەتە سەر».

سیراجی لە وتارەکەدا ئاماژە بەوە دەکا کە تیرۆرەکە هاوکاتە لەگەڵ چلەی مەرگی خومەینی و ڕێک یەک ڕۆژ پێش یادی دووسەدساڵەی ڕووخانی بەندیخانەی باستیل و سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسا ڕووی داوە کە هەڵگری گەلێک پەیامە. سیراجی بەو پێشەکییە پرمانایە ئەوەی ڕاگەیاند کە چۆن لەو ڕۆژەدا کە جیهان بەرەو پیری دووسەد ساڵەی ئازادی و سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا دەچێ، لە ڤیەنی نەمسا، دیواری هیوای کوردیان بە گوللە دادڕی.

## ویژدانی نوستووی جیهان

سیراجی لە درێژەی وتارەکەدا دەچێتە ناو قووڵایی لایەنە ڕەوشتی و مرۆییەکانی ئەم کارەساتە و بە ڕووداوێکی دڵتەزێن و ناجوامێرانەی دادەنێ کە تەنانەت لەگەڵ دابونەریتی خێڵەکیشدا نایەتەوە. لە کولتووری خێڵ و هۆزەکاندا، کاتێک کەسێک بۆ وتووێژ بانگهێشت دەکرێ، خوێنی حەرامە و گیانی پارێزراوە. بەڵام لە ڤیەن، ئێران دەستی بە خوێنی ئەوانە سوور بوو کە بە پێی خۆیان و بە ئاڵای سپیی ئاشتییەوە هاتبوون.

سیراجی پاشان قامچی ڕەخنەی خۆی لە جەستەی بێگیانی ڕای گشتیی جیهان و دەوڵەتان دەدا کە مافی مرۆڤ لای ئەوان تەنیا بانگەشەیەکە و هیچی تر. بە زمانێکی توند و زبر دەنووسێ جیهان چۆن لە بەرامبەر ئەم جینایەتە ئاشکرایەدا کە بە ڕۆژی ڕووناک و لەسەر مێزی وتووێژ کراوە، بێدەنگە؟ و ئاماژە بە پێوەرە دووفاقییە دەکات کە چۆن ڕفاندنی مەلایەکی شیعە لە باشووری لوبنان دەبێتە بنێشتەخۆشکەی میدیاکانی جیهان، بەڵام تیرۆری ناجوامێرانەی سکرتێری گشتیی حیزبی

**٣٧ ساڵە**

دیموکرات، کە بە ڕای ناوبراو هێشتا یەکەم حیزبی کوردستانە، لە ناو گێژاو و گێژەڵووکەی بەرژەوەندیی دەوڵەتان و هێزە گەورەکانی جیهاندا بزر دەبێت. لە ڕوانگەی سیراجییەوە، مەحکوومکردنی ئەو تاوانە گەورەیە ئەرکی گشت ئەو دەوڵەت، حیزب و لایەنە سیاسییانەیە کە باسی مافی مرۆڤ و نەتەوە ژێردەستەکان دەکەن.

## قاسملوو لە ئاوێنەی حەقیقەتدا: کاروانێک کە ناوەستێت

لە بەشەکانی کۆتایی وتارەکەدا، سیراجی پێناسەی کەسایەتیی هاوڕێی دێرینی دەکات. سیراجی قاسملوو بە تێکۆشەرێکی لەمێژینە، سیاسەتمەدارێکی شارەزا و مامۆستای پێشووی زانکۆکانی بەغدا، پراگ و سۆربۆن دەناسێنێت. پیاوێک کە لە ١٨ ساڵی قورسیی خەباتی حیزبی دیموکراتدا، پێشەنگ و سکرتێری حیزب بووە.

**بەڵام پێنووسی سیراجی وتارەکە لە ڕەشبینیدا جێ ناهێڵێت؛ ئەو لە لووتکەی شینگێڕییەکەدا، بە هیوای داهاتوو دەنووسێ:**

«کوشتنی قاسملوو و تێکۆشەرانی دیکە، ڕەوڕەوەی خەباتی کورد ناوەستێنێ. کاروانی ماندوویی‌نەناسی ئەم خەباتە، وێڕای گشت ئاستەنگەکان و شەوەزەنگی تاریکی دیکتاتۆری، بەرەو بەیانی ئازادی دەڕوا. »

ئەو وشانە تەنیا شینگێڕی نەبوون؛ بەڵگەیەک بوون بۆ ئەوەی کە تێکۆشەری ڕاستەقینە، لە کاتی کارەساتدا، لەسەر بنەمای ویژدان قسە دەکات، نەک لەسەر بنەمای ڕکابەری. شەوی «بۆن» نیشانی دا کە ئەسرینی بەکوڵ بەڵگەن لەسەر ڕاستیی مێژوو. ئەسرینەکانی سیراجی تەنها بۆ هاوڕێیەکی شەهید نەبوو؛ بۆ نەوەیەک بوو کە پێکەوە خەباتیان کرد، جیابوونەوە و لە کۆتاییدا لەبەردەم کارەساتێکی گەورەدا، هەموو جیاوازییەکان لەبەردەم نیشتماندا کاڵ بوونەوە. ئەم وتارە لەسەر بنەمای گێڕانەوە و بیرەوەریی کاک حوسێنی بەخشی لە ئەڵمان دارێژراوە. بەڕێزیان گەورەیی کرد و ژمارەکانی گۆڤاری «هاوار»ی کوردەواری بۆ ناردم کە کاتی خۆی لەگەڵ کاک حەمەدەمین و هاوڕێکانی لە تاراوگە دەریان کردووە.

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

# مرۆڤێک بە پێوە




**م. ئەحمەدی**

ئەو شەڕەی کە ئەم گەلە بۆ ژیان دەیکرد، دەستبەجێ و بێ دوودڵی بوو بە شەڕی منیش. من تا دوێنێ دکتۆرێکی «پێڕەش»ی بێناونیشان بووم، ئێستا کورد بووم؛ ئامانجی کوردان ببووە ئامانجی منیش.
وابوو کە لە کوردستان مامەوە. زمانیان فێر بووم، خۆراکیانم دەخوارد، وەک ئەوان جلم لەبەر دەکرد، لە ماڵەکانیان دەژیام؛ منداڵەکانیان لەسەر دەستی من لەدایک دەبوون، ئاگام لە منداڵەکانیان دەبوو، بریندارەکانیانم تیمار دەکرد و مردووەکانیانم دەنێشت؛ هاوشانیان شەڕم دەکرد، تاکوو خۆمیش بوومە پێشمەرگەیەک - بێچەک - بۆ ئامانجی کورد.

**پێشمەرگە: ئەوەی پێش هەمووان ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. من ئامادە بووم، دکتۆر قاسملووی مامۆستا و هاوڕێم بوو کە بڕوانامەی لەدایکبوونم وەک کوردێک واژۆ کرد.**

عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گرنگترین کەسایەتیی ژیانی شەخسی، پیشەیی و سیاسیم بوو. کاتێک لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا تیرۆریان کرد، من بە مەئمووریەت ڕۆیشتبوومە مەراکش. لە

**٣٧ ساڵە**

کورتەهەواڵەکانی «ئار. ئێف. ئێی»دا دووپاتیان کردەوە کە «سێ بەرپرسی باڵای کوردی ئێران لە کاتی گفتوگۆکانی ئاشتی لە ڤییەندا کوژراون.» دەستبەجێ زانیم کە مەبەست دکتۆر قاسملوو و هاوڕێکانیەتی. لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی دکتۆر قاسملوو لە پاریس، سەرەخۆشی و بەتایبەت پەیامی هاوخەمیی خۆمم لە ڕێگەی کوشنێرەوە بۆ هێلێن، هاوسەری دکتۆر، نارد.

وێران بووم. ڕێکخەرانی ئەم تیرۆرە، نێردراوە نهێنییەکانی سەرۆک کۆماری ئێران بوون، کە لەنێویشیاندا ئەحمەدینژاد ناوێک بوو، کە دوایی بۆ خۆی بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران. ئەم تیرۆرە دەوڵەتییە، هەڵبەت هەرگیز دانی پێدا نەنرا. تاوانبارەکان دەستنیشان کرابوون، بەڵام چونکە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکیان پێ بوو، بێدەنگ ناردرانەوە بۆ تاران و لەوێش هەندێک لە ڕۆژنامەکان وەک قارەمان ناویان هێنان. دیسانەوە بە دەستی چارەنووس یان لە ڕووی پێویستییەکەوە، قاسملوو لە گۆڕستانی پێر لاشێز لە پاریس ئارامی گرت، واتە کەمتر لە پێنجسەد مەتر دوورتر لە ماڵەکەی من. کوڕی ژنێکی ئاسووری و پیاوێکی کوردی سوننەی فێئۆدال و پێشکەوتوو بوو؛ توێژەر و پسپۆڕێکی زۆر کارامە بوو و بە نۆ زمان قسەی دەکرد. دکتۆرای ئابووریزانیی هەبوو، بەڵام وازی لە پیشەی ئاکادیمیک، مامۆستایەتیی زانکۆ لە پراگ، بەغدا یان سۆربۆن هێنابوو تاکوو خەریکی سیاسەت بێ، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد ئیش بکات، دیموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان دەستەبەر بکات. قاسملوو پیاوێکی مەزن و زۆر کاریگەر بوو. کەسایەتی، زانست، هەڵسوکەوت، گاڵتەوگەپ و هەڵبەتە جێگەوپێگەی وەک فەرماندەی باڵای شەڕ، هەموو شایەتی ئەم مەزنییە بوون. قاسملوو لەو جۆرە مرۆڤانە بوو کە هەمووان گوێی لێ دەگرن، تەنانەت ئەو وەختانەش کە هیچ ناڵێت. داخۆ چەند کاتژمێرمان پێکەوە قسەوباس کردبێ؟ شەوانی بێخەوییمان بە باسکردنی بابەتە سیاسییەکان دەبردە سەر. هەرچی پتری لێ فێر دەبووم، زیاترم دەویست. مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین، مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک، مێژووی کوردە پرشوبڵاوەکانی نێوان تورکیە، ئێران، ئێراق و سووریە و مێژووی خودی قاسملوو. بیرێکی بێبن بوو لە زانست، زانیاری، زیرەکی و مرۆڤایەتی؛ ئینسایکلۆپێدیایەک بوو کە لە دڵیدا دڵێک لێی دەدا.

«پێڕەش» (Pied-noir)، بە فەڕەنسی بەو کەسانە دەگوترێت کە لە جەزائیری کۆلۆنیال لەدایک بوون.
(لە کتێبی «مرۆڤێک بە پێوە»ی دوکتور فرێدریک تیسۆ)

پرۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.

به شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:

٢٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی

# سۆسیالیستی فەرنجیپۆش




**عەلی لەیلاخ**

لە «کۆمیدیای خودایی»ی دانتێدا، کە یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان، دانتێ ئالیگیری (١٢٦٥ - ١٣٢١)ی شاعیری ئیتاڵیایی، یەکەم پلەی «بەرزەخ»ی خۆی بە ناوی «لیمبۆ»وە بۆ کەسانێکی وەک ئەفلاتوون، سوقرات، یولیۆس سزار، ئیبن سینا و سەلاحەدینی ئەیووبی و... تەرخان کردووە. لە ڕوانگەی دانتێوە، ئەم ناودارانە ئەگەرچی مەسیحی نەبوون، بەڵام مرۆڤی شەریف و ژیر بوون کە شایانی ئەو پلە و پایەیەن. دەتوانین بڵێین چینی "لیمبۆ"ی دانتێ ئەو دەستەبژێرانەن کە میراتی مرۆڤایەتین و چوونەتە ناخی مێژووەوە.

ئەگەر چاوێک بە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕیی یەکێک لە ڕێبەرانی کورد و هاوڕەچەڵەکی سەلاحەدینی ئەیووبی لە سەدەی بیستەم، واتە دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوودا بخشێنین، دەکرێت بڵێین ئەگەر «کۆمیدیای خودایی» دانتێ درێژەی هەبووایە، بێگومان لە ڕیزی ڕۆشنبیرانی جیهاندا جێگەی بۆ قاسملووی خەباتگێڕ و دێموکراتیش تەرخان دەکرد؛ چونکە ئەم بیرمەندە دڵسۆزە، بۆ گەلانی چەوساوە، جیهانێکی پڕ لە ئازادی، یەکسانی و برایەتیی وێنا دەکرد.

## ٣٧ ساڵە

ڕێڕەوی ژیانی سیاسیی عەبدوڕەحمان قاسملوو لە لاویدا بە ڕووداوەکانی مەهاباد و دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەستی پێ کرد. دوای هەوراز و نشێوی زۆر، سەرەنجام ئێوارەی پێنجشەممە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، لە ململانێیەکی ئەفسانەییدا لە نێوان چاکە و خراپە، قاسملوو لە لای دروستی مێژوودا وەستا کە نەوەکانی داهاتوو بە چاکە یادی دەکەن؛ چونکە بە خوێنی خۆی، خوێنبەهای ئازادی و دواڕۆژی گەشی، نەک تەنیا بۆ گەلی کورد، بەڵکوو بۆ سەرجەم گەلانی ژێردەستەی دیکتاتۆرەکان پێشکەش کرد.

قاسملوو لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لە ڕێگەی ئازادیدا» یادەوەرییەکی سەردەمی لاوێتی و پشێوییە سیاسییەکانی ئەو کاتە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «کاتێک ١١ ساڵان بووم، باوکم لەگەڵ ژمارەیەک لە خان و گەورەپیاوانی عەشیرەتەکان چوون بۆ باکۆی سۆڤیەت. لەناو برا و ئامۆزاکانمدا وا بڵاو ببووەوە کە گوایە بۆ وەرگرتنی مافی کوردەکان چوون بۆ سۆڤیەت. کە گەڕایەوە، باوکم لەگەڵ خۆی قەندی هێنابوو - کە ئەو کاتە بەدەگمەن دەست دەکەوت - لەگەڵ تفەنگێکی نێچیر و بڕێک قوماشی نایاب. هەموویان بەو دیارییانە دڵخۆش بوون، بەڵام من بە گومانەوە پرسیم: "دەی مافی کوردەکان چی لێ هات؟"» پرسیارێکی سادە بەڵام قووڵ و بنەڕەتی، کە دواتر بوو بە بناغەی هێڵی سیاسی و تەنانەت گەشەی فیکریی خۆی. لە دوای وەڵامی هەمان پرسیار، کاتێک تەمەنی ١٦ ساڵ بوو، نامەیەکی بۆ یەکەم ڕەئیسجمهووری کورد، پێشەوا قازی محەممەد نووسی. ڕەنگە قاسملوو نەیزانیبایە کە دوای چەند دەیە خۆیشی لە هەمان ڕێگەی مافخوازییدا، سینگی دەبێتە ئامانجی گوللەی ئەوانەی چاویان بە دیموکراسی و ئاشتی هەڵنایەت.

ئەم سۆسیالیستە خوێندەوارە، بوێرانە لەپێناوی «کوردستان و کورد»دا لە بەرەی چەپی توندڕەو دوور کەوتەوە و بەهۆی ڕەخنەکانی لە سیاسەتەکانی حیزبی توودە، بووە هۆی ئەوەی لە کاتی بەهاری پراگدا لە چیکۆسلۆڤاکیا دەر بکرێت. دەرکردن و سنووردارکردنەکانی قاسملوو، بەشێکی گەورەی ژیانی سیاسیی ئەم خەباتگێڕ و دیپلۆماتە کوردەی پێک هێناوە.

دەرکردن لە ئێران، عێراق، پراگ و بەهۆی گوشارە سیاسییەکانەوە، جێهێشتنی بەناچاری فەرەنسە و تەنانەت دوورخستنەوەی لە حیزبەکەی خۆی (کۆنگرەی دوو، ١٣٤٣ / پاییز) هەموویان نیشانەی ڕۆحی یاخی و کەسایەتییەکن کە بەردەوام بەدووای چاکسازی و داهێنانی سیاسیدا بووە. گەڕانەوە بۆ بنەما نەتەوەییەکان و دیدگای نوێی بۆ «دیموکراسی و سۆسیالیزم» و وتارە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی «کورتەباسێک دەربارەی سۆسیالیزم»، نموونەی دیاری ئەو بیرمەندەیە کە بە قسەی جۆناتان ڕێندڵ، دیپلۆماتێکی بەهێز و گەورەتر لە سنووری کوردستان بوو. ئەو، چ وەک پێشمەرگە و چ وەک ڕێبەری یەکێک لە دیارترین بزووتنەوەکان، تەنانەت لە دۆخی سەختی شەڕیشدا لە بەرانبەر دوژمنانی خوێنڕێژ، دەستی لە باوەڕە مرۆییەکانی (ئۆمانیستی) هەڵنەگرت. بە خۆشییەوە هەم بەڵگەی نووسراو هەیە و هەم فەرماندەر و پێشمەرگەی

**٣٧ ساڵە**

سەردەمی خەباتی چەكداری لە ژیاندا ماون كە شاهیدی بدەن، پاش كۆتاییی هەر عەمەلیات و دەرگیرییەك یەكەم پرسیاری ئەمە بوو "خۆ دیلتان نەكوشتووە؟" ئەم بەپەرۆشبوونە جیا لە هەستێكی ئینسانتەوەر كە پڕ بە پێستی "رەحمان"ی كورد بوو، لە واقعدا ڕەچاوكردنی كۆنڤانسیۆنی ژنێڤ بووە كە لە باری یاساییەوە ڕەچاوكردنی ئەركی دەوڵەتەكانە، بەڵام قاسملوو بە كراواتی "كراوەیی" و "لێزانینەوە" دەیهەویست خەباتەكەی كە درێژەی "دەوڵەتی كوردستان"ـە لە ئاژاوەی سەربازی و پێشمەرگەكانی لە "مێلیشیای سەرەڕۆ و جامانەلەملانی ژیاندۆستی لەگەڵ جینایەتكارانی بەكرێگیراو جیا بكاتەوە.

**ئەو دەیهەویست هەمان وتەی فریدریش نیچە جێی بخات كە گوتوویەتی: لە شەڕ لەگەڵ دێوەزمە، هەوڵ بدە خۆت نەبیتە دێوەزمە".**

قاسملوو وەك كەسایەتییەكی جیهانی، هەرگیز لە دیدێكی باڵادەستی تیورییەوە سەیری كۆمەڵگەكەی خۆی نەكرد. پێچەوانەی بەشێك لە ڕۆشنبیرانی ئێرانیی ئورووپادیتوو كە لە فەرهەنگی ڕۆژئاوادا تواونەوە، قاسملوو هەرگیز خۆی نەتواندەوە و خۆی لە كۆمەڵگەكەی بە گەورەتر نەزانی. بەڵكوو بە پابەندبوونی ئەخلاقیی خۆیەوە، دەستی گەلەكەی گرت بۆ تێپەڕاندنی تێنەگەیشتنە سیاسییەكان و داڵانە تاریكەكانی دواكەوتوویی مێژوویی و گەیشتن بە دواوێستگەی مافی دیاریكردنی چارەنووس. بە زمانێكی سادەتر: «جیهانی بیری دەكردەوە و لۆكاڵی كاری دەكرد». ئەم "مەزنمەردە" ڕۆژهەڵاتییە، كە خەونی كوردستانێكی سەربەرزی لە سەردا بوو بۆ ئەوەی لە كێبڕكێی جیهانیدا لە ئاست پێوەرەكانی دیموكراسی و ئازادیدا كەم نەهێنێت.

بە شوێنكەوتنی كۆماری كوردستان و «گوڵی ناو بیابان» قازی محەممەد، كە وەك شێری بیابانی لیبیا، عومەر موختار، گیانی خۆی فیدای سەربەرزیی گەلەكەی كرد، لە یەكەم وێنەی ژیانییەوە تا دوایین ساتی لە دیوی ڕاستی مێژوودا وەستا، ئەگەرچی پشكی ئەو لە ژیان، تەنیا ئاوارەیی، هەڕەشە، دوورخستنەوە و لە كۆتاییدا تیرۆركردنی بوو.

قاسملوو هاواری تەنیای سەردەمی خۆی بوو. لە شەوەزەنگی سەركوتكەری و سانسۆر و هەڕەشە وەك دەڵێن: «هەق بە دەنگی ئەو بوو و دەبوایە بەرز بووایە.»

**لە كۆتاییدا، ئەگەر شێكسپیر پەردەی كۆتاییی ئەم شانۆ تراژیدییەی «خوێنی گفتوگۆ» لە ئێوارەی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ لە شاری "ڤییەن"، پایتەختی مۆسیقای كلاسیكی جیهان بە ڕۆڵگێڕانی قاسملوو و بكوژانی بنووسێتەوە و بپرسێ:**

**٣٧ ساڵە**

**«شەڕ یان ئاشتی، کێشەکە ئەمەیە!» بێگومان قاسملوو لە لای ڕاستی مێژوودا و لەپشت مێزی دیالۆگەوە وەڵامەکەی هەمیشە ئاشتییە، نامەکەی شکۆی مرۆییە و دیارییەکەیشی "حەیرانی" ئازادییە.**

**بەڵێ قاسملوو بەم شێوەیە ژیا...**

---

**پرۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

# خودکارەکەی قاسملوو




## خەبات ڕەسووڵی

دوکتور قاسملوو سەلام. من ناوم عەتایە و خەڵکی سەقزم. کوڕی پورم ناوی هێمنە و ئەویش خەڵکی سەقزە. ئەو لە گوندی دۆزەخ دەرە ئەژی. دۆزەخ دەرە نزیکە لەسەقز و ئەو زوو زوو ئێت بۆ ماڵمان. ڕۆژێکیان کە هاتبوو، وتی: شەوی سێ شەممە پێشمەرگە هاتوونەتە دۆزەخ دەرە. خۆزگەم بە خۆی پێشمەرگەی بینیوە. ئەزانم تۆ زۆرت پێشمەرگە بینووە و ڕەنگبێ پێت سەیر بێت، ئەڵێم من قەتم پێشمەرگە نەبینووە. هێمن وتی: پێشمەرگەکان ڕێک هەر وەک ئێمەن،تەنیا ئەوان پیاو و ژنی گەورەن و چەکیان پێیە.

یەکێک لە پێشمەرگەکان خودکارێکی دابوو بە هێمن و وتبووی ئەوە خودکاری قاسملوویە و بۆ تۆ.

ئەو شەوە هێمن لە ماڵی ئێمە بوو و من نیوەشەو هەستام و چووم خودکارەکەم لە گیرفانی دەرهێنا و شاردمەوە.

هێمن سبەی زۆر گەڕا و زۆریشی خەم بوو، بەڵام خودکارەکەی نەدۆزییەوە. لە نێو بلوکی بن تەنکێری نەوتی حەوشەم شاردبۆوە. پاش ئەوەی هێمن چووەوە، زۆرم سەیری خودکارەکەت کرد. خودکارێکی ئاسایی بیکی شینە. نازانم ئەم خودکارەت

**٣٧ ساڵە**

بۆ داوە بەو پێشمەرگەیە و ئەو بۆ داوێیتی بە هێمنی پورزام. هێمن دەرس ناخوێنێت و ئەو خودکارە بە کەلکی ئەو نایەت، بەڵام من دەرس ئەخوێنم، بریا بە پێشمەرگەکەت وتبوایە ئەم خودکارە بدات بە من. ئیتر منیش ناچار نەئەبووم لە هێمنی بشارمەوە.

من پۆلی دووی سەرەتاییم، بەڵام فرە زیرەکم. بەشێکی زۆری جەدوەلی زەربم لەبەرە. برێک لە حەوت وهەشتەکان لێم تێکەڵ ئەبێ، بەڵام هێمن ئەوەش نازانێت، بۆیە ئەو خودکارە بە کەلکی ئەو نایەت.

یەکشەممە باوکم و دایکم زۆر خەمبار بوون و ئەگریان. دەیانوت دوێکە قاسملوو شەهید بووە. باوکم هێندە گریاوە چاوی سوور سوور بووە. من نازانم چت کردووە و بۆ شەهید بوی. بەڵام ئەزانم باوکم پێی ناخۆشە وات کردووە.

من نازانم شەهید یانی چی؟ بەڵام دوو سێ ڕۆژە هەموو کەس ئەگری. باوکم هەر گوێ لە ڕادیۆ ڕائەگرێ. لە ڕادیۆکەش هەر باسی تۆ ئەکەن. دوێشەو خەونم بینی. خەوم بەم خودکارە بیکەوە بینی. لە خەونما ئەویش ئەگریا و ئەی وت بیری قاسملوو ئەکەم. بەخوا برێک ناویشی وت نەمزانی چی ئەڵێ. ئەیوت بیری ژوورەکەت و بۆنی گێرفانی کەواکەت و بۆنی دەستت و گەرمی ناو قامکەکانت ئەکات. منیش خەریکە وردە وردە خەمم ئەبێ. ئیمرۆ بڕیارما بەو خودکارەت نامەیەکت بۆ بنووسم. پاشان خودکارەکەشت بۆ ئەنێرمەوە. فرە گوناحە، بیرت ئەکات. منیش ئەگەر ئەچم بۆ دۆزەخ دەرە بیری دایکم و باوکم ئەکەم. بۆیە نامەکە و خودکارەکە ئەدەم بە هێمن. ئەڵێم نامەکە بات بەو پێشمەرگەیە و پێی بێژێ با نامەکەت بۆ بێنێت. من حەز ناکەم تۆ شەهید بی. چونکە باوکم و دایکم هەر ئەگرین. هەر دوکیان جلی ڕەشیان پۆشیوە. بۆیە تکایە شەهید مەبە. من بە هێمن ئەڵێم با خودکارەکەش بداتەوە بە پێشمەرگەکە. با بۆت بێنێتەوە. پورە مریەمیشم ڕەشی پۆشیوە. ئەویش تۆ ئەناسێ. وێنەیەکی پێشاندام تۆ لە گەڵ کۆڵێک خەڵک سلام و عەلەیک ئەکەی. وتی: تۆ لە هەموویان گەورەتر بووی. هەرچەند من پیاوێکم بینی لە وێنەکەدا زۆر گەورە بوو. بەڵام پورم زۆر شت ئەزانێ. ئەو دایکی هێمنە و ئەڵێ تۆی لە نزیکەوە بینیوە. منیش ئەگەر گەورە بم ئەمەوێ تۆ لە نزیکەوە ببینم. جارێ خواحافیز.

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

# ئەو شەوە ڕەشەی هاوڕێ کۆنەکان بۆ دوکتۆر قاسملوو گریان




**حوسێن بەخشی**

یەکەمجار کە گوێم لە ناوی دوکتۆر قاسملوو بوو، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٥٢ و ١٣٥٣ی هەتاوی کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە دۆستان گیرام. کاک عەزیزی یوسفییش کە لە زیندان هاتەوە، باسی دوکتۆر قاسملووی بۆ دەکردم. لە ڕێوڕەسمی ناشتنی کاک عەزیزی یوسفی لە ١٩ی جۆزەردان کە جارێکی دیکە گیرامەوە، دیسان لە زیندان گوێم لە ناوی دوکتۆر قاسملوو بوو.

جگە لەوە، لە زمانی کاک سدیق خاتەمیش کە مامی دایکم بوو و ١٢ ساڵ لە زیندان بوو، هەمدیسان گوێم لە ناوی دوکتۆر قاسملوو بوو. بەڵام تا چەند مانگ پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، دوکتۆر قاسملووم نەدیبوو. دیداری یەکەمی من لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ زستانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی.

ئەو کاتەی بەختیار لەسەر کار بوو، بەهۆی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، دوکتۆر قاسملووم بۆ یەکەمجار لە ماڵی دوکتۆر خوسرەوی بینی. کۆمیتەی زاگرۆس تازە گەڕابووەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەو کاتە ناوی نهێنیی «کاک شەریف» بوو، بەڵام من نەمدەزانی کێیە. لە دوکتۆر خوسرەویم پرسی: «ئەوە کێیە؟». سەرەڕای نهێنیبوون، چونکە لەگەڵ دوکتۆر خوسرەوی زۆر دۆست بووین و نێوانمان خۆش بوو، لێی نەشاردمەوە و گوتی: «ئەوە دوکتۆر قاسملوویە».

## ٣٧ ساڵە

هەر لە ماڵی دوکتۆر خوسرەوی، بەهۆی ئەوەی کە من تایپم دەزانی، دەقی بەیاننامەیەکی حیزبی دێموکراتم بۆ دوکتۆر قاسملوو تایپ کرد کە هەر خۆی نووسیبووی و ئاراستەی بەختیاری کردبوو. ناوەڕۆکی بەیاننامەکە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات بە مەرجی دانانی بەختیار بە خودموختاریی کوردستان، ئامادەیە پاڵپشتی و هاوکاری بکات بۆ دابینکردنی دێموکراسی لە ئێراندا. بەیاننامەکە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا بڵاو کرایەوە. دوکتۆر جگەرەی کێنتی دەکێشا. شەکم کردبوو لە ئوروپا گەڕاوەتەوە، بەڵام تا دوکتۆر خوسرەوی پێی نەگوتم، نەمدەزانی دوکتۆر قاسملوویە. هەر پێش ٢٢ی ڕێبەندان چەند جارێکی دیکەش بینیمەوە تا گەیشتینە میتینگی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧. کاک جەلیل بەڕێوەبەری میتینگەکە بوو و دوکتۆر قاسملووی بە خەڵکەکە ناساند و پاشان دوکتۆر لە سەر سەرکەوتنی شۆڕش و ناساندنی بەرنامەی حیزب قسەی کرد. لەو میتینگەدا من شانازیی ئەوەم هەبوو کە لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە وتارێک بخوێنمەوە. یەکیەتیی لاوان چەند مانگ پێش بە دەستپێشخەریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دامەزرابوو و یەکەم کۆبوونەوەمان لە مزگەوتی شادەڕوێشی مەهاباد بەڕێوە برد.

پاش کردنەوەی دەفتەری حیزب لە ماڵی خوداپەرست، بەهۆی ئەوەی ئێمە وەک یەکیەتیی لاوان لە کاری چاپەمەنی، ڕێکخستنی هاتوچۆ و کۆبوونەوەکان زۆر چالاک بووین، هەمیشە لە نزیک دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بووین. بۆیە دوکتۆر قاسملوومان زۆر دەبینی. لە گیرانی پادگانی مەهابادا، ڕەنجرۆڤەرێکی تازە لە پادگانی مەهاباد هەبوو. کلیلی ڕەنجرۆڤەرەکەیان دابوو بە دوکتۆر قاسملوو. دوکتۆر ڕۆژێک بانگی کردم بۆ دەفتەری حیزب و گوتی: «کارم پێتە». چووم و لێی پرسیم: «دەزانی ماشێن لێخوڕیت؟». گوتم: «بەڵێ». گوتی: «ئەوە کلیلی ئەو ڕەنجرۆڤەرەیە و بۆ یەکیەتیی لاوان باشە. دەزانم پێویستتانە و بە کەڵکتان دێ، چوون ئێوە زۆر هاتوچۆ دەکەن». ڕەنجرۆڤەرەکە لە شەڕی نەغەدە زۆر بە کەڵکمان هات. بریندار و پێشمەرگەمان پێ دەگواستەوە. ئەوەندە بێنەوبەرمان پێکرد، هەر زوو شڕ بوو. دوکتۆر قاسملوو زۆر گرنگی بە لاوەکان دەدا. پادگانی مەهاباد کە گیرا و کۆنترۆڵی پادگان درایە مەلا حەسەن شێوەسەلی و سەید ڕەسووڵی بابی گەورە و چەند ئەفسەر و پلەداری کوردی پادگانەکە. لە پادگان لە هۆدەیەکی شوێنێکیان دابین کرد بۆ دەرس گوتنەوە بە کادەرەکان و منیش یەکێک لە بەشدارانی ئەو کلاسانە بووم و دوکتۆر ئابووریی سیاسی پێ دەگوتین.

لە سەرەتای شەڕی سێ مانگەدا کاتێک چاپخانەمان کۆ کردەوە و بەرەو ڕەبەت وەڕێکەوتین، لە مزگەوتی سەردەشت قسەی بۆ خەڵک کرد و باسی هەلومەرجی داسەپاو و چۆنیەتیی خۆڕێکخستن لەگەڵ وەزعەکەی کرد و خەڵکیان بە سەر چەند تیمێکدا دابەش کرد. ئێمە کە تەقریبی پانزە - بیست کەسێک دەبووین، چووینە ئاوایی بەردەسۆر و لەوێشەوە بۆ خڕی ناوزەنگ و پشکاوێ. لەوێ چەند کەس لە یەکیەتیی لاوانیان ئامادە کرد بچین بۆ خولێک لە قەڵادزێ. بەڵام خولەکە سەری نەگرت و ئێمە گەڕاینەوە ئاشی پشکاوێ و دەفتەری سیاسی. من یەکێک لە بەرپرسەکانی ئەو گرووپە بووم. کە

**٣٧ ساڵە**

گەڕاینەوە، دوکتۆر بانگی کردم و ڕەخنەی گرت و گوتی: «بۆچی گەڕاونەتەوە؟». منیش گوتم: «بێڕێزییان پێ کردووین و هاتووینەتەوە». گوتی: «باشە، ئەوانەی کە خولتان بینیوە هەموو کەسێک دەبێ بچێتە شوێنێک. تۆ دەبێ بچیت بۆ لای سەنار مامەدی لە ورمێ». ئیتر کە گوتی دەبێ بچیتە لای سەنار، من چونکە پێشتر لە زیندان لەگەڵ کاک سەنار بووم، دەمزانی ڕۆحیاتی عەشیرەتی هەیە و منیش لاوێکی بیست و دوو-سێ ساڵان، چۆن سەنار بە قسەی گەنجێکی وەک من دەکا؟ مەبەستی دوکتۆر ئەوە بوو کە من وەک کادرێکی سیاسی لەوێ کار بکەم. بەڵام قەناعەتم پێ هێنا و داوام لێ کرد بەڕێمان بکات بۆ ناوچەی شامات و چۆمی مەجیدخان. کاک کەریم حیسامیش هەر لەو ناوچەیە بوو. ئێمە لە خڕی ناوزەنگ گەڕاینەوە و لە شەڕی سێ مانگەدا لەناو شار زۆر چالاک بووین. هەر ئەو کات لە ناوچەی مەهاباد سازمانی جەوانانی حیزبی دێموکراتمان دامەزراند. من بوومە بەرپرسی سازمانی جەوانان. دوای شەڕی سێ مانگە و پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی، دوکتۆر قاسملوو گەڕایەوە مەهاباد و لە میتینگێکدا پێشوازی لە پەیامەکەی خومەینی کرد.

لە دوای ئاهوەنبوونی دۆخەکە و کۆتایی شەڕی سێ مانگە، مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و شۆرای شاری مەهاباد هاتە گۆڕێ. دوکتۆر قاسملوو کە دەیزانی من کەسێکی چالاکم و لێی ڕادەبینیم، داوای لێ کردم خۆم کاندید بکەم. منیش خۆم کاندید کرد و دەنگیشم هێنایەوە. لەگەڵ کاک کەریم حیسامی، عومەر قازی، مەلا ڕەسووڵی پێشنماز، سەید محەممەدی نیزامی و مەلا ڕەحیمی عەباسی نوێنەری حیزب بووین لە شۆرای شاری مەهاباد. من دوو خول ئەندامی شۆرای شاری مەهاباد بووم. لە شۆرای یەکەمیش کە مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین سەرۆکی شۆرا بوو، هەر ئەندام بووم. ئێمە وەک لاوەکانی مەهاباد بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ناوەندی حیزبیش هەر لە مەهاباد بوو، پێوەندیمان زۆر بوو لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو. هەروەها ڕۆڵمان هەبوو لە دامەزرانی کۆمیتەکانی شار، گوند و ناوچەکاندا و جاروباریش لەگەڵ خودی دوکتۆر قاسملوو سەردانی ئەو کۆمیتانەمان دەکرد.

لە پاش کۆنگرەی چوار ئێمە زۆرینەمان لەگەڵ مامەغەنی کەوتین. دوکتۆر قاسملوو کە بە توانا و چالاکیی ئێمەی دەزانی، زۆری پێ ناخۆش بوو و گوتبووی: «ئەوان سەرگوڵەکانی حیزبیان لەگەڵ خۆیان برد». دوکتۆر زۆر هەوڵی لەگەڵ لاوەکان دەدا و دەیویست لە باری فکرییەوە باریان بێنێ. کۆتا دیداری من دوای کۆنگرەی چوار بوو، ئیتر بەداخەوە دوکتۆر قاسملووم نەدییەوە.

کاتی ڕووداوی ئەو کارەساتە، ئێمە لە هوتێلێکی شاری بۆن بە شێوەی کاتی دوو ژوورمان پێ درابوو و ئەو شەوە زیندەیاد کاک حەمەدەمینی سیراجی میوانمان بوو. لە نیوەشەودا لە دەرگای ئێمەی دا و هەواڵی کارەساتی شەهیدبوونی دوکتۆر و هاوڕێکانی (عەبدوڵڵای قادری ئازەر و فازل ڕەسوڵ)ی پێ ڕاگەیاندین. هەواڵەکە تا بڵێی دڵتەزێن و ناخۆش بوو. تا

**٣٧ ساڵە**

بەیانی لەگەڵ کاک حەمەدەمین بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باسی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەمان کرد. کاک حەمەدەمین بە درێژایی چەندین ساڵ لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو کاری هاوبەشیان کردبوو و چەندین ساڵ ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان بوو. بۆیە ئەو زۆر لە من زیاتر کەسایەتیی دوکتۆری دەناسی و سەرەڕای بۆچوون لە هێندێک بواردا، بە کەسێکی زانا و پراگماتیستی دەزانی و هەمیشە بە ڕێزەوە باسی دەکرد. دوای شەهیدبوونیشی بابەتێکی لەسەر ئەو کارەساتە نووسی و لە ژمارە سێی «هاواری کوردەواری»دا، کە ئەو کاتە لە ئاڵمان و لە لایەن ئێمەوە دەردەچوو، بڵاو کرایەوە. من بۆ ڕێورەسمی ناشتنەکەی لە گۆڕستانی پیرلاشێزیش بەشدار بووم و لەوێ دوا ماڵئاواییمان لە دوکتۆر کرد. هەڵسوکەوت، توانا، زانیاری و کەسایەتیی بەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دوکتۆر وانەیەک بوون بۆ لێ فێربوون. ناویان و یادیان هەمیشە زیندوو دەمێنێت.

---

**پرۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٢٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

# د. عەبدولڕەحمان قاسملوو؛ لە نێوان بیر، گوتار و کرداردا




ئارتین حەمدی

## پێشەکی

٢٢ی پووشپەڕ تەنیا ڕۆژی یادکردنەوەی تیرۆر و شەهیدبوونی د. قاسملوو نییە؛ بەڵکو دەرفەتێکە بۆ پێداچوونەوە بەو پرۆژە فکری و سیاسییەی کە ئەو دایڕشتبوو. پرۆژەیەک کە ئامانجەکەی گواستنەوەی پرسی کورد بوو لە قۆناغی بەرگریی سەرەتایی و مانەوەوە، بەرەو قۆناغی دەرکەوتنی سیاسی، دامەزراوەسازی و بەشداریکردن لە بڕیاردانی چارەنووسدا.

کورتکردنەوەی د. قاسملوو لە وێنەی قوربانیی تیرۆردا، ئەگەرچی ڕەهەندێکی حاشاهەڵنەگری مێژووە، بەڵام ناتوانێت قەبارەی ڕاستەقینەی ڕۆڵ و میراتەکەی بە تەواوی دەربخات. ئەو پێش ئەوەی قوربانی بێت، ڕۆشنبیرێکی ئۆرگانیک، سەرکردەیەکی سیاسی، دیپلۆماتێکی نێودەوڵەتی و بکەرێکی ستراتیژی بوو؛ کەسایەتییەک کە بیر، گوتار و کرداری لە یەک پرۆژەی یەکگرتوودا کۆ کردبووەوە.

## ٣٧ ساڵە

بۆ تێگەیشتن لەم ڕەهەندەی کەسایەتیی د. قاسملوو، دەکرێت سوود لە تیۆرییەکانی هانا ئارێنت وەربگرین. لە دیدگای ئارێنتدا، سیاسەت تەنیا بەڕێوەبردنی دەسەڵات نییە، بەڵکو ئەو ساتەیە کە مرۆڤ بە قسە و کردەوەی خۆی لە «مەیدانی گشتی»دا دەردەکەوێت. بە بڕوای ئارێنت، سیاسەتی ڕاستەقینە کاتێک دەست پێ دەکات کە تاک توانای ئەوەی هەبێت بە کردەوە و بیرکردنەوەکانی شتێکی نوێ لە کۆمەڵگادا بخوڵقێنێت و گۆڕانکاریی بنیادنەر بەدی بهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە، د. قاسملوو ئەو کەسایەتییە بوو کە خەباتی نەتەوەیی کوردی گەیاندە لوتکەیەکی نوێ؛ ئەو نە تەنیا درێژەدەری میراتێکی مێژوویی بوو، بەڵکو نوێکەرەوە و بەرزکەرەوەی ئەو میراتە بوو بۆ ئاستی زانست، دامەزراوەسازی و دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی. ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەم وەرچەرخانە لە چەند ڕەهەندی سەرەکیدا بخوێنێتەوە: وەرچەرخانی مۆدێرن، ڕۆشنبیریی ئۆرگانیک، پڕۆژەی سیاسی، ڕێگای سێیەم و یەکخستنی ڕێبەرایەتیی مەیدانی و دیپلۆماسی.

## بەشی: یەکەم

## د. قاسملوو و وەرچەرخانی مۆدێرن لە بزووتنەوەی کورد

بۆ تێگەیشتن لە پێگەی د. قاسملوو لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورددا، نابێت ناوبراو وەک دیاردەیەکی دابڕاو لە ڕەوتی مێژوویی بزووتنەوەکە بخوێندرێتەوە. بزووتنەوەی نەهرییەکان، شۆڕشی سمکۆ و بە تایبەتی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، بناغەی سیاسی و دامەزراوەیی ئەم خەباتەیان دانابوو. کۆماری کوردستان بۆ د. قاسملوو تەنیا یادەوەرییەکی مێژوویی نەبوو، بەڵکو مۆدێلێکی زیندووی ڕەوایەتی بوو.

دوای ڕووخانی کۆمار، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات تووشی سەرکوت، پەرتەوازیی ڕێکخراوەیی و وابەستەییی ئایدیۆلۆژیک بوو. لەم دۆخەدا، د. قاسملوو تەنیا نەهات حیزبێک بەڕێوە ببات، بەڵکو هەوڵی دا عەقڵییەتی خەبات بگۆڕێت.

### ئەم وەرچەرخانە لە چوار ئاستدا خۆی دەرخست:

### یەکەم، لە ئاستی گوتار و زانستیدا:

د. قاسملوو پرسی کوردی لە بازنەی سۆز و دروشمی سیاسیی ڕووت دەرهێنا و بە فلتەری زانستدا تێپەڕاند. لە بەرهەمە زانستییەکانیدا، بە تایبەت پەرتووکی «کوردستان و کورد»، مێژوو، جوگرافیا، دیمۆگرافیا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردە و سیاسەتی دەوڵەت بە یەکەوە گرێ دا. بەم شێوەیە، پرسی کورد لە کێشەیەکی ئەمنیی ناوخۆییەوە بۆ

پرسێکی سیاسیی خاوەن گوتار و بەرنامە بەرز بووەوە. ئەمە کردەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو: زانستیکردنی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتانەی کە دەیانویست پرسی کورد لە پەراوێزی ئەمنیدا بهێڵنەوە.

## دووەم، لە ئاستی شێوازی خەباتدا:

د. قاسملوو خەباتی چەکداریی ڕەت نەکردەوە، بەڵام نەیهێشت ببێتە تاکە شێوازی سیاسەت. وتە بەناوبانگەکەی پێشمەرگە باسکی هێزی گەلە  بە وردی ئەم تێگەیشتنە پوخت دەکاتەوە. لای ئەو، هێزی پێشمەرگە بەشێک بوو لە هێزی گشتیی گەل، نەک جیا لێی. بەم بنەمایە، ڕێکخستنی جەماوەری، بەرهەمهێنانی زانیاری، ئەدەبیاتی سیاسی، دانوستان، دیپلۆماسی و بەرگریی مەیدانی، بەشەکانی ستراتیژییەکی یەکگرتوو بوون. لای قاسملوو چەک لە دۆخی داخستنی ڕێگا سیاسییەکاندا ئامرازی بەرگری بوو؛ نەک ئامانج و نەک شێوازی هەمیشەیی خەبات.

## سێیەم، لە ئاستی فکری و ئایدیۆلۆژیکدا:

د. قاسملوو هەوڵی دا بزووتنەوەی کورد لە دۆگمای ئایدیۆلۆژیک ڕزگار بکات. ئەزموونی ژیانی لە ئەورووپا و ڕووداوەکانی بەهاری پراگ، پێداچوونەوەیەکی قووڵی لەگەڵ مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دروست کرد. ئەو بە ئەزموون تێگەیشتبوو کە سۆسیالیزم بەبێ ئازادی و دیموکراسی دەتوانێت ببێتە شێوەیەکی دیکەی دیکتاتۆری. بۆیە سۆسیالیزمی دیموکراتیکی د.قاسملوو نەک هەڵبژاردەیەکی تاکتیکی، بەڵکو دەرەنجامی پێداچوونەوەیەکی فکریی قووڵ بوو.

## چوارەم، لە ئاستی دەرکەوتنی نێودەوڵەتیدا:

د. قاسملوو مەیدانی خەباتی لە سنووری ناوخۆ و ناوچەوە فراوانتر کرد. زمانزانی، شارەزایی بە کەلتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و توانای دانوستان، ئەوەی بۆ ڕەخساند کە پرسی کورد بە زمانی مافی مرۆڤ، دیموکراسی و چارەسەری سیاسی بخاتە بەردەم ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان و سیاسییە نێودەوڵەتییەکان. ئەو تەنیا هەوڵی بەدەستهێنانی هاوسۆزی بۆ کورد نەدەدا؛ دەیویست کورد وەک بکەرێکی خاوەن ماف، دەنگ و بەرنامەی سیاسی بناسرێت.

وەرچەرخانی مۆدێرن لای د. قاسملوو بریتی بوو لە نیشتمانییکردنی سیاسەت و مۆدێرنکردنی خەبات. ئەو توانی بزووتنەوەیەک کە خەریک بوو لە ئایدیۆلۆژیای بێگانە و توندڕەویدا بتوێتەوە، بگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێڕەوی ڕەوای نەتەوەیی

و گوتارێکی مۆدێرنی بۆ دارِشت کە هەم وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم بوو و هەم پارێزەری ناسنامەی کوردستانی.

## بەشی: دووهەم

### ڕۆشنبیریی ئۆرگانیک: زانست و ئەدەب وەک ئامرازی هۆشیاری

یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی پرۆژەی فکریی د. قاسملوو، بەستنەوەی زانیاریی ئەکادیمی بە پراکتیکی سیاسییەوە بوو. بە چەمکی ئانتۆنیۆ گرامشی، د. قاسملوو نموونەی تەواوی «ڕۆشنبیرێکی ئۆرگانیک» بوو؛ ڕۆشنبیرێک کە زانست بە کار دەهێنێت نەک تەنیا بۆ شیکاریی جیهان، بەڵکوو بۆ بەرهەمهێنانی هۆشیاریی سیاسی و دارِشتنی نەخشەڕێگای خەبات.

**لەم چوارچێوەیەدا، زانست و ئەدەب لای د. قاسملوو دوو ڕەهەندی یەکگرتووی پرۆژەیەکی گەورەتر بوون:**

**زانیاری وەک ئیرادەی سیاسی:** د. قاسملوو باوەڕی وا بوو کە ڕێبەرایەتی بەبێ تێگەیشتنی زانستی لە مێژوو، کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی دەسەڵات، ناتوانێت خەباتێکی ئاراستەکراو بەرهەم بهێنێت. کاتێک ئەو پرسە نەتەوەییەکانی لە ئاستی هەست و گلەیی سیاسییەوە گواستەوە بۆ ئاستی توێژینەوەی ئەکادیمی، لە ڕاستیدا دەیویست کۆمەڵگای کورد لە قوربانیبوونەوە بەرەو بکەربوون و دارِشتنی بەرنامەی زانستی هەنگاو بنێت.

**ئەدەب وەک پارێزەری ناسنامە:** پەیوەندیی د. قاسملوو لەگەڵ کەسایەتییە ئەدەبییەکانی وەک هێمن، هەژار و مەسعوود محەممەد، تەنها پەیوەندییەکی دۆستانە نەبوو، بەڵکو تێگەیشتنێکی قووڵ بوو لەوەی کە ئەدەب دڵی لێدانی هۆشیاریی نەتەوەییە. کاتێک د. قاسملوو لە پێشەکیی «تاریک و ڕوون»دا، هێمنی بە "شاعیری گەل" ناساند، نیشانەی ئەوە بوو کە ئەدەب و شیعری کوردی بەشێکی دانەبڕاون لە پاراستن و گواستنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو.

**شکاندنی مۆنۆپۆلی زانستی:** بەشداریکردنی د. قاسملوو لە بەرهەمی ئەکادیمیی وەک «Les Kurdes et le Kurdistan» (بە سەرپەرشتیی ژێرار شالیان)، هەنگاوێکی ستراتیژی بوو بۆ پێشکەوتنی گوتاری نەتەوەیی. لە سەردەمێکدا کە توێژینەوە لەسەر کوردستان زۆرتر لەلایەن ئەوانی ترەوە دەنووسرا، د. قاسملوو ئەم بازنەیەی شکاند. ئەو وەک دەنگێکی ناوخۆیی و زانستوانێکی کورد، ڕاستەوخۆ بەشداریی لە بەرهەمهێنانی زانیاریی ئەکادیمیدا کرد. ئەمە مانای ئەوە بوو کە کورد چیتر بابەتی توێژینەوەی ئەوانیتر نییە، بەڵکو خۆی ڕاڤەکاری مێژوو و پرسە سیاسییەکانی خۆیەتی لە ئاستی ئەکادیمیای نێودەوڵەتیدا.

کەواتە، زانست و ئەدەب لای د. قاسملوو پەراوێزی سیاسەت نەبوون، بەڵکو ماددەی خاوی پڕۆژەیەک بوون کە هەوڵی دەدا خەباتی نەتەوەیی لە دروشم و کاردانەوەی کاتی تێپەڕێنێت و لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی قووڵ لە واقیعی کوردستان بنیات بنرێت.

## بەشی: سێهەم

### پڕۆژەی سیاسی: دیموکراسی، خودموختاری و مافی چارەنووس

دروشمی **«دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان»** چەقی ستراتیژیی پڕۆژەی سیاسیی د. قاسملوو بوو. لای ئەو، دیموکراسی تەنیا شێوازێکی بەڕێوەبردن نەبوو، بەڵکوو مەرجی پاراستنی مافی نەتەوەیی بوو؛ چونکە لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و ناوەندگەرا، هیچ خودموختارییەک نابێتە خاوەن ڕەوایی و دڵنیایی. قاسملوو دیموکراسیی وەک پڕۆژەیەکی دامەزراوەیی دەبینی کە سەروەریی یاسا، یەکسانیی جێندەری و بەرپرسیارێتیی دەسەڵات لەخۆ دەگرێت و ڕەخنەی لەو چوارچێوە یاساییانە دەگرت کە ئازادییەکان بە مەرجی ناڕوون سنووردار دەکەن.

قاسملوو خودموختاریی بە تەنیا داواکارییەکی زمانەوانی یان فەرهەنگی نەدەبینی، بەڵکو وەک پڕۆژەیەک بۆ گۆڕینی پێگەی کورد لە هاونیشتمانیی پلەدوو بۆ بەشدارێکی خاوەن بڕیار لە کاروباری ناوخۆییدا وەسفی دەکرد. لە ڕوانگەی د. قاسملوودا، خودموختاری قۆناغێک بوو بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، نەک ئامانجێکی کۆتایی. ئەو جیاوازییەکی وردی لە نێوان خودموختاری وەک چارەسەری قۆناغێک و مافی دیارکردنی چارەنووسی وەک مافێکی بنەڕەتی و مێژوویی دەکرد.

ئەم تێگەیشتنە لە وتە بەناوبانگەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە: **«ئێمە داوای مافی چارەنووس دەکەین کە دەتوانێت لە فۆرمی سەربەخۆیی، فیدراڵیزم یان خودموختاریدا بێت.»** بەم پێیە، پڕۆژەی سیاسیی د. قاسملوو لەسەر بنەمایەکی کراوە دامەزرا بوو؛ ئەو لە کۆتا دانوستانەکانی ڤییەننادا، بەرانبەر بە نوێنەرانی ڕژێمی ئێران، جەختی کردەوە کە خۆی تەنیا نوێنەری نەسلی خۆیەتی و هیچ نەوەیەک مافی ئەوەی نییە بڕیاری یەکلاکەرەوە لەبری نەوەکانی داهاتوو بدات.

**بەم شێوەیە، خودموختاری لای قاسملوو، نەک هەر ڕێگر نەبوو لە مافی دیارکردنی چارەنووس، بەڵکوو چارەسەرێک بوو کە دەبوو دەرگای بڕیاردانی نەتەوەیی بۆ داهاتوو کراوە بهێڵێتەوە.**

**٣٧ ساڵە**

## بەشی: چوارەم

## تێپەڕاندنی دۆگما: ڕێگای سێیەم و ئەخلاقی خەبات

د. قاسملوو زۆر پێش قەیرانی گشتیی هێزە چەپەکان، سنوورەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و سۆسیالیزمی بوروکراتیکی ناسیبوو. ئەزموونی ژیانی ئەو لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕووداوەکانی "بەهاری پراگ" (١٩٦٨)، ئەو تێگەیشتنەی لای ئەو قووڵتر کردەوە کە سۆسیالیزم بەبێ ئازادی و دیموکراسی، دەبێتە شێوەیەکی دیکەی دیکتاتۆری. بۆیە ئەو نە مۆدێلی سەرمایەداریی بێسنوور و نە مۆدێلی تاکحیزبیی سۆڤیەتی قبووڵ کرد؛ بەڵکوو سۆسیالیزمی دیموکراتیکی وەک ڕێگایەکی سێیەم هەڵبژارد؛ ڕێگایەک کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادیی سیاسی و مافە نەتەوەییەکان بەیەکەوە گرێ دەدات.

ئەم تێڕوانینە کاریگەرییەکی بنەڕەتی لە ئاراستەی حیزبی دیموکرات هەبوو. لە کاتێکدا زۆرێک لە بزووتنەوە چەپەکانی ناوچەکە تووشی قەیرانی فکری و ڕێکخراوەیی ببوون، د. قاسملوو هەوڵی دا حیزب لە دۆگمای ئایدیۆلۆژیک دوور بپارێزێت و پرسی نەتەوەیی بکاتە بنەمای بڕیارە سیاسییەکان. لە ڕوانگەی ئەودا، تیۆری دەبوو لە خزمەتی واقیعی کوردستاندا بێت، نەک واقیع بەپێی پێداویستییەکانی تیۆری لێک بدرێتەوە.
تێپەڕاندنی دۆگما تەنیا لە ئاستی تیۆریدا نەبوو؛ لە ئەخلاقی خەباتیشدا بەڕوونی دەردەکەوت. د. قاسملوو تیرۆر، ڕفاندن و بارمتەگرتنی ڕەت دەکردەوە، چونکە باوەڕی وابوو ڕەوایی ئامانج، ڕەوایی بە هەموو ئامرازێک نادات. هەر بۆیە خەباتی چەکداریی بە ئامرازی بەرگری دەزانی، نەک ئامانجێکی ئایدیۆلۆژیک. بەم شێوەیە، ڕێگای سێیەمی د. قاسملوو چوارچێوەیەکی سیاسیی دانا کە تێیدا مافی نەتەوەیی، دیموکراسی و دادپەروەری، وەک سێ بنەمای تەواوکەری یەکتر دەخوێنرێنەوە؛ چوارچێوەیەک کە هێشتا وەک پێوەرێکی ئەکادیمی و سیاسی بۆ شیکردنەوەی بزووتنەوەی کورد گرنگیی خۆی هەیە.

## بەشی: پێنجەم

## لە ڕێبەریی مەیدانییەوە بۆ دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی

واقیعبینیی سیاسی و ئامادەیی لە مەیدانی خەبات، دوو خەسڵەتی بنەڕەتیی ڕێبەرایەتیی د. قاسملوو بوون. لە هەستیارترین ساتەکانی شۆڕشدا، ئەو بە شێوەیەکی نهێنی گەڕایەوە ناوخۆی وڵات بۆ ڕێکخستنەوەی جەماوەر و حیزب؛ سەرکێشییەک کە کەمتر ڕێبەرێک لەو ئاستەدا ئامادەی ئەنجامدانی بوو. قاسملوو نموونەی ڕێبەرێک نەبوو کە لە دوورەوە فەرمان دەردەکات؛ بە پێچەوانەوە، لە دژوارترین قۆناغەکاندا لە بەرەکانی پێشەوە و لەگەڵ پێشمەرگەدا بوو. ئەم

**٣٧ ساڵە**

ئامادەبوونە مەیدانییە تەنیا هەڵوێستێکی تاکەکەسی نەبوو، بەڵکو هاوبەشکردنی مەترسی بوو بۆ چەسپاندنی متمانەی نێوان ڕێبەر و جەماوەر، کە دەرئەنجامەکەی لە گەشەی خێرای حیزبی دیموکراتدا ڕەنگی دایەوە.

ڕۆڵی د. قاسملوو بە مەیدانی شەڕ سنووردار نەبوو. زمانزانی، پێگەی ئەکادیمی و ئاشنایی بە کەلتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، توانایەکی تایبەتیی بۆ دیپلۆماسی پێ بەخشیبوو. لای ئەو، دیپلۆماسی جێگرەوەی خەبات نەبوو، بەڵکو درێژەی سیاسیی ڕێبەرایەتیی مەیدانی بوو. هەمان ئەو ڕێبەرەی لە شاخ و ناو جەماوەردا بەرپرسیارێتیی هەڵدەگرت، لە مەڵبەندە سیاسی و ئەکادیمییەکانی ئەورووپاشدا نوێنەرایەتیی پرسی کوردی دەکرد و بە زمانی مافی مرۆڤ و چارەسەری سیاسی دەیخستە بەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.
کەسایەتیی د. قاسملوو وای کردبوو، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک ڕێبەرێکی خاوەنبڕیار سەیر بکرێت. کەسایەتییە جیهانییەکان وەک جۆناتان ڕاندڵ، بێرنار کۆشنێر، تۆماس هەممەربێرگ، فرێدریک تیسۆ و ئیسماعیل بێشکچی، جەختیان لەسەر ئەو سەنگە فکری و ئەخلاقییە کردووەتەوە کە د. قاسملوو خاوەنی بوو. لەدەستدانی د. قاسملوو، لەدەستدانی سەرمایەیەکی فکری و دیپلۆماسیی دەگمەن بوو؛ خەسارێک کە قەبارەکەی بە تێپەڕبوونی کات ڕوونتر دەبێتەوە.

## بەشی: شەشەم

## کۆتایی: پرۆژەیەکی ناتەواو

تیرۆری د. قاسملوو و هاوسەنگەرانی لە ڤییەننا (١٩٨٩)، هەوڵێکی نامرۆڤانە بوو بۆ پەکخستنی پرۆژەیەک کە خەباتی نەتەوەیی، دیموکراسی و دیپلۆماسیی بەیەکەوە گرێ دەدا. بێدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرانبەر ئەم تیرۆرەدا، جارێکی دیکە نیشانی دا کە لە سیاسەتی جیهانیدا، بەرژەوەندیی دەوڵەتان دەتوانێت دادپەروەری بخاتە پەراوێزەوە.

٢٢ی پووشپەڕ، دەبێت دەرفەتێک بێت بۆ پێداچوونەوە بە میراتی فکری و سیاسیی د. قاسملوو. ڕێزلێنان لەو میراتە تەنیا بە پاراستنی یادەوەریی ئەو تەواو نابێت؛ بەڵکو پێویستە بە ڕەخنەی زانستی و دامەزراوەسازی، درێژە بەو ڕێبازە بدرێت کە ئەو بۆ بزووتنەوەی کوردی داڕشتبوو.

پرۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.

به شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:

**٢٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

# شار ڕەشپۆش بوو




**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

لە بەرەبەری ٣٧ ساڵەی ساڵیادی تیرۆرکردنی یەکێک لە شازترین ڕێبەرانی نەتەوەی کورد، د. عەبدولرەحمانی قاسملوو داین. دوکتۆر قاسملوو کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچە و جیهان، دیپلۆماتێکی شارەزا و سیاسەتمەدار و بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو، ڕێبەرێکی ئاشتیخوازی نەتەوەی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بۆیە تاریکپەرستان و پیاوکوژانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرانبەر بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبەکەی قاسملوو دەستەوەستان بوون، پەنایان بۆ فرتوفێڵ برد و لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە پێغەمبەری ئاشتییان لە سەر مێزی وتوویژ شەهید کرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەیاڵی دەکرد بە تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو کۆتایی بە حیزبی ڕێبەری بزووتنەوەی میلیی دێموکراتیکی گەلی کورد و گوتاری کوردایەتی و خەبات بۆ ماف و ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنێ، بەڵام کاتێک دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی، ئەو خەباتگێڕە ڕاستەقینەی دێموکرات و ئەو جێنشینە لێوەشاوەی شەهید دوکتۆر قاسملوو، گیانێکی نوێی بە بەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کردەوە و پەردەی بێهیوایی دڕی و نەیهێشت بێقاسملوویی بە

**٣٧ ساڵە**

حیزبەوە دیار بێ، هاتن بە بڕیارێکی نامرۆڤانە و بە کردارێکی جینایەتکارانە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا بە شەهیدکردنی کاک سەعیدی پێشمەرگەکان، مۆرێکی دیکەی ڕیسواییان بە نێوچاوانی ڕەش و پڕ لە غەدر و جینایەتی خۆیانەوە نا.

من کە لە ژینگە و ناوچەیەکی سیاسیدا گەورە بووم، لە دانیشتن و مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەوەی خۆمانەدا هەمیشە گوێبیستی ئەو تایبەتمەندییانە لە زاری خەڵکانی شارەزا و دنیادیدە دەبووم کە باسی کەسایەتییەکی سیاسی، دیپلۆمات، ئەخلاق و مۆرالی، زمانزان، شارەزای ئەدەب و شیعرناسییان دەکرد، ناوی دوکتۆر قاسملووم دەبیست و لە گوێ و زینمدا دەزرینگایەوە و تۆمار دەکرا. بۆ یەکەم جار لە پاییزی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی پاش شەڕی سێ مانگە، کاک دوکتۆر قاسملوو سەردانی بۆکانی کرد و لە مزگەوتی جامیعەی شار قسەی بۆ خەڵک کرد. من لەگەڵ باوکم چووم بۆ مزگەوتی جامیعە، بەڵام لە بەردەرگا منداڵیان نەدەهێشت بچنە ژوورەوە و بە ناچاری لە دەرەوە مامەوە تا قسەکانی دوکتۆر قاسملوو تەواو بوو و لە مزگەوت دەرکەوت و خەڵکەکە هەموویان بە دەست ئاماژەیان بە دوکتۆر قاسملوو دەکرد کە سواری ماشین بوو و بۆ مقەڕی حیزب لە «مەکتەبی قورئان» دەگەڕێتەوە. من باوکمم جێهێشت و لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی هاوتەمەنی خۆم، خۆمان گەیاندە بەر دەرگای مەکتەبی قورئان، بەڵام لەوێش ئیزنیان بە منداڵ نەدا کە بچنە حەساری مقەڕی حیزب و بە ناچاری وەک منداڵانی دیکە بە هەزار زەحمەت و پاڵەوپەستوو لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا، خۆم بە نێردەوانەکانی دیواری حەساری مەکتەبی قورئان هەڵواسای و چاوم لە پەنجەرەکانی مەکتەبی قورئان دەکرد کە خەڵکەکە بە دەست ئاماژەیان بە پەنجەرەکان دەکرد، تا بەڵکوو دوکتۆر قاسملوو ببینم. بۆیە هەر لەو کاتەوە و لە سەردەمی منداڵییەوە دوکتۆر قاسملووم وەک ڕێبەرێکی بێهاوتای و سکرتێری بێوێنەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناسی. بۆ من دوکتۆر قاسملوو سوسیالیستێکی ناودار و مەزن بوو، بۆیە هەر لە منداڵییەوە شانازیم بە سوسیالیستبوونی خۆم دەکرد.

شانازیم دەکرد کە دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێبەر و تاکە نەفەری یەکەمی حیزبێکی سیاسیی کوردییە لە ئاست تەواوی نەفەری یەکەم و سەرکردەی یەکەمی حیزبەکانی کوردستانی گەورەدا، زیاتر لە ١٠ زمانی زانیبێت. بە شانازییەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕەفیقاندا دەمگوت: دوکتۆر قاسملوو زمانەکانی (فەرەنسی، ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، فارسی، تورکی، چیک، سلۆڤاک، ئازەری، کوردی) دەزانێت. ئەو تایبەتمەندییانە بۆ من وەک قوتابی لە قوتابخانە و خوێندکار لە زانکۆ، جێگای شانازی و سەربڵندی بوو.

بۆ منی لاو کە تازە لەگەڵ سیاسەت و حیزبایەتی ئاشنا دەبووم، دوکتۆر قاسملوو لە ڕووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە تاکە ڕێبەرێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبەریی جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بەهێز و خاوەن جێگە و پێگەی کۆمەڵانی خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد کە جووڵانەوەی گەلی کورد هەم سەردەمی

**٣٧ ساڵە**

محەممەد ڕەزا شا و هەم سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ، لە سەردەمی قاسملوودا بەرزتر و بەهێزتر بوو. هەروەها بۆ من دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێبەری کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوین بووە کە لە گەرمەی خەباتی چەکداریدا، «جنێو و وشەی ناپەسەندی کۆمەڵایەتی» هەرگیز بۆ هیچ یەکێک لە سەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و نەیارە سیاسییەکانی بەکارنەهێناوە. دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێبەرێک بووە کە ئەتەکێتی گفتوگۆ و لێدوان و وتارە حەماسییەکانی زۆر بە ئەدەبانە بووە و وتارەکانی لە سەختترین ساتی خەباتی چەکداریشدا بەدوور بووە لە بەکارهێنانی هەر جۆرە وشەیەکی نەشیاوی کۆمەڵایەتی بۆ دوژمن و نەیارە سیاسییەکانی. بەڵام خۆم شاهیدم و بینیومە کە لە کاتی لێپرسینەوە (بازجویی) لە خۆم لەلایەن لێپرسەرانی وەزارەتی ئیتلاعات لە ئیتلاعاتی سنە و بۆکان و مەهاباد و ورمێ، یەکەم قسەی بازجووەکان توهینکردن و جنێودان بە دوکتۆر قاسملوو بوو. لە ئیتلاعاتی سنە لێپرسەرێک کە بە «حاجی عەزیزی» بانگیان دەکرد، بە ڤین و بوغزەوە توهینی بە دوکتۆر قاسملوو دەکرد و بە شانازییەوە دەیگووت: «قاسملوومان لە دڵی ئورووپا دا کوشت!!! »

تایبەتمەندییەکی دیکەی دوکتۆر قاسملوو بۆ من وەک خوێندکارێکی زانکۆ، کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خوێندکاریدا شانازیم پێوە دەکرد، ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی بەشێک لە ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسیی دیکەی گەلی کورد زۆر دژی فەردپەرستی لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو. هەر بۆیە دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێبەری نەتەوەی کورد بووە کە هەڵواسینی وێنەکانی و شیعار و هوتافدانی «بژی قاسملوو»-ی لە نێو ڕیزەکانی حیزبەکەیدا قەدەغە کردبوو. دوکتۆر قاسملوو پێی وابوو بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست بە خۆبەزلزانین و خۆپەرستییەوە بنیات نانرێ، بەڵکوو بە شەرعیەتدان بۆ گشت کۆمەڵگا بنیات ئەنرێت.

دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێبەری نەتەوەی کورد بووە کە لە پاش ساڵی ١٣٤٩ەوە وەک ئەفەری یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەیدانی سیاسیدا بوو هەتا ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، کە دەکاتە نزیک بە ٢٠ ساڵی سەرکردایەتیی جووڵانەوەی خەباتی سیاسی-نیزامی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کەچی بە هیچ جۆرە پێوەندییەکی ناسالم لەگەڵ وڵاتان بە دژی گەلان یان گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تێوەنەگلاوە! بەتایبەت هەموو بەڵگە مێژووییەکان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوودا هیچ کوردێک بۆ ڕێژیم و داگیرکەرانی کوردستانی گەورە لە هەر چوار بەشەکەی نەکوژرا و تیرۆر نەکرا. چونکە لەلایەن حیزبەکەی دوکتۆر قاسملووەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دوکتۆر قاسملوو هێندە زانایانە و لێزانانە سیاسەتی دەکرد کە هەرگیز بە زیانگەیاندن بە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەدەشکایەوە و هیچ پێوەندییەکی ناسالم لەگەڵ وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان لە تەواوی ژیانی قاسملوودا ناتوانین بەدەست بێنین و نەبینراوە و نەبیسراوە.

**٣٧ ساڵە**

هەروەها دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێبەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلی کوردە کە توانای داهێنانی تێزی سیاسیی هەبووە و ئەتوانم بڵێم کە تاکە بیرمەندێکی سیاسیی کوردە، ئەو کۆمەڵە تێزەی کە قاسملوو هێناویەتیە نێو کایەی سیاسەتەوە یان داهێنانێکی نوێی لە جێبەجێکردنیاندا خستووەتەڕوو بریتین لە: (**سەربەخۆیی بڕیاردان، ئەخلاق لە سیاسەتدا، بەرپرسیارێتی، دێموکراسیی ڕاستەقینە، سۆسیالیزمی دێموکراتیک و...** کە ئەگەر بە وردی لێی بتوێژینەوە ئەوا بۆمان دەرئەکەوێ کە تێزەکانی تا چەندێک پڕبایەخن بۆ کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی. دوکتۆر قاسملوو وەک بیرمەندێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە تیۆریاکانیدا «مرۆڤگەرایی» و مۆراڵ دەکاتە پێوەری جووڵە و تایبەتمەندیی مرۆڤی سیاسەتووان. بۆیە من وەک قوتابییەکی مەکتەبی قاسملوو شانازی بە ڕێبازی قاسملوو دەکەم کە هەزاران قوتابی لە پاش خۆی پەروەردە کرد. لێرەدا چەند بیرەوەرییەک دەگێڕمەوە بۆ سەلماندنی زیندوویی هزر و ئەندێشەی قاسملوو.

بۆ جاری دووەم کە شاری بۆکان کەوتەوە دەستی هێزی پێشمەرگە، بە هۆی هەڵکەوتی ماڵەکەمان و گەڕەکەکەمان بەشێک لە منداڵانی گەڕەکەکەمان چەپ و کۆمۆنیست بوون! منیش کە ئەو کات ئەدەبیاتی چەپ زاڵ بوو و هەر کەس چەپ بووایە واتە باسەوادە!! منیش خۆم بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانی!! بەڵام هاوڕێکانم گاڵتەیان پێ دەکردم کە تۆ لایەنگر و هەواداری حیزبێکی بۆرژوای. منیش بە وشەی «بۆرژوا» زۆر زۆر هەستیار بووم و وامدەزانی جنێوم پێ دەدەن. ڕۆژێک چوومە مقەڕی حیزبی دێموکرات لە مەکتەبی قورئان، دروشمێک کەوتە بەرچاوم کە نووسرابوو «بژی سۆسیالیست»، زۆر زۆر کەیفم ساز بوو و بە هەڵاتن چووم بەدوای هاوڕێکانمدا و لە کۆڵانی خۆمان پێیان وتم، ڕەفیقەکانت چوونە ساختومانەکەی ماڵی عەلی کشاوەرز کە مقەڕی کۆمەڵە بوو. باشم لە بیرە کە چووم و پرسیارم لە ئاشنایەک کرد، وتی لە سەربانن و کاک دوکتۆر جەعفەر شەفیعی قسەیان بۆ دەکا. منیش کە چوومە سەربان دیتم هەموو ڕەفیقەکانم لەوێن و بە دەنگی بەرزەوە وتم، حیزبی من بۆرژوا نییە و سۆسیالیستە و دروشمی «بژی سۆسیالیست» لە مقەڕی حیزبی دێموکرات نووسراوە. ئەوانیش وتیان شتی وا نییە! منیش بۆ سەلماندن هەموو منداڵەکانم لەگەڵ خۆم برد بۆ مقەڕی حیزب! پێشمەرگەیەکی ئاشنا وتی ناسر ئەو منداڵانە بۆ کوێ دەبەیت؟ منیش بۆم باس کرد و ئەویش ئیزنی دام کە منداڵەکان ببەمە ژوورەوە و شوعارەکەیان پێشان بدەم و شوعاری «بژی سۆسیالیست»-مم پێشان دان. پێشمەرگەیەک لە مقەڕی حیزب قسەی بۆ منداڵەکان کرد و وتی کە بیری دوکتۆر قاسملوو بیرێکی چەپ و سۆسیالیستییە. لەو ڕۆژەوە منیش وەک منداڵانی گەڕەکی خۆمان شانازیم بە حیزبەکەی دوکتۆر قاسملوو دەکرد کە ئێمەش سۆسیالیستین!!

ساڵی ١٣٧٩ بۆ مەراسمی ساڵوەگەڕی ١٨ی پوشپەڕ بۆ زانکۆی تاران لەلایەن خوێندکارانی جەبهەی دێموکراتیک کاک حشمەتوڵڵا تەبەرزەدی بۆ خۆپێشاندان لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد بانگهێشت کرابوون. لە کاتی دروشم داندا دروشمێک بۆ ئێمەی خوێندکارانی کورد جێگای سەرنج بوو و بە بەردەوامی دووپاتمان دەکردەوە، ئەوە بوو: «سەر دەستەی

## ٣٧ ساڵە

جانیان، عەلی فەلاحیان، ئعدام باید گردد». ئەو دروشمە بۆ بەشێک لە خوێندکارانی غەیرە کورد جێگای پرسیار بوو و پرسیاریان دەکرد کە بۆ ئەو دروشمە دووپات و چەندپات دەکەنەوە!!! ئێمەش لە وەڵامدا دەمانگوت کە عەلی فەلاحیان داڕێژەری تیرۆری شەهید دوکتۆر قاسملوو بووە!! بۆیە ئەوانیش لەگەڵ ئێمە ئەو دروشمەیان دووپات دەکردەوە. هەر لەو مەراسیمەدا چەند مامۆستایەکی ناوداری زانکۆی تاران، ئەنگۆستیان بۆ کۆلێژی ئابووری و خشتە سوورەکانی بینا و ساختوومانی کۆلێژی ئابووری ڕادەکێشا کە دوکتۆر قاسملوو ماوەیەک لە کۆلێژی ئابووریی زانکۆی تاران وانەی خوێندووە.

لە هاوینی ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی وەک خوێندکاری زانکۆ لە کۆنگرەی «فەرزانەکانی کورد» لە ساڵۆنی کاوەی شاری سەقز بەشدار بووم. لەو کۆنگرەیەدا خوێندنەوەی ژیاننامەی بەشێک لە بیرمەندان و نووسەران و شاعیرانی کوردم پێ سپێردرابوو. یەکێک لەو کەسایەتییانە ژیاننامەی مامۆستا هێمن بوو. من بۆ خۆم و بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەو کۆنگرەیە، بڕیارم دا بە جێگای خوێندنەوەی ژیاننامەی مامۆستا هێمن، پێشەکیی دیوانی شیعری «تاریک و ڕوون» لە نووسینی دوکتۆر قاسملوو بخوێنمەوە! لە پشت تریبۆن وتم هەموومان ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا هێمن دەزانین، بۆیە لێرەدا بە جێگای ژیاننامەی مامۆستا هێمن، پێشەکیی دیوانی شیعری «تاریک و ڕوون» لە نووسینی شەهید «دوکتۆر قاسملوو» دەخوێنمەوە.

بەشدارانی ساڵۆنی کۆنگرە بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان کرد. لەو کاتەدا خۆشییەک دایگرتم و مووی لەشم سیخ بوو و تا ئێستاش شانازی پێوە دەکەم. سمینارێکی دیکەش کە شانازی پێوە دەکەم، سمیناری ڕێزگرتن لە مامۆستا هەژار و کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری دیکە بوو لە زانکۆی ئازادی شاری سنە. ئەو سمینارە لە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٧٢ لە کۆلێژی «علوومی ئینسانی» زانکۆی ئازادی شاری سنە بەڕێوەچوو. منیش وەک یەکێک لە وتارخوێنان بانگهێشتی ڕەسمی کرابووم و وتارێکم سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا هەژار ئامادە کردبوو. لە کاتی چوونە ژووری ساڵۆنی سمینارەکە، هەموو ساڵۆنەکە بە وێنەی بەهەشتی و کوژراوانی «٧ی تیر» ڕازابووەوە!! و وێنە و پۆستەرەکانی مامۆستا هەژار و شاعیران و نووسەرانیان داپۆشیبوو!! بۆیە زۆربەی بەشداربووان و وتارخوێنان ناڕەزایەتییان دەربڕی کە بەشداری ئەو سمینارە ناکەن! تا بە جێگای وێنەی ئەو کەسانە، وێنەی مامۆستا هەژار و شاعیران و نووسەرانی ئەو سمینارە دانەنرێت!! بۆیە سەرئەنجام بەشی زۆری وێنەکانی بەهەشتی وەلانران و وێنەکانی مامۆستا هەژار و شاعیران و نووسەرانی دیکەی کورد کە شاردرا بوونەوە، دەرکەوتن. من و چەند هاوڕێی دیکە کە ئەرکی ئامادەکردنی پۆستەرەکانمان لە ئەستۆ بوو، ٥ وێنەی دوکتۆر قاسملوومان لەگەڵ وێنەی مامۆستا هەژار، ساڵۆنەکەمان پێ ڕازاندبووەوە!! زۆربەی بەشداربووان بە دیتنی وێنەی دوکتۆر قاسملوو هەم حەپەسان و هەم فرمێسکی خۆشییان لە چاواندا قەتیس مابوو و خۆشحاڵ بوون. ساڵۆنی سمینارەکە ببوو بە ئاماژە و ئیشارەکردن بۆ یەکتر بە وێنەکانی دوکتۆر قاسملوو. لە ئاخری سمینارەکەدا حەراسەتی زانکۆ بە ئاماژە و ئیشارەکانی بەشداربووان هەستیار بوو و کەسێک بە ناوی «ئەسغەرنیا» کە لە تەقینەوەکەی ٧ی تیردا بوو و پێیان دەوت «شەهیدی

زیندوو» و لە ماوەیەک لە ساڵەکانی دەیەی شەست ئوستانداری سنە بوو و رئیسی زانکۆی ئازادی سنە و دۆستی نزیکی هاشمی ڕەفسەنجانی بوو، وێنەی دوکتۆر قاسملووی ناسییەوە و هاتە پشت تریبۆن و دەستی کرد بە هەڕەشە و گوڕەشەکردن و هەندێک قسەی بێسەروبەری کرد و ئەمری کرد کە هەموو وێنەکانی مامۆستا هەژار و شاعیر و نووسەر و ئەو چەند وێنەیەی دوکتۆر قاسملوو لێ بکرێتەوە و سمینارەکە بە نیوەچڵی کۆتایی پێهات و بەشداربووان ساڵۆنی سمینارەکەیان جێهێشت. لەسەر ئەو دوو ڕووداوە پاش دەستبەسەرکردنم لە ئیتلاعاتی سنە، زۆر ئازار و ئەزیەت کرام!! کە کێ و لەگەڵ کێ ئەو کارەت کرد و دەبێ ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێی!! و لە کاتی دادگاییش لە بە ناو «کیفەرخاست»ەکەمدا هاتبوو و پێی حوکم درام. بۆیە ئێستاشیش لەگەڵ بێ بەو حوکم و کیفەرخاستە شانازی دەکەم. بۆیە لە زیندانی ورمێ لە کۆی نزیک ٢٠٠ کەسی بەندکراو کە زۆربەیان ئەندامی حیزبی دێموکرات بوون، هزر و ئەندێشەی دوکتۆر قاسملوو دیار بوو. چونکە لە ٢٠ بەندی زیندانی ورمێ، بەندی سیاسییەکان نموونەی ئەخلاق، پاک و خاوێنی و ڕەوشتی بەرزی و جێگای ڕێزی بەندکراوانی زیندانی گەورەی ورمێ بوو.

ڕۆژە ڕەشەکەی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی پوشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، خەڵکی شار و گوندی کوردستان خۆیان بۆ جێژنی قوربان ئامادە دەکرد. ئێوارە ڕادیۆکەمان خستە سەر شەپۆلی ڕادیۆ «دەنگی کوردستان»، بەڵام شمشاڵەکەی قالەمەڕە، زۆر جیاواز و غەمناکتر بوو لە جاران!! دڵەخورپە دایگرتم!! کە چی ڕوویداوە؟ کاک ئەحمەد شێربەگی هەواڵە سامناکەکەی خوێندەوە کە لە دەرەوەی وڵات لە وڵاتی ئوتریش و شاری ڤیەن تەقە لە سکرتێری حیزب دوکتۆر قاسملوو کراوە!! ئەو ڕۆژەم هەرگیز لە بیر ناچێت کە شاری بۆکان لە بێدەنگییەکی سامناکدا بوو! کەس باسی جێژنی قوربانی نەدەکرد!! باس باسی تەقەکردن لە دوکتۆر قاسملوو بوو! نیوەڕۆ هەواڵە سامناکەکە لە ڕادیۆ «دەنگی کوردستان» بە ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بڵاو بووەوە و شار ڕەشی پۆشی و فرمێسک لە چاوی ژن و پیاو و منداڵ و لاوان قەتیس مابوو، و جێژنی قوربان بوو بە شین و گریان. ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕادیۆی لەندەن باسی تیرۆرەکەی کرد کە سێ کوردی ئێرانی لە ساختوومانێکی شاری ڤیەن تیرۆر کراون. ئەو ڕۆژە بۆ من ڕۆژێکی ڕەش بوو.

ئەم خاڵانەی کە خستمەڕوو بەدوورن لە هەر سۆز و عاتیفەیەک بۆ ڕێبەرەکەم و حیزبەکەم، بەڵکو بە وردی ئەم تایبەتمەندییانەم لە خوێندنەوەی تێزەکانی دوکتۆر قاسملوو و بەراوردکردن لەگەڵ ڕێبەرانی ناوچە و جیهان و کوردستان وینا کردووە. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکانی خۆیان و سڕینەوەی بزاڤی میللیی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەموو جۆرە پیلانێک بۆ سەرکوتی ئەم بزاڤە کەڵکیان وەرگرتووە و بەکارهێنانی هەموو جۆرە پیلان و فرتوفێڵێکیان بۆ لەناوبردن و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی نەتەوەی کورد و بەتایبەت بۆ تیرۆرکردنی ڕێبەری ناوداری کورد دوکتۆر قاسملوو بە ڕەوا زانیوە. بەڵام دەسەڵاتدارانی

**٣٧ ساڵە**

ڕێژیمی ئێران دەبێ ئەوە باش بزانن کە بە شەهیدکردنی دوکتۆر قاسملوو، خەبات بۆ مافی ڕەوای کورد لەلایەن قوتابیانی ڕێبازی قاسملوو هەر درێژەی هەیە. چونکە ئەگەر بە جەستە دوکتۆر قاسملوویان تیرۆر کرد، بەڵام هزر و ئەندێشەی کوردایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خەبات بۆ ماف و ئازادیی دوکتۆر قاسملوو لە ناخی نەتەوەی کورددا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و تا هەنووکەش مەشخەڵی قاسملوو و ئاڵای بزاڤی میلیی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو غەدر و جینایەتە تا سەرکەوتنی یەکجاری هەر گەشاوەیە و دەشەکێتەوە.

---

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

# قاسملووی کوردان و هەموو ئەوانی تریش!




**برایم لاجانی**

٣٧ ساڵ پاش تیرۆری دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، فەلسەفە و میراسی سیاسیی ئەو، هێشتاش بە چەشنێکی بەرچاو هەروا هاوچەرخ و ئاکتوێل ماوەتەوە. ئەگەرچی ناوبراو لەناو کورداندا وەک یەکێک لە ڕێبەرانی مەزنی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد چاوی لێ دەکرێ، بەڵام هێنانەخواری قاسملوو بۆ ئاستی سیمایەکی بەتەنیا کوردستانی، هەموو پەیام، جەوهەر و ڕوانگەی سیاسیی ناوبراو لە خۆی ناگرێ. ئاخر ئەو نەک هەر بەتەنیا هی کورد و کوردستان، بەڵکو هی هەموو ئەوانەیە کە لەو بڕوایەدان ئاشتی و سەقامگیریی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا لەسەر بناخەی دێموکراسی، کەرامەتی ئینسانی و پلۆرالیزمی سیاسی دابین و دەستەبەر دەکرێت.

بۆ گەلی کورد قاسملوو ڕەمزی ئیرادەی خەباتگێڕانەی لەشکانەهاتووی نەتەوەیی، بۆ دێموکراتەکان سەرمەشقی سیاسەتوەرزییەکی بەپرنسیپ، بۆ ئەوانەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، نوێنەری میانڕەویی، بەڵام دوور لە خۆبەدەستەوەدان، بە ئەژمار دەهات. پرۆژەی ئەو سنوورەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی تێ دەپەڕاند، گەلاڵە و پرۆگرامێک بوو

بۆ بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی ئێران وەک دەوڵەتێکی دیموکراتیک کە لەوێدا، فرەگەلی و فرەفەرهەنگی ببنە سەرچاوەی سەقامگیریی سیاسی، نەک مایەی کێشە و ململانێ.

بۆیە تیرۆرکرانی ئەو، لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ڤییەن، لە ڕێکەوتی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا، نەک هەر بەتەنیا وەک کوشتنی ڕێبەرێکی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو وەک هەوڵێک بۆ لەباربردن و لەنێوبردنی ئایندەیەکی سیاسیی ئاڵتەرناتیف دەزانرێ.

## تێپەڕین لە سنوورەکانی ناسیۆنالیزم

بەشی هەرە زۆری گوتاری ناونەتەوەیی سەبارەت بە پرسی کورد لە دوو ڕوانگەی کلێشەییدا کورت دەبێتەوە. بزووتنەوەی کورد یان وەک شۆڕشێکی جیاوازیخوازانە، یان وەک بەشێک لە شەڕ و ململانێ نیزامییە ناوچەییەکان وێنا دەکرێت. قاسملوو هەردووکی ئەو گێڕانەوانەی ڕەد دەکردنەوە.

فەلسەفەی سیاسیی ئەو لەسەر بناخەیەکی جیاواز هەڵچنرابوو: پرسی کورد هەر لە بنەڕەتدا، پرسێکی دیموکراتیکە. ئەو هەمیشە بەڵگەی بۆ ئەوە دەهێنایەوە کە بەبێ بەڕەسمی ناسینی مافە سیاسییەکانی گەلانی ئێران، هیچ ڕێگایەک بۆ چارەسەریی پایەدار، بۆ چارەسەریی ئەو قەیرانانە لە گۆڕێدا نییە کە ئێران لەگەڵیان بەرەوڕوویە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئامانج و داخوازەکانی گەلی کوردیش هەرگیز لە چوارچێوەی سیستەمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆرێدا، ئیمکانی وەدیهاتنیان نییە.

ئەو ڕوانگە دوولایەنەیە بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانی وڵات، قاسملووی لە زۆربەی سیاسەتمەدارە هاوچەرخەکانی خۆی جیادەکردەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، دابین و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دامەزراندنی دیموکراسی لە ئێراندا، نەک هەر لەگەڵ یەکتر ناکۆک نین، بەڵکو لێکگرێدراو و تەواوکەری یەکترن.

بۆیە دروشمە باناوبانگەکەی ئەو و حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، واتە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، نەک هەر سیاسەتێکی تاکتیکی نەبوو، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی ستراتیژیک، یەکپارچە و یاساتەوەرەوە سەرچاوەی دەگرت. دێموکراسی بەرگری لە تاکی هاووڵاتی دەکات. خودموختاریش پارێزگاری لە گەلان و نەتەوەکان دەکات. ئەو دوو پرنسیپانە، لە پەنای یەک، دەتوانن سیستەمێکی سیاسیی ئەوتۆ دروست کەن کە فرەفەرهەنگی و فرەکولتووری، بێ ئەوەی ببنە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی دەوڵەت، لە خۆیدا جێ بکاتەوە.

## دێموکراسی وەک بنەما

زۆر پێش ئەوەی کە دێموکراسی ببێتە بنێشتەخۆشکەی سەر زار و زمانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، قاسملوو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە مەشرووعییەتی سیاسی لە ڕەزامەندیی هاووڵاتییانەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک لە ئیدەئۆلۆژی، یان دین و ئۆتۆریتەی شۆڕشگێڕانەوە. هەر بۆیە ڕەخنەی ناوبراو لە کۆماری ئیسلامی، قووڵتر لەوە بوو کە بەتەنیا هەر دژایەتی بێت لەگەڵ حکوومەتی ڕووحانییەت. خۆ لە خۆڕا نەبوو ناوبراو بۆخۆی دژی کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی کەسێک، گرووپێک یان ناوەندێک دابوو.

ئەوە کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی سوڵتانەکان، ڕێبەرانی شۆڕش، دامەزراوە نیزامییەکان یان فەقێ و ڕووحانییەکان دابێ یان نا، بۆ وی زۆر لەوە کەمبایەختر بوو کە ئایا هاووڵاتییان لە ماف و ئازادییە سیاسی و دێموکراتیکەکانیان بەهرەمەندن یان نا.

هەڵبژاردنی ئازاد، حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی سەربەخۆ، ئازادیی بەیان، سەربەخۆیی دەزگای قەزایی، وەڵامدەر بوونی حکوومەت؛ ئەوە ئەو پرنسیپانەن کە قاسملوو هەمیشە پێی لەسەر دادەگرت. ئەو ئەسڵانە لە بیری سیاسیی قاسملوودا، ئیدەیەکی ڕۆژئاوایی نەبوون، بەڵکوو پرنسیپێکی جیهانین کە بۆ هەر کۆمەڵگایەک کە دەیەوێ عەداڵەت و سەقامگیریی سیاسی دامەزرێنێ، پێویستن. دەتوانین بڵێین، بیرۆکەی سیاسیی ئەو، زۆربەی ئەو باس و گرفتانەی پێشبینی کردبوون کە ئەمڕۆ سەبارەت بە تێپەڕینی دێموکراتیک و چۆنیەتیی دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە دەوڵەتە فرەگەل و فرەنەتەوەکاندا، پێشبینی دەکرێن.

## دیسانتراڵیزاسیۆن بەبێ لێکهەڵوەشان

یەکێک لەو بیرۆکانەی دوکتۆر قاسملوو کە زۆر بە خراپی لێی تێ گەیشتوون، بریتییە لە دیسانتراڵیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵات. دژبەرانی ئەو بیرۆکەیە، زۆرتر، داخوازیی گەلی کورد بۆ خودموختاری بە هەڕەشە لەسەر تەواویەتیی خاکی ئێران دەزانن. بەڵام قاسملوو بەردەوام ئەو جۆرە لێکدانەوەیەی بەرپەرچ دەدایەوە. پرۆژەی سیاسیی ئەو بۆ ئێران، وەک ئەو مۆدێلە دێموکراسییە فرەنەتەوە سەرکەوتوانە دەچێ، کە لەواندا دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای یاسای ئەساسییەوە، نەک هەر نەبووەتە هۆی لاوازبوون، بەڵکوو بووەتە هۆکاری بەهێزبوونی یەکێتیی نیشتمانی و یەکپارچەیی وڵات.

## ٣٧ ساڵە

لەو مۆدێلەدا ئەو بڕیارە سیاسییانەی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا مەحەللی و ناوچە و هەرێمە میللییەکان هەیە، دەبێت تا ئەو جێگایەی دەکرێت نزیک لەو کۆمەڵگایانەوە، یان لەلایەن خودی ئەوان و نوێنەرانی ئەوانەوە، بدرێن. زمانی گەلانی وڵات دەبێت بپارێزرێ و منداڵانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەبێت بە زمانی دایکییان بخوێنن و بار بێن. حکوومەتە خودموختارییە ناوچەییەکان، بەرپرسایەتیی پەروەردە و فێرکردن و فەرهەنگ و کولتوور و ئیدارە و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی ناوچە و هەرێمە خودموختارەکان بە ئەستۆ دەگرن. دامودەزگا میللییە سەرتاسەرییەکان، ئەرکی ڕاپەڕاندنی سیاسەت و دامەزراوە هاوبەشەکانی وەک سیاسەتی دەرەوە، دیفاع و بەرگری و سیاسەتە ئابووری و ماڵییە سەرەکییەکان بەڕێوە دەبەن.

ئەمڕۆ، ئەو ئەسڵانە، لە زۆربەی نیزامە فیدراڵی و دیسانتراڵیزە و دێموکراتیکەکانی ئورووپا و ئەمریکای باکووردا، جێبەجێ کراون. بەڵام لە دەیەی ١٩٨٠دا، ئەو ئیدانە لە ئاستی یاسای ئەساسیی ئێراندا، وەک داهێنان و بیرۆکەی سیاسیی نوێ دادەنران. قاسملوو لە جیاتی سەپاندنی حکوومەت و دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ناوەندگەرا بەسەر وڵاتێکی فرەگەل و فرەفەرهەنگ و ڕەنگاوڕەنگدا، کار و خەباتی بۆ دامەزراندنی هەندێک سازوکار و دامەزراوە و ئەنستیتۆ دەکرد کە لە ڕێگای ئەوانەوە، بکرێ فرەفەرهەنگی و فرەگەلی لە ئێراندا، لە ڕووی سیاسییەوە، ئیدارە بکرێ.

## ڕوانگە و بۆچوونی سیاسیی قاسملوو ئێستاش هەروا بە ئاکتوێڵی ماوەتەوە

زۆربەی ئەو کێشە و شەڕ و ئاژاوانەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە گۆڕێدان، ڕاست لەبەر ئەوە سەریان هەڵداوە و هەروا ماونەتەوە، کە دەوڵەتە ناوەندگەراکان، ڕێگای بەشداریی چالاکانە و مانادارییان لەو گەل و نەتەوە و دەستە و تاقمانە گرتووە کە لە ڕووی زمان، دین، فەرهەنگ، کولتوور و ئیتنیکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی جیاوازن.

## سکۆلاریزم، هاووڵاتییان لە بەرانبەر یاسادا بەرانبەرن

یەکێکی دیکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو، سکۆلاریزم بوو. لە ڕوانگەی قاسملووەوە، سکۆلاریزم بە مانای دژایەتی لەگەڵ دین نەبوو. دەیگووت: «ئێمە ڕەوتێکی مەزهەبی نین، بەڵام دژی دین و مەزهەبیش نین». هەروەها ئەو لە بیری ئەوەدا نەبوو کە ئیمان لە کۆمەڵگادا وەدەر بنێت. لای ئەو سکۆلاریزم بەو مانایە دەهات کە دەوڵەت دەبێ بە شێوەیەکی بەرانبەر و وەک یەک پشتیوانی لە هەموو هاووڵاتییان بکات، چ ئیماندار و چ بێئیمان. لای ئەو سکۆلاریزم مانای ئەوە بوو کە دامەزراوە ئایینییەکان نابێت بەسەر حکوومەت و دەوڵەتدا زاڵ بن و دین و مەزهەب نابێت لە

### ٣٧ ساڵە

دیـاریکردنی هاووڵاتیـدا هیـچ نەخشێکی هەبێت. ئەوە وای کردبـوو کە قاسملوو جیـاواز بێت. لەو کۆمەڵگایـانەدا کە وەک کۆمەڵگای فرەدینی و فرەمەزهەبی دەناسرێن، بێلایەنیی دەوڵەت بە پێشمەرجی بەرانبەریی هاووڵاتییان دادەنرێ.

کۆماری ئیسلامی پلەبەندیی دینی و مەزهەبیی کردووەتە سیستەم. لە بەرانبەردا قاسملوو دەیەویست هەموو هاووڵاتییـان لە بەرانبەر یاسادا بەرانبەر بن. واتە سکۆلاریزم لە بیری سیاسیی قاسملوودا هەم بەرگری لە ئازادیی دیـن و مەزهەب دەکرد و هەم دیفاعیشی لە ئازادی لە دین و مەزهەبی ئیجباری و دەوڵەتی و زۆرەملی دەکرد. ئەو بە توونـدی بەرگری لە ویژدانی ئینسان دەکرد وەک تاکێکی ناو کۆمەڵ. لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە فرەفەرهەنگی، فرەکولتووری، فرەدینی و پلۆرالیزمی فەرهەنگی و کولتووریش دەکرد.

ئەمرۆ پـاش نـزیکەی پێـنج دەیە لە دەسـەڵاتداریەتیی حکوومەتی دینـی و ئیـدەئۆلۆژیک لە ئێرانـدا، ئەو لایەنە لە بیـری سیاسیی قاسملوو، لە هەر زەمانێکی دیکە ئاکتوێلترە.

### مافەکانی مرۆڤ، پێش ژئۆپۆلیتیک

ڕەنگە دیارترین لایەنی بیری سیاسیی قـاسملوو ئەوە بێت کە نـاوبراو هەمیشـە خـۆی لەوە دوور دەگرت کە مافەکـانی مرۆڤ وەک پاشکۆی حیسـاباتی ژئۆپۆلیتیک تەماشـا بکـات. لە سەرانسـەری دەورانـی شـەڕی سـارددا، بزووتنەوەکـانی ئۆپۆزسیۆن، بەبـێ ڕوانینێکـی ڕەخنەگرانە، خۆیـان بە یەکێـک لە بلـۆکە ناونەتەوەییەکـان دەبەسـتەوە. لێرەشـدا قـاسملوو ڕێگـایەکی جیاوازی هەڵبژارد.

ئەو هەمیشـە پێـی لەسـەر ئەوە دادەگـرت کە مەشـرووعییەتی دێموکراتیـک لە دەروون و نـاوخۆوە سـەرچاوە دەگـرێ. هـیچ هاوپەیمـانییەکی دەرەکـی ناتوانێت جێگـای پشـتیوانی و بەشـداریی کـۆمەڵانی خەڵـک و ڕەزامەنـدیی ئەوان بگـرێتەوە. ئەو هەڵوێستەی ناوبراو پرستیژ و ئیعتیبارێکی تایبەتی بە سیاسەتەکانی قاسملوو دەبەخشی. ئـاخر ئەو ئیستبداد و سـەرەڕۆیی و دیکتـاتۆریی، بـێ لەبەرچـاوگرتنی ئاراسـتەی ئیـدەئۆلۆژیکی ئەوان، وەدەر ڕەخـنە دەدا. بـێ لەبەرچـاوگرتنی پێشـینەی سیاسی، عەقیدەتی و ئیتنیکی، بەرگری لە هەموو زیندانییانی سیاسی دەکرد. پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە مافەکانی گەلـی کورد، بەشێکن لەو مـاف و ئازادییـانەی کە لە پەیماننـامە ناونەتەوەییەکـانی مـافی مرۆڤدا، لە ئاسـتی جیهانیـدا پەسـەند کراون، نەک داخوازییەکی تایبەتی و ئیستسنائی.

بەو جۆرە ئەو تێگەیشتنێکی قووڵ و بەرین و هاوچەرخی لە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ پێشبینی دەکرد. شتێک کە ئەوەتا ئەمڕۆ لە کۆنڤانسیۆنە ناونەتەوەییەکاندا، جێگایان بۆ کراوەتەوە. وەک مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، مافە کولتووری و فەرهەنگییەکان، مافە زمانی و ئایینی و مەزهەبییەکان و مافی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا. ئەوانە ئێستا هیچیان ئیمتیاز نین تا دەوڵەتەکان بیاندەنە خەڵک. هەموویان لە ئەسڵە بنەڕەتییە ناونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بە حیساب دێن.

## مافی کەمایەتییەکان وەک مافێکی دێموکراتیک

قاسملوو گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە ناکرێ دێموکراسی تا ئاستی حکوومەتی زۆرینە بێنینە خوار. لە وڵاتێکی فرەگەل و فرەفەرهەنگی وەک ئێراندا، دێموکراسی بەبێ دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتییەکان و گەلانی ئەو وڵاتە، بە ئاسانی دەبێت بە جۆرێکی دیکە لە سەرەڕۆیی. دەوڵەت ڕەنگە هەڵبژاردن بەڕێوە بەرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو گەل و فەرهەنگ، کولتوور، زمان و ناسنامە و کۆمەڵگایانە سەرکوت بکات کە لەگەڵ هەوییەت و ناسنامەی ناوەندیی دەسەڵات جیاوازییان هەیە.

هەر بۆیە قاسملوو دابین و دەستەبەرکردنی مافی گەلانی بندەستی ئێران و کەمایەتییە فەرهەنگی، ئێتنیکی، ئایینی و مەزهەبییەکانی وڵاتی، خستبووە چەقی پرۆژەی سیاسیی خۆی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، خەبات بۆ مافەکانی کورد و خودموختاریی کوردستان، بە هیچ جۆر لە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا جیا ناکرێتەوە. لەوەش زیاتر قاسملوو پێی وایە دابین و دەستەبەرکردنی مافی گەلانی بندەستی ئێران مەحەکە بۆ ئەوەی ئێران بە وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات دابنرێ.

ئێرانی ئازاد و دێموکراتیک، ناچارە کە گەلانی کورد، تورکمەن، بەلووچ، عەرەب، ئازەری و کەمایەتییەکانی دیکە و بەشداریی بەرانبەریی ئەوان لە پرۆسەی سیاسیدا بە ڕەسمی بناسێ. ناکرێ زمان، هەوییەت، فەرهەنگ و نیهاد و دامەزراوە ناوچەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان بە هەڕەشە و مەترسی لەقەڵەم بدرێن. ئەوان دەبێت لە یاسای ئەساسیی وڵاتدا، پشتیوانی و بەرگرییان لێ بکرێ و ماف و ئازادییە فەرهەنگی و سیاسی و زمانی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە یاسا دەستەبەر بکرێن.

ئەوە ناوەرۆکی پرۆژەی سیاسیی قاسملوو بوو: ناکرێ و ئیمکانی نییە لە ڕێگای کۆکردنەوەی دەسەڵات و ناوەندگەراییەکی

زۆرەملی، ئێران بپارێزێ یان وەڵامی ئەو گرفت و کێشانە بدرێتەوە کە ئەو وڵاتە لەگەڵیان دەستەو یەخەیە. ئەو کارە تەنیا لە ڕێگای هاوپێوەندیی سیاسیی ئارەزوومەندانە، بە ڕەسمی ناسینی و قبووڵکردنی یەکتر وەک هاووڵاتیی بەرانبەر، ئیمکانی هەیە.

## دیالۆگ و گفتوگۆ

هەروەها قاسملوو سیاسەتمەدارێک بوو کە بڕوای بە دیالۆگ و گفتوگۆ بوو. ئەو باوەڕی بە وتوێژ، سازان و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەریی سیاسی بۆ کێشە و گرفتەکان هەبوو. بەڵام تەعەهودی ئەو بە وتوێژ و دیالۆگ لە لاوازیی سیاسی و سادەلەوحییەوە نەبوو، بەڵکو لە پوختەیی سیاسی، تێگەیشتنی قووڵ و ستراتیژیکەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو چاک لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە ئاشتی و سولحێکی بەردەوام، پێویستی بە سازان و کۆمپرۆمیسی سیاسییە نەک شەڕی هەمیشەیی. ئەو بەدوای دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانەوە بوو بۆ پرسی کورد. هەموو هەوڵی ئەوە بوو کێشەی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران، بخاتە چوارچێوەی یاسای ئەساسی و وەک بەشێک لە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن چاوی لێ بکرێ. سەرەڕای ئەوە ئەو چۆنیەتیی دەسەڵاتی ئیستبدادیشی چاک دەناسی. بۆیە گفتوگۆ بۆ ئەو هیچ کاتێک بە مانای خۆبەدەستەوەدان نەبوو، بەڵکو ڕێگا و میتۆدێک بوو بۆ خەبات و بەربەرەکانی.

هەر ئەوەشە کە تیرۆرکرانی ناوبراوی لەلایەن دیپلۆمات - تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە، بەتایبەتی کردووەتە مەسەلەیەکی تراژیدی. ئاخر ئەو ڕاست لە کاتی وتوێژ و دانوستاندا کوژرا. ئەو قەتڵە سیاسییە، نەک هەر ماهیەتی تیرۆریستی و دژەگەلیی کۆماری ئیسلامی، بەڵکو ترس و تۆقانی ئەو ڕێژیمەشی لە هەر چەشنە ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی نیشان دا. ئاخر قاسملوو ڕاست لەبەر ئەوە بۆ ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی جێی مەترسی بوو، کە ڕێگای چارەسەریی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانە و سیاسی بۆ چارەسەریی کێشەی کورد هێنابووە گۆڕێ.

## پڕۆژەی قاسملوو، پڕۆژەیەک بۆ هەموو ئێران

تیتری ئەم وتارە، «قاسملووی کوردان و هەموو ئەوانی دیکەش»، جەوهەر و ناوەرۆکی میراسی سیاسیی قاسملوو نیشان دەدات. ئەو قاسملووی کوردان بوو، چونکە تەجەسومی ئیرادەی گەلی کورد بوو بۆ خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان. ئەو شکڵی سیاسیی خەباتی کوردی بەخشی. لە حەقی کوردان بۆ هەبوون و بە ڕەسمی ناسران وەک هەموو نەتەوەیەکی دیکەی سەر زەوی بەرگری دەکرد. بەرگری لە خەباتی کوردان دەکرد بۆ ئەوەی بە زمانی

خۆیان بخوێنن، ئیدارەی ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن، لە حەقی حاکمییەتی میللیدا شەریک بن و ئایندەیەکی ڕوون و گەشیان بۆ چوونەپێش و پەرەسەندن لە پێشدا بێت.

بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا، قاسملووی هەموو ئەوانی دیکەش، واتە ئێرانییەکانی دیکەش بوو، چونکە بیری سیاسی و پرۆژەی سیاسیی قاسملوو ڕووی لە هەموو ئێران بوو. ئاخر کێشەی ئێران هەر بەتەنیا بێبەشیی کورد نییە لە ماف و ئازادییەکان. بەڵکو بریتیشە لە نەبوونی دێموکراسی، نەبوونی دەزگای دادوەریی سەربەخۆ، نەبوونی ئازادیی بەیان، ئازادیی دین و مەزهەب، ئازادیی تێکۆشانی سیاسی و حیزبی، ئاوێتەبوونی دین و دەوڵەت لەگەڵ یەکتر، نابەرانبەریی ژن و پیاو، نەبوونی سکۆلاریزم، سەرکوت و زەبروزەنگ و چەوسانەوەی کەمایەتییەکان، حکوومەتی دینی و مەزهەبی، ئیستبداد و سەرەڕۆیی.

ڕوانگەی سیاسیی قاسملوو هەموو ئەو مەسەلانەی ئێرانی لێک گرێ دەدان. ئەو دەیزانی هیچ کام لە گەلانی ئێران، بۆ نموونە گەلی کورد، ناتوانن بە ئازادی بگەن، تا ئەو کاتەی خەڵکانی دیکەی وڵاتەکەمان لە ژێر سەرکوت و زەبروزەنگ و ئیستبدادی ڕەشی مەزهەبیدان. بۆیە لە پرۆژەی سیاسیی قاسملوودا، ئازادی و خودموختاریی کوردستان، بەشێکی هەرگیز دانەبڕاوە لە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێراندا.

## بایەخی میراتی سیاسیی قاسملوو پاش ٣٧ ساڵ

٣٧ ساڵ پاش شەهیدکرانی دوکتۆر قاسملوو، ئێران هەر وەک ئەو دەم گیرۆدە و دەستەو یەخەی ئەو قەیران و گیروگرفتە ساختارییانەیە کە قاسملوو دیتبوونی و پێشبینی کردبوون. ناوەندگەراییی زۆرەملی و سەرەڕۆییانە، حکوومەتی دینی، ئینکار و حاشاکردن لە فرەفەرهەنگی و فرەگەلیی ئێران، سەرکوت و گرتن و کوشتن و ئێعدامی موخالیفان و ناڕازیانی سیاسی، هەژاری و بێکاری و ئاوسان و بێعەدالەتیی کۆمەڵایەتی، وەڵامدەر نەبوونی دەوڵەت، گەندەڵیی دەسەڵاتی سیاسی. بۆیە بیروئەندێشەی قاسملوو نەک هەر کۆن نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ لە هەمیشە ئاکتوێلترە. ئەمڕۆ هەر پرۆژە و گەڵاڵەیەکی دێموکراتیک و جدی بۆ ئێران، بە ناچاری لەگەڵ هەمان ئەو پرس و مەسەلانە بەرەوڕوو دەبێت کە ئەو هێنابوونیە گۆڕێ. چۆن دەکرێ دەسەڵاتی ناوەندی سنووردار بکرێ؟ چۆن دەکرێ دین و حکوومەت لێک جیا بکرێنەوە؟ چۆن ژنان، کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان، چۆن خەڵکی ئێران دەتوانن ئازادانە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداری بکەن و ڕۆڵی خۆیان ببینن؟ چۆن ئازادییە دێموکراتییەکان دەکرێ دابین و دەستەبەر بکرێن؟ چۆن دەکرێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی وڵات دابین و دەستەبەر بکرێن، بێ ئەوەی ئەو مەسەلەیە ببێتە مەترسی لەسەر

یەکپارچەیی وڵاتەکەمان؟ چۆن دەکرێ لە جێی ئیستبداد و سەرەڕۆیی مەزهەبی، نیزامێکی دێموکراتیک لە ئێراندا دامەزرێنین کە وەڵامدەر و هەلومەرجی تازەی ئێران لە کۆمەڵگای ناونەتەوەییدا بێت؟

**وەڵامی قاسملوو بۆ ئەو پرسیارانە ڕوونە: دێموکراسی، دیسانترالیزاسیۆن، سکۆلاریزم، مافەکانی مرۆڤ و بە ڕەسمی ناسینی مافی ڕەوای کەمایەتییەکان و گەلانی پێکهێنەری حەشیمەتی وڵات. ئەوانە دروشم نین، بەڵکو ئەو بنەما بنەڕەتییانەن کە دەتوانین ئێرانی ئێستا و سبەینێیان لەسەر بنیات بنێین.**

## مانای میراسی قاسملوو

میراتی قاسملوو بۆ ئێمە هەر یادکردنەوەی شەهادەتی ناوبراو نییە، بەڵکو بەرپرسایەتییەکی سیاسییە. یادکردنەوەی ئەو بەتەنیا هەر ئەوە نییە کە لە دەوری یەک دانیشین و خەمی لەدەستدانی لەگەڵ یەک بەش بکەین. بەڵکو بەجێیە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئایا هێزە نیشتمانی و دێموکراتییەکانی وڵات، ئێستا ئامادەن فەلسەفە و پرۆژەی سیاسیی قاسملوو بۆ ئێران بەجدی بگرن؟

ئێرانی دێموکراتیک ناتوانرێ لەسەر بناخەی هەمان ئەو سیاسەتە دابڕێژرێ، کە لە ڕووی مێژووییەوە سەد ساڵە حاشا لە مافەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەکات و شکستی هێناوە. سیاسەتی کوردیش ناتوانێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ ئەگەر خۆی پەراوێز بخا و لە سەرجەمی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازیی ئێران دوور کەوێتەوە. گەورەیی قاسملوو لەوەدا بوو کە ناوبراو ئەو دوو حەقیقەتەی لە پەنای یەکتر دادەنان. ئەو کورد بوو، شانازی بە کوردبوونی خۆی دەکرد، بەڵام هیچ کاتێک ناسیۆنالیستێکی کوردیی بەرچاوتەنگ نەبوو. ئەو دێموکرات بوو، بێ ئەوەی زەیینگەرا بێت. سکۆلار بوو بێ ئەوەی دژی دین بێت و بیەوێ ئیمان لە کۆمەڵگادا لە ڕیشە هەڵکێشێ. ئەو ئاشتیخواز بوو، بڕوای بە ئاشتی بوو، بەڵام هیچ کاتێک دەستی لە خەبات و بەربەرەکانی هەڵنەدەگرت. دیالۆگ و وتووێژی وەک مێتۆدێکی خەبات تەماشا دەکرد، بەڵام ماهیەتی دەسەڵاتی ئیستبدادی باش دەناسی. بۆیە خەبات بۆ ئازادی و عەداڵەت بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی بوو. ئەو کورد بوو، بەڵام خاوەنی ڕوانگەیەکی جیهانی بوو. خاوەنی ڤیژنێکی بڵند بوو، بەڵام پڕاگماتیست بوو و نەیدەهێشت بەرپێی خۆی لێ ون بێت.

بۆیە ٣٧ ساڵ پاش شەهیدبوونیشی، قاسملوو هەروا وەک کەسایەتییەکی مێژوویی ماوەتەوە. ئەو بۆچوونەی ناوبراو ئێستاش بۆ ئێران هەر ڕاست و لە جێی خۆیەتی: داهاتووی ئێران بەوەوە بەستراوەتەوە کە چەندە دەتوانێ فرەفەرهەنگی و فرەگەلی و فرەڕەنگیی خۆی بە ڕەسمی بناسێت؟ چەندە دەتوانێ دەسەڵات و سیستەمی حکوومەتی خۆی دێموکراتیزە بکات؟ دەوڵەتی

**٣٧ ساڵە**

**خۆی سکۆلاریزە بکات؟ ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییانی خۆی دەستەبەر بکاو دان بە مافە ڕەواکانی گەلانی ئێراندا بینێت؟**

---

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

# ئەو ڕۆژەی باوکم پارووە نانەکەی بۆ قووت نەدرا




## هاوڕێ

لە مانگی ٨ ی ساڵی ١٩٧٨ی زایینی لە دایک بووم؛ لە قۆناغێکی پڕ لە گۆڕان، شۆڕش و ئاڵۆزیی مێژووی کوردستاندا. دەسپێکی ژیانی من هاوکات بوو لەگەڵ کۆتاییی سیستەمی پاشایەتی و دەستپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران. ئەو ساڵانە هاوکات بوون لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە لووتکەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو؛ تا ئەو ڕۆژە ڕەشەی کە دەستی تیرۆری دەوڵەتی، لە کاتی گفتوگۆ بۆ ئاشتی، ژیانی لێ ئەستاند.

منداڵیی من لە ناو کەشوهەوای شۆڕش و خەباتدا تێپەڕی. دوو خاڵم پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون و باوکیشم لە پێشمەرگەکانی خەباتی چەکداریی ساڵانی چلەکان بوو. بۆیە پێشمەرگە بۆ من تەنیا ناوێک نەبوو کە لە ڕادیۆوە بیبیستم، یان وێنەیەک نەبوو کە لەسەر دیوار ببینم؛ پێشمەرگە بەشێک بوو لە ژیانی ڕۆژانەی من.

هاتووچۆی پێشمەرگەکان، دانیشتن و گفتوگۆکانیان، چەک و جلوبەرگیان و ئەو هەستە تایبەتەی کە لەگەڵ خۆیان دەیانهێنا، هەموویان لە یادەوەریی منداڵیمدا جێیان گرتووە. کاتێک پێشمەرگە ڕووی لە دێهاتە بچکۆلەکەی ئێمە دەکرد،

**٣٧ ساڵە**

دێ گۆڕانی بەسەردا دەهات. بە گەرمی پێشوازییان لێ دەکرا و ئێمەی منداڵیش هەریەکەمان هەوڵمان دەدا بۆ ماڵی خۆمانیان داوەت بکەین. خۆشەویستیی پێشمەرگە شتێک نەبوو کە فێری ببین؛ لەگەڵماندا گەورە دەبوو.

لە هەمان کاتدا، دەنگی تۆپ و فڕۆکە شەڕکەرەکانی جەنگی ئێران و عێراق بەردەوام لە گوێمان دەزرنگایەوە. سایەی شەڕ بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستاندا کێشرابوو. ئاسمان هەمیشە ئاسمانی منداڵی و یاری نەبوو؛ هەندێک جار دەنگی فڕۆکە واتای ترس بوو و دەنگی تەقە واتای مەترسی.

بەڵام لە ناو ئەو هەموو سەختی و ناسەقامگیرییەدا، خۆشەویستیی پێشمەرگە و ڕێزی کادرەکانی حیزبی دێموکرات دڵی زۆر منداڵی وەک منی داگیر کردبوو.

من دوکتۆر قاسملووم پێش ئەوەی لە کتێبەکاندا بناسم، لە زمانی پێشمەرگەکان ناسی.

پێش ئەوەی بتوانم نووسینەکانی بخوێنمەوە، پێش ئەوەی لە مانای دێموکراسی، سۆسیالیزم، مافی نەتەوەیی و دیپلۆماسی تێبگەم، ناوی «قاسملوو»-م لە گفتوگۆی گەورەکان دەبیست. ناوی ئەو لەگەڵ هیوایەک، متمانەیەک و چاوەڕوانییەک تێکەڵ بووبوو.

**بۆیە ناسینی من بۆ دوکتۆر قاسملوو، سەرەتا ناسینێکی فکری و سیاسی نەبوو.**

**ناسینێکی هەستی بوو.**

**ناسینێکی ژیانگەیی بوو.**

من قاسملووم لە چاو و دەنگی ئەو پێشمەرگانەدا ناسی کە ناویان بە ڕێزەوە دەهێنا. لە گفتوگۆی ئەو گەورانەدا ناسی کە هیوایان بە سەرکردایەتیی ئەو هەبوو. پاشان، کاتێک گەورەتر بووم و دەستم بە خوێندنەوەی بیر و نووسین و مێژووی سیاسی کرد، قاسملووی هەستی منداڵیم بوو بە قاسملووی هزر و تێگەیشتنم. کاتێک چوومە زانکۆ، بیر و هزری چەپم ناسی و مارکس و ئێنگلس و هێگێلم خوێندەوە، هیچ بیر و زەینم پێی تێراو نەدەبوو. خوێندنەوەی مێژووی کورد و لێکۆڵینەوە و خەسارناسیی سیاسەتی قەومیی کۆماری ئیسلامیم لە زانکۆ وەک توێژینەوە دەست پێ کرد، و زۆرتری بەرهەمەکانی دوکتۆر قاسملووم وەک «کورتە باس»، «٤٠ ساڵ خەبات» و «کوردستان و کورد» خوێندەوە و گوێم لە زۆرتری وتارە دەنگییەکانی

**٣٧ ساڵە**

گرت. ڕۆژێک هات کە ناوی قاسملوو بۆ من و بۆ هەزاران کورد، لە هیوایەوە تێکەڵ بە خەمێکی قووڵ بوو. بەڵێ، دوکتۆر لە ڕادەستکردنی مەشخەڵی ئازادی بە دەستی چینی ئێمە سەرکەوتوو بوو.

ئەو ڕۆژە ڕەشە تەمەنم یازدە ساڵان بوو.

**ڕۆژی هەینی بوو. لەسەر خوانی نانی بەیانی دانیشتبووین. دوای شمشاڵ، هەواڵ لە «دەنگی کوردستانی ئێران»–ەوە بڵاو کرایەوە:**

دوکتۆر قاسملوو تیرۆر کراوە…

باوکم پارووی نانەکەی بۆ قوت نەچوو.

بەدەم گریانەوە هەستا و ڕۆیشتە دەرەوەی ماڵ.

من ئەو دیمەنەم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

پیاوێک کە ساڵانی خەبات و چەک و سەختیی ژیانی دیبوو، لەبەر هەواڵی مەرگی ڕێبەرێک، پارووی نان لە گەروویدا وەستا و فرمێسک ڕێگای چاوەکانی گرت.

ماتەمێکی قووڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەمانی داگرت.

وەک ئەوەی تەمێکی چڕ لە خەم و خەفەت لە ناو ڕادیۆکەوە هاتبێتە دەر؛ سەرەتا باڵی بەسەر ماڵەکەی ئێمەدا کێشا، پاشان دێهاتە بچکۆلەکەمانی داپۆشی و لەوێشەوە بەسەر هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە.

ئەو ڕۆژە، منداڵێکی یازدە ساڵە بووم. لە مانای تیرۆری دەوڵەتی و یارییە نهێنییەکانی سیاسەت بە تەواوی تێنەدەگەیشتم. بەڵام لەوە گەییشتم:

ڕووداوێکی گەورە ڕوویداوە.

## ٣٧ ساڵە

کوردستان کەسێکی گەورەی لە دەست داوە.

دێوەزمەی مەرگ، ڕێبەرێکی بلیمەت و بیرمەندی لەگەڵ خۆی بردبوو و گەلێکی لێقەوماو، یەکێک لە گەورەترین ڕێبەرە کاریزماتیکەکانی خۆی لە دەست دابوو.

**ئەو ڕۆژە بۆ من تەنیا ڕۆژی مەرگی دوکتۆر قاسملوو نەبوو. ڕۆژێک بوو کە یەکێک لە وێنە هەرە قووڵەکانی ژیانم لە یادەوەریی منداڵیمدا نەخشا: باوکم، پارووی نان و دەنگی ڕادیۆیەکی کە هەواڵی مەرگی ڕێبەرێکی دەگەیاند.**

ساڵان تێپەڕین. من گەورە بووم. خوێندمەوە، سیاسەتم خوێند، مێژووم هەڵدایەوە و هەوڵم دا لە دوکتۆر قاسملوو تەنیا وەک بیرەوەرییەکی منداڵی نەڕوانم. هەرچی زیاتر خوێندمەوە، زیاتر تێگەیشتم بۆچی ئەو ڕۆژە باوکم پارووی نانەکەی بۆ قوت نەچوو.

ئێستا دەزانم ئەو فرمێسکانە تەنیا بۆ مەرگی پیاوێک نەبوون.

فرمێسکی ترس بوون لە بێڕێبەر مانەوە.

فرمێسکی هەستکردن بە قورسایی کارەسات بوون.

فرمێسکی گەلێک بوون کە دەیزانی ڕێبەرێکی بلیمەت و دەگمەنی لە دەست داوە.

من دوکتۆر قاسملووم بەو شێوەیە ناسی:

سەرەتا لە زمانی پێشمەرگەکان،

پاشان لە فرمێسکی باوکم،

دواتر لە لاپەڕەکانی کتێب و مێژوو،

و ئەمڕۆ، لە ڕێگەی هزر و ڕێبازێکەوە کە هێشتا پرسیار دروست دەکات، گفتوگۆ دەخوڵقێنێت و مرۆڤ ناچار دەکات لە داهاتووی کوردستان وردتر بڕوانێت.

لەو ڕۆژە ڕەشەدا، سێبەری ڕەشی ڕەشەکوژیی دەوڵەتی، کوردستانی کردە شەوەزەنگ.

**٣٧ ساڵە**

**هەندێک جار، مەرگ دەتوانێت جەستەی ڕێبەرێک لە گەلەکەی بستێنێت، بەڵام ناتوانێت ئەو پرسیار و بیرۆکانە بکوژێت کە لە مێشکی نەوەکاندا چێنراون.**

**قاسملوو ڕۆیشت،**

**بەڵام پرسیاری قاسملوو، هزری قاسملوو و خەونی گەلێک کە خەباتی بۆ دەکرد، هێشتا ماوە.**

---

**پرۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

# قاسملووم چۆن بینی؟




عەلی مازووجی

بێگومان، مرۆڤناسی و تێگەیشتن لە دەروونی مرۆڤ کارێکی زۆر ئاسان نییە، چونکە زۆربەی مرۆڤەکان بەردەوام هەوڵ دەدەن بەشە جوان، بەهێز، زیرەک و هۆشیارەکانی خۆیان بە دەرەوە نیشان بدەن، بەڵام لەگەڵ بەشە لاوازەکانی خۆیان کێشەیان هەیە و زۆرجار لێیان بێگانە دەبن. بە هەر شێوەیەک بێت، هەوڵی شاردنەوەی ئەو بەشە ناتەواوانەی خۆیان دەدەن.

لە هەمان کاتدا، مرۆڤانی دیکەش هەن کە لاوازی و نەتوانیی خۆیان ئاشکرا دەکەن و بۆ ژێردەستبوون لەبەردەم بەهێزەکان کرنۆش دەبەن و ژێردەستی بە گەورەیی دەزانن. ئەوان حەزیان بە گەورەبوون نییە و لە گەورەبوون دەترسن. بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە زۆر ڕەهەندی ژیاندا بەشێک لە مرۆڤەکان هەر خەریکی ئەوەن کە دیوی جوان و بێگەردی خۆیان پیشان بدەن. کەمجار گوێت لە مرۆڤێک دەبێت کە بە ڕاستگۆیی باس لە هەڵە، شکست یان بنکەوتنی خۆی بکات و ئەوە بۆ هاوڕێ و ناسیاوانی خۆی بگێڕێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار کێبڕکێی نەرێنی لەنێوانیان دروست دەبێت.

**٣٧ ساڵە**

**لە پەنا ئەوانیشدا، مرۆڤانی دیکە هەن کە سەرۆکەکانی خۆیان بە پاڵەوان دەزانن و ڕۆڵ و پێگەی خۆیان بێنرخ دەکەن. لەوانەیە خوێنەر پرسیار بکات: «ئایا بەو پێیە دەبێت هەموو مرۆڤەکان لە یەک تەرازوودا دابنرێن؟**

**بەپێی تیۆری «شولتس ڤۆن تون (Schulz von Thun)»، دەروونی مرۆڤ لە چەند دەنگ و شێوازی جیاواز پێک دێت، وەک: یارمەتیدەر، یارمەتیخوازی، خۆفیداکار، ئاوتۆریتێر، خۆداسەپێن، خۆسەلمێنەر، دراماساز و دوورەپەرێز. هەر مرۆڤێک ئەگەر بتوانێت هاوسەنگی لە ناو دەروونی خۆیدا پێکبهێنێت و بەپێی هەلومەرج بڕیار بدات، و ئەو بڕیارانە لەگەڵ دەروونی خۆی و هەروەها لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری گونجاو بن، ئەوا توانیویەتی خۆی لە یەکدەنگبوون و ناهاوسەنگی دەرباز بکات و هاوسەنگییەکی باش لە دەروونی خۆیدا پێکبهێنێت.**

**بەپێی ئەم لێکدانەوە کورتە، پێم خۆشە بێمە سەر باسی کەسایەتیی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە بابەتی سەرەکیی ئەم نووسراوەیەیە. قاسملوو خاوەنی چەندین ناسنامە و شوناسی جیاواز بوو. ئەو تەنیا ڕێبەرێکی کورد نەبوو، بەڵکو خوێندەوارێکی ئاکادیمی بوو، لە زانکۆ مامۆستایەتیی کردبوو و لە ساڵی ١٩٧١ەوە بوو بە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دواییش وەک سکرتێری گشتیی حیزب خەباتی کرد و لە ساڵی ١٩٧٩ەوە چووە ناو خەباتی چەکداری.**

**لە ئەورووپا، بە تایبەتی لە فەڕانسە، زیاتر لەگەڵ هەڵسوکەوت و بیروباوەڕی سۆسیال دێموکرات ئاشنا بوو و لەوێ زانیاری و ئەزموونی زۆرتری دیپلۆماسی وەدستهێنا. بۆیە دەتوانین بڵێین قاسملوو لە هەمان کاتدا شوناسی ئاکادیمی، مامۆستا، سکرتێری گشتیی حیزبێک، ڕێبەری شۆڕشێکی چەکداری، دیپلۆمات و سۆسیال دێموکراتی هەبوو. بەپێی ئەوە، دەبێت دەروونیشی لە چەندین دەنگی جیاواز پێکهاتبێت و بەردەوام لەگەڵ ئەو دەنگانە گفتوگۆی ناوخۆیی هەبێت. ئەمن چەندین جار د. عەبدولڕەحمان قاسملووم لە نزیکەوە بینیوە. یەکەم جار لە سەفەرێکدا بۆ دەفتەری سیاسی لە ناوچەکانی سەردەشت، لە دانیشتنێکی سیاسیدا لەگەڵیدا بەشدار بووم. لەو کاتەدا ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە نۆبەت، هەفتانە جارێک، لەسەر بابەتێکی سیاسی یان فکری سیمینارێکیان پێشکەش دەکرد. ئەو شەوەی من میوان بووم، نۆبەتی د. قاسملوو بوو.**

**لەو سەردەمەدا، موجاهیدینی خەڵکی ئێران ئەو باوەڕەیان هەبوو کە کۆماری ئیسلامی زۆر لەسەر حوکم نامێنێت و بە زوویی دەڕووخێت. لە کاتی پرسیار و وەڵامدا، یەکێک پرسیاری لە د. قاسملوو کرد: «کەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڕووخێت؟»**

۳۷ ساڵە

ئەو لە وەڵامدا گوتی: «لە ئێراندا نزیکەی هەر بیست و پێنج ساڵ جارێک ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ڕوو دەدات. بۆیە ئێمە دەبێت خۆمان بۆ خەباتێکی درێژخایەن ئامادە بکەین و پشودرێژ بین.»

بە گومانی من، ئەم وەڵامە نیشانەی وردبینی و تێڕوانینی ستراتیژیی د. قاسملوو بوو. ئەو نەیگوت «ڕژێم دەڕووخێت»، بەڵکو بە وردی گوتی «ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ڕوو دەدات». ئەم جیاوازییە لە وشەهەڵبژاردندا گرنگە، چونکە هەموو ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بە مانای ڕووخانی ڕژێم نییە. ئەگەر ئاورێک لە مێژووی ئێران بدەینەوە، دەتوانین ئەم تێڕوانینە بە جوڵانەوەی سەوزی ئێران لە ساڵی ۲۰۰۹ و هەروەها بە جوڵانەوەکانی دواتر بەراورد بکەین.

**لە ساڵی ۱۹۸٤، من دووبارە د. قاسملووم لە نزیکەوە بینی. لەو پەیوەندییەدا، پێم خۆشە باسی دوو بەسەرهات بکەم کە گێڕانەوەیان نرخی مێژوویی زۆری هەیە.**

**یەکەم:** لەو سەردەمەدا زۆر ڕەخنە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگیرا و دەیانگوت: «بۆچی حیزب پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی نییە؟»

لەو کاتەدا، من بورسێکی خوێندنم لەلایەن ئاڵمانیای شەرقی (کۆماری دێموکراتیکی ئاڵمان) پێ درابوو، تاکو لە زانکۆی هۆمبۆڵت (Humboldt-Universität) لە بەرلین، ئابووری و دیمۆگرافی بخوێنم. کۆرسەکانی هاوین دەستیان پێ دەکرد و ئەوە لەگەڵ خوێندنەکەم لە ئوتریش ناهاوتا نەبوو.

**لە یەکێک لە دیدارەکاندا، لە د. عەبدولڕەحمان قاسملووم پرسی:**

**«بۆچی حیزب هەوڵ نادات پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی دروست بکات؟»**

**ئەو لە وەڵامدا پێی گوتم:**

«تا من نەچمە مۆسکۆ، ئەمریکا بانگهێشتم ناکات! تۆش کە ئێستا دەچی بۆ ئاڵمانیای شەرقی، وەک نوێنەری تەواو ئیختیاری من مامەڵە بکە و هەوڵ بدە دیدارێکم لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە بۆ دابین بکەیت.»

لە ئاڵمانیای شەرقی هەوڵم دا و لەگەڵ د. Gerhart Hass، کە مێژووناسێکی ناسراوی کۆماری دێموکراتیکی ئاڵمان بوو

و پەیوەندییەکی نزیکی بە دەزگا دەوڵەتییەکان هەبوو، دیدارم کرد. ئەو لە وەڵامدا پێی گوتم: «ئاڵمانیای شەرقی بە زوویی دەڕووخێت و نامێنێت؛ بۆیە پێویست ناکات هێزی زۆر بۆ ئەم پەیوەندییە تەرخان بکرێت.»

ئەو وەڵامە لەو کاتەدا بۆ من سەیر بوو، چونکە هێشتا هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرا بە ڕووخانی ئاڵمانیای شەرقی نەبوو. بەڵام چەند ساڵ دواتر، ڕووداوەکان نیشانیان دا کە ئەو هەڵسەنگاندنە تا ڕادەیەکی زۆر دروست بوو.

**دووەم:** لەو سەردەمەدا، بەداخەوە ناکۆکییەکی قووڵ لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان هەبوو. لە هەمان کاتدا کە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ئوتریش بوو، کاک مەسعود بارزانیش لەوێ ئامادە بوو.

د. هاینتس فیشەر، کە هاوڕێ و دۆستی کورد بوو و لەو کاتەدا وەزیری پەروەردەی ئوتریش بوو، ویستی ئەو دوو لایەنە ئاشت بکاتەوە. لەو سەردەمەدا، کاک کەریم پیرۆتی و کاک خەسرەوی بەهرامی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بوون و د. قاسملوو میوانی کاک خەسرەوی بەهرامی بوو.

ئەو ڕۆژە منیش لە ماڵی کاک خەسرەو ئامادە بووم کە تەلەفۆنێک لە دەفتەری د. هاینتس فیشەرەوە هات. پەیامەکە ئەوە بوو کە د. فیشەر دەیەوێت کۆبوونەوەیەکی ئاشتەوایی لەنێوان د. قاسملوو و کاک مەسعود بارزانی ڕێک بخات.

کاتێک کاک خەسرەو ئەم داواکارییەی بە د. قاسملوو ڕاگەیاند، ئەو لە سەرەتا زۆر تووڕە بوو و چەند جار بە ناو ژوورەکەدا هاتووچۆی کرد. لە کۆتاییدا، کاک خەسرەو، کە هێشتا تەلەفۆنەکەی بەدەستەوە بوو، گوتی: «کاک دکتۆر، ئەوان چاوەڕوانی وەڵامی ئێوەن.»

بەپێی ئەوەی لە بیرمە، د. قاسملوو ڕازی بوو بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکات. لە دوای ئەو کۆبوونەوەیەش پەیوەندییەکان لەنێوان دوو لایەنەکە باشتر بوون. بەڵام، ناتوانم بە دڵنیایی بڵێم ئەو کۆبوونەوەیە بە چ شێوەیەک بەڕێوە چوو یان چ ڕێککەوتنێکی تێدا بەدەست هات، چونکە هیچ بەڵگەیەکی نووسراو لەبەردەست نییە.

لە دواتر، لەسەر ئەم بابەتە پرسیارم لە کاک خەسرەوی بەهرامی کرد، بەڵام ئەویش گوتی: «لەبیرم نەماوە.»

هەروەها، بۆ دڵنیابوونەوە، پەیوەندیم بە د. ئایگنەر، سکرتێری ئیداریی د. هاینتس فیشەر کرد. ئەویش هەوڵی دۆزینەوەی بەڵگە و تۆمارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی دا، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی نەدۆزییەوە.

وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، هیچ مرۆڤێک تەواو بێکەموکوڕی و بێهەڵە نییە. بێگومان، د. عەبدولڕەحمان قاسملووش وەک هەر رێبەرێکی سیاسی، هەندێک بڕیار و هەڵوێستی هەبوون کە دەتوانرێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت و لەوانەیە هەندێکیان لە ڕوانگەی ئێستاوە بەجێ نەبووبن.

دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، خومەینی د. قاسملووی بە «ضد انقلاب و مفسد فی‌الارض» ناساند. ئەم ناونانە لە ڕوانگەی یاسایی کۆماری ئیسلامییەوە، بە مانای دەرکردنی فتوای ئێعدام بۆ ئەو بوو.

بە بۆچوونی من، دانیشتنەکانی ڤییەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەموکوڕییەکی ئەمنی و ستراتیژییان تێدا هەبوو، و لەوانەیە هەر ئەو کەموکوڕیانەش ڕێگایان بۆ ئەو تراژیدییە خۆش کردبێت. هەر بۆیە، بۆ من جێگای سەرنجە کە کەسێک بەو هەموو ئەزموونە سیاسی و دیپلۆماسییە، لە کۆتاییدا بکەوێتە ناو تەڵەیەکی ئاوا.

**هەروەها، هەڵسوکەوتی لایەنی کوردیش چەندین پرسیاری گرنگ دروست دەکات، لەوانە:**

بۆچی کۆبوونەوەکە لە شوێنێکی فەرمی یان ناوەندێکی دەوڵەتی بەڕێوە نەچوو؟
بۆچی لایەنێکی سێیەم، وەک ناوبژیوان یان چاودێر، تا کۆتایی ئامادە نەبوو؟
چۆن ڕازی بوون گفتوگۆکە لە ئاپارتمانێکی تایبەتدا ئەنجام بدرێت؟
بۆچی گرنگییەکی پێویست بە پاراستنی ئەمنیی د. قاسملوو نەدرا؟

**بۆچی هیچ تیمێکی پاراستن یان یاریدەدەری پشتپەردە لە نزیکی شوێنی کۆبوونەوە جێگیر نەکرابوو؟**

ئایا پێش کۆبوونەوە، هەڵسەنگاندنێکی ورد لەسەر ناسنامە و پاشخانەی ئەندامانی لایەنی کۆماری ئیسلامی کرابوو یان نا؟ ئەم پرسیارانە تەنیا پەیوەندییان بە مێژووی شەهیدبوونی د. قاسملووەوە نییە، بەڵکو وانەیە بۆ داهاتووی بزووتنەوەی کوردیش. لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی وردی ئەو ڕووداوە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەڵەی هاوشێوە دووبارە نەبێتەوە.

**٣٧ ساڵە**

**بۆ من، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکێک بوو لە گرنگترین کەسایەتییە سیاسییەکانی سەدەی بیست لە کوردستان. ئەو، وەک هەر مرۆڤێکی دیکە، هەڵەی هەبوو، بەڵام توانای ئەو لە بیرکردنەوەی ستراتیژی، دیپلۆماسی و ناساندنی پرسی کورد بۆ جیهان، جێگای تایبەتی بۆی هێشتووەتەوە. باشترین ڕێگا بۆ ڕێزلێنان لە یادەوەریی ئەو، ئەوەیە کە هەم دەستکەوتەکانی و هەم هەڵەکانی بە چاوێکی ڕەخنەگرانە بخوێنینەوە، تاکو نەوەکانی داهاتوو سوودی لێ وەربگرن.**

---

**پڕۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئۆنلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:**

**٣١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

---

## لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە تا یادی هەمیشەیی دوکتور قاسملوو




**کامران ئەمین ئاوە**

هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، هاوینێکی گەرم و پڕ لە جووڵەی سیاسی بوو. لەگەڵ هاوڕێیەکم لەبەردەم نووسینگەی "یەکیەتی لاوان"ی بۆکان دانیشتبووین و قسەمان دەکرد. نووسینگەی یەکیەتی لاوان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دیواربەدیواری یەکتر، لە بینای پێشووی بنەماڵەی ئەفسەرانی شارەبانیی بۆکان، بەرانبەر بە حەمامی کاکائاغا جێگیر ببوون؛ بینایەک کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دەستی بەسەردا گیرابوو. لەو سەردەمەدا زۆربەی ئەندامان و چالاکانی یەکیەتی لاوان، لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی حیزبی توودەی ئێراندا بوون. حیزبی توودە هێشتا بە فەرمی ڕێکخراوی خۆی لە کوردستان دانەمەزراندبوو، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ڕۆڵی هاوبەش لە ناوچەکەدا بگێڕێت و ببێتە ڕێکخراوی ئەیالەتیی ئەو حیزبە. تەنانەت لە ناوخۆی حیزبی دیموکراتیشدا کەم نەبوون ئەوانەی کە حیزبی دیموکراتیان بە جۆرێک بە نزیکترین هاوپەیمانی حیزبی توودە دەزانی و باوەڕیان وابوو پێوەندییەکانیان دەبێت بەهێز بکرێت.

لە سەر دەرگای یەکیەتی لاوان، وێنەیەکی گەورەی نەمر عەزیز یۆسفی هەڵواسرابوو؛ وێنەیەک کە بە دەستی خۆم کێشابوومەوە. لە ژێر وێنەکە نووسرابوو: "نەمر عەزیز یۆسفی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نێوبژێوانی

٣٧ ساڵە

لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران." لە لای چەپی دەرگاکەش شوێنێک بۆ دانانی ڕۆژنامەی "مردم" و بڵاوکراوەکانی حیزبی توودە ئامادە کرابوو. لەو پاشنیوەڕۆیەدا، کە ڕۆژی هەینی بوو، ئۆتۆمبیلێکی سەوز لەبەردەممان ڕاوەستا. پێم وایە شۆرلێت بوو. دوو پیاو لێی دابەزین. یەکێکیان بە ئارامی بەرەو ئێمە هات، بە ڕووخۆشی دەستی لەگەڵمان دا و چاکو خۆشی کرد. پاشان بێ ئەوەی قسەیەک بکات، چاوێکی بە وێنەی نەمر عەزیز یۆسفی و ڕۆژنامەی "مردم"دا خشاند. بزەیەکی بچووک لەسەر لێوی نیشت، ماڵاوایی لێ کردین و بەرەو دەفتەری حیزبی دیموکرات ڕۆیشت.

هەر کە لەبەرچاومان ون بوو، هاوڕێکەم بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– دەزانی ئەوە کێ بوو؟
– نا!
– ئەوە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو!

ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک سەرنجی منی ڕاکێشا، نەک ناسنامەی سیاسیی ئەو، بەڵکوو هەڵسوکەوتی بوو. ئەگەرچی سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو و دەیتوانی لە بوونی ڕۆژنامەی "مردم" و چالاکیی حیزبی توودە لە ناو یەکیەتی لاواندا نارەزایەتیی خۆی دەرببڕێت، بەڵام نە توندییەکی نیشان دا و نە وشەیەکی ناشیرینی بەکار هێنا. بە بزە و ڕووخۆشی، بێ ئەوەی کەشوهەوای شوێنەکە بشێوێنێت، ڕۆیشت.

دووەم جار دوکتور قاسملووم لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨، چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنی یەکەم خوولی مەجلیسی شۆرای میللیی ئێران دیت. مەیدانی تۆپی پێی بۆکان لە خەڵک هەڵدەقولا. حەشیمەتێکی زۆر لە هەموو تەمەنێک بۆ گوێگرتن لە وتاری دوکتور قاسملوو کۆ ببوونەوە. ئەو بە زمانێکی ڕوون و بەهێز باس لە داهاتووی کوردستان، مافی گەل و چارەنووسی سیاسی کرد. مامۆستا هێمنیش بە هەناسەی شیعر و زمانێکی پڕ لە هەست، گیانی کۆبوونەوەکەی گەرمتر کرد. کاتێک میتینگەکە تەواو بوو، ڕێپێوانێکی گەورە بەڕێوە چوو و دەنگی دروشمەکان ماوەیەکی زۆر لە شەقامی سەرەکیی بۆکان بە قازانجی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەنگی دەدایەوە.

بەیانیی ڕۆژی دواتر، دوکتور قاسملوو لە مزگەوتی جامیعی بۆکان قسەی بۆ خەڵک کرد و بە ئارامی و وردی وەڵامی پرسیارە جۆراوجۆرەکانی ئامادەبووانی دەدایەوە. من، کە تەمەنم شازدە ساڵ بوو، لە دەرەوەی مزگەوت نزیکەی چەند کاتژمێر ڕاوەستابووم و گوێم لە هەر وشەیەکی دەگرت. بۆ مێشکی گەنجێکی ئەو تەمەنە، شێوازی وەڵامدانەوە، ئارامی لە گفتوگۆ و توانای شیکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزە سیاسییەکان، کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو؛ کاریگەرییەک کە هێشتا، دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر، لە بیرمدا ماوەتەوە.

**٣٧ ساڵە**

ساڵەکان زۆر زوو تێپەڕ دەبوون و بەپێی جیاوازیی بیر و هزر و سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی ئێران و بەتایبەتی ڕوودانی ئینشعابی پەیڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٥٩، پێوەندییەکانی حیزبی توودە و دیموکرات تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کاتێک ڕێبەران و کادرەکانی حیزبی توودەی ئێران لە ساڵی ١٣٦٢ کەوتنە ژێر زەبری هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک لە ژمارەی ٩٠ی "کوردستان" لە بانەمەڕی ١٣٦٢ کە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانیش بڵاو ببووەوە، ئەم هێرشەی مەحکووم کرد و نووسی:"ئێستا کە دامودەزگای شەیتانیی ڕێژیمی ئاخوندەکان دژی توودەیییەکان بەسیج بووە، حیزبی ئێمە بە پەیڕەوی لە سیاسەتی ئوسووڵی دیموکراتیی خۆی، تاقیب، گرتن و ئازار و ئەشکەنجەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی توودە بە توندی مەحکووم دەکات و ئیقداماتی پۆلیسیی ڕێژیمی خومەینی بە هەنگاوێکی دیکە دژی ئازادییە فەردی و سیاسییەکان دەزانێت." لە درێژەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەوانەی نەگیراون ئاماژەی کردووە: "ئەم جۆرە ئەفرادە وەک زۆر لە هاووڵاتییان لە ساڵەکانی ڕابردوودا، دەتوانن بۆ خۆرزگارکردن لە دەستی پاسدارە دژی گەلییەکانی خومەینی، پەنا بێنن بۆ کوردستان" و بە فەرمی ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی توودەیییەکان ڕاگەیاند. بەشێک لە کوردە توودەیییەکان بە یارمەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەو باشووری کوردستان ڕاگوێزران.

چەند ساڵ دواتر منیش بە ناچار ئێرانم بەرەو یەکیەتی سۆڤیەتی بەجێ هێشت. بەداخەوە هەواڵ و ڕووداوەکانی نێو و دەرەوەی ئێران زۆر درەنگ دەگەیشتە یەکیەتی سۆڤیەتی. بەڵام لە هاوینەی ١٣٦٨ - ١٩٨٩ کە تازە لە شاری مینسک، پایتەختی کۆماری بیلاڕووس نیشتەجێ بووم و دەمویست لە زانکۆی پزیشکیی ئەم شارە دەست بە خوێندن بکەم، ئاگاداری تیرۆرکردنی د. قاسملوو بووم؛ هەواڵێکی تاڵ و ناخۆش. گیانبەختکردنی ئەم تێکۆشەرە گەورەیە کە تێپەڕبوونی زەمەن پیشانی دابوو بۆچوونەکانی سەبارەت بە حکوومەتی ئێران تا چ ڕادەیەک دروست بوون، بە ڕاستی هەواڵێکی دڵتەزێن بوو.

لەو کاتەوە، مانگی پووشپەڕی هەر ساڵێک، بیرەوەریی ئەو گوللانەم بۆ دەهێنێتەوە کە دڵی گەش و پڕهیوای یەکێک لە دیارترین کەسایەتییە سیاسییەکانی نەتەوەی کوردی لە پشت مێزی دانوستانەوە کردە ئامانج. پیاوێکی مەزن لەو دەگمەن سەرکردانەی جیهان کە هەر لە کاتی مێرمنداڵییەوە خەباتی خۆی بۆ ئازادی، ڕزگاریی نەتەوەیی، بنبڕکردنی چەوسانەوە و گەیشتن بە ئاشتی و سۆسیالیزم دەست پێ کرد و بە باوەڕێکی قووڵ بەم ڕاستییە کە "گەلێک ئازادی دەوێت، دەبێت باجەکەشی بدات"، تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە وەفادارییەوە مایەوە.

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە پێناوی ئازادیی نەتەوەکەیدا ڕێگایەکی سەخت و پڕهەڵدێری بڕی. لە کوردستانەوە بەرەو ئورووپا چوو، خوێندنی باڵای تەواو کرد و گەیشتە پلەی مامۆستایی زانکۆ. بەڵام زۆر زوو گەڕایەوە نێو گەلەکەی و لە دڵی

**٣٧ ساڵە**

چیا سەربەرزەکانی کوردستاندا، بنکەی فەرماندەییی پێشمەرگەکانی جێگیر کرد و بە ڕابەرایەتیی حیزبەکەی، لاپەڕەیەکی نوێی خەباتی دژی یەکێک لە دیکتاتۆرترین ڕێژیمەکانی جیهان هەڵدایەوە. د. قاسملوو بە پشتیوانیی ئەزموونی دەیان ساڵ خەباتی سیاسی، خوێندن و ژیریی بێهاوتای خۆی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی گەیاندە هێزێکی گەورەی خەباتگێڕ و سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەستیارترین ساتەکانی مێژووی گەلی کورددا، ئەو حیزبەی کردە ڕێکخراوێکی ناسراو لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا.

لە جیهانێکدا کە سیاسەتی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەو هزرا بنچینەییانەی لە کۆمەڵگەدا هەبوون، بڕیاردەری سیاسەتی زۆرێک لە حیزبەکان بوو، دوکتور قاسملوو دەبوو سیاسەتێک هەڵبژێرێت کە نەچێتە بەرەی دژ بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهان و بەتایبەتی یەکیەتی سۆڤیەتی کە بە هۆی ئەولەویەتی خەبات دژی ئیمپریالیزمی جیهانی، پشتیوانیی کۆماری ئیسلامییان دەکرد و خەباتی دژی ڕێژیمی دواکەوتووی ئێرانیان بە هەڵە دەزانی؛ و لە لایەکی تریشەوە نەچێتە بەرەی ئەو وڵات و زلهێزانەی کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کێبڕکێدا بوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی د. قاسملوو بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی سەربەخۆی خۆی، ناوبانگێکی چاکی لە لاپەڕەکانی مێژووی جیهاندا بەجێ هێشت. بێگومان بەڕێوەبردنی خەباتێکی لەم چەشنە ئەویش لە سەردەمێکی ئاڵۆز و هەستیاردا کارێکی ئاسان نەبوو، و لە درێژەی خەباتی حیزبی و نێوخۆیی وڵاتدا د. قاسملوو و حیزبی ژێر ڕێبەریی ئەو بە دوور لە هەڵەی گەورە و بچووک نەبوون و لەوانەیە گیانبەختکردنی د. قاسملوو لە پای مێزی دانوستاندا وەک یەکێک لەو هەڵە گەورانە لە قەڵەم بدرێت؛ بەڵام کەسایەتییەکی سیاسی و حیزبێکی تێکۆشەر کە خەبات دەکات، بێگومان تووشی هەڵەش دەبێت، ئەوەی هیچ ناکات هەڵەش ناکات. بە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، گەلی کورد یەکێک لە کارامەترین، ژیرترین و بەناوبانگترین ڕێبەری خۆی لە دەست دا، بەڵام کاروانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان نەک هەر نەوەستا، بەڵکوو چووە قۆناغێکی ترەوە کە تایبەتمەندیی سەرەکییەکەی، پێداگرییەکی بەهێزترە لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و ڕزگاریی نەتەوەیی لە لایەن پێشەنگانی ئەم نەتەوەیەوە.

**یادی دوکتور قاسملوو و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان بەرز و بەڕێز بێت.**

---

**پرۆژەی وێنای دکتۆر قاسملوو لە کۆیادی کوردستاندا؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک.**

**بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە**

**٣١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی**

## سیاسەتی ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت: قاسملوو و ئاریستۆ




**ڕێباز ڕۆژهەڵات**

### پێشەکی:

### کاتێک ئەخلاق دەبێتە سیاسەت

لە مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤدا، کەم پرسیار هەیە وەک پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت ئەوەندە مشتومڕی لەسەر کرابێت. هەندێک سیاسەت بە هونەری بەدەستهێنانی دەسەڵات دەزانن، هەندێکی دیکە بە هونەری پاراستنی دەسەڵات و هەندێکی تریش بە هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. بەڵام لەنێوان ئەم هەموو پێناسە جیاوازانەدا، هەمیشە دەنگێک هەبووە کە دەیگوت: سیاسەت بێ ئەخلاق، تەنها شێوازێکی ڕێکخراوی هێزە.

ئەم دەنگە لە یۆنانی کۆن بە زمانی ئاریستۆ دەنگی داوە، و دوای نزیکەی دوو هەزار ساڵ، لە کوردستان بە ڕیتۆریکی قاسملوو دووبارە گوێبیستی بووین. ئەگەرچی ئەم دوو بیرمەند و سەرکردەیە لە دوو سەردەمی تەواو جیاوازدا ژیاون، بەڵام

**هاوبەشییەکی قووڵیان هەیە:**

**هەردووکیان باوەڕیان وابوو سیاسەت تەنها بۆ دەسەڵات نابێت، بەڵکوو بۆ چاکەی مرۆڤ و کۆمەڵگەیشە.**

**بەڵام لێرە پرسیارێکی فەلسەفی سەرهەڵدەدات:** ئایا ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت خۆی جۆرێک لە سیاسەت نییە؟ کاتێک سیاسەتوانێک دەڵێت "من سیاسەت بە ئەخلاق دەبەستم"، ئایا تەنها قسەیەکی ئەخلاقی دەکات، یان خۆی ستراتیژییەکی سیاسی پێشنیار دەکات؟

ئەم پرسیارە لە ڕوانینی یەکەمدا دژوار دیارە، هاوکات لە ناوەڕۆکدا گرنگترین پرسیاری فەلسەفەی سیاسییە. چونکە ئەگەر ئەخلاقیش ببێتە ئامرازێک بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە، ئەوا ئەویش لە ناو یاریی سیاسەتدا دەبێتە هێزێکی کاریگەر.

بەڵام ئەم ڕاستییە ناچارمان ناکات ئەخلاق بە فێڵ یان درۆ بزانین. بە پێچەوانەوە، دەمانگەیەنێت بە ئەوەی سیاسەت جگە لە شەڕی بەرژەوەندییەکان، شەڕی بیر و بەهاکانیشە. هەر بۆیە، کەسێک کە بانگەشەی دادپەروەری دەکات، ئەویش سیاسەت دەکات؛ بەڵام سیاسەتێک کە ناوەڕۆکی بریتییە لە بەها، نەک تەنها لە هێز.

لەو ڕوانگەیەوە، قاسملوو پێشنیاری شێوازێکی نوێی سیاسەتی نەدەکرد، بەڵکوو هەوڵی دەدا سیاسەت بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ئامانجەی بۆی دروست بووە؛ واتە خزمەتکردن بە مرۆڤ. بۆ ئەو، مافی نەتەوە، دیموکراسی، ئازادی و گفتوگۆ تەنها دروشم نەبوون، بەڵکوو بنەمای ڕەوایی سیاسەت بوون. دەسەڵات ئەگەر ئەم بنەمایانەی لەدەست بدایە، مانای خۆشی لەدەست دەدا.

ئەم بیرکردنەوەیە لە بنچینەدا نزیکە لە ئاریستۆ. ئاریستۆ دەیگوت مەبەستی شار و دەوڵەت تەنها پاراستنی سنوور و سەقامگیری نییە؛ بەڵکوو پێویستە هاوڵاتیان بتوانن ژیانێکی باش بژین. لەبەر ئەوە، ئەو سیاسەتی لە ئەخلاق جیا نەدەکردەوە. بۆ ئەو، ئەو دەوڵەتە باشە کە هاوڵاتیی باش دروست بکات، نەک تەنها هاوڵاتیی گوێڕایەڵ.

لە ئەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت ئەم هاوبەشییە بخوێندرێتەوە، نە وەک بەراوردێکی مێژوویی، بەڵکوو وەک گفتوگۆیەکی فەلسەفی. چونکە لەوانەیە ئەوەی قاسملوو بە زمانی دیموکراسی و مافی نەتەوە وتوویەتی، هەمان ئەو پرسیارە بێت کە ئاریستۆ دوو هەزار ساڵ پێشتر بە زمانی «ژیانی باش» و «چاکەی گشتی» باسیکردووە. ئەگەر وایە، ئەوا ئەخلاقی

کردنەوەی سیاسەت تەنها دروشمێکی سیاسی نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی مانای سیاسەت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ.

ئاریستۆ و داهێنانی ئەخلاقی سیاسەت

ئەگەر مێژووی فەلسەفەی سیاسی بە ڕووبارێک بچوێنین، ئاریستۆ یەکێکە لەو سەرچاوە گەورانەی ئاوی ئەو ڕووبارە. پێش ئاریستۆ، سیاسەت زۆرجار وەک هونەری حوکمڕانی یان بەڕێوەبردنی شار دەبینرا. بەڵام ئاریستۆ پرسیارێکی بنچینەیی خستە بەردەم مرۆڤ: بۆچی دەوڵەت هەیە؟

وەڵامەکەی سادە نەبوو. ئەو دەیگوت دەوڵەت بۆ ئەوە دروست نەبووە کە تەنها ژیان بپارێزێت، بەڵکوو بۆ ئەوەی ژیان باشتر بکات. واتە مەبەستی سیاسەت بریتییە لە گەیاندنی مرۆڤ بە "ژیانی باش". لێرەوە سیاسەت لە پلەیەکی بەرزتر دادەنرێت؛ سیاسەت تەنها ڕێکخستنی دەسەڵات نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی بەهاکانە.

بەم شێوەیە، ئاریستۆ یەکەمین بیرمەند بوو کە سیاسەتی بە ئەخلاق گرێدا. بۆ ئەو، ئەو دەوڵەتە باش نییە کە تەنها هێزدار بێت، بەڵکوو ئەو دەوڵەتەیە کە دادپەروەری لە ناو کۆمەڵگەدا پەرەپێبدات. دەسەڵات، ئەگەر بۆ چاکەی گشتی بەکارنەهێندرێت، شەرعییەتی خۆی لەدەست دەدات.

**ئەم بیرۆکەیە گرنگترین گۆڕانکاری لە مێژووی سیاسەتدا دروست کرد. پێش ئاریستۆ، پرسیار ئەوە بوو کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست؛ دوای ئاریستۆ، پرسیارێکی دیکە زیاد بوو: دەسەڵات بۆ چی؟**

هەر لێرەشەوە ئەخلاق دەبێتە ناوەندی سیاسەت. ئەخلاق لای ئاریستۆ مانای ئەوە نییە کە سیاسەتمەدار تەنها مرۆڤێکی چاک بێت. بەڵکوو مانای ئەوەیە بڕیارە سیاسییەکان پێویستە بەرەو چاکەی هاوبەش ئاراستە بن. بەڵام ئاریستۆ هەرگیز نەیگوت سیاسەت دەتوانێت بە بێ هێز بێت. ئەو زۆر باش دەیزانی دەوڵەت بێ یاسا و هێزی جێبەجێکردن ناتوانێت بمێنێتەوە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە هێز لای ئەو ئامانج نییە؛ ئامرازە. ئەو شتەی ڕەوایی بە هێز دەبەخشێت، پابەندبوونی بە دادپەروەرییە.

لە ڕوانگەی ئێمە لە ئەمڕۆدا، ئاسانە ڕەخنە لە ئاریستۆ بگرین. ئەو مافی تەواوی ژنانی قبووڵ نەدەکرد و کۆیلایەتی بە تەواوی ڕەت نەدەکردەوە. ئەم هەڵوێستانە بە پێوەری مافی مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم ناپەسندن. بەڵام ئەگەر تەنها بەو ڕەخنانەدا بوەستین، ئەو شتە لەبیر دەکەین کە گرنگترین میراتی ناوەڕۆکی هەموو بۆچوونەکانی ئاریستۆ نییە، بەڵکوو

ڕێبازەکەیە.

**ئەم ڕێبازە دەڵێت:** سیاسەت دەبێت هەمیشە لە دادگای ئەخلاق وەڵامدەر بێت. ئەو دەسەڵاتەی ناتوانێت خۆی لە بەرامبەر دادپەروەری بەرگری بکات، ئەو دەسەڵاتە لە ڕوانگەی فەلسەفی شەرعییەتی نییە، هەرچەندە هێزی سەربازی یان یاسایی هەبێت.

ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە دوای دوو هەزار ساڵ، دوکتور قاسملوو بە زمانێکی نوێ دووبارە دەیڵێتەوە. **ئەوەی قاسملوو ناوی دەنێت "دیموکراسی"، "مافی نەتەوەکان" و "گفتوگۆ"**، لە بنەڕەتدا هەمان هەوڵی ئاریستۆیە بۆ ئەوەی دەسەڵات لە ژێر حوکمی بەهاکاندا بێت، نەک بەهاکان لە ژێر حوکمی دەسەڵاتدا.

**بۆیە، ئاریستۆ تەنها مامۆستای فەلسەفە نییە؛ یەکەم کەسە کە سیاسەتی لە دادگای ئەخلاق دانا. ئەگەر ئەو کارەی نەکردایە، لەوانەبوو ئەمڕۆ باسکردن لە "سیاسەتی ئەخلاقی" خۆی بێ مانا بوایە.**

**قاسملوو؛ کاتێک ئەخلاق دەبێتە ستراتیژیی سیاسەت**

ئەگەر ئاریستۆ یەکەمین کەس بووبێت کە ئەخلاقی کردبێتە بنەمای سیاسەت، قاسملوو یەکێک بوو لەو کەسانەی هەوڵی دا ئەو بنەمایە لە ناو واقیعی سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بژیێنێ. ئەو لە ناو ژینگەیەکدا دەژیا کە شەڕ، سەرکوت، نادادپەروەری و نەبوونی ئازادی تێیدا ئاسایی بوو. لەو بارودۆخەدا زۆر ئاسان بوو سیاسەت تەنها بە زمانی هێز قسە بکات. بەڵام قاسملوو هەوڵی دا زمانێکی دیکەی بۆ زیاد بکات؛ زمانێک کە ڕەوایی ئەبەخشی بەو هێزە.

ئەو دەیزانی ئەو گەلەی تەنها بە هێز ناتوانێت ڕزگار بێت، هەر بە هێزیش دەخرێتە ژێر دەسەڵات. بۆیە هەوڵی دا پرسی کورد لە بابەتێکی سەربازی بگۆڕێت بۆ بابەتێکی مافی مرۆڤ، دیموکراسی و دادپەروەری. ئەمە تەنها گۆڕینی وشەکان نەبوو؛ گۆڕینی بنەمای سیاسەت بوو.

**قاسملوو دەیویست ئەویترەکەی ناچار بکات لەسەر بنەمای یاسا و ماف وەڵام بدات، نەک تەنها لەسەر بنەمای هێز. لەبەر ئەوە، گفتوگۆ لای ئەو نیشانەی لاوازی نەبوو، بەڵکوو شێوازێکی بەرزی خەبات بوو. ئەو باوەڕی وابوو ئەو کەسەی متمانەی بە ڕاستی بیرۆکەکەی هەبێت، لە گفتوگۆ ناترسێت.**

**٣٧ ساڵە**

**لێرەدا گرنگترین خاڵی بیرکردنەوەی قاسملوو دەردەکەوێت. زۆر کەس هەڵە دەکەن کە وا دەزانن ئەخلاق لە سیاسەتدا واتای پشتگوێخستنی بەرژەوەندییە. لای قاسملوو ئەخلاق خۆی بەرژەوەندییەکی درێژخایەنە.**

لەم ڕووەوە، قاسملوو زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ ئاریستۆ یەکدەگرێتەوە. هەردووکیان باوەڕیان وابوو هێز، ئەگەر لە دادپەروەری دابڕێت، خۆی لەناودەبات. ئەو دەسەڵاتەی تەنها لەسەر ترس دامەزرابێت، هەمیشە پێویستی بە ترسی زیاتر هەیە؛ بەڵام ئەو دەسەڵاتەی لەسەر حەقیقەت دامەزرابێت، متمانە دروست دەکات.

**بەڵام لێرەدا ڕەخنەیەکی گرنگ سەرهەڵدەدات. ئایا قاسملوو، کاتێک ئەخلاقی کردە ناوەندی سیاسەت، خۆی سیاسەتی ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەتی نەکرد؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، بە گومانەوە، بەڵێیە. بەڵام ئەم «بەڵێ»یە ڕەخنە نییە؛ پێناسەیە.**

هەر بیرۆکەیەکی گەورە کاتێک دەیەوێت واقیع بگۆڕێت، دەبێتە سیاسەت. ئەخلاقیش لەو یاسایە دەرباز نییە. کاتێک قاسملوو بانگەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات، ئەوە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات. ئەمە خۆی کردارێکی سیاسییە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە هەندێک لە ئامرازەکانی بریتین لە قانعکردن، گفتوگۆ و متمانە، نەک تەنها زۆر و زەبەری هێز.

لەبەر ئەوە، ئەو نەیگوت دەسەڵات پێویست نییە؛ گوتی دەسەڵات دەبێت وەڵامدەر بێت. نەیگوت خەبات هەڵەیە؛ گوتی خەبات پێویستە سنووری ئەخلاقی هەبێت. نەیگوت بەرژەوەندی خراپە؛ گوتی بەرژەوەندی، ئەگەر لە دادپەروەری دابڕێت، خۆی دوژمن دادەتاشێت دروست دەکات.

**لەو مانایەدا، قاسملوو بەردەوامکردنی پرۆژەیەکە کە ئاریستۆ دەستی پێکرد: ئەو پرۆژەیەی کە سیاسەت بەوە ناپێوێت کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵکوو بەوە دەپێورێت کە بۆچی و چۆن دەسەڵات بەکاردەهێنرێت.**

## ئایا ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت، خۆی سیاسەتێکی نوێی دەسەڵاتە؟

تا ئێرە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە هەم ئاریستۆ و هەم قاسملوو باوەڕیان وابوو سیاسەت بێ ئەخلاق شەرعییەتی خۆی لەدەست دەدات. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی دژوارتر سەرهەڵدەدات: ئایا بانگەشەکردن بۆ ئەخلاق، خۆی شێوازێکی سیاسی نییە؟

**لە ڕوانینی یەکەمدا، وەڵامەکە ئاسانە:** «بەڵێ، هەر شتێک کە هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگا بدات، کردارێکی سیاسییە.» بەڵام ئەگەر لێی قووڵ ببینەوە، دەبینین ئەم «بەڵێ»یە نەک کەمکردنەوەی بایەخی ئەخلاق بێت، بەڵکوو زیادکردنی بەرپرسیارێتییەکەیە.

ماکیاڤێلی، ئەو بیرمەندەی زۆرجار بە دژی ئەخلاق دەناسرێت، لە ڕاستیدا نەیگوت سیاسەتمەدار پێویستە بێ ئەخلاق بێت. ئەو دەیگوت سیاسەت هەندێک جار ناچارە بڕیارێک بدات کە لەگەڵ ئەخلاقی تاک ناسازگارە. بۆیە ڕێبەر نابێت لە جیهانی خەیاڵ بژی، بەڵکوو دەبێت جیهان وەک خۆی بناسێت.

لەوێوە دەردەکەوێت کە ئەخلاق لای قاسملوو تەنها بانگەوازێکی هەستیاری نییە؛ بەڵکوو سنوورێکە بۆ دەسەڵات. ئەو دەیگوت دەسەڵات، هەرچەندە پێویستە، بەڵام نابێت بە هۆکاری بوونی دەسەڵات خۆی لە هەموو سنوورێک ئازاد بزانێت.

بەڵام هەندێک فیلسووفی هاوچەرخ، وەک میشێل فوکۆ، ئاگادارمان دەکاتەوە کە تەنانەت ئەخلاقیش دەتوانێت ببێتە شێوازێکی دەسەڵات. ئەگەر کەسێک خۆی بە تەنها نوێنەری «ئەخلاق» بناسێنێت، لەوانەیە هەموو دەنگی جیاواز بە ناوی بێئەخلاقی لەناوببات. لەم ڕوانگەیەوە، ئەخلاقیش دەتوانێت بە زمانی دەسەڵات قسە بکات.

بەڵام ئەم ڕەخنەیە، هەرچەندە گرنگە، بە تەواوی لەسەر قاسملوو جێبەجێ نابێت. چونکە قاسملوو بانگەشەی ئەخلاقێکی یەکڕەنگی نەدەکرد. ئەو بنەمای ئەخلاقی خۆی لەسەر گفتوگۆ، پلورالیزم و مافی هاوبەش دامەزراندبوو. واتە، ئەو کەسانەش کە لەگەڵیدا جیاوازییان هەبوو، مافی ئەو جیاوازییەیان هەبوو. لەم خاڵەدا، ئەخلاق نابێتە ئامرازی بێدەنگکردنی نەیار؛ بەڵکوو دەبێتە پارێزەری مافی نەیار.

ئەمە جیاوازییەکی بنەڕەتییە. زۆر سیاسەتمەدار لە مێژوودا بە ناوی ئەخلاق قسەیان کردووە، بەڵام ئەخلاقیان کردووەتە ئامرازی کۆنترۆڵ. قاسملوو، بە پێچەوانەوە، هەوڵی دا ئەخلاق بکاتە ئامرازی سنووردارکردنی دەسەڵات. ئەمە دوو ڕێگای تەواو جیاوازن.

**لەبەر ئەوە، ئەگەر بپرسین:** ئایا ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت خۆی سیاسەتە؟ وەڵامەکە «بەڵێ»یە. بەڵام ئەگەر بپرسین: ئایا هەموو سیاسەتێکی ئەخلاقی یەک شتە؟ وەڵامەکە «نەخێر»ە.

### ٣٧ ساڵە

سیاسەتی ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت، ئەوەی قاسملوو دەینوێنێت، سیاسەتێکە کە دەیەوێت دەسەڵات بە بەهاکان بپێوێت، نەک بەهاکان بە دەسەڵات. ئەگەر ئەم جیاوازییە لەبیر بکەین، ئەوا ئەخلاق دەبێتە درووشم. بەڵام ئەگەر بیپارێزین، ئەخلاق دەبێتە پاسایەکی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەسەڵاتێک.

**لە کۆتاییدا، ئەوەی قاسملوو لە ئاریستۆ وەرگرت، تەنها باوەڕ بە ئەخلاق نەبوو؛ باوەڕ بەوە بوو کە سیاسەت بێ سنووری ئەخلاقی، زۆر دەگۆڕێت بۆ هێزێکی بێ سنوور. ئەوەش هەمان خاڵە کە هەر کۆمەڵگەیەکی ئازادیخواز، پێویستی پێی هەیە بۆ پاراستنی ڕەوایەتی دەسەڵات و مافی مرۆڤ.**

## ئاکام

### ئەخلاق، دوژمنی سیاسەت یان ڕووحی سیاسەت؟

لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا، لەوانەیە ئەو پرسیارەی لە سەرەتای وتارەکە خستمانە بەردەم خۆمان، هێشتا وەڵامێکی یەکجارەکی نەدابێت. ئایا ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت خۆی سیاسەتە؟ وەڵامەکە، بە گومانەوە، بەڵێیە. بەڵام ئەم وەڵامە نابێت بە هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەخلاق بێت؛ بەڵکوو دەبێت بە هۆکاری تێگەیشتن لە شوێنی ئەخلاق لە ژیانی سیاسی بێت. هیچ بیرۆکەیەک، کاتێک دەیەوێت واقیع بگۆڕێت، لە دەرەوەی سیاسەت نامێنێت. ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی، تەنانەت ئاشتیش، کاتێک دەبنە هێزی گۆڕانکاری، دەچنە ناو بوارە سیاسییەکە. ئەخلاقیش لەو یاسایە دەرباز نییە. ئەوەی گرنگە ئەوە نییە کە ئەخلاق سیاسەتە یان نا؛ ئەوەی گرنگە ئەوەیە چ جۆرە سیاسەتێک دروست دەکات.

ئاریستۆ پێی وابوو دەوڵەت بۆ ئەوە هەیە کە مرۆڤ بتوانێت ژیانێکی باش بژی. ئەو بەو بیرۆکەیە، سیاسەتی لە تێکڕای حیلە و دەسەڵات بەرزکردەوە بۆ ئاستی بەرپرسیارێتی. ئەگەر دەوڵەت نەتوانێت دادپەروەری بپارێزێت، لە ڕوانگەی ئاریستۆدا ئەرکی خۆی لەدەست داوە.

قاسملوو، لە سەردەمێکی تەواو جیاوازدا، هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە. بەڵام ئەو پرسیارەی لە ژێر فشاری نەتەوەیی، شەڕ و سەرکوتدا پێشکەش کرد. بۆ ئەو، دیموکراسی تاکتیک نەبوو؛ بەڵکوو بنەمای گێڕانەوەی خەبات بوو. مافی نەتەوەکان درووشم نەبوو؛ بەڵکوو پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەڵات بوو. گفتوگۆش لاوازی نەبوو؛ بەڵکوو متمانەبوو بەوەی کە ڕاستی دەتوانێت لە بەرامبەر هێز بوەستێت.

**٣٧ ساڵە**

**ئەمە بەو مانایە نییە کە قاسملوو بێ هەڵە بوو، یان هەموو بڕیارە سیاسییەکانی لە دەرەوەی ڕەخنەدان. هیچ سیاسەتمەدارێک لە مێژوودا لە ڕەخنە بە دەر نەبووە. بەڵام جیاوازیی قاسملوو لەوەدا بوو کە هەوڵی دەدا دەسەڵات بە ئەخلاق بپێوێت، نەک ئەخلاق بە دەسەڵات. ئەم هەوڵە، تەنانەت ئەگەر تەواو سەرکەوتوو نەبێت، خۆی نرخێکی فەلسەفی هەیە.**

**لەبەر ئەوە، قاسملوو هۆکاری بەردەوامی ڕێبازێک بوو، نەک تەنها ڕێبەرێکی سیاسی.**

**ڕێبازێک کە لە ئاریستۆ دەست پێدەکات و هێشتا لە جیهانی ئەمڕۆدا گرنگی خۆی لەدەست نەداوە:**

**ئەو ڕێبازەی کە دەڵێت دەسەڵات، هەرچەندە پێویست بێت، بێ سنوور نابێت؛ و**
**ئەو سنوورەش تەنها یاسا نییە، بەڵکوو ئەخلاقە.**

**لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا، لەوانەیە ئەو پرسیارەی لە سەرەتای وتارەکە خستمانە بەردەم خۆمان، هێشتا وەڵامێکی یەکجارەکی نەدابێت. ئایا ئەخلاقی کردنەوەی سیاسەت خۆی سیاسەتە؟ وەڵامەکە، بە گومانەوە، بەڵێیە. بەڵام ئەم وەڵامە نابێت بە هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەخلاق بێت؛ بەڵکوو دەبێت بە هۆکاری تێگەیشتن لە شوێنی ئەخلاق لە ژیانی سیاسی بێت. هیچ بیرۆکەیەک، کاتێک دەیەوێت واقیع بگۆڕێت، لە دەرەوەی سیاسەت نامێنێت. ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی، تەنانەت ئاشتیش، کاتێک دەبنە هێزی گۆڕانکاری، دەچنە ناو بوارە سیاسییەکە. ئەخلاقیش لەو یاسایە دەرباز نییە. ئەوەی گرنگە ئەوە نییە کە ئەخلاق سیاسەتە یان نا؛ ئەوەی گرنگە ئەوەیە چ جۆرە سیاسەتێک دروست دەکات.**

**ئاریستۆ پێی وابوو دەوڵەت بۆ ئەوە هەیە کە مرۆڤ بتوانێت ژیانێکی باش بژی. ئەو بەو بیرۆکەیە، سیاسەتی لە تێکڕای حیلە و دەسەڵات بەرزکردەوە بۆ ئاستی بەرپرسیارێتی. ئەگەر دەوڵەت نەتوانێت دادپەروەری بپارێزێت، لە ڕوانگەی ئاریستۆدا ئەرکی خۆی لەدەست داوە.**

**قاسملوو، لە سەردەمێکی تەواو جیاوازدا، هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە. بەڵام ئەو پرسیارەی لە ژێر فشاری نەتەوەیی، شەڕ و سەرکوتدا پێشکەش کرد. بۆ ئەو، دیموکراسی تاکتیک نەبوو؛ بەڵکوو بنەمای گێڕانەوەی خەبات بوو. مافی نەتەوەکان دروشم نەبوو؛ بەڵکوو پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەڵات بوو. گفتوگۆش لاوازی نەبوو؛ بەڵکوو متمانەبوو بەوەی کە ڕاستی دەتوانێت لە بەرامبەر هێز بوەستێت.**

۳۷ ساڵە

ئەمە بەو مانـایە نیـیە کە قاسـملوو بـێ هەڵە بـوو، یـان هەمـوو بڕیـارە سیاسـییەکانی لە دەرەوەی ڕەخـنەدان. هـیچ سیاسەتمەدارێک لە مێژوودا لە ڕەخنە بە دەر نەبووە. بەڵام جیاوازیی قاسملوو لەوەدا بـوو کە هەوڵـی دەدا دەسەڵات بە ئەخلاق بپێوێت، نەک ئەخلاق بە دەسەڵات. ئەم هەوڵە، تەنانەت ئەگەر تەواو سەرکەوتوو نەبێت، خۆی نرخێکی فەلسەفی هەیە.

لەبەر ئەوە، قاسملوو هۆکاری بەردەوامی ڕێبازێک بوو، نەک تەنها ڕێبەرێکی سیاسی. ڕێبازێک کە لە ئاریستۆ دەست پێدەکات و هێشتا لە جیهانی ئەمڕۆدا گرنگی خۆی لەدەست نەداوە: ئەو ڕێبازەی کە دەڵێت دەسەڵات، هەرچەندە پێویست بێت، بێ سنوور نابێت؛ و ئەو سنوورەش تەنها یاسا نییە، بەڵکوو ئەخلاقە.

شاید لە سەردەمی ئێمەدا، کە زۆرجار سیاسەت بە زمانی هێز، بەرژەوەندی و هەژموون قسە دەکات، گەڕانەوە بۆ قاسملوو و ئاریستۆ نوستالژیا نەبێت، بەڵکوو پێویستییەکی فکری بێت. نەک بۆ ئەوەی وەڵامی هەموو پرسیارەکانمان لە لای ئەوان بدۆزینەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێت کە سیاسەت، پێش هەر شتێک، سەبارەت بە مرۆڤە.

بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

---



٣٧ ساڵە


قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە
37
هزری قاسملوو
ئاوێنەیەک بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو
ڕەحمان نەقشی



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویێژو لێدوانەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

